# ئەدەب شێوەکاری تیۆر

پێشڕەو عەبدوڵڵا

هەولێر - ٢٠١٤

# ئەدەب شێوەکاری تیۆر

پێشڕەو عەبدوڵڵا

هەولێر
٢٠١٤

* ناوی کتێب: ئەدەب. شێوەکاری. تیۆر
* نووسەر: پێشڕەو عەبدوڵڵا
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: ڕزگار موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٨٣).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٣٩٤)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

# ئەدەب شێوەکاری تیۆر

## پێشڕەو عەبدوڵلا

# هونەری شیعر

# ڕۆشنبیریی دوای ڕا پەڕین لەبەردەم شیعر و دیاردەکانیدا

ئایا شیعر لەکوێوە دێت؟ ئایا شیعر تەعبیر لەچی مرۆڤ دەکات؟ ئایا بۆ گەڕان بۆ چییەتی شیعر بچینە کوێ؟ ناو شیعرەکان یان ناو مرۆڤ؟ شیعر چی هەڵگرتووە بۆ مرۆڤ؟ شیعر لە جەوهەری خۆیدا چییە؟... ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە خەمی ئەم باسەن و هەوڵدەدەین سەرچاوەی رەسەنی شیعر دیاری بکەین، دواجاریش هەنگاوێك بچینە پێش بۆ ئەوەی بزانین شیعر چییە؟ بۆ ئەمەش سەرەتا کۆمەڵێك چەمك هەن کە وابەستەن بە باسەکەوە دەبێ روونیان بکەینەوە. دواتر دێین بەم چەمکانە مەبەستەکانی خۆمان رۆشن دەکەینەوە. هاوکات ئەم باسە پاشکۆیەکی لەگەڵە، کە تایبەتە بە خوێندنەوەیەکی رۆشنبیرییانەی رۆشنبیری کورد دەربارەی شیعر و دیاردەکانی بۆ ئەوەی کە بتوانین زەمینەی ئاشکرابوونی چەمك و دیاردەکان بسازێنین، ئەمەش بە تەنها بۆ ئەوەی چەمك و دیاردەکان خۆیان شاهیدی بدەن لەسەر چییەتی خۆیان.

## ١_ بەدەنگەوە هاتن:

سەرەتا بیرمان کردەوە کەوا (تووش هاتن) بەکار بهێنین، بەڵام کاتێك لەناو فەزای ئەم بیرکردنەوەیەدا بووین. (بە دەنگەوە هاتن) بە بیرماندا گوزەری کرد و حاڵەتەکەی لەناو خۆیدا وەك بیرکردنەوەیەك هێشتەوە. (تووش هاتن) هەمیشە ئەگەری خراپی هەیە بۆ مرۆڤ وەك ئەوەی تووشی نەخۆشی هات، بەڵام بەدەنگەوە هاتن حاڵەتی رزگارکردنی مرۆڤە لە بێ ئومێدییەکی قارسکەردا. ئەوەشی لێرەدا کارایە بیرکردنەوەیە. ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە کە هەمیشە رزگارکەری مرۆڤە کە توانای بە دەنگەوەهاتنی هەیە. یانی چی بیرکردنەوە بەدەنگ مرۆڤەوە دێت؟ دیارە مرۆڤ بەردەوام لەبەردەم ئەوەدایە کە بیربکاتەوە چۆن و باشتر لەواقیعدا بمێنێەوە. ڕاستی ئەم بیرکردنەوەیە وابەستەیە بەدەرەوەی مرۆڤەوە. واتە مرۆڤ لەژێر کاریگەری دەرەوەی خۆیدا ناچارە بیر لە واقیع بکاتەوە. بیربکاتەوە برسی و ڕووت نەبێت. دواجاریش بگاتە پلەی رەمزی واقیع و کۆمەڵگا. ئەم جۆرە لەبیرکردنەوەیە مرۆڤ دەباتە ناو (ون) بوونەوە، چونکە مرۆڤ لە دەرەوەی گیانی خۆیدا پابەندە بەشتەکانی دەرەوەی خۆی، هەر بۆیە ئەوانیش بیرکردنەوەی پێ دەبەخشن و لێشی دەستێنن، واتە مرۆڤ پەرت دەبێت. لێرەدا دەتوانین (تووش هاتن) بەکار بهێنین، چونکە مرۆڤ بەردەوام لەخەتەری ونبووندایە. لێرەدا مرۆڤ ناچاری گەڕانەوەیە بەوەی نەکەوێتە ناو ونبوونەوە. ئەمەش ئەوکاتەیە مرۆڤ بەرەو پیری (بوون) دەڕوات. ئەم بەدەنگەوە چوونە بۆ بەدەنگەوە هاتن سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی مرۆڤە، بەڵام ئاخۆ خودی (بەدەنگەوە هاتن) چییە؟. بەدەنگەوە هاتن، جەمسەرێکی دیکەی هەیە ئەویش بە دەنگەوە چوونە، چونکە بەبێ بوونی ئەم بەدەنگەوە چوونە، کە مرۆڤ تیدا ئازادە لەکردن و نەکردنی، بەدەنگەوە هاتن بەسەر مرۆڤدا دەگوزەرێ و هەر بە پەتێتی خۆی دەمێنێتەوەو نایەتە ناو عالەمەوە. لەگەڵ ئەمەشدا (بەدەنگەوە هاتن) لەکاری خۆی راناوەستێ. یانی بوونی وابەستە نییە بەبوونی بەدەنگەوە چوونەوە، بەڵام لێرەدا هەر لە ناو عەدەمدا کە عەدەمی حزورە دەمێنێتەوە.

کاتێك ئێمە دەڵێین (بەدەنگەوە هاتن) هەمیشە ئەو ئاماژەیە بۆ یەکێکی دیکە، واتە یەکێکی دیکەیە کەوا بە دەنگمانەوە دێت، بەڵام ئەدی ئەوەی بەدەنگمانەوە دێت کێیە؟ هەتا ئێمەش بەدەنگیەوە بچین. واتە بۆ کێ خۆمان سازکەین تا ئەو بە دەنگمانەوە بێت؟ ئەدی بۆچی وشەی (هاتن) هەیە (هاتن) بۆ حاڵەتی کەسێکە کە ڕوودانی هاتنەکەی هەمیشە لە دەستی خۆیدایە، نەك ئەوەی بانگی دەکات، یانی مرۆڤ ناتوانێت هەرکاتێك بەدەنگەوە چوونی هەبوو، ئیدی (هاتن)

ڕووبدات، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ تووشی بێ ئومێدی دێت، بەڵام ئەمەش دەبێت وابێت، یانی ئیرادەی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر ئیرادەی حاڵەتەکەوە. (بەدەنگەوە هاتن) یانی چی؟ لەڕاستیدا ئەم جۆرە لە بە دەنگەوە هاتنە نەك هەر جۆرێکە لە بیرکردنەوە، بەڵکو هەر خۆی جەوهەری بیرکردنەوەیە. بیرکردنەوە بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی ئەم (بەدەنگەوە هاتن)ەیە، کە مرۆڤ دەردێت لەو حاڵەتی ونبوونەی خۆیدا، یانی لە ناو ئەم بیرکردنەوەیەدا مرۆڤ بینین پیادە دەکات و دەکەوێتە ناو ئازادی ڕەهاوە. لەوێدا مرۆڤ ڕووبەڕووی جەوهەری خۆی دەبێتەوە نەك وێنەی خۆی، مرۆڤ لە ئێستای خۆیدا دەژیت و دەکەوێتە ناو خۆیەوە. بەدەر لەوە هەمیشە مرۆڤ لەحاڵی ڕابردوودایە، ڕابردوو بەو مانایەی مرۆڤ کە لە ناو وێنە زەینییەکانی خۆیدا دەژیت و هەمیشە ئێستای خۆی نابینێ. دەی کەوابێت مرۆڤ لە دەرەوەی ئەم حاڵەتە هەمیشە لە ناو خەتەری ونبوندایە. جێگربوون و دامەزراندنی ڕاستەقینە ئەم حاڵەتەیەو هەرئەمەش وادەکات ئێمە لەبوونی ڕاستەقینەی خۆمان نزیك بینەوە. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەینەوە ئەوەی بەدەنگمانەوە دێت، چییە؟. راستی ئەوە (بوون)ی ئێمەیە، واتە بوونی خۆمان بە دەنگمانەوە دێت، ئێمە دەکەوینە ناو ئەوەی چۆن بوونی خۆمان بەدەنگمانەوە دێت، ئەو هەمیشە لە کاری ئەوەدایە ببین، بەڵام مرۆڤ کە بینینی نامێنی ئەویش نابینرێ، دەبێت مرۆڤ جارێکی دیکە خۆی سازکاتەوە هەتا بیربکاتەوە بۆئەوەی لەڕێگەی (بوون)ەوە بگەڕێتەوە ناو مرۆڤبوونی خۆیەوە، ئەمڕۆ دنیای تەکنەلۆژیا مرۆڤی بە ئاقارێکی خراپدا بردووە و تووشی ئەوەی کردووە هەمیشە بەدەنگ دەرەوەی خۆی بچێت. واتە هەمیشە لە ناو ونبووندا بێت، ونبوونی مرۆڤ ئەوەیە کە ئێمە بەدەنگەوە چوونمان تیا نەبێت بۆ بیرکردنەوەی ڕەسەن. بیرکردنەوەی ڕەسەن هارمۆنیەتە لەگەڵ بوونی خۆمان. ئێمە کە دەکەوینە ناو هەماهەنگی لەگەڵ بوونی خۆماندا ئەو کاتە بەڕاستی بیردەکەیتەوە، ئەو کاتە لەبەردەم ئایدیاڵی ڕووتی خۆمان و جیهاندا دەوەستین، چونکە چونکە بوون هەر بە تەنها خۆمان نییە، واتە هەر مەرجەعی دڵنیابوونی خۆمان نییە لە ناسینی خۆمان، بەڵکو مەرجەعی ناسینی دەرەوەی خۆشمانە. ناسینی دەرەوەی خۆمان بەبێ گەڕانەوە بۆئەو هەمیشە لەدەرەوەی حەقیقەتین، حەقیقەت لە ناو کرانەوەی بوون و ئەویتردا دەردەکەوێت. پاش ئەوەی هەڵوەستەیەکی کورتمان لەسەر مانای (بەدەنگەوە هاتن) کرد، پێویستە چەمکی دووەم ڕاڤەبکەین.

## ٢. (بەدەنگەوە چوون):

لیرەدا حاڵەتێك هەیە ئەویش مرۆڤ سەرداره لەوەی ئەم بە دەنگەوەچوونەی هەبێت یان نا؟ ڕۆشناییەکیش هەیە کە حاڵەتەکەیە، سەرچاوەی ڕۆشنایەکەش (بوون)ە، مرۆڤ لەوێدا گوناهبارە کە(بوون) نابیستێ، واتە سەرچاوەی دەنگەکە هەموو خەیاڵ و بیرکردنەوەی وابەستە دەکات بەو شتانەوە کە هەمیشە دەیبەنەوە ڕیزی بوونەوەران، چونکە چونکە مرۆڤ دارای ڕۆحێکی جیاوازە وەك لەوەی لەناو بوونەوەراندایە. بوونەوەران سەردارنین، بەڵکو ئەوان مەحکومن بەوەی بۆیان دانراوە. دار هەنجیرێکی هەزار ساڵ لەمەوپێش هەمان کاری دار هەنجیرێکی ئێستای کردووە، بەڵام مرۆڤ سەرداره لەنێوان(بەدەنگەوە هاتن) و (ونبووندا) کە کامیان هەڵبژێریت و دارای بیرکردنەوەو ئیختیارە، مرۆڤ لەم بارەدا لەبەردەم دوو عالەمی جیاوازدایە، عالەمێك کە حازر و دیارە و هەموو شتەکان بەخۆیان و ماناکانیانەوە حازرن، ئەویش واقیعە. عالەمێکی دیکە کە ناوەکیە و شتەکان خۆیان و ماناکانیان دیار نییە، واتە لەخاڵی سەرەتادان، کە مرۆڤ بەدەنگیەوە بچێت یان نا. واقیع لەبەردەم مرۆڤ دایە، نان بخوات و شوێن پێداویستیە جەستەیی و سایکۆلۆژیەکانی خۆی بکەیت، ئەمانە هەمیشە وابەستەن بەدەرەوەی مرۆڤ. چاو پێوستی بە روناکییە، تا تەنێك ببینێت. یا مرۆڤ پێویستی بەوەیە تەنێك هەبێت هەتا سێکسی لەگەڵ بکات جا ئەو تەنە وێنە بێت یا خود واقیع، وێنە وەك ئەوەی لە ناو خەودا هەیە، ئەمانە بەتەنها هەن، بەڵام دەبێت (بوون)یان لەپشتەوە بێت، بەڵام بێ(بوون) مرۆڤ تووشی تەنهایی دێت. واقیع وەك شوێنی دەنگدانەوەی مرۆڤ وایە یانی بوونی خۆی دەبینێتەوە لە دەوروبەری خۆی، ئەوەش وێنەی خۆیەتی، بەڵام جەوهەری مرۆڤ بەتەنها بوونیەتی، مرۆڤ لەبووندا لە ناو بیرکردنەوەدایە، لەوێشدا جارێکی دیکە ڕێگە هەیە بۆ ناسینی خۆی و دنیا، ئەم بوونەش کاتێك ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤ بە دەنگەوەچوونی هەبێت بۆ ئەم بەدەنگەوەهاتنە، هەتا مرۆڤ لەوە دەرچێت کە گیاندارە، واتە جارێکی دیکە ببێتەوە مرۆڤ. ئەم حاڵەتەش بەتەنها بۆ ئەوانەیە کەوا ئامادەباشی تەواویان کردووە و زەمینەیان سازاندوە بۆ ئەوەی بەدەنگ ئەم بەدەنگەوەهاتنە بچن. بەدەنگەوە چوونی حاڵەتی بەدەنگەوە هاتن مرۆڤ بوونی مرۆڤە، چوونە ناو حاڵەتی کرانەوەی ئایدیاڵی شتەکانە لەبەردەم مرۆڤدا. ژیان ئەوکات مانا ڕاستەقینەکەی خۆی ئاشکرا دەکات، کە ئەم هارمۆنیەتە روودەدات، جا پێدەچێ بێدەنگی بێت، یان کردار، یان قسە بێت، واتە دەرکەوتنی تەنها لە ناو بارێکدا نییە، بەڵکو جیاوازە واتە فەلسەفاندن تەنها قسە نییە بەڵکو کرداریشە، بەڵکو.... هتد.

مرۆڤ ئەو کات دەچێتەوە ماڵی ڕاستەقینەی خۆی کە ئەویش (بوونیەتی) ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەبەردەم دوو خەزنەی گەورەدایە ئەوانیش زانست و فەلسەفەیە، خەزنەی یەکەم کە زانستە، جەستە و سایکۆلۆژیای ئێمە دەدوێنیً، واتە مرۆڤ ناچار دەکات لە دنیاکەی خۆیدا بگوزەرێت، هەر گوزەرانێکیش مرۆڤ دەکەوێتە ناو خەتەری ونبوونەوە. ئەوە مرۆڤ نییە حاکمە بەسەر تەرازودا، بەڵکو ئەوە تەرازوو حاکەمە لە نێوان مرۆڤەکاندا. لەم دنیایەدا کە زانستە مرۆڤ دادەبەزێنتە خوارەوەی خۆی و تووشی ونبوون دێت. خەزنەیەکی دیکەی مرۆڤایەتی فەلسەفەیە، فەلسەفە مرۆڤ دەبەستێتەوە بەخۆیەوە واتە ڕێگەی خۆدۆزینەوەی مرۆڤە، فەیلەسوفان پێش ئێمە لەم ڕێگەیەدا رۆشتوون و میراتیشیان جێهێشتووە، میراتێك بەمانای ڕابردوونا، زانست هەمیشە ڕابردووە، مۆبایل قسەکردن نیە لەگەڵ کەسی بەرامبەردا، بەڵکو قسەکردنە لەگەڵ وێنەی کەسەکەدا کە وێنەکەش حاڵەتێکی وەستاوی ئەو کەسەیە لەڕابردوودا. ئەمەش وێناکردنە وێناکردنیش هەمیشە ڕابردووە. فەلسەفە لەوێدا زنیدووە و میراتێکی هەنووکەییە کە نابێتە ڕابردوو، واتە شتێك نییە زەمەنی هەبێت بەمانا واقیعیەکەی. بۆیە هیگڵ پێیوایە فەلسفە مێژووی نییە، چونکە نابێتە رابردوو و رووداوێك نییە تێپەڕێت. ئەوەی فەلسەفە پێشکەشمان دەکات ئەو ئاگاییە تایبەتەی مرۆڤە..، کە هەمیشە (بوون) بانگهێشت بکات هەتا مرۆڤ وەك هە بوویەك هەبێت، نەك وەك ئامانج و بابەت و شت.بەدەنگەوەچوون یانی فەلسەفاندن یانی هارمۆنیەت لەگەڵ بوونی ڕەسەندا ئەوکاتە ئێمە دەچینە ناو ئەوەی بەپیر بوونەوە بچین، کەوا ئەو بەدەنگ ئێمەوە دێت و ئەوکاتە ئێمەش دەکەوینە ناو بیرکردنەوەی فەلسەفی، واتە بیرکردنەوەی ڕەسەن لەم بارەدا دێتە ئاراوە، نەك بە تۆبزی و زۆرلێکردن ڕووبەڕووی شتێك یان چەمکێك ببینەوە.

"گونجان لەگەڵ بوونی هەبوو، فەلسەفەیە، ئەمەش هەرتەنیا ئەوکاتە دەبێت کە گوونجانەکە بەدیدێت و پیادەبکرێت ئیتر بەهۆی ئەوەوە خۆی دەردەخات و ئەم دەرخستنە بلاّو و پەرش دەبێت ئەم گونجانە بەشێواز و ڕێگای جیاواز ڕوودەدات"١. لێرەدا هایدگەر ڕێنویمان دەکات بەوەی کەوا ئێمە کاتێك (بوون) بەدەنگمانەوە دێت، ئێمە بیرمان نەچێت هارمۆنیەت لەگەڵ (بوون) دا بکەین، نەك هەبوو.، چونکە بەدەنگەوە چوونی هەبوو لەفەلسەفە دوورمان دەخاتەوە، بۆیە دەبێت دوو جۆر لە بەدەنگەوەچوون جیا بکەینەوە.

**٣ـــ بەدەنگەوە چوونی (بوون):**

هایدگەر شتێکی گرینگمان بۆ ئاشکرادەکات ئەویش (بوون)ە واتە بەتەنها (بوون) لە ئیمکانیدا هەیە کە مرۆڤ تیدا دادەمەزێ و بەدەنگ مرۆڤەوە بێت، ئەمەش تەنها ئەوانە دادەمەزرێن کەخاوەنی بەدەنگەوە چوونن. پێشتریش کەم تازۆر روونمان کردەوە بە تەنیا(بوون) بنتی سەرەکیە و هەر لە دارای ئەودایە کەوا بەشێوازی جیاواز دەرکەوێت، لەم بارەدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو بیرکردنەوەی خۆیەوە، واتە بەتەنیا لەڕێگەی بوونی خۆیەوە بکەوێتە ناو گفتوگۆ لەگەڵ فەیلەسوفەکان و فەلسەفە جیاوازەکاندا، نەك لەڕێگەی فەیلەسوفەکانەوە یاخود ئەو فەلسەفەیەی دەخوێندرێت بکەوێتە ناو گفتوگۆوە. ئەم بەدەنگەوەهاتنە بەخشندەیی (بوون)ە بۆ مرۆڤ. دیارە بەدەنگەوە چوون لەوێدایە کە مرۆڤ دەکەوێتە ناو هەماهەنگی لەگەڵ بووندا و ئیرادەی دەکەوێتە ژێر ئیرادەی (بوون)ەوە، ئیرادەش لەوێدا مانای ڕاستەقینەی خۆی دەدات، چونکە مرۆڤ بەتەنیا خۆیەتی کەئیرادە دەکات. ئێمە ئاماژەمان بەوەدا کە(بوون) دارای هەمەجۆری و هەمەڕەنگیە، چونکە چونکە هەرخۆی تەنیا یەکەمینە. گەر سەیربکەین فەیلەسووفەکان شوێن یەکتر نەکەوتن، هیگڵ شوێن دیکارت نەکەوتوە بۆ ئەوەی ببێتە فەیلەسووف یان لەفەلسەفە تێبگات، ئەمانە هەریەکەیان بەتەنیا لە حاڵەتی بەدەنگەوەچوون بوون لەگەڵ (بوون)دا ئەوکات (بوون) لەناو ئەواندا لەلای هەریەکەیان بەجۆرێك دەرکەوتووە. ئەمەش ئەوە ناگەینێت کە ئەوان لەگەڵ یەك نەبوون ئەوان لە پنتی سەرەکیدا لەگەڵ یەك بوون، کە (بوون)ە و ئەگەر نا لەناو خۆیاندا جیاواز بوون لەدەرکەوتە و زمان و شێوازدا. خۆئەگەر ئەوان لەگەڵ هەبوودا بچوونایە یانی ئەوکات دەکەوتنە ناو یەکترەوە واتە ونبوون، بەڵام ئەوان لە بەرئەوەی لەگەڵ (بوون)دا بوون، هەر بۆیەشە جیاوازن ئەمەش شایەتی ئەوەدەدات، کەئەوان هەبوون، چوونکە (بوون) هیچ جارێك دووبارەنابێتەوە لەناو یەك حاڵەتا، واتە جارێك کەدەرکەوت لە فۆرمێکدا ئیتر لەو فۆرمەدا دەرناکەوێتەوە، بۆیە ئێمە تەنیا بەکۆمەکی بوون دەتوانین هەبووەکان بناسینەوە. بەدەنگەوە چوونمان بۆ بوونی هەبوو بەرەو میتافیزیکمان دەبات، چونکە چونکە میتافیزیك بیر لە بوون دەکاتەوە لەناو هەبوودا. ئەمڕۆ مرۆڤایەتی زۆر بێ باکانە ڕووی خۆی وەرگێڕاوە لە (بوون) خۆی بەشتێکی دیکەوە سەرقاڵ کردووە، کە ئەویش هەبووە. دیارە هەبووش دوای لەدایك بوون و هاتنە ئاراوەی، چونکە بیرکردنەوە لەهەبوو پێش لەدایك بوونی خودی بیرکردنەوەیە لە (بوون)، بەڵام (بوون) چووەتە قۆناغی کۆتاییەوە، کۆتایی بەو مانایەی کە(هەبووە) بووەتە بنیتی

سەرەتا و جەوهەری (بوون) بەبیرلێنەکراوی بەجێماوە. ئەمڕۆ هەبوو بۆتە جەوهەر، زانستیش لێرەدا بەردەوام دەرکەوتە و خاسێتی دیکەی هەبوو دەدۆزیتەوە، هەرئەم حاڵەتەشە وا لە هایدگەر دەکات بیر لە کۆتایی فەلسەفە بکاتەوە. بیرکردنەوەی میتافیزیکی نەماوە ئەم بەدەنگ نەچوونەی مرۆڤیش بۆ(بوون) خۆی خستۆتە سەر ڕێگەیەیکی دیکە کە زانست تیادا حاکمە. بوون هەمیشە وەك ماتەوزەیەکی زیندوو پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت کە ڕووبەڕووی دنیا ببێتەوە، کەئەوەی وەك هەست پێمان دەبەخشێت دواجار لەڕێگەی عالەمەوە ببێتە(زانین). زانین ساتی وێك هاتنەوەی پەتێتی ئەو شتەیە لەگەڵ ئەو شتە لەعالەمدا. هەموو شتەکان پێشتر لە عەقڵی مرۆڤدا هەن وەك یەکەیەکی سەربەخۆ و پەتی و ئەبستراکت. هەر پاڵپێوەنانی ئەم یەکانەیە هێزێکی بێ پایان دەدەنە مرۆڤ کە هەمیشە تووشی ڕاچەڵەکینی وەبیرهاتنەوە بێت. لەناو وەبیرهاتنەوەی ڕاستەقینەدا. مرۆڤ تووشی ڕاچەڵکین دێت. (بوون) ئەگەرچی زۆجار کوێردەکرێتەوە و زەمینەی بۆ ساز ناکرێ، بەلاّم هەمیشە ئەو پاڵ دەنێت و وا لەمرۆڤ دەکات کە دەستی ڕابگات بەوەی کە (بوون)ی داوای دەکات. ئەم داواکردنە بانگی ڕاستەقینەی بوونە بەرامبەر بەمرۆڤ ئەو بەدەمەوەچوونی مرۆڤەش ساتی پێکگەیشتن و بەبیرهاتنەوەیە، ساتی بیرکردنەوەی ڕەسەنە. ڕووبەڕووبوونەوەی شیعر بەرامبەر بەدنیاو بەرامبەر بەبوون، ئەوە نییە دنیایەکی دیکە دروست بکات. شیعر وەك کایەیەك و وەك بەشێك لەپێداویستی بۆدەرکەوتنی (بوون)، وەك کەرەستەیەکی خاو ئامادەیە (بوون) بگرێتە خۆی. بوون کاتێك دەکەوێتە ناو زەمینەکانی خۆیەوە ئەوکات دەست بەئاشکرابوون و درەوشانەوە دەکات. هەموو دەرکەوتنی ئەم بوونەش هەمیشە لە فۆرم و میتافۆری جیاواز دا ڕوودەدات. ئەمەش مرۆڤ دەبێتە شوێنی دیاریکردنەکە، بوون قەد لە کەرەستە و فۆرمەکان یاخی نییە، هەرکاتێ مرۆڤ بەدەمەوە چوونی هەبێت بۆی، ئەوبێ یاخی بوون خۆی نیشانی ئێمە دەدات بابڵێم خۆمان دەبینین. شاعیر کاتێك بوونی دەبیستێ، شیعر وەك هەبوو دەبێت، لەناو ماهیەتی خۆیدا کە زمانە. جەوهەری شیعر بوونە و ماهیەتیشی لەزماندا دەردەکەوێت.

شیعر یەکێکە لەحاڵەتەکانی بوون ئەو کاتەی بوون ئاوارە دەبێت و ماڵەکانی دیکە دەرگایان داخراوە، شیعر دەبێتە ماڵی بوون، بەلاّم بوون خۆی خاوەن ماڵە. شیعر بەبێ بوون شیعر نییە و مێژووە. ڕابردووە کە هەمیشە شتێك دووبارە دەکاتەوە کە لە دایکبووە و دەرکەوتووە، بەلاّم بوونی شیعر جیاوازە. بوون کە شیعراوی دەبێت هەمیشە شیعر وەك بوویەکی تازە و دووبارە

نەكراوە دەردەكەوێت وەك هەبوویەك كە ساتی لەدایك بوون و كامڵی یەكە. بوون كە لە شیعردا دائەنیشیّ شەرەفی پاسەوانی دەبەخشێتە شیعر. پاسەوانە بەوەی كەوەك جەستەیەك پارێزگاری لەمانەوەی ئەم ڕۆحە دەكات. ئەم بوونە وەك بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ هەمیشە بەوە ناوەستیّ كە هەر خۆی ئاشكرا بكات، بەڵكو چییەتی شتەكانیش ئاشكرا دەكات. وەك ڕووناكیەك كە دەردەكەوێت ئەوەشی لەبەر ئەم ڕووناكیەدایە دەردەكەوێت. بوون بەوەی نادیارە هەمیشە وەك هێزێكی خوایی و وەحی....هتد  ناونراوە. شیعر كە بوون میوانداری دەكات، هەمیشە بوون شیعراوی دەكات و شتەكانیش شیعراوی دەكات. شیعر ئاگاییەكی تەواوی شاعیرە بەرامبەر بەخۆی و بەدەوروبەری. ئەوەی شیعر میوانداری دەكات لەشتەكاندا فۆرم و خاسیەت و وێنەی شتەكان نییە، بەڵكوو جەوهەری ئەو شتەیە، جەوهەریش هەمیشە بەدەرە لەتوانا هەستیەكانی مرۆڤ، بوون ئەم ئەركە لەئەستۆی خۆی دەگرێت. بوونی مرۆڤە ئەوە سازدەكات كە شاعیر هەبێت، شاعیریش پێش شیعر دەكەوێت لەم ڕووداوەدا. ئەم حاڵەتە ڕاستی هەر نووسینی شیعر نییە، بەڵكوو شاعیریەت جۆرێكە لە ژیان. واقیع هەمیشە لەشیعردا دەڕووخیّ، ئەوەی شیعر موشاهدەی دەكات هەمیشە وەك بەدیلی واقیع دەردەكەوێت، بۆیە شیعر حاڵەتێكی ترسناكی مرۆڤە، كە واقیع تووشی هەڵوەرین دێت. ئەوەشی ڕوودەدات كرانەوەی بوونە نەك دروستكردنی دنیایەكی دیكە وەك ئەوەی لەناو ڕۆشنبیری ئێمەدا هەیە. شیعر تەعبیر لەبوون دەكات ئیتر ئەم تەعبیر كردنە هەمیشە ڕووداوە و وەك ڕووداو دەردەكەوێت.

ئەگەر بوون وەك هێزێك بانگمان بكات ئەوا شاعیر هیچ نییە جگە لە گوێگرێكی قسەكەر، گوێگرێك كە لە ساتی گوێگرتندا بیستن وەك قسە بەیان دەكات، شیعر گوێگرتنی شاعیرە بۆ بوون. شاعیر هەم لەناو ڕووداوەكەدایە و هەم گێڕەرەوەی ڕووداوەكەشە، ئەم ساتە ساتی بیستنی بوونە بەهۆی گوێی شاعیرەوە. شاعیرە كە خەونەكە دەبینێت و لە هەمانكاتێشدا دەیگێڕێتەوە. ساتی والاّ بوونی بوونە و ڕۆشتنیەتی بۆ ماڵی شیعر. جەوهەری شیعر هەر بوون خۆیەتی. ئەوە بوونە ئەوە دیاری دەكات كە چۆن دەركەوێت واتە شیعر لەژێر داواكاری بووندا خۆی بەیان دەكات كەچۆن دەركەویّ. ئایا شیعر بۆچی گرنگە؟ ئایا شیعر چی لەزمانی ئاسایی زیاترە؟ ئایا شیعر چ خەبەرێكی هەیە بۆ ئێمە؟ ئاشكرایە زمانی ئاسایی زمانی لێكگەیشتن و زمانی واقیعە، واتە واقیع دەچێتە زمانەوە، زمان واقیع وێنە دەگریّ ئەمەش پەیوەندی هەیە بەدەرەوەی مرۆڤەوە، بەلاّم شیعر شتێـكی ناوەوە دەهێنێتەدەر. بوون كاتێك شیعر بەرێگای خوڵقان دەیهێنێتە ناو زمانەوە.

ئەم بووە کە بە بوون بووە بە بوو، وەك هەرشتێکی سروشتی دەردەکەوێت، لێرەدایە بەهای زمانی شیعری لەبەهای زمانی ئاسایی گرنگترە. هایدگەر دەڵێت"زمان ماڵی بوونە"٢، بوون لەزماندا دائەنیشێ ئەمەش زیندوویەتی زمان ڕائەگرێ زمان بەبێ بوون وەك تەختە وایە. دۆخی ڕاستەقینە و دۆخی ساختە هەیە بۆ زمان، زمان خاوەنی دوو دۆخی جیاوازە. دۆخەکانی زمان وابەستەن بەدەرەوەی خۆی، زمان لە دۆخە ڕاستەقینەکەیدا ئەمەیە بوون لەناویدا بێ.

لەم بارەدا شیعر وەك بوویەك دێتە دنیاوە، ئەم هاتنی(بوون)ە بۆناو شیعر هەبوو دێتە دنیاوە. هەبوو کە شیعرە وەك هەر کائینێکی سروشتی بەها وەردەگرێت، واتە شیعرێك کاتێك تەعبیر لە(بوون) ی مرۆڤ دەکات ئەم شیعرە بەهای مرۆڤە سروشیتەکە وەردەگرێت، لێرەوەیە بەهای جیهانی ئاسایی شیعر لەجیهانی ڕاستێتی واقیع زیاترە. ئەم خوڵقانەش بریتییە لەوەی ڕۆحێك هاتۆتە ناو جەستەیەکەوە، کە زمانە لەناو شیعردا. ئەم کردەی خوڵقانەش شاعیر ئەنجامی دەدات بە ویستی بوون. ئێستا بابپرسین ئایا شاعیر بەوەی خالیقە نابێتە خوا؟ سەرەتا کاتێك شاعیر بوونی دەبیستێ ئەوکات بوون لەماڵەکەی ئەودا کەشیعرە دەبێتە هەبوو. ئەوەی شاعیر دەیکات ڕاستی خوڵقانی بوونی (بوون) نییە، بەڵکوو خوڵقانی هەبووە لەڕێگەی بەدەمەوەچوونی بۆ بەدەنگەوەهاتنی بوون. یانی بوونی بوون دەکەوێتە پێش شاعیرەوە، ئەوە خوایە بوونی (بوون)ی خوڵقاندووە، لێرەدا شاعیر دەچێتە ژێر باری خواو نزم دەبێتەوە. خوا (بوون) دەخوڵقێنی و هێزی هاتنەئارایشی تێدەخات تاخۆی ئاشکرا بکات. شاعیر زەمینەی ئاشکرابوونی (بوون)ە لەخۆیدا، شاعیر (بوون) دەباتە پلەی ئەوپەڕی دەرکەوتن و کامڵ بوون، ئەم کامڵ بوونەش هەمیشە یەك شت لەخۆیدا ئاشکرا دەکات، کە ئەویش (بوون)ە هەبوو بە بوون هەبووە. هەبوو بە بێ بوون لەهەبوویەتی خۆی دەکەوێت و دەبێتە بوونەوەر، بوونەوەر بەوە لەهەبوو جیاوازە کە بوونی نییە.

ئایا شیعر هەبووە؟ ئایا شیعر بەچی دەبێتە هەبوویەك لەهەبووەکان؟ شیعر بەوەدا بوون میوانداری دەکات هەبووە، شیعر دەرکەوتەیەکی بوونە. ئێمە دەتوانین لەڕێگەی شیعرەوە بوون ببیستین. شیعر ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی پرسیار لە بوون بکەین. زمان ئەوکاتە لە دۆخی راستەقینەی خۆیدا هەیە کە بوونی تیایە، ئەوەی شیعر دەبەستێتەوە بەدنیاوە هەر ئەم (بوون)ەیە. شیعر راستەوخۆی جەوهەری شتەکان وێنا دەکات، بەلاَم هەمیشەش وەك گەمەیەك دەردەکەوێت، وەك خەیاڵ خۆی نیشان دەدات، بەلاَم هەڵگری هەقیقەتە، واقیعیش کە وەك هەقیقەت خۆی نمایش دەکات هەڵگری وەهمە. لێرەدا شیعر هەبووە و واقیع هەبوو نییە. شیعر هەقیقەتە و واقیع وەهمە،

"شیعر دەبێتە مایە دەرکەوتنی ناڕاستەقینە و خەون و ئەندێشە لەبەرامبەر واقیعی پەی پێبراو و جەنجالّ کە ئێمە لەو باوەڕەداین لەویادا نیشتەجێن، بەلاّم بەپێچەوانەوە واقیع ئەوەیە کە شاعیر گوتویەتی و بوونەکەی پەسەندکردووە"٣، بەلاّم زمان وەك چۆن دۆخی ڕاستەقینەی هەیە ئەوهاش دۆخی ساختەیی هەیە. دۆخی ساختەیی زمان دۆخی دابڕانی (بوون)ە لەزمان خۆی. زمان لەدۆخی ساختەیدا زمانە بۆ بەرێکردنی واقیع، لەهامانکاتیشدا ئاوارەکردنی (بوون)ە. بوون ڕەسەنترە لە زمان. زمان هیچ کات جەوهەری بوون نییە. ئەوکاتەی بوون حزوور پەیدا دەکات لەشاعیردا. شاعیر دەچێتە ناوکرانەوەی بوونەوە، کرانەوەی بوون هەمیشە شاعیر دەخاتە بەردەم دنیایەکی نەبینراو و تاقی نەکراوە. شاعیر لێرەدا لەحالّی ناچاری خولّقانی زماندایە. ئەوە کرانەوەی بوونە شاعیر ناچار دەکات زمان بخوولّقێنیّ و دواجاریش کار لەسەر ئەو زمانەش بکات کە لە کۆمەلّگەوە وەریگرتووە. بوون شاعیر ناچار دەکات ئەم زمانەش هەلّوەشێنێتەوە و بەو شێوەیە ڕێکی بخاتەوە کە بوون داوای دەکات. هەروەك چۆن ئەوە ئایدیالّی کورسیەکەیە، دارتاشەکە ناچار دەکات تەختەکان وارێك بخات کە ئایدیالّەکە داوای دەکات. زمان بەبوون زمانە لە دۆخە راستەقینەکەی خۆیدا. بیّ بوونی بوون لە زماندا، زمان دەبێتە دەنگدانەوەی هەبوو، لێرەدا زمان هیچ ناکات جگە لەلاسایی کردنەوەی شتەکان. لاسایی کردنەوە یانی وێنەسازی، وێنەسازی یانی کۆنکرێت کردنی خەسلّەت و خاسیەتی شتەکان و ونکردنی شتێك کەجەوهەرە، بەلاّم کاتێك شیعر خزوور پەیدا دەکات ئەوا بوون کە تەواو ناوەکیە دەهێنێتەدەر و بەم هاتنە دەرەوەیە. بوون دەبێتە هەبوو. بەدەنگەوە چوونی شاعیر بۆ هاتنی بوونی شیعرە. ئەمەش حالّەتی تەنها بوونەوەی شاعیرە، گەر شاعیر لەساتەکانی دیکەدا هەمیشە دەفرێك بێت بۆ بیستنی ئەوانی دیکە، ئەوا لێرەدا منی ناوازەی شاعیر تەنیاو تەنیا قسە دەکات و تەنیاو تەنیا بوون دەهێنێتە ناو زەمەنەوە. ئەم حالّەتە حالّەتێکی وەستاو و جێگیر نییە، بەلّکوو ناوەختەو لەدەستی شاعیردا نییە، هەر کاتێك بیەویّ بیکات. شاعیر بەتەنها لە حالّەتی عەدەمدا، کاتێك دنیاو ئەوانی دیکە پاشەکشیّ دەکەن و هەلّدەوەرن، لەم هەلّوەرینی ئەوانی دیکەدا بوون وەك ڕۆشنایەك دێت و شاعیر بەخۆی ئاشنا دەکاتەوە

((بیّ چوونە عەدەم پەی بەسۆراغی دەمی نابەی

فاییز ببە بەم گەوهەرە لەو بەحرە بەڕۆچوون))٤

مەحوی زۆر ورد ئەم حاڵەتە شاعیرانە دیاری دەکات. مەحوی لێرەدا عەدەم دەکاتە مەرجی هاتنی بوون. واتە حاڵەتی هاتنی بوون سەرەتا حاڵەتی عەدەمی شاعیرە لەئەوانی دیکە. عەدەم هەڵوەرینی هێزەکانی دەرەوەی مرۆڤە لەمرۆڤدا. گەر هۆڵدەرلین شاعیری شاعیران بێت بۆ ئەڵمان. ئەوا مەحوی شاعیری شاعیرانە بۆ کورد، چونکە چونکە لە خەوەکەدا خەوەکە دەگێڕێتەوە. مەحوی ئەو ئیرادەیەی هەیە کە ڕوو وەردەگێڕێت لە هەبوو و بەرەو (بوون) دەڕوات، بەم ئیرادەیە مەحوی دەبێتە شاعیری شاعیران. دەبێتە ئەوەی کە نەك هەر بوون والآدەکات، بەڵکوو ڕۆحی نەتەوەش بەیان دەکات. گەر شێرکۆ بێکەس جەستەی نەتەوە نیشان بدات و بەختیار عەلی سایکۆلۆژیای نەتەوە نمایش بکات، ئەوا مەحوی ڕۆحی نەتەوە بەیان دەکات. بەمەش مەحوی هەمیشە لەسەرووی شاعیرانەوەیە و تەنهاترین شاعیریشە کە هاوشاعیری نییە. ئەوەشی مەحوی دەهێڵێتەوە، زمان و تەکنیك و قافیەو سەروا. ..هتد نییە، بەڵکوو ئەو بوونەیە لەناو ئەودا، ئەگەرنا زمان و شێوازی مەحوی دەمێکە بەسەرچووە، بەڵام مەحوی نەك هەر بەسەر ناچێت، بەڵکوو هەمیشە هەیە، چوونکە مەرجی هەبوونی ئەو بوونە نەك هەبوو، نەك واقیع و دنیاو ئەوانی دیکە. ئەوەی لای مەحوی گرینگە زمان و شێواز نییە، بەڵکو (بوون)ە ئیتر ئەم بوونە چۆن دەردەکەوێ و چۆن تەجەللی دەبێت گرنگ نییە. مەحووی هەمیشە بەشوێن دەمی هاتنی بوونەوە بووە هەمیشەش خۆی سەرزەنشت کردوە، کە بۆچی ئەوانی دیکە لەناویا حزوور پەیدا دەکەن و بوونی خۆی بزر دەکات، بۆیە هەمیشەش دنیا ڕەتدەکاتەوە لەناوخۆیدا. لای مەحوی دنیا واتە هەبوو. ئەوەی مەحوی لەناو خۆیدا کردوویەتی پڕۆسەی ڕەتکردنەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکوو پڕۆسەی تێگەیشتنە لەڕابردوو. مەحوی کەلە دنیا تێدەگات ئەوجا تووشی عەدەم دێت، چونکە چونکە عەدەم رەسەنە و ناکردنیش ناڕەسەنە. عەدەم رەسەنە بەوەی(بوون) دێت و ئەوانی دیکە هەڵدەوەرن، ناکردنیش بەوە رەسەن نییە، کە هەمیشە ئەویدیکە وەك دژە هێز بە هێزتر دەکات. شیعر فڕینی شاعیرە بۆ بوون، حاڵەتی هەڵوەڕینی ئەوانی دیکەیە، هاتنی بوونە بەدەمەوەچوونە بۆ هاتنی بوون. مرۆڤ لەم بەدەنگەوە هاتنی بووندا هەست بەئارامی و هێمنی تەواو دەکات و لەبەختەوەری ڕاستەقینە نزیك دەبێتەوە. دەبێتە هەڵگری حەقیقیەت و لەتەنهایی و پەر تەوازەیی و بێجێگەیدا دێتە ناو ئارامی و لەماڵەکەی خۆیدا دائەمەزرێ. "شیعر وەك گەمەیەك دێتە بەرچاو کەچی واش نییە، گەمە خەڵك پێکەوە کۆدەکاتەوە بەو جۆرە کە هەر یەکێك ڕاستەوخۆ خۆی لەبیردەچێتەوە، کەچی لەشیعردا بە پێچەوانەوە مرۆڤ لەسەر بنچینەی بوونەکە کۆ دەبێتەوە

لەودا هێمن دەبێت، بەڵام نەك هێمنیەکی ڕواڵەتیانە و ناڕاست کە لە بێچالاکی و پووچی بیر کەوتەبێتەوە، بەڵکو ئەو هێمنیە بێکۆتایی و بێ سنوورەی کە تیادا هەموو هێزو تواناو پەیووەندیەکان چوست و چالاك دەبن و دەوروژێن"٥.

## ٤ـ بەدەنگەوە چوونی هەبوو:

(هەبوو) بەکۆمەکی (بوون) هەبووە، (هەبوو) لەساتی یەکەمی بوونیدا ڕەسەنە، بەڵام کاتێك وەك هەبوو دەمێنێتەوە ئەوکاتە وەك جادووکەرێك دەردەکەوێت. هەموو بەدەنگەوەچوونێکی هەبوو بۆ هەبوو دوورکەوتنەوەیە لە بوون، چونکە لەم بارەدا مرۆڤ پڕ دەبێت لەنیاز و مەبەست، (بوون)یش لە بێ نیازی و بێمەبەستی مرۆڤدا دەردەکەوێت. هەبوو کاتێك دەردەکەوێت لەجیهانی ڕۆحەوە دێت و دەچێتە ناو جیهانی هەستیەوە و ئەو کاتەش حازر دەبێت و وەك شتێکی واقیعی دەردەکەوێت، لێرەدا (شوناس) ئاشکرا دەبێت و ماهیەت، کەخەسترین خەسڵەتی خۆیەتی ڕوون دەبێتەوە. هەر بەدەمەوەچوونێك لەدوای ئەم پرۆسەیەوە دوورکەوتنەوەیە لە(بوون)ن، چونکە(بوون) تەنها لەناو خۆماندا ئیمکانی ئەوەی هەیە دامەزرێت. ئەوکاتەی (هەبوو) لە بەردەمماندا هەیە، ئێمە لەبەردەم جیهانێکین لەدەرەوەی خۆماندا، بەڵام بۆ (بوون) هەمیشە دەبێ لەناو خۆماندا بین و لەماڵەکەی خۆماندا حزوورمان هەبێت. ئێمە لەناو بەدەنگەوەچوونمان بۆ (هەبوو) دەکەوینە ناو ئەویترەوە بە لەدەستدانی خۆمان بێ ئاگاییانە دەمێنینەوە لەبەردەم بووندا. گەرسەیر بکەین لەناو زماندا ئەو کەسەی یەکەم جار وشەی ئازادی بە بیردا هاتووە، پێشتر لەناو بیرکردنەوەدا بووە، سەبارەت بەحاڵەتی ئازادی یانی لەگفتوگۆدا بووە لەگەڵ ئایدیاڵی ئازادیدا. دواجار بۆ کۆنکرێت کردنی ئەو حاڵەتە وشەی ئازادی لەبیردا هاتووە، ئەوکاتە ئازادی لای ئەم، تەنیا وەك چەمك نەماوەتەوە، بەڵکوو بۆخۆی بیرکردنەوە بووە، بەڵام کاتێك ئەم وشەیە یاخوود ئەم چەمکە گشتی دەبێتەوە بەردەوام مرۆڤ دووردەکەوێتەوە لەئایدیاڵی ئازادی، چونکە کەوتۆتە ناو واقیعیەتی ئەم حاڵەتەوە، ئێمە بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە دەبێت بەناو ئەو حاڵەتەدا بڕۆینەوە، ئەوکات دەزانین ئازادی چییە؟ بەڵام چەمکەکانی وەك ئازادی، خوا، چاکە... هتد. کاتێك لە ئایدیاڵی خۆیان دادەبڕێن و دەچنە ناو زانستەکانەوە ئەوکاتە هەوڵی ئەوەیان لەگەڵ دەکرێت کەوا کەپرەنسیپ و یاسایان بۆ دانێن. ئەمڕۆ ئەو هەوڵەی ئەکادیمیا دەیدا هیچ نییە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ مردنی ئایدیاڵی چەمکەکان. ئەکادیمیا چەمکەکان دادەبڕێت

لەئایدیالٚ و شوێن خەسڵەتەکانی دەکەوێت و  دەیەوێت کۆنترۆڵی بکات، هەموو کۆنترۆڵکردنێکیش دوورکەوتنەوەیە لەبیرکردنەوەی ڕەسەن، دوورکەوتنەوەیە لەوەی مرۆڤ شوێن (بوون) نەکەوێت و شوێن ئەو پلەبەندیە بکەوێت کە (بوون) دادەبڕێت لەشتەکان و دەیانکاتە بابەت. ئەکادیمیا بۆیە وەلأمی یەکلاکەرەوەی نییە، چونکە بەشوێن (هەبوو)ەوەیە تا کۆنترۆڵی بکات. ئەمڕۆ ئەکادیمیا تەنها لەناو ڕای کەسیدا ماوەتەوە، ئەکادیمیا واخۆی نیشاندەدات کەپەیڕەوی لە سیستەمێك دەکات، بەلأم کۆلاجێکی تێکەلۆپێکەڵە، چونکە سیستەم یانی پەیڕەوکردنی (بوون) یانی خۆدانە دەست (بوون) نەك کۆلاجکردنی ڕا و حاڵەتی جیاجیا، کە ئەمڕۆ لەناو زانست و ئەکادیمیادا لەسەری دەڕۆن.

ئەمرۆ زمان بە گشتی دابڕوە لە ئەسلٚ و ماهیەتی خۆی. سۆسۆر کە باوکی زمانەوانی ئێستایە، لەیەکەم هەنگاویدا زمان دەخاتە دەرەوەی مرۆڤ و دایدەبڕێنێت لەئایدیالی خۆی. ئەمەش ئەو پشتکردنەی مرۆڤە لە چێژی گیانی بالأ، ئەمڕۆ جیهان بە شتانێکی زۆر بچووکتر لەمرۆڤ سەرقاڵە، کەمرۆڤ مادام خاوەنی گیانە شایەنی زۆر لەوە گەورەتر و بالأترە. زانست مرۆڤ کوێر دەکاتەوە کەوا جیهانی بۆ حازردەکات و ناهێڵێت بیربکاتەوە. ئەم قەیرانە بەتەنیا لەناو کورددا نییە، بەڵکوو تەواوی دنیای داگیر کردووە. ئەڵمانیای ئێستا ئەڵمانیای هایدگەر و هیگلٚ نییە، فەرەنسای ئێستا فەرەنسای دیکارت نییە. دنیا لەناو وەهمێکی گەورەدا پەرە بە خۆی دەدات. ئێمە ئومێد دەکەین کەوا بیرکردنەوە لەناو کوردا خۆی پاك بکاتەوە، لەرێگەی ئەوەوە بتوانن مەعریفەی دروستمان لەسەر خۆمان و دۆزەکەمان هەبێت. ئەمەش بەتەنیا بەوە دەبێت بە دەنگ بە دەنگەوەهاتن بچین، دیارە ئەمەش تەنیا لەخۆماندا دەبێت کەخۆمان جارێکی دیکە رێگە بدەینە (بوونمان) دەرکەوێت. هەبوو کاتێك دێتە دونیاوە سیفەت و خاسیەت وەردەگرێت و وەك شتێکی واقیعی لەبەردەم هەستەکانی مرۆڤدا دائەمەزرێ، کە هەستەکان دەتوانن مامەڵەی لەگەلٚ بکەن و وێنای بکەن و هەستی پێبکەن. ئەوەی شیعر لە هەبوودا دەیبینیٚ (هەبوو) خۆی نییە، بەڵکو (بوون)ە. بوون دەکەوێتە ئەودیوی دەسەلأتی هەستەکانەوە.، بوون مانای خۆی و جیهانیشی هەڵگرتووە.

مامەڵەکردنیش لەگەلٚ بوون ڕاستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بە عەقڵەوە، عەقڵیش هەمیشە بیرکەرەوەیە. ئێستا با بپرسین ئایا شیعر بیرکردنەوەیە؟ ئایا شیعریش وەك فەلسەفەو فکر خاوەنی مەعریفەی تایبەتە؟ کەم تازۆر لەبەشەکانی دیکەدا ئەمەمان ڕوونکردۆتەوە، بەلأم ئەوەی دەبیٚ بووتریٚ شیعر بیرکردنەوەیەکی رەسەنە، یەکێکە لەحاڵەتەکانی مرۆڤ، بیرکردنەوەش بە مانا

سوکراتیەکەی یادهێنانەوەیە، یادهێنانەوە حازرکردنەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکوو دەرکەوتنی بوونە لەعالەمدا، شیعر یادهێنانەوەی بوونە، ڕزگارکردنی جیهانە لەهەموو ماناو وێنا سەپێنراوەکان کە بەسەریدا ساغ کراوەتەوە. شیعر بردنەوەی دنیایە بۆ جێی خۆی، ڕزگارکردنی ئەو چەمکانەشە کەسواون و بەکاردەهێنرێن. سەندنەوەی زمانە لەکۆمەڵگاو دانەوەیەتی بۆ دەست بوون، زمان کاتێك وەك خانویەك کۆمەڵگا تیایدا دائەنیشێت هەمیشە بابەت و شتە، بەڵام شیعر ئەو غەریبەی ناو زمان دەردەکات و خاوەن ماڵ دێنێتەوە کە بوونە.

"شاعیر خواوەندەکان و هەموو شتەکان خۆیان چۆنن وەها ناویان دەهێنێ، ئەم ناوهێنانە بەوجۆرە پێك نەهاتوو شتێك پێشتر ناسرابێ ناوێکی پێبدرێت، بەڵکوو بەوە دەبێ کەشاعیر ناوی وشە جەوهەریەکە کە دەهێنێ و بەو ناوهێنانە لەپێشدا هەبوو ئەو ناوەی دەدرێت کە خۆی چییە، ئینجا وەك هەبوو دەناسرێت"٦ لەبەرامبەر ئەوەدا هەبوونایەتی شیعریش هەیە، کەهەبوو بانگدەکرێت بۆ ناو شیعر، لێرەدا هەوڵدەدەین گشتی تر ئەمە باس بکەین. هەرکاتێك شیعر هەبووی کردە خەمی خۆی، هەمیشە لەبەردەم دارِشتنەوەی واقیعدایە، جا یان وەك خۆی یان وەك وێنا دایدەرِێژێت. هەر کە شاعیر دابرِا لەبوون ئەوە لەبەردەم هەبووەکاندایە کە لەدەرەوەی خۆی دەیانهێنێ و لە میتافۆری جیاجیادا پەخشیان دەکاتەوە. شاعیر لێرەدا ناکەوێتە ناو کردەی خولْقانەوە، بەڵکوو دەکەوێتە ناو پیشەسازی و دروستکردنەوە. دروستکردنیش هەمیشە بیرێکە لەدەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناو مرۆڤەوە کە پێداویستیەکی جەستەی یان سایکۆلۆژییە مرۆڤ ناچاردەکات کە وەك هێزێك پەخشی بکات. ئەوەشی لەم کردەیەدا هەیە چێژی دەسەڵاتە، حەزی خۆپیشاندانە بۆ بەرامبەر. شارستانیەت هیچ نییە جگەلە خۆپیشاندانی مرۆڤ بۆ دەرەوی خۆی، بەڵام هونەر بەگشتی خۆی نیشانی دەرەوە نادات، بەڵکوو زەمینە دەسازێنێ بۆ هاتنەئارای بوونی شتەکان. لێرەدا بەرهەمی کارگەکان و بەرهەمی هونەری لەیەك جیادەبنەوە. ئەوەیە وادەکات مۆنالیزا زیاتر ڕامانبگرێت لە بوکەشووشەیەك. شیعر لە بنەمادا پێویستیەکی ڕۆحیە ئەم بیرە لەدەرەوەی مرۆڤەوە نایەت. شیعر هیچ وەزیفەیەکی واقیعی و کۆمەڵایەتی نییە.، مەبەستێك نییە لەپشتی ئەوەوە هەتا بۆی بژیت. ئەوەی شیعر دێنێتە ئاراوە فشاری بوونە بۆ سەر مرۆڤ شاعیر خۆشی نازانێ چی دەنووسێ. شیعر وەك قەدەرێك دوای هاتنە ئارای خۆی دەزانرێ چییە؟ دوای تەواو بوونی شاعیر ئینجا دەزانێ چی نووسیوە. شیعر کەهەبوو دەبێتە مەبەستی هەرئەوە دەگوازێتەوە کە لەبەردەمماندایە، کێشەی ئەفلاتوون لەگەڵ شیعردا کێشەی بەدەنگەوە

نەچوونی شیعری ئەوکاتی یۆنانە بۆ بوون. ئەوانەی پێیانوایە ئەفلاتون دژی شیعرە هەڵەن، ئەفلاتوون ئەو شیعرە دەردەکات کە شوێنی نمایشی هەبووە بۆیە چانسێك دەداتە شیعر "ئێمە لەو هێزە سەرنجڕاکێشەی شیعر بێئاگانین، بەڵام خیانەتکردن لەحەقیقەتیش هیچ کاتێك بەڕەوا نازانێت"٧ ئەفلاتوون دواتر دێت باسی ئەوە دەکات گەر شیعر توانی بوون دابەزێنێت ئەوە ڕێگەی هەیە بێتەوە ناوشار، "کەواتە ئایا ڕەوا نییە دوای ئەوی شیعر بە بەرهەڵستی تر بەرگری لەخۆی بکات دووبارە ڕێگەی بدەین بێتەوە ناوشار" ٨ ئەفلاتوون خۆشی هەست دەکات شیعر لەبنەڕەتدا ئەوەنییە کە هۆمیرۆس دەیڵێت، بەڵکوو دەزانێ شیعریش توانای هەڵگرتنی بوونی هەیە. بۆیە دواتر لە گفتوگۆی خواندا قسەی خۆی لە سەر شیعر دەکات، کە هەر هەمان بنەمای قسەکانی هایدگەری هەیە. "ڕەنگە بە دەمەوەچوونی هاتنی شتێك لە عەدەمی حزوورەوە بۆ ناو حزوور شیعر بێت"٩ ئەم وتەیە تەواوی ئەو ڕایانە ڕەتدەکاتەوە کە وتراون لەسەر ئەفلاتوون، بەدەمەوچوونی هاتنی شتێك لەکوێوەیە لە عەدەمی حزوور، واتە (بوون). حزووری یەکەم (بوون)ە، حزووری دووەم عالەمە، واتە بوون عەینی بێتەوە و لە عەدەمی خۆیەوە ئاشکرابێت و هەبوو بخوڵقێ. دواتر ئەفلاتوون لەگفتوگۆی ئایۆندا. لەسەر ئەم بنەمایە باسی(دانایی شیعر) دەکات، دانای شیعر بوونە لە شیعردا. "ئەگەر هاتوو فێری دانایی شیعر بووین بەیاسا، ئەوا دەتوانین قسە لەسەر هەموو ئەوانی دیکە بکەین"١٠

یاسا یاسایەکی کۆنکرێتی و واقیعی نییە، یاسا لێرەدا خودی (بوون)ە، واتە (بوون) هەمیشە خاوەنی مەرجی خۆیەتی بۆ دەرکەوتن، مرۆڤ دەبێت بەیاساکانی (بوون)دا بڕوات. نەك (بوون) بەیاساکانی خۆی بڕوێنێت.

## ڕۆشنبیری کوردی و ڕۆشنبیریی شیعری:

لەم پاشکۆیەدا هەوڵدەدەین ڕۆشنبیری کوردی ئەم دە ساڵەی رابردوو بخوێنینەوە کە بە (پاش راپەرین) دەناسرێن، هەڵبەتە خۆێندنەوەیەکی خێرایە بۆ ئەو ڕۆشنبیریە، کەوا لەم چەند ساڵەدا هەوڵیانداوە تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئێمە بکەنە نووسین، کارەساتی گەورەش ئەوەیە پێیانوایە ئەوەی باسیان کردووە جەوهەر و هەقیقەتە واشیان بەئێمەی خۆینەر ناساندووە، ئەم هەوڵەش هیچ نییە جگە لە خۆنێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کەوا خاوەنی بۆچوون و ڕووئیای تایبەتن دەربارەی شیعر، ئەمەش گەڕانی ئێمەیە بۆ فیکری ئەم وتارانەو گەڕانە بەشوێن بیرکردنەوەدا نەك سەرسامی ئێمە بێ لەئاست زمان و میتافۆرەکانی ئەم وتارانەدا کە ئێمە کارمان

لەسەرکردوون. دواتر لەڕێگەی شکانی ئەم میتافۆرانەوە هەوڵمان داوە فکر و بنەمای ئەو وتارانە ڕۆشن بکەینەوە و دواتریش نیشانی شیعر خۆی بدەینەوە، هەتا ئەو کات ئەم وتارانە خۆیان حوکم بدەن لەسەر خۆیان، کە ئایا ئەمانە جەوهەری شیعرن، یاخود بۆچوونی سەرپێی تاکە کەسین، بەڵکوو ئەمەش بکەینە سەرەتایەکیش بۆ ئەوەی بەوردی ئەم رۆشنبیرییە بخوێنینەوە، دوور لە هەر رق و لایەنگیریەك. دیارە بۆ هەرباسێك وتارێکمان هەڵبژاردووە کەوا ئازادانە ئیشمان تیاکردووە.

## ١ــ خەیاڵ وەك جەوهەری شیعر لای ڕێبوار سیوەیلی:

ئێمە لێرەدا وتارێکی بەرێز (ڕێبوار سیوەیلی)مان وەرگرتووە بەناوی (شیعریەتی بوون)، کە هەوڵدەدەین بە وردی بیخوێنینەوە دواتریش بەپێی ئەو تیۆرەی پێشوو لەگەڵیدا بڕۆین، هەتا بنەمای ئەم وتارە کەشف بکەین و ڕۆشنبیری ئەم ڕۆشنبیرە ڕۆشن بکەین دەربارەی چییەتی شیعر. سەرەتاش پرسیار لەخەیاڵ دەکەین، ئایا خەیاڵ دەکەوێتە کوێی مرۆڤەوە؟ یا خەیاڵ سەر بەجەستەیە یان سەر بە ڕۆحە؟ خەیاڵ دەتوانێ چی بۆ ئێمە بکات؟ ئایا خەیاڵ پێش شیعر دەکەوێت یان شیعر پێش خەیاڵە؟ ئایا خەیاڵ مامەڵە لەگەڵ چی شتەکان دەکات؟ ئایا خەیاڵ دەتوانێ چەمکە رووتەکان وێنا بکات؟ سەرەتا وا باشە کە کاری خەیاڵ بەگشتی دیاری بکەین کە ئەویش خۆی لە دوو کاری گرنگدا دەبینێتەوە.

* **کردەی خەیاڵ کردن:** خەیاڵکردن هەمیشە کارێکە بەویستی مرۆڤە، واتە مرۆڤ دەتوانێ شارێك خەیاڵ بکات، یان خەیاڵی تەنێك بکات، جا ئەو تەنە حازر بێت بۆ ئەو، یان حازر نەبێت. مرۆڤ دەتوانێ خەیاڵی سێوێك بکات کە لەبەردەمیایەتی، بەم خەیاڵ کردنەش سێوەکە لەتەنێکی واقیعیەوە دەبێتە تەنێکی وێنەیی و زەینی، واتە خەیاڵ کردنی شتێکی حازر و بەردەستە، گۆڕانی واقیعیەتی ئەو شتەیە بۆ وێنەیەتی، ئەو شتە. کامێرای فۆتۆگراف بە وێنەکردنی واقیعە. بۆ حاڵەتی دووەم کەوا شتەکە لێرە نییە من و تۆ قسە دەکەین باسی خانوویەك دەکەین کە پێشتر دیومانە ئەوە هەردووکمان خانووەکە کە لە خەزنەمان(زاکیرە) هەیە، حازری دەکەینەوە و خەیاڵی دەکەین ئەم حاڵەتە حازرکرنەوەی وێنەی واقیعیەکەیە، واتە لێرەدا کامێرای فۆتۆگرافەکە وێنەی وێنەکە دەگرێ، چونکە چونکە ئەو شتە سەرەتا بۆتە وێنە لەزەینی ئێمەدا دواتر وێنەی ئەو شتە حازر دەکەینەوە.

ئێستابا بپرسین ئایا خەیاڵ دەتوانێ شتێك حازر بكات كە نەماندیوە؟ ئایا شتە پەتی و ڕووتەكان كە هێشتا دەرنەكەوتوون خەیاڵ چی دەكات؟ ئاشكرایە خەیاڵ ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ چەمكە ڕووتەكان بكات و ناشتوانێ شتێك كە نییە بەرجەستەی بكات؟ لەوانەیە بوترێت خۆ (حۆری دەریا) نییە، بەڵام ئەمە ڕاستی كۆلاجە. كۆلاج حازركردنەوەی شتە ماددیەكانە نەك هێنانی شتێك كە لە عەدەمەوە بۆ ناو حزوور. ڕاستی خەیاڵ بەشێكە لە جەستەی مرۆڤ و هەرتواناى وێناكردنی وێنەو خاسیەت و سیفەتی شتەكانی هەیە دوای دەركەوتن. خەیاڵ ناتوانێ قەدی گوێزێك حازر بكات، كە هێشتا هەر گوێزەو دەرنەكەوتووە. ئەركی دیكەی خەیاڵ بریتیە لە:

***بەخەیاڵدا هاتن:** بەخەیاڵدا هاتن حاڵەتێكی ئامادەكردنی ڕووداوێكە بە بێ وستی مرۆڤ، بۆ نموونە كاتێك گوێمان لە گۆرانیەك دەبێت ئەو گۆرانییە دەبێتە ڕەمزێك بۆ بە خەیاڵدا هاتنی ڕووداوێك كە بەویستی ئێمە نییە، كەوا پشتگوێی بخەین. لەم بارەدا خەیاڵ بە هاوكاری خەزنە ئەو یادەوەریە حازر دەكات و وەك ڕووداوێك جارێكی دیكە مرۆڤ دەكەوێتەوە ناوی، واتە لە خەیاڵكردندا مرۆڤ لەواقیعدایە، بەڵام بە خەیاڵدا هاتن مرۆڤ دەكەوێتەوە ناو واقیعێكی وێنەیەوە كە لەناو خەزنەدایە. ئێستا بابپرسین ئایا ئەو یادەوەریانەی ناو خەزنەی مرۆڤ لە كوێوە هاتوونەتە ناو مرۆڤەوە، بەدڵنیایەوە لەڕێگای هەستەكانەوە مرۆڤ لەدەرەوەی خۆی هاتوونەتە ناوی لەگەڵ ڕووداوە فەلسەفیەكان كەوا بوون، كە دەردەكەوێت دوای تەواو بوون كە دەبێتە هەبوو، دێتە ناو خەزنەوە ئەم هەبووەش هەر هەمان بەهای یادەوەریەكانی دیكەی هەیە، واتە هەر ڕابردووە لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت ئەم شتانە خەیاڵ بكات و هەستیان پێبكات، خەیاڵ ڕاستی سەر بە جەستەی مرۆڤە و هەمیشە شتە جەستەیەكانیش خەیاڵ دەكات، بەڵام خەیاڵ هەستێكی جەستەیی بایۆلۆژی نییە، بەڵكو سەر بەجەستەی سایكۆلۆژیە واتە هەستێكی نادیارە. كاتێك من دەڵێم (گوێز) ئەوەی تۆ حازری دەكەیت لەخەیاڵتدا، ڕاستی وێنەی گوێزەكەیە نەك چییەتی گوێز. دیكارت دەمێكە ئەوەی ساغ كردۆتەوە كە دەڵێت "دەبێت ئاماژە بەوەبكەم كەخەیاڵی من ناتوانێ ماهیەتی ئەو پارچە مێوە بزانێت، ئەوەی دەیزانێت ئیدراكی منە"١١ دیكارت ئەوە روون دەكاتەوە، كە خەیاڵ ناتوانێ (بوون) وێنا بكات، واتە خەیاڵ پێش بوونی شتەكان نییە، بەڵكوو كە (بوون) دەردەكەوێت و دەبێتە (هەبوو) ئەو كاتە خەیاڵ دەتوانێ ئەم هەبووە وێنابكاتەوە. "وێناكرد كردن و خەیاڵكردن شتێكیان تێدایە لەهەڵەی خۆم ئاگادارم دەكەنەوە، چونكە چونكە كاتێك خەیاڵی ئەوە دەكەم كە من شتێكم ئەوە لەواقیعدا تووشی وەهم دێم، چونكە چونكە خەیاڵكردن بریتیە لە تێڕامان لە

وێنەیەك، یان شتێكی جەستەیی" ١٢ لێرەدا دیكارت زیاتر ئەوەمان لاجێگیر دەكات كەخەیاڵ وابەستەیە بەجەستەی شتەكانەوە، خەیاڵ هەمیشە دوای تەوابوونی (بوون) دەتوانێت (هەبوو) وێنا بكات. لێرەدا ئەوەی خەیاڵ دەیكات تەنیا و تەنیا گواستنەوەی وێنەی واقیعەكانە. ئەگەر چاو ڕەنگ و قەبارەو...هتد بگوازێتەوە، ئەوا خەیاڵ تەنها وێنەی ئەو شتە دەگوازێتەوە. هەركاتێك خەیاڵ بكەیت دەبێت شتێكی حازر و ئامادە هەبێت لێرەوە خەیاڵ ناتوانێت (بوون) وێنا بكات، چونكە چونكە بوون خۆی واقیعی نییە، (بوون بە هێز) بوونێكە لەحاڵەتی پەتی خۆیدا و دەركەوتنیشی بەدەرە لەویستی مرۆڤ، ڕۆشنایەكە مرۆڤ پێیدەگات.

"شتێك هەیە دەبێت ڕوونبكرێتەوە ئەوەش ئەوەیە ئیدراكی من بۆ بینین یان دەستلێدان یان خەیاڵ نییە هیچ شتێكی لەم جۆرە نییە، ئەگەر چی پێشتر وا دەركەوتبوو، بەڵكو ئەوە ڕۆشنایەكە لە ڕۆشنایەكانی رۆح"١٣ ئێستا باپرسین ئایا خەیاڵ لە كوێوە وابەستەیە بەشیعرەوە؟ شیعر بە ڕووداوكردنی بوونە، واتە دەرخستنی بوونە لەدنیا خەیاڵ ئامێزەكەی خۆیدا، خەیاڵیش لەچوارچێوەی زماندایە. شاعیر تەعبیر لەم بوونە دەكات لەناو واقیعێكی گەمە ئاسادا، لێرەدا چ زمان چ خەیاڵ و ئەفسانە جەستەن بۆ بوون، نەك جەوهەری شیعرەكە بن، چونكە چونكە جەوهەرەكە ئەو ڕۆشناییە كە ئەو ڕووداوە خەیاڵیە دەخوڵقێنێ. ئەو بیرەیە كە زمان ئاراستە دەكات و وێنەیان پێدەبەخشێت بەو شێوەی كە بوون دەیەوێت، ئەم بوونەش مەرج لەسەر جەستەكەی خۆی دادەنێ كە چۆن بێت. تێكشكانی زمان و دووبارە بنیاتنانەوەی لێرەدا ڕوودەدات. تا ئێرە تیورییەكامان خستە پێش چاو جا بادەست بكەین بە خوێندنەوەی بنەماكانی ئەم وتارە هەر لەسەرەتاوە ڕێبوار دەڵێت "ئایا دەشێت لە پرۆسەی شوناسكردنی دنیاو مانا بەخشین بە بوون پشت بەم ڕەگەزە ببەسترێت و خەیاڵ بكرێتە سەرچاوەیەكی بڕواپێكراو بۆ ناسینی دنیا"١٤ وشەی (مانابەخشین بە بوون) كەوا دەیداتە دەست خەیاڵ، لێرەدا بوون دەخاتە ژێر جەبری خەیاڵ و ئەوە خەیاڵە كە مانا دەداتە بوون، بەبێ ئەوەی بزانێ ئەرێ خەیاڵ چییە؟ بوون چییە؟ بە بێ ئەم وردەكاریە بوون ڕادەستی خەیاڵ دەكات. دواتر دێت وتەیەكی ئیمانویل مۆنەر دەهێنێ كەدەڵێت "خەیاڵ بەوەی بمانباتەوە ناو خۆمان و دامانبڕێ لەدەورووبەر، ڕۆڵی سەرەكی خۆی ناگێڕێ، بەڵكو ئەو تەنیا ئەو كاتە هەڵدەستێ بەڕۆڵی خۆی كە بمانخاتەوە ئەو حاڵەتە پێغەمەرانەی لەو دیو ئاگایی و مانا سادەكانەوە پەیوەندیەك لە نێوان ئێمەو واقیعیەتی رەهادا دروستدەكات"١٥

دواتر خۆشی ساغدەکاتەوە دەڵێت" من ئەم جۆری دووەمی خەیاڵە ئەم پەیوەندی کردنەوەیە بەدنیاو دەوروبەرەوە بە خەیاڵێکی داهێنەر یان خەیاڵی مەعریفی ناو دەبەم"١٦ دواتر بۆچونەکەی خۆی پەرەپێدەدات و دەلێت "واتە خەیاڵێك کە لە رێگەی تەجاوز کردنی ئەو ئاستی شوناسەی بەهۆی هەستەکانەوە پێیدەگەین، پەیوەندیەکی قوڵترو دڵنیاتر لەنێوان ئێمەو بووندا دەهێنێت. بوونی سادەی ئێمە بەرزدەکاتەوە بۆ سەرئاستی بوونێکی پێغەمبەرانە"١٧ جارێ ئەو قسەیەی مۆنیەر بە هەر دوو بارەکەدا، هەردارِشتنەوەی (هەبوو)ە، چونکە خەیاڵ چ ئاراستەی دەرەوە بکرێت یان ناوەوە هەریەك پرۆسەیە ئەویش (هەبوو)ە، واتە ناوەوەش شوێنی وێنەی هەبووەکانە. خەیاڵ هەر هێندەی لەتوانادایە کەمامەڵە لەگەڵ (هەبوو) بکات نەك (خەیاڵی مەعریفی)، خەیاڵی مەعریفی هەر نییە لەهیچ فکرێکدا، مەگەر لەرۆشنبیری کوردیدا ئەوەیە کەدەیبینین. دوایی رێبوار دەڵێت لەرێگەی دووەمەوە، واتە خەیاڵی دووەم کە ئاراستەی ناوەوە ناکرێت، بەڵکو ئاراستەی واقیع دەکرێت دەتوانین (پەیوەندی لەگەڵ بوون) بکەین. ئەم بوونەی رێبوار لە واقیعدا دایدەنێت ئاسایی بوونی راستەقینە نییە. مەبەستی رێبوار لە بوون، سروشت و دنیاو گەردوونە، کە دەشڵێ (شیعریەتی بوون) تەنها سەرابێکە بۆ ئێمە کەوا لێمانبشێوێ کەوا ئەمە ئەو بوونەیە کە لەفەلسەفەدا بەشوێنیدا دەگەرێن وەگەرنا ناونیشانێکی ساختەیە. هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لە نەخۆشییەکانی رۆشنبیری کوردی کە تەنیا ناوی شتەکان دەهێنن و هیچ بیرکردنەوەیەك لە پشتییەوە نییە. واتە کە باسی ئەفلاتوون دەکات، بەس ناوەکەی دهێنێت و ئیتر بیرکردنەوەی ئەفلاتوونی لانییە. باسی فۆکۆ دەکات بەڵام هەر لە فیکری فۆکۆ تێنەگەیشتووە. رێبوار(بوون) حازردەکات لەدەرەوەی مرۆڤ وەك شتێکی واقیعی دایدەنێت، بۆیە خەیاڵیشی ئاراستە دەکات. "ئەزمونکردنی بوون چیدی قەدەرەێك نییە مرۆڤ بە بێ ئیرادەی خۆی ملی بۆ کەچ بکات، بەڵکو مرۆڤ دەبێتە پەیامهنیەری بوونی خۆی، بوونی خۆی دەکانە هونەر و دەیخوڵقێنێی"١٨ لێرەدا بوون بەهێز تەواو فەرامۆش دەکات، کە وەك ماتەوزەیەکی شاراوە فشار دەکاتە سەر مرۆڤ بۆ دەرکەوتن و کامڵبوون، کە مرۆڤ ئیرادەی تەسلیمی ئەم هێزە بکات. ئەم بوونە قەدەری مرۆڤە. ناسری سوبحانی زۆر جوان باسی ئەم قەدەرە دەکات کە بە ئەندازەگیری ناوی دەبات، واتە ئەو نەخشەیەی کە مرۆڤ ناچار دەکات کە پەیرەوی بکات بۆ بردنی مرۆڤ خۆی و بردنی دنیا بۆ باری کامڵبوون و پر بوون، بەڵام رێبوار ئەمە بە زەلیلی مرۆڤ دەزانێ و دەبێت خۆمان بوونمان دروست کەین و بیکەنە هونەر و بیخوڵقێن. ئەم بوونە، راستی واقیعیە و هیچ

پەیوەندی بەبوونی ڕەسەنەوە نییە. دواتر دەڵێت "متمانە نەبوون، واتە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا هەست بەئارامی و ئاسودەیی بکات و ئازاد بێت. واتە گەردورن بەشوێن ژیانی پڕبەهاداریی خۆی بزانێت و دنیای دەوروبەری خۆی بەشوێنی دەرهێنانی خەونەکانی"١٩ لە سەرلەبەری ئەم وتارەی سیوەیلیدا بێ ئاگاییەکی تەواو هەیە دەربارەی شیعر و بیرکردنەوە تەنانەت وەرگێرانی دەقەکانیش تەواو نییەو کە باسی یەکێك دەکات خۆی وێنای دەکات وەگەرنا وانییە. لەشوێنێکی دیکەدا باسی ئەفلاتوون دەکات کەوا ئەفسانەی لاگرنگ بووە، چونکە خەیاڵە. ئەفلاتوون کەی گرنگی بەئەفسانە داوە ئەمانە جەستەی بیرەکانی ئەفلاتوونە، نەك جەوهەری بیرەکانی."ئەفلاتون بۆ خۆشی وەك داهێنەرێکی خەیاڵفراون گفتوگۆکەی لەمەر (مەرگ)ە و بە گێڕانەوەی ئەفسانەیەك لەباری(نەمری) یەوە کۆتایی پێدەهێنت و سوکرات دان بەوە دادەنێت کەچەند جوانە مرۆڤ باوەڕ بەو ئەفسانەیە بکات واتە ئەفسانەی نەمری"٢٠

ئەمەش هیچ نییە جگە لەسەپاندنی وێنەکانی ناو زەنیی خۆی بەسەر ئەفلاتوندا یاخود(کانت)دا، کە ئەو وتەیەی کانت دێنێتەوە کە دەڵێت" فەنتازیا پلەیەك لە عەقڵ بالاٌترە"٢١

دیارە تەواوی فکری کانت دژی ئەوەیە خەیاڵ لەعەقڵ کامڵتر بێت.، چونکە ئەگەر وابایە ئەوا هیگل نەیدەهێشت ئەم قسەیە بگاتە ئێمە، بەڵام کاتێ کانت باسی ئەفسانە دەکات، بەوە باسی دەکات کەوا کاتێك بوون یان عەقڵ لە ئەفسانەدا خۆی نمایش دەکات ئەوا ئەم نمایشە هەبووە و عەقڵ نەبووە، واتە دەرنەکەوتووە هێشتا، نەك خەیاڵ باشترە لە عەقڵ. دیارە گەر هەموو وتارەکە بخوێننەوە ئەوا دەبێت سەرلەبەری هەڵوەشێنەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە ڕۆشنبیری ئێمە هێشتا ساوایە لە بیرکردنەوەدا و کەمێك زیرەکە لە وەرگرتندا. ئەمەش ڕاستی هیچ نییە جگە لە ئایدۆلۆژیایەکی ڕووت. دواتر دێت دەڵێت"دەبێت شیعر ژیاندۆست بێت"٢٢ دیارە دانانی مەرجی پێشوەختە بۆ شیعر، وەك ئەوە وایە تۆ وەزارەت بێت و مۆڵەت ببەخشیتە شیعر، شیعر حیزب نیە داوای لێبکەیت پەیامەکەت چییە؟ دواجار شیعر هیچ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و واقیعی نییە. کورسی نییە دەبێت وابێت بتوانین کە لەسەری دانیشتن ئەزیەتمان نەدات. بۆیە ڕاستی خەمگینین بە هەژاری ئەم ڕۆشنبیرە. خەمگینین بەسادەیی خۆینەری خۆمان کە هەمیشە فکیر ناخوێننەوە. تەنها زمان و شیوازو میتافۆرەکان دەبینن. وەگەرنا گەربەوردی بیخونینەوە. ئەوا زۆر جوان دەقەکانمان بۆ دەکرێنەوە. ڕێبوار جگە لەمانە لێکدژی هەیە لە ناو وتارەکەیدا لە شوێنکدا دەڵێت" شیعر ڕووداوێکی غەیرە مێژوویە"٢٣ دواتر لەبیری دەچێتەوە دەڵێت" شیعری مەحوی

دەبێتە سەلمێنەری مێژووی ئەدەب و قۆناغەکانی و گرنگی بە شیعر دەدرێ لەبەرئەوی وەك کەرەستەیەك ناوەڕۆکی ئەو قۆناغە مێژوويیانەی ئەدەب پڕدەکاتەوە"٢٤ باشە گەر شیعر رووداوێکی مێژووی نییە، دوایی چۆن مێژووشمان پێدەڵێت. راستی من لێرەدا کۆتایی بەم کارەساتە دەهێنم. ئەوەی هەیە جێدەهێڵم بۆ نووسەر خۆی کە سەیری خۆی بکاتەوە. ڕۆشنبیری ئێمە بە ئایدۆلۆژیا دەژیت گەر حزبەکان خاوەنی ئایدۆلۆژیای حیزبی بن ئەوا ڕۆشنبیران ئایدۆلۆژیای فیکر دەخۆن و ئایدۆلۆژیای فیکریش دەرخواردی خوێنەری ئێمە دەدەن. بەو ئومێدەی ئەم سەردەمە کە سەردەمی ئایدۆلۆژیایە بەسەرچێ و سەردەمی بیرکردنەوەی ڕەسەن بێتە ئاراوە، کە ئەمەش لە ناو بوونی خۆماندایە نەك دەرەوەی خۆمان.

## ٢- زمان وەك جەوهەری بوون و شیعر لای بەکر عەلی:.

دیارە نووسەر بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی خۆی گەڕانێك دەکات بەناو ئەو گوتانەی هایدگەردا و دواجاریش داڕشتنەوە و شیکردنەوەیان. ئەوی جێگەی سەرنجە لەم داڕاشتنەوەیەدا نووسەر هەربەوە نەوەستاوە کەوا دەقێك بە ئارەزوی خۆی شیبکاتەوە، بەڵکو بۆچوونەکانی خۆشی دەربڕیوە دەربارەی شیعر و بوون، بۆیە ئێمە خوێندنەوەیەك دەکەین بۆ وتاری (دیدی مارتن هیدجەر نامۆ بوون لەئۆنتۆلۆژیای زمان/ شیعر) تا تێبگەین ڕۆشنبیری کوردی لە چ قەیرانێکدایە کەهەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بە ئاقارێکی هەڵەدا هەنگاوی ناوە، تاگەیشتۆتە ئەمرۆکە بەسکەخشێی دەیەوێت بڕوات. بێئاگابوون لە بوون و پێشخستنی زمان بەسەریدا. زۆر بەڕوونی لەم وتارەدا دیارە هایدگەر کاتێك باسی (زمان) دەکات هەمیشە وەك جەستەیەك دەیەوێت بیخاتە ڕوو، کە هەڵگری (بوون)ە. زمان لای هایدگەر و لای شیعریش تائەو شوێنە گرنگە کە هەڵگری بوونە، کە کەرەستەیەکە بۆ خەزنکردنی بیرکردنەوە وەگەرنا بەدەر لەمە (زمان) هیچ گرنگی نییە لە ئاست بووندا. بائەوە بپرسین ئایا زمان پێش بوونە یان بوون پێش زمانە؟ لە ڕاستیدا کاتێك هایدگەر دەڵێت ((ئێمە لە یەکەم گفتوگۆوە هەین))٢٥ هایدگەر بوون پێش زمان دەخات، واتە مرۆڤ لە حاڵەتی بوون بەهێزدایە، واتە هێشتا دەرنەکەوتووە، بەڵام کاتێك مرۆڤ دەکەوێتە ناو گفتوگۆوە، گفتوگۆ بەمانا ڕەسەنەکەی بریتییە لە بەدەمەوەچونی مرۆڤ بۆ بەدەنگەوە هاتنی بوون، کە بوون دێت و وەك یاسایەکی هەمەکی زمان دەخاتە ژێر باری قانوونەکانی خۆیەوە، ئەوکات گفتوگۆ هەر ناردنی پەیام نییە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بەڵکوو گفتوگۆ باسکردنی تێگەیشتنی مرۆڤە. واتە مرۆڤ کاتێك دەبێتە قسەکەر قسە دەکات بۆ ئەوەی گوێ لە خۆی بگرێت

و خۆی ببیستێتەوە. ئەویدیکە گوێی ئەگرێی بۆ ئەوەی قسە بۆ خۆی بکات، واتە حاڵەتی یەکەم، حاڵەتی قسەکردنی بوون و گوێگرتنی مرۆڤە. حاڵەتی دووەم حاڵەتی گوێگرتنە لە بوون. لە باری یەکەمدا بوون فیزیکییەن دەرئەکەوێ، حاڵەتی دووەم زمان لە ئاستە ناوەکییەکەیدا دەبێتەماڵی بوون. ئەوەی لێرە هەیە بوون پێش زمانە و جەوهەریشیەتی، نەك هەرئەوە بەڵکو دایکی زمان (بوون)ە. ئەوە فشاری بوونە بۆ سەر مرۆڤ ناچاری دەکات کە شایەتی بدات لەسەر خۆی، شایەتی دان هەردەرکەوتنی بوون نییە، بەڵکوو خوڵقانی زمانیشە. هەر خولقانیش نییە بەڵکوو جارێکی دیکە هەڵوەشاندەوەی زمانی خەزنکراوی ناو خەزنەشەو جارێکی دیکە داڕشتنەوەیەتی، شیعریش هەمیشە بوون دایکیەتی. شیعر بە بوون شیعرە، مادام بوون جەوهەری زمان بێت ئەوە جەوهەری شیعریشە. زمان لە دۆخی ڕاستەقینەی خۆیدا ئەوەیە کە بوون حزووی هەیە لە ناویدا، بەڵام بەکر عەلی هەرلەسەرەتاوە دەڵێت "زمان بریتییە لە هەوارگە، بریتییە لە خانووی بوون، بەڵام ئێمە چیمان لەم خانووە کرد لە ناومان بردووە لە خانووەکەمان، بەوەش زمانمان لەوە دابڕا بێتە زمانێك لە ڕێی ئەو ئارامیەی لەو خانووەدا پێیدەگەین، ئەو خانووەی کە بوونی مرۆڤانە هەمیشە دەبێت شوانی بێت، زمانێك لە خۆیدا بوونێکی سەربەخۆی هەبێت و وەك بوون نمایندەی خۆی بکات"٢٦ ئەوەی لێرە جێگەی تێڕامانە لە پاڵ هایدگەردا، بوون دەکات بەشوانی زمان لە کاتێکدا هایدگەر زمان دەکاتە شوانی بوون. ئەم ڕۆشنبیرەی هەر لەسەرەتاوە بوون فرێدەداتەدەر و زمان وەك جەوهە و بوون ئامادە دەکات، خەمی ئەم خەمی زمانەو دەڵێت چیمان لەم خانووە کرد، نەك خەمی بوون بخوات، چونکە چونکە ئارامی ناو خانوەکە هی بوونە، نەك خانووەکە خۆی. واتە فەزای ناو خانووەکە فەزای بوون بێت مرۆڤ دێتە ناو ئارامییەوە. دیارە لەم وتارەدا زمان هەموو شتێکە هەتا دەڕواتە سەرئەوەی کە دەڵێت "زمان دەبێتە خودی مرۆڤ"٢٧ بەڵگەی ئەم قەسەیەش بە گوتەیەکی هایدگەر دێنێتەوە کە دەڵێ ((مرۆڤ هەر ساتێ بدوێ ئەو ساتە ئادەمیزادە))٢٨ ئەوەی ڕۆشنە ئەوەیە، هایدگەر بوون بە حەقیقەتی مرۆڤ دەزانێ، نەك زمان، مرۆڤ کاتێك بە زمان تەعبیر لەم بوونە دەکات، ئەوا ئەم مرۆڤە دەبێتە هەبوو، واتە بە زمان دەبێتە هەبوو. لێرەدا شوناسێك وەردەگرێت، چونکە لەو ساتەدا مرۆڤە کە لە هەرخۆیەتیدا دەبێت لەگەڵ بوونی خۆیدا بەم تەجەللی بوونی بوونەی جیاواز دەبێتەوە و دەبێتە مرۆڤ. دواتر هایدگەر دەڵێت "چییەتی زمان بریتیە لە زمانی چییەتی"٢٩ دیارە چییەتی لای هایدگەر عیبارەتە لەوەی بە زمان مرۆڤ تەعبیر لە چییەتی شتێك بکات، واتە بوونی شتێك کە وەك ئایدیاڵی

هەیە بکاتە هەبوو، ئەم تەعبیرکردنە لە چییەتی ئەو شتە زمان دەباتەوە ناو دۆخی ڕاستەقینەی خۆی، بەمەش چییەتی زمان دەردەکەوێت، واتە لەو بارەدا زمان رەوایە لێی بپرسین تۆ چیت؟ ئەویش کە دەڵێت من ماڵی بوونم، بەڵام نووسەر زۆر هەژارانە لەم رستەیە رادەمێنێ و دەڵێت" واتە زمان کرۆك و چییەتی بوونە"٣٠ لێرەوە هاوکێشەکە رۆشن دەبێت. لەبەرئەوەی زمان جەوهەری بوونە، واتە زمان جەوهەری شیعریشە. بەمەش شیعر دەباتە ناو زمانزانی و زمانبازیەوە، واتە گەر بەم بنەمایە بێت ئەوا کام شیعر زمانبازی تێدا بوو ئەوا ئەمەیان زیاتر شیعرەو هەرکاتێکیش زمان جەوهەری شیعر بێت، ئەوا زمانلوسی شاعیریەتیە. شاعیریەت حاڵەتی پاراستنی بوونە لە خۆیدا، شاعیریەت زمانزانی و زمانبازی نییە. زمان کەرەستەی دەستی شاعیرە هەتا وابکات تەعبیر لەم بوونە بکات و بوون بەرەو کامڵی خۆی ببات و بیباتەوە بەردەم خۆی، نەك ئەم کەرەستەیە خودی شیعر خۆی بێت. دواتر دەڵێت" نیشتەجێ بوون لەو خانووەی بینا دەکرێت، مەبەست لەو شێوازە یاساییە نییە کە پەیوەندی بەئاسایشی نیشتەجێ بووەکانی خانووەکانەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بەو نیشتەجێبوونەوە هەیە کە هەرکەس بەرپرسیارو شوێنێك دەبێت بۆ پاراستنی خانووی بوون"٣١

لێرەدا ئەوە ڕەچاو دەکەین کە مرۆڤ شوانی زمانە نەك بوون، ئەمەش شایەتی دەدا لەسەر هەژای بیرکردنەوەی رۆشنبیریمان و رۆشنبیری کوردی چەند گوناهبارە دەربارەی فکرو بیرکردنەوە کەوا هەمیشە ڕاوبۆچوونە تایبەتیەکانی خۆیان وەك هەقیقەت بە ئێمە ناساندووە. ئەم وتارەی کاك بەکر عەلی نەك هەر شەرحی هایدگەرو شیعر ناکات، بەڵکوو دژی هەردووکیانە، چونکە بنەمای بیرکردنەوەی هایدگەرو جەوهەری شیعریش زۆر پێچەوانەی ئەم ڕایانەن کە بەکر عەلی دەریبڕیوون لەسەر شیعر. ئەم ڕۆشنبیرەش هەمان هەڵەی ڕێبوار دووبارە دەکاتەوە کەوا کەرەستەکان بەجەوهەر دەزانن. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو ڕۆشنبیرە ئەوەیە کەوا بوون فرێدەدەنە دەرەوە و کەرەستەکان دەکەنە جەوهەری شیعر، ئەوەی جیاوازە لە نێون ئەم دووانەدا ئەوەیە کە یەکێکیان خەیاڵ دەکاتە جەوهەرو ئەوی دیکەیان زمان، بەڵام هەردوولا کەرەستەن نەك جەوهەر، کەرەستەن بۆ ئەوەی بوون شیعریانە دەرکەوێت. وەگەرنا کەرەستەکان بەبێ بوون هیولان لەحاڵەتی وەستاوی خۆیاندا هەروەك چۆن شوشە کاتێك لەناو سروشتایە لەحاڵەتی وەستاوی خۆیدایە، بەڵام کاتێك ئایدیاڵی پەرداخ دێت و ئەو شێوەیە لە شوشەکە داوادەکات. هەتا ئەم ئایدیاڵە دەرکەوێت، ئەوا شوشەکە لەباری متبوونەوە دەباتە باری هیولایی.

واتە لێرەدا ئەم شوشەیە گرنگە کەوا کەرەستەی دەرکەوتنی ئایدیاڵی پەرداخەکەیە، وەگەرنا ئایدیاڵی پەرداخە کە بەبێ ئەم کەرەستەیەش هەر هەیە. ئەم هەوڵەش سەرەتا واخۆی نیشان دەدات کە جەوهەری شیعر نیشانی ئێمە دەدات و وەك ئەنتی رۆشنبیری سالآنی پێش خۆی خۆی نمایندە دەکات کەوا باسی ڕەوانبێژی و هێنانی بەحری شیعری عەرەبی بوو بۆ سەر کوردی و وایان دانابوو دەرچوون لەم یاسایانە دەرچوونە لە شیعر، ئەم هەوڵەش دەچێتەوە سەر هەمان بنەما بەلآم لە فۆرمێکی جیاواز تەعبیری لەم بنەمایە کردووە.

چونکە ئەوەی لەم وتارەدا جەوهەرە رۆخسارە، نەك جەوهەر، واتە گەر رۆشنبیرانی پێشوو روخساریان کردبێتە خودی شیعر، ئەوا ئەم ڕۆشنبیرەش هەمان بنەما دووبارە دەکاتەوە. ئەمەش هەمان فیشەکە کە پێش ئەو تەقاندوویانە. هەر بۆیە ئەم رۆشنبیرە هیچ ناخاتە سەر بیرکردنەوەمان ئەوەندە نەبێت تەعبیر لە دۆخێکی سایکۆلۆژی خۆی دەکات. واتەگەر شیعری کوردی جاران خۆی بە واقیعەوە سەرقاڵ کرد بێت ئەوا شیعری دوای ڕاپەرین تەواو تەعبیر لە دۆخی سایکۆلۆژی کورد دەکات، تەعبیر لەو لەحزانە دەکات کەدەست لە واقیع بەربدات وبڕوات، بەلآم لەبەرئەوەی ئەم رۆشتنە لە ئەنجامی نەفی و دەرکردنەوەیە، واتە سایکۆلۆژییە دواتر یان ئەوەتا بردوویەتیەوە ناو واقیع یان بردوویەتە ناو نەست و لەواقیعێکی وێنەیدا خۆی داناوە. واتە گەر شێرکۆبێکەس جەستەی کوردی نیشان دابێت، ئەوە بەختیار و برادەرانی سایکۆلۆژیای کوردیان نیشان داوەو خاڵیان کردۆتەوە ئەم حاڵەتەشیان بەهۆشیاری ناو بردووە. لەکاتێکدا خاڵی بوونەوەی سایکۆلۆژیا گەیشتنی مرۆڤ نییە بە هۆشیاری راستەقینە، ئەوە حەقیقەتە کە خۆمان پێشانی خۆمان دەینەوەو بوونمان ئاشکرا بێت کە چین، هەر بۆیە دوای خاڵی بوونەوەی سایکۆلۆژیا مرۆڤی ئێمە جارێکی دیکە دەکەوێتەوە ناو واقیع دەگاتەوە هەمان بەردەرگا، هەنگاو ناهاوێ بۆ ناو (من)، بەڵکو هەمیشە لەدەرەوەی خۆیەتی. لە وتار و لێکولێنەوە و توێژینەوەدا رۆشنبیری ئێمە دادەبەزێتە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. ئەمانە نەیانتوانی نەك هەر خوێنەر بەرنە ئەوێ، بەڵکو خۆشیان هاتنەوە خوار و هاتنەوە ناو بازاڕەکە، چونکە چونکە لەبنەڕەتدا خۆیان خەڵکی ئەوێ نەبوون، بەڵکو لە دوورەوە شتەکانیان دەدیت و تەنها ناویان دەهێنان، ناوهێنان گەورەترین کارەساتی ئەم ڕۆشنبیریەیە، کەوا ناوی ئەفلاتون و سارتەرو هایدگەرو...هتد دێت، بەلآم با بپرسین هەموومان وەك خوێنەری ئەم رۆشنبیریەتە، ئەی کوا بیرکردنەوەیان کوا بیرکردنەوەی ئەفلاتون کوا بیرکردنەوەی فۆکۆ. ئەمەش هەمووی وەك ناو و خۆدەرخستن هاتن،

وەگەرنا رۆشنبیری ئێمە منالێکی هەژارە لە بیرکردنەوەدا، کە هەمیشە وەك حەکیمی بیرکردنەوە خۆی نیشانی ئێمەداوە.

## ٣ــ جیاوازی وەك جەوهەری بوون و شیعر لای ئازاد حەمە:

یەکێکی دیکە لە رۆشنبیرانی ئەم دواییە کاك (ئازاد حەمە)یە، دیارە ئەم رۆشنبیرە هەرلەسەرتاوە وای خۆی نیشاندەدات کەوەك یەکێك دەربکەوێت لەدەرەوەی ئەم بازنەیەدایەو وەك رۆشنبیرێکی جیا خۆی نیشانداوە، بەڵام لێرەدا بزانین ئایا بەڕاست ئەم رۆشنبیرە دەکەوێتە دەرەوەی رۆشنبیری کوردی و وەك رەخنەگرێك دەردەکەوێت یان بۆ خۆشی بەشدارە لەو هەژاری بیرکردنەوەیە، کە رۆشنبیری کوردی پێوەی دەناڵێنیٚ کە هەمیشە ترسی هەیە لەکاری فیکری جیدی و سەرقاڵە بەتێکستەکانی دیکەوە دیارە مەسەلەی جیاوازی زۆر لەوە هەڵدەگرێت کە ئێمە وا بەئاسانی بەسەریدا برۆین، بەڵام ئەوەندەی هەیە پیٚ بە پیٚ لەگەڵ وتاری (شیعرو پۆست مۆدیرنێتی) دەڕۆین. بۆ ڕوونکردنەوەی بنەمای ئەم وتارە و پێشاندانی با سەرەتا بپرسین ئایا جیاوازی مەرجە بۆ هەبوو؟ ئایا هەبوو بەوە هەبووە کە جیاواز بێت لە هەبووەکانی دیکە؟ یان هەبوو بەوە هەبووە کە بوونی خۆی تیا دەرکەوتووە؟ ئایا جیاوازی دەکەوێتە ناو چ پرۆسێسێکەوە؟ ئایا جیاوازی پێش بوونە یان بوون پێش جیاوازیە؟ ئایا جیاوازی وەك مەرجی پێشنیە بۆ شیعر دەبێتە جەوهەری شیعر یا خود شیعر بەچی شیعرە؟ باسەرەتا ئەو ڕستانە وەرگرین کە بنەمای ئەم وتارەی لەسەر بنیاتنراوە، کاك ئازاد دەڵێت " بەڵام سەبارەت بەوەی کە چۆن تێکست وای لێکریٚ ڕاستی بڵیٚ نەك ڕاستی مۆنۆپۆل بکات، ئەوە دەڵێین وتنی ڕاستی لەتێکستدا بەهۆی هێزی جیاوازی تێکستێك لەگەڵ تێکستێکی دیدا دەردەکەویٚ، کاتیٚ تێکستێکی دیاریکراو بەجۆری جیاواز هەوڵی پشکنین لەدیاردەیەك دەدا ئەوکات دەتوانیٚ هێزی جیاوازی خۆی بسەلمێنیٚ"٣٢ لەم پەرەگرافەدا ئازاد بیرکردنەوەی خۆی بەیان دەکات، کەوا مەرجی شیعر وەك تێکست ئەوەیە بەرامبەر بەهەموو شیعرەکانی دیکە شتێکی جیاواز بێت. ئێستا بابپرسین ئایا شیعر کاری بەکردەی خوڵقان هەیە، یان دروستکردن؟ ئایا شیعر لەجەوهەردا کردەی خوڵقانە؟ یان دروستکردنە؟ بۆ ئەم باسە با خولقان و دروستکردن باس بکەین.

## * کردەی خو ڵقان وەك دەرکەوتنی بوون:

ئەرەستۆ چوار عیللەت دەکاتە بنەمای کردەی خوڵقان ئەوانیش (ئایدیا و هیولا و کارا و ئامانجە) بۆ شیعر ئایدیا بوونە. هیولا زمانە و کارا شاعیرە، شاعیرکارای کردەی خوڵقانی ئایدیایە، کە بوونە. بوون وەك هێزێکی فشارکەر کار لە کارای خوڵقان دەکات کە ئەویش شاعیرە. هیولا کە زمانە خۆی دەخاتە ژێر مەرجی ئایدیاکەوە. ئامانج لەکردەی خوڵقاندا هەمیشە دوایی کارە واتە کاتێك بوون دەبێتە هەبوو ئەوکاتە ئامانجە کە لەناو خۆیایەتی و دەردەکەوێت و مەبەستی ئەنتۆلۆژی ئەو رۆشن دەبێت. هەر وەك منداڵ کە هەتا گەورە نەبێت و کامڵ نەبێت نازانێت بۆ لە دایکی بووە. ئەوەی گرنگە زەمینەی عەقڵی هەیە، زەمینەی عەقڵی ئەو زەمینەیە کە کاراکە دەیسازێنی بۆ هاتنە دەرەوەی بوون. بۆ ئەوەی ئایدیاکە لەباری پەیتەوە بێتە ناو واقیعەوە لەشکلی زماندا، لەم دەرکەوتنی بوونەدا هەبوو بەوەی کە هەڵگری بوونی خۆیەتی و تەعبیر لە خۆی دەکات، ئەوکات دەبێتە هەبوو وەك هەبوویەکی جیاواز دەردەکەوێت ئەم هێزی هاتنەدەریش لەناو بوون خۆیایەتی و لەدەرەوەی خۆی نییە. هەبوو ئاشکراکردنی بوونە بۆ ئەوەی کەوەك هەبوو دەرکەوێت. هەبوو کە هەمیشە بوونی هەڵگرتووە، واتە هەمیشە لە هەر خۆیەتیدایە بەرامبەر بەخۆی بەوە لەدوای دەرکەوتن جیاواز دەبێت کە خۆی لە ئامانجەکەدا دەبینێتەوە. کردەی خوڵقان کردەی هاتنە ئارای بوونە، ئامانجی کردەی خوڵقان هەبووە کەوا لە ناو خۆیدا هەڵیدەگرێت. بەم کردەیە هونەر بە گشتی بەهای خۆی دەسەپێنێ بەسەر واقیعدا. هونەر و بەرهەمی هونەری کە ئەنجامی کردەی خوڵقانن لە کەرەستەیەکی بێ رۆحەوە خۆیان بەرزدەکەنەوە بۆ سەر ئاستی هەر بوونەوەرێکی ناو سروشت. شیعر کردەی خاڵیسی خوڵقانە.

## *کردەی دروستکردن و داڕشتنەوەی هەبوو:

کاتێك مەرجی حەقیقی شیعر خرایە هێزی جیاوازی شیعرێك لەگەڵ یەکێکی دیکەدا، بێ چەندو چوون دەکەوینە ناو کردەی دروستکردنەوە، چونکە چونکە لەم بارەدا کارا دەکەوێتە بەرامبەر کۆمەڵێك هەبوو. دەشبێت شتێکی جیاواز بهێنێتە ئاراوە لەبەرامبەر ئەواندا. ئەوا ئایدیای رەسەن دەڕوات و وێنەی هەبووەکانی دیکە دێنە ناو زەینی ئێمەوە. بەمەش ڕاستەوخۆ دەکەوینە ناو هەبووەوە. دەکەوینە ناو دنیایەکی حازرو ئامادەوە، ئەم پرۆسەیەش لەخەزنەماندا ڕوودەدات. خەزنە بەوەی هەڵگرتنی ڕووداوەکانی لە ئەستۆیە. ئیدی ئەمە ڕووداو بن یان فکر و ئایدۆلۆژیا ئەوکات مرۆڤ دەبێت شتێکی تر دروست بکات. لێرەدا هەموو ئەمانە تێکدەشکێنێت و دووبارە

دەیانسازێنێتەوە. ئەمەش کە جیاوازیە، هێنانی بوون نییە بۆ ناو عالەم، بەڵکو کۆلاجکردنی کۆمەڵێك هەبووە لەپێناوی جیاوازیدا. لەکردەی دروستکردندا هەمیشە ئامانج لە پێش کارەکەوەیە، بەڵام لە خۆلقاندا ئامانج دوای کارەکە دەردەکەوێت. دروستکردن هەمیشە وەزیفەیەکی واقیعی و دنیایی لە پشتە، بەڵام خولّقان ئامانجێکی ئەنتۆلۆجی و ڕۆحی هەیە کە هەمیشە لە دوای خولّقانەوە دێت.

لە دروستکردندا بارێکی دیکە هەیە، ئەویش ئەو بیرەیە کەوا لەدەرەوەی مرۆڤ دێت، کەوا کارێکی واقیعی ناچارمان دەکات بەو کارە هەڵسین، وەك دروستکردنی کورسی، ئایدیای کورسی جەستەی مرۆڤ ناچارمان دەکات، ئامانج لێرەدا لەپێش کارەکەوەیە لەم کردەوەیەدا بوون بزرە، هەر بۆیە هەمیشە بەرئەنجامی کردەی دروستکردن وەك (شت) دەردەکەوێت و نابێتە هەبوو. هەبوو قیمەتی لەناو خۆیایەتی، بەڵام شت قیمەتی لە دەست ئەوەدایە بەکاری دەهێنیٚ. هەبوو بەوەی هەڵگری بوونە مانایەکی شاراوەی لە خۆیدایە کە ڕەهایە، بەڵام شت هەمیشە لەکاتی پێویستیدا مانایەکی واقیعی هەیە لەڕێگەی بەکارهێنەرەکانییەوە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە کردەی خولّقان کردەی ئاشکرابوونی حەقیقەتە، حەقیقەت لەکردەی خولّقانەوە دێت و خۆی وەك هەبوویەکی جیاواز نیشان دەدات بەمەش جیاوازە لە ئەوانیدیکە کە خۆیەتی، نەك بەوە جیاوازە کە ئەوان نییە. کورد لە بەرئەوەی کوردە فارس و عەرەب و تورك نییە نەك لە بەرئەوە کوردە، چونکە فارس و تورك و عەرەب نییە. گەر جیاوازیمان کردە جەوهەری شتەکان و بوون ئەوا هەمیشە ئەوانیدیکە سەروەرن بەسەر ئێمەوە، واتە بە بیٚ ئەوان ئێمە نین. ئەوە بوونی ئەوانیشە ئێمەی ڕاگرتووە نەك خۆمان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بوونی خۆمانە هەین نەك ئەوان. لێرەدا چییەتی مەرجی جیاوازییە، نەك چونیەتی. "لە ڕوویەکی ترەوە دەکریٚ بووترێت ڕاستی لەتێکستدا ئەم دەسەلاّت و ڕەوایەتییەی بەهۆی چۆنییەتی بەکاربردنی پەیڤەوە بەدەست دێنیٚ"٣٣ وابەستەکردنی(ڕاستی و چۆنیەتی) کرداری دروستکردن دەگرێتەوە تا ئەم پرۆسەیەش ئەنجام بدرێت دەبێت بوون دەرکریٚ. ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی وشەی (ڕاستی) شیاو نییە لەبری(حەقیقەت) ڕاستی ئاماژەیە بۆ شتێك کە هەیەو جاریٚ ئێمە نایزانین.، چونکە (حەقیقەت) ئاشکرا بوونی نهێنی شتێکی هەبوو نییە، بەڵکو حەقیقەت حاڵەتی دەرکەوتنی بوونە لە عەدەمی خزوورەوە بۆ ناو عالەم. دواتر کاك ئازاد وەك هاو ڕۆشنبیرەکانی باوەڕی بە ئەسلٚ نییە و پێیوایە لۆژیکی جیاوازی دەبێت پەیڕەو بکرێت. "ئەوەی کە لێرەدا سەرنجڕاکێشە

باسکردنی ئەوەیە، تێکشکانی لۆژیکی ناسناوە لە تێکستدا دەرگاکردنەوەیە لە جیاوازی لە تێکستیشدا یەکەم جیاوازی کە شوێنی باسە جیاوازی نێوان خودو ئەوی ترە"٣٤ دواتر مەرجی بوونیش بەجیاوازی دەزانێت و جیاوازی دەکاتە جەوهەری بوون "هەڵوەشاندنەوەی ماناکانی هاوتایی و هاوکۆکی ئەوە دەردەخەن کە جیاوازی دیاردەیەکە لەناخی بووندا ئامادەیە"٣٥ دواتر ئەم وتارەی کاك ئازاد هەربەوە ناوەستیّ پەل دەهاویّ بۆ وتارەکەی هایدگەر و دەکەوێتە ناو هەڵەی تەفسیر کردنەوە. هایدگەر لەباسی هۆڵدرلین دا دەڵێت "بە شیعر شیعر دەردەبڕیّ"٣٦ بەڵام کاتێك ئازاد تەفسیری دەکات دەیگۆڕێت و دەڵێت" کردەی شیعری هۆڵدرلینش بەخۆی بەبیّ هەڵوێستی بووناوی ناژی و هەوڵێکیشە بۆ دروستکردنی فەلسەفە بە شیعر"٣٧

پاشان کاك ئازاد زۆر ئاڵوز دەبێت کەوا خۆشی لە بیری دەچێتەوە کەوا سەرەتا چی نووسیوە. لە شوێنێك دەڵێت" بەم جۆرە کەزمان دەبیّ بەداڵدەی بوون ئەوکات رۆڵ لە بەخێوکردنی شیعر دادەگێڕیّ"٣٨ دواتر دێت بەپێچەوانەی ئەم دیدەی خۆی قسان دەکات و دەڵێت "زمانیش ڕاستی مێژوویی خۆی بەدەست ناهێنیّ لە بواری دواندا نەبیّ، واتە شیعر تەنیا لە بواری زماندا کارەکانی ئەنجام دراوەو شیاو کردنی زمانیش تەنیا لە توانای شیعردایە"٣٩ لەباری یەکەم، زمان دەکاتە دایکی شیعر، بەڵام دوایی دەڵێت نا! شیعر دایکی زمانە. ئەمەش هەمووی نەخوێندنەوەی رۆشنبیری ئێمەیە. رۆشنبیری ئێمە بەس ئازایە لە ناوهێنانی فەیلەسوفەکان و سەرباسەکانیان، بەڵام کاتێك دێتە سەرفکر ئەوا وێرانە دەخولقێنن. ئەمەش هەمووی ئەو چێژی خۆپیشاندانەیە کە رۆشنبیر هەیەتی بۆ دەسەڵات و دەرەوەی خۆی هەر ئەوەندە کە ئەو ببینریّ لە چاوی ئەوانترەوە بەسە. زۆر بەئاگان لەسەر ئەویتر، بەڵام هیچ ئاگادار نین بە فیکر و فیکریش بۆدەرەوەی خۆی لەدایك نابێت. کاك ئازاد ڕاستی بیرکردنەوەی نییە بەرامبەر بە شیعر، بەڵکوو وەرگرتنی هەیە ئایدۆلۆژیای هەیە. بەسەرێکی دیکەوە ڕۆشنبیران لەهەڵەدان کەدێن بۆ قسەکردن لەسەر شیعر هەمیشە شیعری ئەم دواییە حازردەکەن تا قسە لەسەر چییەتی شیعربکەن، بەڵام بیّ ئاگان لەوەی کە لە دوای(مەحوی) یەوە، یەك تاکە شاعیر نەهاتووە تەعبیری لەبوون کردبێت و لەرێی ئەوەوە رۆحی نەتەوە ئاشکرا بیّ، (مەحوی) بەوە گرنگە کە لە ڕێگەی نیشاندانی بوونی خۆیەوە، بوونی نەتەوەش نیشان دەدات. شیعری کوردی دوای مەحوی، منداڵ بوویەوە. بەوەی هەمیشە سەرقاڵە بە مەسەلە واقیعی و ئایدۆلۆژیایی و سایکۆلۆژیەکان. ئەم شیعرانەش تەعبیریان لە بوون نەکردووە. هەر بۆیە دەست نادەن بۆ ئەوەی بکرێنە مەرجەع بۆ ئەوەی باسی شیعربکەین،

لەویادا گوناهبارن، دواتریش مەحوی نەبینراوە، مەحوی لەناو بەرگی سۆفی و عاریف و زاهیدا زیندانی کراوە، بیٚ ئاگالەوەی مەحوی زۆر قولّ تەعبیر لە بوون دەکات. ئەوەی هەیە دواجار کاك ئازادیش دەکەویٚتە دەرەوەی شیعر، چونکە چونکە هەرسەرەتا خۆی دەکاتە دەرەوەی بوونی خۆی و چاو لە هەبوو دەکات هەتا بتوانیٚت جیاوازبیٚت بەهیوای ئەوەی ئەم لیٚکۆلّینەوە زەمینە یەك بیٚت ئاماژەیەکی بچوك بیٚت بۆ هاتنی شاعیریٚك کە تەعبیر لە بوون بکات بەمە مەحویش لەو تەنیایە رزگار بکات و لەو زیندانەش ئازادی بکات.

### ٤ـ نەست وەك جەوهەری شیعر لای بەختیار عەلی:

(گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر) بەتەنیا وتاریك نیە کە دەرکەوەتەی بیرکردنەوەی بەختیار بیٚت ئەوەندە وتاریکیشە کە رۆشنبیری کوردی دەگاتە لوتکەی قولّبونەوەی خۆی. ئەم وتارە تەواوی بیرکردنەوەی رۆشنبیری کوردی تیا کۆکراوەتەوە دەربارەی شیعر. خالّی جیاوازی ئەم وتارە لەگەلّ ئەوانی دیکە ئەوەیە واز لە دەرەوە دەهیٚنیٚت وەك واقیع و لە ناو مرۆڤدا بۆ ڕیشەکانی شیعر دەگەڕیٚت و دەیەویٚت لەڕیٚگەی بیرکردنەوە شیعر دیاری بکات. ئیٚستا با بزانین ناوەوەی مرۆڤ لای بەختیار یانی چی؟ یانی چی مرۆڤ کە دەلّیٚت من لە دیدی بەختیاردا؟ ئایا من لای بەختیار منی مرۆڤە بەتەنها یان هەموو ئەوانی دیکەیە لەگەلّ ئیٚمەدا؟ ئایا لەم وتارەدا شیعر تەسلیمی چ هیٚزیٚك دەکریٚت؟ سەرەتا واباشە کۆمەلّیٚك چەمك روون بکەنەوە ئەوجا وتارەکە بخویٚنینەوە.

### *جەستە وەك ڕایەلّی پەیوەندی مرۆڤ بە دنیاوە:

ئاشکرایە جەستەی مرۆڤ سەرەکیترین رایەلّە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەلّ واقیعدا بڕوات و واقیع بیٚتە ناوی و ئەویش خۆی بخاتە ناو واقیعەوە، ئەوەی جەستە دەیکات ئاشکراکردنی مرۆڤە. واتە جەستە هەر تەنها ئەرکی فیزیکی نییە، یان تەنها ئەوە نییە هەست بکەین بەشتەکان، بەلّکو فکریش کەوەك یەکەیەکی رووت و پەنهان هەیە، جەستە وادەکات بیخاتە واقیعەوە، ئەمە بۆ مرۆڤ، بۆ واقیعیش جەستە هەمان کاری خۆی دەکات، واتە واقیع دەهیٚنیٚتە ناو مرۆڤەوە کە لە ڕیٚگەی هەستەوەرەکانەوە واقیع دەکریٚتە زانیاری و دیٚتە ناو مرۆڤەوە.

ئەم زانیاریە وەك وێنە دێتە ناو زەینەوە، ئیتر کە باسی بەرد دەکەین ئیمە دەزانین شتێك هەیە ڕەقەو نەرم نییە، هەروەها کاتێك فکرێك دێت بە بیرماندا ئەم فکرە لە ڕێگەی جەستەوە دادەبەزێتە ناو واقیعیەوە، واتە جەستە کردەی ڕایەڵی عەینی کردنەوەی فکرو رایەڵی بەوێنە کردنی زانیاری کردنی واقیعە، گەر لەفکردا شتە رووت و پەتییەکان والێبکات کە بەرجەستەکراوبن. ئەوا لە واقیعدا وادەکات کە واقیع لەبەر جەستەییەوە بکاتە وێنەیەکی ڕووت. لە هەر دووبارەکەدا پرۆسەکان کە تەواودەبن دەچنە ناو خەزنەوە کەوا نەستی مرۆڤە. نەست وەك شوێنی هەڵگرتنی یادەوەری و وەك پاڵنەری جەستەی مرۆڤ کاردەکات، نەست شوێنی ئەوانی ترە لە ئێمەدا، بە ئاگا لەوەی کاتێك بوون لە شیعرێکدا دەردەکەوێت دواتر دێتە ناو نەستەوە، تەنها بۆ یەکەم جار ئەم شیعرە وەك ڕووداوێکی تازەو دووبارە نەکراوە دەردەکەوێت، بەڵام کاتێك دەکەوینە دووبارەکردنەوەی ئەم شیعرە، ئەو کاتە دەکەوینە ناو داڕشتنەوەی هەبوو، لەم بارەدا لاسایی خۆمان دەکەینەوە، پاشان نەست توانای سازدان و وێنەگرتنی ئەوی دیکەی هەیە، ئەویش خودە، خود وێنەی ئێمەیە لە زەینی ئەوانی تردا. خود ئەوانی دیکە بەئێمەی دەدەن بەو شێوەیەی کە لای خۆیان وێنامان دەکەن. وەگەرنا خود جەوهەری مرۆڤ نییە. خود دواجار ئێمە دەبەستێتەوە بە دنیاوە. ئەمرۆ دنیا شوێنی کۆبوونەوەی خودەکانە نەك جەوهەرەکان. خود دەرکەوتەی بوونی خۆمان نییە، بەڵکو دەرکەوتەی وێنای ئەوانی ترە بۆ ئێمە، ئەم خودە تەعبیر لە ئەوانی دیکە دەکات لە ناو مانا، خود وێنەی مرۆڤە، وێنەیەکی نە جوڵاو و جێگیر کە ئەوانی دیکە دەیدەنە ئێمە و دەشتوانن تێکی بدەن. لای بەختیار ڕاستی جەوهەری مرۆڤ خودیەتی، شیعریش هیچ نیە جگە لە تەعبیر کردن لە ئەوانی دیکە، بەو شێوەی خۆمان دەمانەوێ، لای بەختیار مرۆڤ جەوهەری نییە وەك منێکی رەسەن و رەها، واتە مرۆڤ بوونێکی نییە کە وەك یەکەیەکی سادەو پەتی هەبێت و مرۆڤ بەشوێن زەمینەی هاتنە دەری ئەم منەدا بگەڕێت، بەڵکو من لای بەختیار ئەفسانەیە و مرۆڤ هەرئەوەیە کە ئەوانی تر دیاریدەکەن چییە. خودیش ناو دەنێت رۆحی گشتی کە مرۆڤ دەبەستێتەوە بە ئەوانی دیکەوە ((ڕۆحی گشتی هەیە ڕۆحی گشتی شتێك نییە بتوانین لە یادی بکەین. هەرجارەی بەناوێکەوە دێتەوە، بەڵام دواجار هەمیشە ئاماژەیە بۆ ئەو پردەی من بە جیهانەوە گرێ دەدات. دواجار ئاماژەیە بە تۆو هەموو یادەوەرییەکانت لە ناو مندا واتێدەگەم رۆحی گشتی ئەو بەشەیە لەمندا کەمن نییە))٤٠

دواتر بەختیار دێت و تەواو ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە مرۆڤ جەوهەری هەبێت، بەڵکو مرۆڤ بەبێ ئەوانی دیکە مانای نییە. واتە تۆ کاتێك هەیت کە ئەو شایەتیت بۆ دەدات. بەبێ شایەتی ئەو ئێمە نین. بۆیە دواتر دەڵێت ((من ئەفسانەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی بژین کەرەستەیەك و وشەیەکە حەقیقەتی نەبوونی خۆیمان لێ ون دەکات وشەی من جگە لەداپۆشینینك و چەواشە کردنێك، هەڵەسازییەکی ئەنقەست بۆ نەبوونی من زیاتر هیچی تر نییە))٤١

نەست خۆی بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ گەر مرۆڤ لە ناو نەستا بێت کەجیهانی ئەوانی دیکەیە لە ناو ئێمەدا. هەرچی بڵێت و هەرچی بکات لە ژێر زەبری ئەوانی دیکە دایە، بەڵام ئایا بەڕاست مرۆڤ هەر ئەوەندەیە؟ ئایا مرۆڤ خاوەنی خۆی نییە؟ ئایا جەوهەرێك نییە دواتر من و تۆ جیابین لە یەك؟ ئایا جیاوازی مادام هەیە کە واتە شتێکی نەگۆڕو حەقیقەت بوونی نییە؟ دیارە لای بەختیار حەقیقەت نییە و حەقیقەت وشەیەکە کەوا دەمان وەستێنێ و دوامانایە و نزیکمان دەکاتەوە لە تۆتالیتاریەت. هەر لێرەشەوەیە کە منی دیکارت ڕەفزدەکاتەوەو دەڵێت درۆیە(( من بیر دەکەمەوە... ئایا دروست منم کە بیردەکەمەوە کاتێك زمان و نەست و وێنەکان منیان حکوم کردبێت))٤٢بەڵام با برۆینە لای دیکارت و بزانین جەوهەری مرۆڤ چییە؟

## * من وەك جەوهەری مرۆڤ لای دیکارت

((من وەك ئەرخەمیدس بەشوێن یەك خاڵدا دەگەرێم))٤٣ئەم پنت و جەوهەرەی دیکارت بە شوێنیدا دەگەڕێت عیبارەتە لە من، منێك کە تەواو تەعبیرە لەخاڵسی مرۆڤ، بەوەی مرۆڤ خۆیەتی و ئەوانی دیکە نییە. ئەو وێنەیە نییە کە ئەوانی دیکە بۆمان دادەتاشن، بەڵکو مرۆڤ منێکە بیردەکاتەوە. بیرکردنەوە بریتی نییە لەرێکخستن و دووبارە داڕشتنەوەی ئەوانی دیکە لە ناو خۆتا. بیرکردنەوە تەواو بریتییە لەدابەزینی بوون بۆ ناو بیر. بیرکردنەوە مانەوەی مرۆڤ بەوەی کەهەمیشە تەعبیر لە شتێك دەکات کە خۆیەتی و کەسی دیکە نییە. مرۆڤ بەم بیرکردنەوەیە دەبێتە هەبوو. هەبوویەك کە خاوەنی بوونی خۆیەتی و دابڕاوە لە هەموو ئەو هێزانەی کە دەکەونە دەرەوەی خۆی، ئەم منە دوورە لە دیکتاتۆریەت وەك لەرۆشنبیری کوردیدا وا زانراوە. ئەم منێتیە وەعییەکی تەواوی مرۆڤە بەرامبەر بەخۆی و دەوروبەر، مرۆڤ بەمە دەکەوێتە ناو هارمۆنییەتەوە لەگەڵ سروشت و لەگەڵ هەموو مۆنادەکانی دیکە. حەقیقەت دەرکەوتنی هارمۆنییەتی عەقڵەکانە لەگەڵ یەکتر. کاتێك حەقیقەت دەردەکەوێ هەموو ئەقڵەکان پەسەندی دەکەن.، چونکە هەموو عەقڵەکان یەك ئایدیاڵیان هەیەو  بە یەك بنەما بیردەکەنەوە. شیعر لەمانا ڕاستەقینەکەیدا

تەعبیرە لەو هارمۆنیەتە، شیعر کۆکردنەوەی مۆنادەکانە، گەڕانەوەیە بۆ ئایدیاڵەکانی خۆیان. لە شیعردا شیانی پێکەوە بوونی عەقڵەکان هەیە، بەڵام بەختیار دەڵێت (( بەوەدا وێنەی جیهان لە نێوان من و تۆ وەك یەك نییە، ئیدی بەڵگەنەویستە کە وێنەی حەقیقەتیش وەکو یەك نییە))٤٤

ڕاستی شیعر نەك هەر بیرکردنەوە نییە، بەڵکو ڕەسەنترین بیرکردنەوەشە، چونکە چونکە هەمیشە لە چیەتی شتەکان نزیك دەبێتەوە، ئەوەیش شیعرێك جیهانی دەکاتەوە وابەستە بوونی ئەو شیعریە بە بوونەوە. بوون یەکەو بنەمای هەموو هەبووەکانە. نەك جیاواز بێت و حەقیقەت ڕێژەیی بێت. با نمونەیەك وەرگرین بۆ خۆمان و بۆ بەختیاریش، جەستەی مرۆڤەکان هەموویان جیاوازن، هەیە رەشەو هەیە سپی و هەیە سور..هتد هەیە درێژ و هەیە کورتە، بەوەدا کەجەستەکان جیاوازن، ئایا کەواتە هەر جەستە و خاوەنی یاسایی خۆیەتی بۆ چارەسەرکردنی، دیارە نەخێر، زانستی پزیشکی هەمیشە یاسا گشتییەکانی جەستە دەدۆزێتەوە کە جەستە یەك یاسایی هەیە کەوا پەیرەو دەبێت بەسەر هەموو جەستەکاندا، یاساکە ڕاستی لەڕێگەی بیرکردنەوە هاتۆتەدەر لەناو جەستەدا، ئەمەش بەهۆی خستنە بواری ئەو جەستەیەوە بووە بۆ ناو تاقی کردنەوەیەك، ئایا کەسمان دەتوانێت نکۆڵی لەمە بکات...؟

رۆحی مرۆڤیش خاوەنی یەك یاسایە، ئەم یاسایە گشتییە بەوەی هەموویان لەو شوێنەدا یەك بنەمایان هەیە، بەڵام میتافۆری رۆحەکان جیاوازە، شیعر هەمیشە شوێن ئەو بنەمایە دەکەوێت، ئەو بنەمایەش دەرهێنانی ئایدیاڵە کە رۆحەکان هەموو خاوەنی ئەون. بەمەدا هەقیقەت یەکەو ئەوەی جیاوازە ڕوخسارە، نەك حەقیقەت نییە و حەقیقەتەکان زۆرن، بەمە بێت ئیدی مرۆڤ دەکەوێتە ناو بەرەڵاییەوە.، چونکە بەم یاسایە کەوا هەمووومان ئەوەی لامان هەیە حەقیقەتە و هەمووشمان ئازادین لەوەی پەیرەوی بکەین، تیرۆریستیش بەوەی پێیوایە ئەوەی لایەتی حەقیقەتەو تەواو باشە، گەر وابێ تیرۆریست بەچی تاوانبار بکەین. ڕاستی کێشەی ئەم ووتارە ئەوەیە نەست دەکاتە جەوهەری مرۆڤ و شیعریش مرۆڤیش هەرئەوەندەی لەدەستدا هەیە کەوا ئەوانی دیکە لەناو نەستا هەڵوەشێنێتەوەو دروستیان کاتەوە. ((شاعیریەت تەنیا ئارەزووی تەعبیر کردن نییە لەو شتانەی لەناوتان، بەڵکو جۆرێکە لە پیشەسازی گەورە، شاعیرییەت تەنیا هاتنە قسەی خود نییە، بەڵکو دروستکردنێتی))٤٥ دواتریش دێت باسی خود دەکات و دەڵێت ((کە قسە لە خود دەکەین تەواو قسە لە خۆمان ناکەین، خودی ساخ و خالیس جگە لە

ئەفسانەیەك زیاتر نییە))٤٦ دواتر دێت تەواو شوێنی شیعر دیاری دەكات و دەڵێت ((شیعر لە خەیاڵ و یادەوەری و زمان و قوڵاییە تاریكەكانی نەستەوە دێت))٤٧

لەڕاستیدا بەتیۆرییەكانی پێشوو هەر دەتوانین ئەم وتارەشی پێ بخوێنینەوە وەك تیۆری خولقان و دروستكردن، بەڵام لێرەدا دەوەستین بەو هیوایەی كە خوێنەر بتوانێت ووردتر ئەم وتارە بخوێنێتەوە لەپێناو ئاشكرابوونیدا. لە كۆتاییدا تێدەگەین كە(بوون) لە رۆشنبیری كوردیدا نەك هەر بزرە، بەڵكو بەردەوام هەوڵی داپۆشینی دراوە، بەردەوامیش زەمینە نەسازاوە بۆ دەركەوتنی، ئەوەیش لەم چوار رۆشنبیرە دیمان، ئەوە بوو هەموویان لە یەك شوێندا بیریان دەكردەوە، شوێنێكی دیكە هەیە كە عیبارەتە لە (من)، بەبێ چوونە ئەم شوێنە هیچ ئاسان نییە رۆشنبیری كوردی بچێتە ناو قۆناغێكی ترەوە كە ئیتر بیركردنەوە حزووری هەبێت، چونكە چونكە بیركردنەوەی ڕەسەن لەم منەوە دێت، رۆشنبیری كوردی بیركردنەوەی هەیە، بەڵام زۆر لاوازە. سێبەری بیركردنەوەی هەیە، لای بەختیار كە هەمیشە لەبەر دەرگاكاندا دەوەستێ، وێنەی بیركردنەوەش هەیە، لای فاروق ڕەفیق كە وێنە هەیە، بەڵام ناوەڕۆك نییە. وێنەی فەلسەفە هەیە، بەڵام بیركردنەوەی فەلسەفی نییە، تا ئەو ڕادەیەی وێنەی فەلسەفە لەكامیراوە بڵاودەكاتەوە، بەڵام یەك زەڕە بیركردنەوەی فەلسەفی بوونی نییە. دیارە ئەم رۆشنبیری كوردیەش وەك حیزب لایەنگر و دەروێش و ئەندام و رۆژنامە و دەزگای هەیە، دواجاریش شەبەحی هەیە. بۆ ئەم وتارە بابەتی دیكە هەبوون، لەسەر شیعر قسەیان لەسەر بكەین وەك( هاوژینی مەلا ئەمین و ئاسۆ جەبار و نیهاد جامی و. ...هتد) بەڵام ئەمانە ڕاستی شەبەحی رۆشنبیری كوردین ئەشكەوتێكن بۆ دووبارە بوونەوەی دەنگی رۆشنبیری كوردی. ئێمە ڕاستەوخۆ كەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ رۆشنبیرەكان خۆیان، پێویستی نەدەكرد سێبەرەكانیشیان بخوێنینەوە، بەو ئومێدەی ئەم نووسینە زەمینەیەك بێت بۆ گەڕانەوەی حورمەتی خوێندنەوە، چونكە خوێندنەوە زەمینەخۆشكردنە بۆ دەق، هەتا خۆی شایەتی لەسەر خۆی بدات كەچییە؟ نەك ئێمە خەیاڵیان بكەین و وێنایان بكەین و دایانتاشین، خوێندنەوە دۆزینەوەی ئەو زەمینەیەیە كە شتەكان خۆیان تیا ئاشكرا دەكەن و خۆیان نیشانی ئێمە دەدەن.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١ـ فەلسەفە چییە، مارتن هایدگەر، و: حەمید عەزیز، گۆڤاری رامان، ژمارە١١٢ی ساڵی ٢٠٠٦، هەولێر، لاپەڕە ١٣٨.

٢ــ هۆڵدەرلین و گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، و: حەمید عەزیز، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٠٤ ساڵی ٢٠٠٦، هەولێر، لاپەڕە ١٣٥.

٣ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣٧.

٤ــ دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریم مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، چاپی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٨٤بەغداد، لاپەڕە ٢٤٤.

٥ـ هۆڵدرلین و گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، لاپەڕە ١٣٧.

٦ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣٥.

٧ــ کۆمار، ئەفلاتون، و: ڕێبوار قارەمانی، سۆران عومەر، مەهدی چۆمانی، دەزگای وەرگێڕان، ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر، لاپەڕە ٤٩٨.

٨ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٩٨.

٩ـ خوان، ئەفلاتوون، و: ئاوات ئەحمەد، زنجیرە کتێبی سەردەم، ساڵی ١٩٩٩ سلێمانی، لاپەڕە ٦٦.

١٠ــ ئایۆن، ئەفلاتوون، و: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی سیما، ساڵی ٢٠٠٤ سلێمانی، لاپەڕە ١٠٥.

١١ــ تێڕامانی میتافیزیکانە لەفەلسەفەی یەکەم، دیکارت، و: ڕێبین رەسوڵ، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، ساڵی ٢٠٠٧ هەولێر، لاپەڕە ٥٥.

١٢ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٠.

١٣ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٥٥.

١٤ــ شیعریەتی بوون، ڕێبوار سیوەیلی، شیعرستان ژمارە٨، خولی دووەم، لاپەڕە ٥٠.

١٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٠.

١٦ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٥٠.

١٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٥١.

١٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٥٢.

١٩ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٥٢.

٢٠ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.٥١

٢١ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.٥١

٢٢ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.٥٤

٢٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.٥٦
٢٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.٥٧
٢٥ـ هۆڵدەرلین، و: گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، و: حەمید عەزیز، گۆڤاری ڕامان ژمارە ١٠٤ ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر، لاپەڕە ١٣٧.
٢٦ـ دیدی مارتن هیدجەر، نامۆ بوون لە ئۆنتۆلۆژیای زمان/ شیعر. بەکر عەلی، گۆڤاری ئازادی، ژمارە ٤ ساڵی ١٩٩٤ لاپەڕە ١٤٧.
٢٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٤٨.
٢٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.١٤٩
٢٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.١٤٩
٣٠ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٥١.
٣١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٥٣.
٣٢ـ بیری پۆست مۆدێرنیزم، ئازاد حەمە، چاپخانە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕە ٣٤٢.
٣٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٤٤.
٣٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٤٥.
٣٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٤٢.
٣٦ـ هۆلدرلین و گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، رامان، لاپەڕە١٣٥.
٣٧ـ بیری پۆست مۆدیرنیزم، ئازاد حەمە، چاپخانەی هەولێر، ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕە ٣٤٨.
٣٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٤٨.
٣٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٤٩.
٤٠ـ گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٧١ساڵی ٢٠٠٢ هەولێر لاپەڕە٦.
٤١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.٧
٤٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە.٧
٤٣ـ تێڕامانی میتافیزیکیانە لە فەلسەفەی یەکەم، دیکارت، و: ڕێبین ڕەسوڵ، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، ساڵی ٢٠٠٧ هەولێر، لاپەڕە ٤٣.

٤٤ـ گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە٧١ ساڵی ٢٠٠٧ هەولێر، لاپەڕە١٧.

٤٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٩.

٤٦ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە١٠.

٤٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە١١.

## شیعر و سێبەرەکانی

نووسین لەسەر شیعر وەك شیعر نووسین خۆی وایە، وەك چۆن لە شیعردا بەتەنها خۆت و خۆت دەمێنێتەوە خاڵی لە دەنگی ئەوانی دی. بەجۆرێك شاعیر دەبێتە گوێگری خۆی، واتە خۆی دەبێتە گوێگر و یەکێکی دیکە قسەمان بۆ دەکات ئەو یەکە بەدەر لەهەر کۆلاج و دەنگێکی دیکە، ئەو یەکە (منی ) شاعیرە. هەر شیعرێکیش بەدەر بێت لە دەنگی ئەو منە شیعر نییە، چونکە شیعر وەك جیهانێك بەتەنها ئەو دەتوانێ خاوەنی بێت و تیایدا دامەزرێت. ئێمە لەم نووسینەدا دەچینە ناو عالەمی شیعرەوە بەڵام بۆ شیعر نانووسین؟ یانی مادام لەناو عالەمی شیعرداین بۆچی نابینە شاعیر لەم نووسینەدا؟ لێرەدا ئێمە لەیەك کاتدا شاعیر نین، ئەویش بەوەی لەناو هەمەکیەتی شیعردا دەمانەوێت بزانین شیعر چییە؟ یانی لەهەوڵی عەینی کردنەوەی هەمەکیەتێکداین کە ئەویش شیعرە. لێرەدا دەبینە سەیرکەری شیعر، بەوەش شاعیرین کە دەچینە ناو عالەمی شیعرەوە؟ واتە ئەم نووسینە هەم قسەکردنە لەسەر شیعر هەم گەرەنتی ئەوەمان هەیە گەر توانیما لەناو عالەمی شیعردابین. ئەوە ببینە شاعیر.، چونکە دەبێت منی شاعیر لە ئێمەدا حزور پەیدا بکات ئەوکات شیعر وەك هەمەکیەك دادەبەزێت و شاعیر تیایدا دادەمەزرێت ئەمەش بۆخۆی بەتەنها بەوە دەبێت منی شاعیر بێتە دەرو بدرەوشێتەوە لەناومانا، چونکە چونکە بەتەنها خۆی دەلیلە بۆ ماڵی شیعر تا بتوانین بزانین چییە؟ هەر قسەیەکیش یاخود شیعرێك بکەوێتەوە دەرەوەی ئەم (من) ە، ئەوا لە شیعر و لە چیەتی شیعر دوور دەکەوێتەوە، ، چونکە ئەوکات لەناو خۆماندا دەکەوینە ناو ناوچەیەکەوە کە پڕە لەوێنە و دەنگی ئەوانی تر. چۆن ئەوەش ساغ بکەینەوە کەوا ئەوەی بڵێین لەسەر شیعر ڕای خۆمان نییە و شیعری خۆی بێت، لێرەدا ئەو پێوانەیە چییە کەوا ڕای کەسی لە حەقیقەت جیا دەکاتەوە؟ ئێمە سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کەوا ڕێگەی هەریەکەمان بۆ ماڵی شیعر جیاوازە، چونکە پێش ئێمە زۆر لە فەیلەسووفان و ڕووناکبیران قسەی خۆیان کردووە لەسەر شیعر، مادام شیعر وەك پرسیارێکە جارێکی دیکە خۆی حازر کردۆتەوە. لێرەدا ئەوەی کە شیعر شتێکی نەگۆڕ و نەمرە واتە شیعر وەك بوویەك هەیە. ئەوانەی کەوتونەتە ناو شیعرەوە ئەوکات شیعریان وەك هەبوویەك ئامادەکردووە. دواتریش شایەدی ئەوەیە کە شیعر وەك چەمکێکی هەمەکی تەواو نەبووە، یانی گەر هاتوو (شیعر) شتێکی گۆڕاو بووایە و بمردایە ئەوکات لەلای فەیلەسووفێك کۆتایی پێدەهات و

وەك یادگاریەك یاخود وەك مێژوویەك دەمایەوە و دواتر تەواو دەبوو، خۆی حازر نەدەكردەوە. هەربۆیە دەبێت (من)ی شاعیر حزور پەیدا بكات، چونكە (شیعر) نەگۆڕە و نەمرە (من )یش نەگۆڕ و نەمرە. ئەوكات بەتەنها ئەو دەتوانێ زانیاریمان بداتێ لەسەر شیعر. بۆ جیاكردنەوەی را لە حەقیقەت، بۆ خۆی دیارە را بەسەردەچێ و شیعر لای خۆی ناهێڵێتەوە، حەقیقەتیش بەسەرناچێ و شیعر لای خۆی دەهێڵێتەوە. ئەوەی گرنگە شیعر وەك بوویەك هەیە، دواتر دەركەوتەی جیاجیای هەیە بەڵام لە بنەمادا یەك شتە، بەڵام چۆن بتوانین ئەوە بنووسینەوە كەوا دەركەوتەیەك جەوهەری شیعری تێدایە یان نا. هەر جەوهەرەكەش خۆی پێوانەیە بۆ جیاكردنەوەی شیعر لە ناشیعر، بەڵام كەشفكردنی جەوهەرەكەش خۆی پێویستی بە (من)ە، ، چونكە بەتەنها ئەو قابیلی بینینی جەوهەری هەیە. لە نێوان هەماهەنگی جەوهەری شیعر و (من)ی شاعیردا دەردەكەوێت كام دەق شیعرە و كام شیعر نییە. كام نووسین قسەی لەسەر چییەتی شیعر كردووە و كامەش شێواندوویەتی و شاردویەتیەوە. ئەوەی وەك جەوهەر هەیە یەك شتە ئەویش خۆیەتی بەڵام فۆڕمی دەركەوتەكانی جیاوازە. ئەم جیاوازیەش كارناكاتە سەر جەوهەر، دەركەوتنەكان دەكەونە سەر سروشتی شاعیر و چۆن ویستی ئەو جەوهەرە بۆ هەڵبژاردنی فۆڕمی ڕاستەقینەی خۆی. هەربۆیە ئێمە خۆمان لەبەردەم بابەتێكی فراواندا دەبینینەوە كە ئەویش شیعرە. لەم نووسینەدا ئێمە زۆر خۆمان دوور دەخەینەوە لە هەنگاوی یەكەمدا لەجیاتی ئەوەی بەوە دەست پێ بكەین شیعر چییە؟ ئەمەش تەنها بۆ خزمەتی ئەم باسەیە. بۆ ئەوەی كاتێك دەگەینە ناو شیعر خۆیەوە، كە ئومێدمان وایە، هەموو ئەو پرسیار و گومانانەمان پێشتر تاقی كردبێتەوە كە دێنە ڕێمان، هەروەها لەم ڕێیەدا لە ڕێگەی نا شیعریەتیەوە شیعریەتمان زیاتر بۆ ڕۆشن دەبێت. ئەم باسەش لە دوو سەرەوە پیایدا دەڕۆین وەك درەختێك. سەرەتا لقێكی درەختەكە دەگرین و دەڕۆین تا دەگەینە هەمان ئەو قەدەی كە ڕەگەكە گەیشتۆتە ئەو، دواتریش لە خاكەوە دەست پێدەكەین هەتا بتوانین ئەم پرسیارە بكەین كە شیعر چییە؟

ئەمەش تەنها زەمینە خۆشكردنە بۆ ڕووبەڕووبونەوەمان لەسەر چییەتی شیعر بۆئەوەی گەر لقی دار مێوێك بە درەختەكەوەبوو بزانین سەر بەو درەختە نیە خۆ هەر لقێكیش نەچۆوە سەر هەمان قەدی درەخت ئەوكات دەزانین دوورە لە جەوهەری ئەو درەختەوە. یانی ئەم ڕێگەیە دووكەوتنەوەیە بۆ ئەوەیە بزانین ئەوانەی ڕایەكی سەر پێییان داوە لەسەر شیعر دووریان بخەینەوە لە شیعر خۆی و دواتریش دەزانین كەوا قسەی یەكێكە لەسەر شیعر كردوویەتی سەر

بەجەوهەرە یان نا؟ یانی لێرەدا دوو گرووپمان بۆ ئاشکرا دەبێت هەربۆیە ئێمە سەرەتا بەوە دەست پێدەکەین کەوا سەر بە ناشیعرن و سێبەرەکانی شیعرن. دواتر بچینە سەر چیەتی شیعر خۆی کە(من)ی خۆمان کۆمەکمان بکات لەم باسەدا، یانی ڕۆحمان بێتە کۆمەکمان تا بتوانین شیعر خۆی نیشانی ئەو دەقانە بدەین کەوا بەدەستمان کەوتون هەتا خۆی شایەدی ئەوە بدات ئەمە حەقیقەتی شیعرە یان نا.

### ١- سێبەرەکانی شیعر

سەرەتا دەبێت ئەوە ڕوون بکەینەوە کە مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵە هێزێکی جیاوازە بۆ تێڕوانین و زانیاری دەستخستنی دەربارەی خۆی و جیهان، دەربارەی بوونی خۆی و دەورووبەری. هەرکۆمەڵە هێزێکیش لەمانە تایبەتن بە شتانێکی جیاوازەوە، واتە بۆ ئەوەی ئێمە شتێك بناسین ئێمە مەحکومین بەو هێزانەوە، ئەوان دەلیلی مرۆڤن بۆ ساغکردنەوەی ئەو شتە خۆ هەرشتێك بکەوێتە ناو هێزێکەوە یان دەسەلاتی هێزێکەوە ئەوکاتە دەتوانین بەیارمەتی ئەو هێزەوە نزیك بینەوە لەو شتە، بۆنمونە چاو. بەهۆی چاوەوە دەتوانین تەنەکان ببینین و ڕەنگ و قەبارەی. ..هتد بزانین. یانی گەر یەکێ بلێت ئەم تەنە سورە بەرانبەرەکەی دەلێت کوا با سەیری بکەم؟ دیارە ئەم هێزە بۆ خۆی بەشێکە، ، چونکە ڕوناکی هەیە تەنیش هەیە.بەلام ئەوەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە ئەو هێزانەن کە خۆی خاوەنیەتی، لێرەدا دەبێت دوو هێز جیا بکەینەوە. هێزێك هەیە وابەستەیە بە جەستەوە، ئەم هێزە تواناى ئەوەی نیە بە ڕەهایی بژیت، بەڵکو کارکردنی وابەستەیە بە بەرانبەرەکەیەوە. ئەم هێزە لەناو جەستەدایە تواناى ئەوەشی نیە وەعی هەبێت بەرانبەر بە خۆی. دەست دەتوانێت تەنەکان لە مس بکات بەلام ناتوانی خۆی بگرێت. چاو ناتوانێ خۆی ببینێ، ئەو هێزە ڕاستی لەگەڵ ماددیاتی شتەکاندا هاوبەشە. هێزێکی دیکەی مرۆڤ ئەویش ڕۆحە، ڕۆحی مرۆڤ بوونی وابەستە نیە بە بەرانبەرەوە بەڵکو بۆخۆی بوونێکی ڕەهایە و هەمیشە هەیە. ڕۆح لێرەدا مەبەستمان (بوون)ی ڕاستەقینەی مرۆڤە، دەروون جیاوازە ئەو سایکۆلۆژیایەی مرۆڤ دەگرێتەوە، کەوا ئەویش لەناو جەستەدایە، بەلام ڕۆح بوونی لەناو جەستەدا نییە، جەستە دەرخەری ڕۆحە. ڕۆح یاخود (بوون) پڕە لە ئایدیالی شتەکان یان ئایدیالی خوا، چاکە، ئازادی، عاشق...هتد. لەناو (بوون) دا هەن، (بوون) بەتەنها لەگەڵ شتە نەمرەکاندا لە پەیوەندی دایە.شتە نەمرەکانیش خالێن لە خاسیەت و ماددیات، ، چونکە هەرشتێکی ماددی کە هەیە قابیلی گۆڕان و لەناوچونە بەلام (ئازادی، شیعر، خودا) لەناو ناچن و گۆڕانیان بەسەر دا

نایەت بەڵام بەشێوازی جیاجیا دەردەکەون و ڕۆشن دەبنەوە، وەگەرنا لە جەوهەردا هەر بەخۆیانن، بۆیە لەم باسەدا هاتووین لەسەر ناوچەکانی مرۆڤ قسەمان لەسەر شیعر کردووە.، چونکە ئێمە مەحکومین بەو هێزانە، لەڕێگەی جیاوازی هێزەکانیشەوە جیاوازی شیعرەکانمان ئاشکراکردووە. هەروەك لە باسەکەشدا دوایی کەم تا زۆر هەوڵمانداوە ناوچەکان جیابکەینەوە. دواتر ئەو ڕێگایە لەوەدا بۆ ئێمە گرنگە کە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە ئایا شیعر سەر بە چ زمانێکە؟ دوایی حەقی ئەو ڕێگا بڕینەمان، دەتوانین بڵێین شیعر چییە؟ یاخود پرسیار لەسەر چییەتی شیعر بکەین؟ لەگەڵ ئەوەشدا خۆمان قوتاربکەین لەوەی ئەو هەموو ڕایە کۆبکەینەوە و لێڵی بخاتە ناو بینینمانەوە بەوەی شیعر هەست و خەیاڵە؟ شیعر ڕۆحی یە؟ شیعر ئیلهامە؟ شیعر نەستی مرۆڤە؟ کە لە پێش ئێمەدا ڕۆشنبیرانمان هەوڵیانداوە بیر لە شیعر بکەنەوە. ئەم باسەش بانگەشەی ئەوە ناکات کەوا شیعر لای ئێمە حزووری هەیە !نەخێر، بەڵکو هەوڵدانێکی بچوکە بۆ بیرکردنەوە لە شیعر و جیاکردنەوەی سێبەرەکانی شیعر لە شیعر خۆی. خۆ جیاوازی شیعرەکانیشمان هەر بەهێزەکانەوە بەستۆتەوە، چونکە کرۆکی هەموو شتێك مەرجەعەکەیەتی، بۆیە ناوەکانیشمان واناو ناون کە وابەستە بن بە مەرجەعەکانیانەوە.

### ٢_ هەستە شیعر

یەکێك لەو هێزانە مرۆڤ هەیەتی هەستەکانە (بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، گرتن) ئەمانە ڕاستی وابەستەن بە جەستەی مرۆڤەوە. مرۆڤ بۆ هەریەك لەمانە ئەندامێکی هەیە کە ئەویش ( چاو و گوێ و زمان و لووت و. ..هتد) هەستەکان زانیاری دەست دەخەن بۆ جەستە، هەتا لە دەوروبەری خۆی شارەزایی و هەست بە گۆڕانەکان بکات، واتە وەك کۆمەڵە پاسەوانێك وان ئاگاداری مرۆڤ دەکەنەوە لەتاڵی ساردی، گەرمای دەوروبەر، ڕەقی تەنێك هەموو ئەو شتانە، هەستەکان بەوەی کە وورد نین جێگەی ئەوە نین ئێمە بیانکەینە جەوهەر بۆناسینی حەقیقەتی شتەکان، ، چونکە بۆ خۆیان لە گۆڕاندان و دەکشێن دواتر هەموو خەسڵەتی شتە ماددیەکان گۆڕاو و ناجێگیرن. (بەفر) تەنها لە زستاندا بەفرە، لە گەرما دەبێتە ئاو، لە زۆر گەرمیدا دەبێتە هەڵم. بۆیە هەر شتێ لە هەستەکانەوە بێت گۆڕاوە و جێگیر نییە، تا بشتوانین ئێمە بە هەستەکان بزانین، شیعر چییە؟، چونکە شیعر خۆی نەگۆڕە و سەر بە جیهانێکی دیکەیە، بۆ ووردی و ناتەواوی هەستەکان *دیکارت* دەڵێت (( من بۆم ساغ بۆتەوە هەندی جار هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن، ژیری لەوە دایە بەتەواوی لەوان دڵنیا نەبین کە ئەگەر تەنانەت جارێکیش هەڵیان

خەڵتاندین))١. بۆیە ئەوەی لێرەدا گرینگە لەناو شیعردا هەستەکان بە جێ دەمێنن و نابنە مەرجەعی شیعر خۆی بەڵام جۆرێك لە شیعر هەیە، کەوا مەرجەعی هەستەکانی مرۆڤە. هەروەك پیاهەڵدانی کچێك لەناو شیعری گۆراندا (( قژ کاڵی لێو ئاڵی پڕشنگی نیگا کاڵ)) ئەوەی لێرەدا هەیە بە تەنها هەستەکان چالاکن و هیچمان پێنالێت لە سەر چیەتی کچ و ژن. هەربۆیەشە ئەم جۆرە لە شیعرناومان ناوە هەستە شیعر.

ئەفلاتوون لە بەشی دەیەمی کۆماردا دەڵێت ((سێ جۆر قەرەوێڵە هەیە، هی دارتاش و وێنەکێش و خودا))٢، ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە سێ جۆر لە هێز جیا دەکاتەوە، لە ڕێگای سێ جۆر لە قەرەوێڵەوە، یەکەمیان کە ئایدیاڵی قەرەوێڵەکەیە کە خودا خاوەنیەتی، دووەم دارتاشە کە عەینی کەرەوەی ئایدیاڵی قەرەوێڵەکەیە لە کەرەستەکانی خۆیدا. سێیەم کە مەبەستمانە لە سەری برۆین، وێنەکێشەکەیە، کە هێزی ئەو هەستەکانە. ئەوەشمان بۆ ئەوە هێناوە کەزیاتر ڕوون بێتەوە لامان کە هەستەکان چەند دوورن لە ئایدیاڵەوە؟ باشە با ئەو پرسیارە بکەین، شیعر چ پەیوەندیەکی بە ئایدیاڵەوە هەیە ئایا شیعر سەرچاوەیە بۆ زانین هەروەك فەلسەفە ؟ یاخود شیعر جیهانێکی یاری ئامێزە؟ ئایا لۆژیك لە شیعر دا هەیە؟ یاخود شیعر جیهانێکی تایبەتە؟ ئایا شاعیر چییە دەبارەی شیعر؟ کەم تازۆر لەگەڵ ڕۆیشتمان لەم باسە هەوڵ دەدەین جارێکی دیکە ئەم پرسیارانە بکەینەوە، جارێ ئەوەی گرنگە کە جۆرێك لە شیعر هەیە کەوا واقیع دەنوسێتەوە. ئەوەش ڕوونە حەقیقەت واقیع نییە بەڵکو عالەمێکی دیکەیە. هەروەك ئەفلاتوون لە باسی قەروێلەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات، شیعری ڕەسەن ئایدیا دێنێتە ناو خەیاڵەوە لەناو جیهانێکی تەواو رەمزیدا. ئایا شیعر بەچی شیعرە؟ ئەوەی شیعرێك زیندوو ڕادەگرێت چییە؟ ئایا بوونی ئایدیاڵ لەو شیعرەدا؟ هەر شیعرێك لەناو بووندا لە دایك بێت ئەو کاتە دەبیتە هەبوو. شاعیرش ئەوکاتە دەبێتە شاعیر، چونکە لە جیهانی شیعردا حزووری هەیە بە بوون. نەك بە خەیاڵ و بە هەستەکان. لای هایدگەر ( زمان ماڵی بوونە )٣ ئەم گوتەیە شاهیدێکی گەورەی کارەکەمانە بەودا زمان ماڵی بوونە، بوونیش شتێکی بەرجەستە نیە هەتا هەستەکان بتوانن پەی پێبەرن، بەڵکو ئایدیاڵە و تەنها لەناو خۆیدا هەیە. وەك حزوور شیعریش لە ڕێگای زمانەوە خۆی بەرجەستە دەکات دواتر لە عەدەمەوە دێتە ناو حزوورەوە لەناو شیعردابێت یان فەلەسەفە یان. ... هتد.، چونکە بنەمای هەموویان یەکە بەڵام شیعر بۆ خۆی دەرکەوتەیەکی جیایە و هەر جارەش بەجۆرێك تەجەللی دەبێت، ئەمەش ئەو ڕۆحە تازەگەریەی شیعرە کە هەمیشە هەیە، ئەم جۆرە

لە شیعر هەستە شیعرە، تەنها بە کەرەستە شیعرە وەگەرنا لە جەوهەردا سێبەرە و ناتوانێ لەسەر بوونی شتێك بمانوەستێنی یاخود مرۆڤ لەڕێگەیەوە ناتوانێ خۆی ببینێتەوە. شیعرێك کاتێك باسی قەد و گەڵای درەختێك دەکات بە ڕەمز ئەم ڕەمزی بوونەی دەیباتە ناو شیعرەوە بە ڕوخسار بەڵام لە ماهیەتدا نەیتوانیوە ئایدیاڵی ئەو درەختە میوانداری بکات. هەربۆیە نابێتە شیعر. شیعر قسەکردنە لەگەڵ ئایدیاڵی شتەکان نەك بوار سازانە بۆ دووبارەبونەوەیان لەناو زماندا. ڕێبازی (ڕیالیزم) یانی هەستەکان یانی نووسینەوەی واقیع وەك خۆی، لەناو شاعیرە کوردیەکاندا گۆران شیعری زۆرن کە دەچنە ناو ئەم جۆرە لە شیعرەوە کە هەستە شیعرە. ئەوەشمان زانی بە هەستەکان نازانین چاکە چییە؟ درەخت چییە؟ مرۆڤ چییە؟ هەستەکان چۆنایەتی شتەکان دەزانێ، سیفەت و ڕەگ و قەبارەیان دەزانێ بەڵام جەوهەر نازانێ. شیعریش خۆی سەر بە جەوهەرە هەربۆیە لەتوانای جەوهەردایە کە بزانێت شیعر چییە؟ هەر جەوهەر خۆیشی مەرجەعی شیعرە؟ هەربۆیە هەستە شیعر نییە. گەر هات و چاکە وەك ئایدیاڵ حزووری پەیداکرد لە کردارێکی مرۆڤدا ئەو کات تۆمارکردنی ئەو حاڵەتە وەك ڕوودانی لە واقیعدا، دیسان دوورکەوتنەوە لە ئایدالّی چاکە، ، چونکە هەستەکان تیایدا کاران. دەبێت خۆمان سەرەتا هەمەکیەتی چاکە بمانخاتە ناو حاڵەوە، حاڵی عەینی بوونەوەی ئەوکات گەر هات و شیعریانە هاتە دەر، شیعر وەك جەوهەر حزوور پەیدا دەکات و لەناو شیعر خۆی جیادەکاتەوە یاخود جیا دەبێتەوە لە لۆژیك و لە مەنتیق، بەڵام لەباری ئەوەدا کە هەستەکان هەن شیعر دەبێتە مێژوو، ، چونکە ئەویش وەك مێژوو ڕووداوێك تۆماردەکات، بووە و تۆمار بووە. شیعر شتێکە، مێژوو شتێکە. شیعر هەمیشە لە بەردەم جیهانێکی دیکەدایە، لە بەردەم هەمەکیەتی بوون دایە، کە چۆن عەینی دەبێتەوە و دەردەکەوێت هەربۆیە *ئەرەستۆ* دەڵێت ((شیعر دەشێت ڕووداوێك تۆمار بکات کە هێشتا ڕووینەداوە، بە پێچەوانەوە مێژوو ڕووداو ڕویداوە))٤.

ئەمڕۆ شیعر لە جەوهەری خۆی دابڕاوە بەردەوام دەیبەینە شوێنێك کە شوێنی خۆی نییە. بەمەش شیعر دوو دەکەوێتەوە لە جیهان، چونکە جۆرێکی دیکە لە دەق دەبێتە شیعر. شیعر هەمیشە هەیە و لە ناوناچێ و ناشمرێ، بەڵام مرۆڤ ئەمڕۆ لەناو بوون و مردنایە. ئەوە شیعر نیە پاشەکشەی کردووە لەدنیا، بەڵکو مرۆڤە شیعری خانەنشین کردووە. مرۆڤ ئەمڕۆ بەتەنها دەیەوێت هەستەکان تاقی بکاتەوە، چێژی هەستی بۆتە ماهیەتی ژیان. ئەم مەیلەشە شیعریشی بەو ئاڕاستە بردووە کە دوور دەکەوێتەوە لە بوونی خۆی، چێژی ڕاسەقینەی گفتوگۆکردنە لەگەڵ

ڕۆحی شتەکاندا، هەتا شتەکان بگەنەوە بوونی ڕاستەقینەی خۆیان. دەبێت مرۆڤ بگەڕێتەوە لای شیعر، چونکە شیعر لەگەڵ ئەوەی شتەکان لە بابەتبوون دەپارێزێ جارێکی دیکە زەمینەیان بۆ سازدەکات بۆ هاتنە ئارای بوون لە ناو جیهانی خۆیدا کە جیهانێکی ڕەمزی ئامێزە. لەناو دنیای ڕۆشنبیری ئێمەدا سەیردەکەیت ئەم جۆرە لە شیعر کە هەستە شیعرە، هەربەشیعر خۆی زانراوە، عەبدولموتەلیب عەبدوللا دەڵێت ((شیعر هەر تەنها هەست کردن نییە، بەڵکو بیر لێکردنەوەیشیان دەگەیەنێ))٥. لێرەدا نووسەر لەدوو شوێنەوە شیعر دەشارێتەوە کە هەستکردنە و دواتریش بیرکردنەوە، پێش هەموو شتێك شیعر دوای خۆی بیرکردنەوە جێدەهێڵێ، نەك بیرکەینەوە تا شیعر جێ بهێڵین، واتە شیعر بیرکردنەوەی پێش وەختە نییە ئەوەندەی پاش خۆی بیرکردنەوە دەسازێنێ، چونکە چونکە شاعیر ئیرادەی لەناو شیعردا پەرت دەبێت.هەربۆیە لەدەستی خۆیدا نییە بەڵکو لە دەستی شیعردایە بۆیە بە بیکردنەوە لە شیعر نووسین ناکەوینە ناو شیعرەوە. ئەوەی جێی داخە نەمان توانی ئەو دەقانە ئامادە بکەین کەوا لەم بابەتدا نووسراون بەڵام بەو ئومێدەین توانیبێتمان شایەدێك بدەینە دەست خوێنەر کە هەتا خۆی ئەوە بکات، واتە درێژە بە کارەکە بدات. لەم بەشەدا هەستە شیعرمان جیاکردەوە کە یەکێکە لە سێبەرەکانی شیعر، هەر بۆیە هەر بەوەندە وازدەهێنین لەو بابەتە.

## ٣_ وێنا شیعر

لێرەدا دەکەوینە ناو هێزێکی دیکەی مرۆڤەوە کە ئەویش هێزی خەیاڵە، پێشتر لە هەستە شیعردا باسی ئەو هێزانەمان کرد کە هەستین و وابەستەن بەواقیعەوە، لێرەدا (خەیاڵ) کە ئەویش هەردەکەوێتە ناو شیعرەوە پشت دەبستێ بە هەستەکانی مرۆڤ. هەستەکانی مرۆڤ تۆمارکردنی واقیع بوو وەك خۆی بەڵام لە وێنا شیعردا مرۆڤ دەکەوێتە ناو کردەوەی دانەوە.واتە لێرەدا بە پاڵپشتی هەستەکانی مرۆڤ زانیاری دەست دەخات دواتر لێرەدا دەیداتەوە کاتێك ئێمە سەیردەکەین، وێنەی ئەو شتە سەیردەکەین دێتە ناو زەینمانەوە، کاتێك حازری دەکەینەوە دەکەوێتە ناو وێنا کردنەوە. وێناکردن خۆی هێنانەوەی شتەکانە لە زەیندا، وەك ئەوەی لای خۆمان هەیە. تا ئێرە وێناکردن زیاتر خزمایەتی هەیە لەگەڵ ڕادا، چونکە شتەکە لەناو خەیاڵی ئێمەدا حازر دەبێتەوە وەك ئەوەی لای ئێمە درکەوتووە، ئەم حاڵەتە جیاوازە لەوەی کاتێك ئێمە سێ مرۆڤ بخەینە ناو جەوێکی ساردەوە، عەرەبێك و کوردێك و ئینگلیزێك، لێیان بپرسین جەوەکە چۆنە؟ هەریەکە دەڵێت ساردە، عەرەبەکە و کوردەکە و ئینگلیزەکە هەرەکەیان

وشەیەکی جیاواز دەڵێت ( بارد _cold _ سارد) بەڵام هەموویان یەك شت دەڵێن، کە ئەویش حەقیقەتی جەوەکەیە، ئەمە ناچێتە ناو وێناکردنەوە، چونکە وێناکردن هەمیشە بارێکی سەلبی هەیە.واتە زیاتر حازرکردنی شتەکانە وەك خۆیان نا، بەڵکو وەك خۆمان ئەو حاڵەتە جیاوازە لە (بینین) لە بینینی شتەکان و درککردنی ئەو شتە هەماهەنگی دێتە ئاراوە. لە وێناکردندا مانای شتەکە و درککردنی تۆ بۆ ئەو شتە هەماهەنگ نایەتەوە، لەویادا کێشەمان هەیە لەگەڵ وێناکردن کەوا (بوون) تیایدا حازر نابێتەوە واتە مرۆڤ ناتوانێت بە خەیاڵ (بوون) حازر بکا. (بوون) خۆی لە شوێنێکی زۆر دوورتر لەناو مرۆڤدا هەیە. لە خەیاڵدا شیعر لە دووبارەکردنەوەی واقیع و ئایدۆلۆژیەکان هچی دیکە نییە و ناتوانێ ببێتەماڵی (بوون)، شاعیر بە خەیاڵ دەچێتە ناو عالەمی شیعرەوە، بەڵام قەت ناتوانی جەوهەری شیعر بهێنێ بەڵکو ئەوەی ئەو دەیهێنێ کەرەستەکانی شیعرە. یانی ئەو کەرەستانەن کە لەناو عالەمی شیعردا هەن نەك بنەماکان، هەربۆیە تووشی ویناکردن دێت. ئەم شیعرانەش بە کەرەستە شیعرن نەك بە جەوهەر. لێرەدا واباشە دووجۆر لەوێناکردن جیابکەینەوە:

### ٤_ وێناکردنی شتە ماددیەکان(هەستیەکان):

لێرەدا با پرسیارێك بکەین، باشە ئەگەر هات و حاڵەتی کورسیەك گەر توانیمان چۆنە ئاوها وێنای بکەین، ئایا هەر وێناکردنە؟ ڕاستی بۆیە دەکەوێتە ناو وێناکردنەوە، چونکە وێنەی کورسی وێنا دەکەین.هەروەك چۆن *ئەفلاتوون* دەڵێت ((وێنەکێش ڕەسمی قەرەوێڵەی دارتاشەکە دەکات))٥، لێرەدا ئەم ڕەسم کردنە خۆی وێناکردنە، چونکە ئایدیاڵی قەرەوێڵەکە نایەتە ناو وێناکردنەوە بەڵام دەتوانرێت ئایدیاڵ بهێنرێتە ناو خەیاڵەوە، هەروەك چۆن *ئەفلاتوون* لە زۆربەی گفتوگۆکانیدا ئەفسانەی بەکارهێناوە، واتە جەوهەری هێناوەتە ناو خەیاڵەوە بۆیە ئەمە وێناکردن نییە، چونکە لێرەدا جەوهەر مەسەلەی سەرەکیە نەك ئەفسانەکە خۆی. شیعر خۆنزیککردنەوەیە لە جەوهەر یاخود دەرخستنی بوونە لەناو عالەمە ڕەمز ئامێزەکەی خۆیدا، نەك دووبارەکردنەوەی شتەکان و دارِشتنەوەی. ئەم جۆرەیان بۆ شتە ماددیەکان یاخود هەستیەکان. با ئەمەش بڵێین شتە هەستیەکان بۆیە دەکەونە ناو وێناکردنەوە، چونکە هیچ شتێکی ماددی نەگۆڕنیە بەڵکو گۆڕانی بەسەر دا دێت و وا بەستەیە بەو دەورووبەرەی تێیدایە. ئاسن لەناو ئاگردا شلە، لەباری ئاساییدا ڕەقە، ئەوەی لە ئاسنەکە نەگۆڕە (ئاسنیەتیە) واتە چییەتی ئاسنە. ئەم چیەتیە نایەتە ناو وێناکردنەوە یاخود خەیاڵی بەتەنها ناتوانێ درککی پێ بکات گەر بە پاڵپشتی بوون نەبێت.

*ئەفلاتوون* لەسەر زاری سوکرات زۆر جوان ئەم بابەتەمان بو باس دەکات و دەڵێت (( سوکرات: ئەوەش ڕوون بکەوە ئایا وێنەکێش شتەکان وەك خۆی تەقلید دەکات یان بەو جۆرەی دەیانبینێ؟ گلاکۆن: مەبەستت چیە؟ سوکرات: مەبەستم ئەوەی کاتێك لە کۆشەیەك یان لەبەرامبەر لەلایەکی تر سەیری تەختەیەك دەکەین، ئایا لە ڕاستیدا ئەو تەختەیە هیچ گۆڕانی بەسەردا دێ، یان بەهەمان باری پێشوو دەمێنێتەوە. ...))٦.

## ٥_ وێناکردنی ئایدۆلۆژیا

لەبەشی پێشوودا کەم تا زۆر ویستمان ئەوە بلێین لە گواستنەوەی شتەکان بە هەستەکان بە هەمیشە شتێك ون دەبێت، ، چونکە مرۆڤ بەوەی خۆی دەبینێ چ دنیا دادەڕێژێتەوە، لە ڕێگای کۆمەکی خەیاڵەوە. لەم بارەیەوە چی بلێین، دەربارەی ئەوەی کاتێك ڕووبەڕوو بینەوە لەگەڵ چەمك و بابەتە فیکری و گەڕان بە شوێن چیەتییدا، مرۆڤ ناچارە بکەوێتە ناو بیرکردنەوەوە جا یان ئەوەتا بەدروستی بیردەکاتەوە یاخود دەکەوێتە ناو ئەوەی بیستوویەتی لەسەر ئەو شتە کۆیانکاتەوە و بیانکاتە ڕای خۆی، هەربۆیە ئەم جۆرانە جیا دەکەینەوە.

## ٦_ ویناکردنی کۆلاژ

ئەم جۆرە دەگەڕێتەوە سەر یادەوەری، یانی کاتێك باس لە شتێك دەکەیت یادەوەری کۆمەلێك زانیاری دەخاتە سەر ئەو باسە بۆ نموونە کاتێك ئەندازیارێك دێت نەخشەی خانوویەك دەکێشێت یادەوەری کۆمەلێك خانووی بۆ حازر دەکات کە پێشتر دیویەتی. واتە ئەم نەخشەیە کۆلاژێکە لە نەخشەکانی ناو یادەوەری ئەندازیارەکە. یاخود (پەری دەریا) کە سەری مرۆڤە و قاچەکانی ماسیە، ڕاستی ئەمە کۆکردنەوەی کۆمەلێك کەرەستەی واقیعە بۆ دروستکردنی شتێکی ناواقیعی. لێرەدا واقیع بە خەیاڵ دەکرێت.

شیعریش وەك دەق ناواقیعیە، بەڵام شیعر نایەت چییەتی شتەکان تێکەڵ بکات. شیعر وەك گەمەیەك وایە بەڵام لە سەر ئاگایی خۆی بنیات دەنێ، نەك گەمەیەك کە هەموو شتەکان تێکەڵ بکرێت. لێرەدا شیعر جیا دەبێتەوە، بەڵام بۆ وێناکردنی کۆلاژ جیاوازە کەوا هیچمان ناداتێ لەسەر بوونی ئەو شتە، گەشتی (هەورامان) و (قەرەداغ)ی گۆران دوو شیعری کۆلاژن بەو مانایەی شاعیر وێنای ناو خەیاڵی خۆی کردۆتە واقیع کە واقیعی ئەو دوو شوێنەیە بەڵام ئەو دوو شیعرە پێمان ناڵێت بۆ دروستبوون، واتە بوونیان دەرناکەوێ لە ڕێگەی شیعرەوە بەڵکوجۆرێك لە وەسف و تێکەڵکردنی ئەو خۆشیەی ناخی شاعیرە بە واقیعی ئەو دوو شوێنە، واتە بە خەیاڵکراون.

ئەرەستۆ پێشتر باسی ئەم بابەتەی کردووە، لە باسی هۆمیرۆسدا دەڵێت ((هۆمیرۆس وێنەی کەسەکانی لەواقیعی خۆیان باشتر دەکێشا))٧.

تەنانەت زۆریك لە ڕۆشنبیران پێیان وایە شیعر خۆی ئەم حاڵەتەیە، بەناوی یاریکردن و دەسەڵاتەوە ماف دەدەنە شاعیر دنیایەکی دیکە حازر بکات. ئەوەی ئەوان لەم بنەمایەوە هاتووە بۆیە شیعر تێر ناکەن، لە باسکردنیدا ئەدۆنیس لە یەکێك لە قسەکانیدا شیعر بەوە دەزانێت دەڵێت ((شیعر بەخەیاڵ کردنی واقیعە))٨ کە لە ڕاستیدا، شیعر واقیع بە خەیاڵ ناکات، بەڵکو حەقیقەت دەکاتە ڕووداو، دەیکاتە واقیعێکی جیا یانی شیعر لە بوونەوە دێت نەك لەواقیعەوە، ئەوەی لەواقیعەوە دەیهێنێ بە تەنها کەرەستەیە نەك جەوهەر، جەوهەر لە بوونەوە دێنێ و کەرەستەش لە واقیعەوە، زۆرجاریش شیعر وەك عالەمێك کەرەستەی جیاجیای هەیە. واتە شیعر لەناو جیهانێکی دیکەدا حزوور پەیدا دەکات. هەربۆیە زمانی ڕۆژانە ناتوانێ ئەو جیهانە بگوازێتەوە. شاعیر زمانێکی دیکەی هەیە کە زمانی شیعرە.زمانی شیعر چاوی شاعیرە بۆ بینینی شتەکان، ڕستەیەك لەسەر شیعر کەوا (شیعر بینینە) لە ڕاستیدا بەبێ تێگەیشتن لە (بینین) ناتوانین ئەو بینینەی شیعر ببینین. ئەم جۆر بینینەی کە هەیە خۆی وێناکردنە بەڵام حاڵەتی وێناکردنە کە بە بینین ناسراوە، بینین شتێکی دیکەیە ئەوەی کاتێك شیعر واڵا دەبێت وەك خاوەن خوانێك بوونی شتەکان کۆدەکاتەوە لەخۆیدا. واتە دەیانبینێ و لەسەر بنەمای ئەم بینینە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، هەربۆیە زۆرجار چەمکێك شتێك لەناو شیعردا دەچێتەوە باری سروشتی خۆی شیعر لێرەدا وەك فریادڕەسێك قوتاری دەکات لەو ماناو دەلالەتانەی بەسەریدا سەپاوە و داگیریان کردووە. شیعر جارێکی دیکە دەیباتەوە ناو ماڵەکەی خۆی، لێرەدایە هۆڵدەرلین دەڵێت ((شیعر ترسناکترینی هونەرەکانە))٩ ترسناکە کاتێك شیعر وێنا بکات، ترسناکە کە گەورەترین ئەرك لە ئەسۆیدایە، ترسناکە کە لەجیاتی (بوون) تیایدا تەجەللا بێت فاسدی بکات. لە ڕۆژگاری ئێمەدا.....خوێنەر بە شوێن شیعریك دەکەون کەزیاتر وێناکردن تیایدایە نەك بینین، چونکە چونکە وێناکردن زوو دەگات بەڵام بینین دەبێت حاڵەتەکە لای خوێنەریش هەبێت ئەنجا ئەو شیعرە دەگات، هەر ئەوەشە وادەکات ئەوەندەی (گۆران) دەخوێندرێتەوە (مەحوی) ناخوێندرێتەوە، چونکە چونکە بینینەکانی مەحوی لای کەم کەس هەیە، بەڵام گۆران تەنانەت لەناو هونەری گۆرانیشدا خۆی دەبەستێتەوە بە خەڵکەوە.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا لە باسکردنی شیعردا دەڵێت ((ئەگەر بەشێك لەو سەرسامیەی پەیوەندی بەتوانای وێناکردنەوە هەبێ، ئەوا بەشەکەی دیکەی بۆ چێژ دەگەڕێتەوە))١٠، لێرەدا نووسەر، کەشفکردن، بە وێناکردن یەکسان دەکات، لەکاتێکدا کەشفکردن ئەوە نییە ئێمە خۆمان مانا بدەینە ئەو شتە بەڵکو شتەکە ئازادە لەوەی چۆن خۆی نیشانی ئێمە دەدات. بۆیە وێناکردن یەکسان نییە بە کەشفکردنەوە، ئەوەندەی وێناکردن بینینی ئێمەیە بۆ دونیا.

## ٧_ وێناکردنی سەپێنراو

سەیرکردنی ئێمەیە بۆ ناو وێنەکای زەینی خۆمانە لە بەرامبەر شتەکاندا، زانست وێناکەرێکی زۆر بەهێزە، بەرامبەر بە سروشت زانست وێناکانی خۆی بەرامبەر بە درەختێك، ئەوەیە کە کورسی و مێز و تەپڵە و. ..هتد دەردەهێنێ، ئەوەی زانست دەیکات وێناکردنی جیهانە، بەو جەختەی خۆی دەیکات بەرامبەر بە شتەکان. ئەمە ئەو زوڵمەی زانستە کەوا هەموو شتێك دەکاتە بابەتی وێناکردنی خۆی. هایدگەر کاتێك باس لەوە دەکات(بانگی لە پێناو شتەکان خۆیاندا)١١ ڕاستی هەوڵدانی قوتارکردنی جیهانە لە دەست وێناکردنی زانست بانگی لە پێناو شتەکانی خۆیاندا بانگکردنی بوونی شتەکانە بۆ ئەوەی جارێکی تر بەدەنگی بوونی شتەکانەوە بچێت، نەك وێناکردنی خۆی ساغ بکاتەوە. لەناو سیستەمی تۆتالیتاریشدا مرۆڤ بەوە مەزڵومە کە هەمیشە بەرجەستەکەری وێنای دەسەڵاتە بەرامبەر بە خۆی، شیعر لێرەدا نەك وێنای دنیا ناکات بەڵکو هەوڵێکی گەورەی مرۆڤە بۆ ڕزگارکردنی شتەکان بەوەی نەبنە بابەت و کەرەستە، شیعر کاتێ ماڵی بوونە کە هەمیشە شتەکان لە بابەتیەتی بوون ڕووت بکاتەوە، بۆ ئەوەی چۆنە ئەوها دەرکەون، نەك ئێمە چۆن دنیامان وێناکرد. ئەوە حەقیقەتی دنیابێت. بەختیار عەلی بەوە لە جەوهەری شیعر دوورکەوتۆتەوە کاتێك دەڵێت ((شیعر کار لەسەر واقیعێکی ئیعترازی دەکات، بەو مانایەی جیهان وەك خۆی تیایدا دەرناکەوێ، بەڵکو جیهان وەك ئێمە وێنامان کردووە و هێما ڕێژمان کردووە دەردەکەوێت))١٢ یاخود ((ئەرکی شیعر ئەوەیە شتێکی ئیعترازی دروست بکات))١٣ یان ((گەورەترین مافی شاعیر یاریکردنە))١٤، شیعر بەوە جیا دەبێتەوە لە ئایدۆلۆژیا و زانست ئەو مافە نادات بە خۆی یاری بەجیهان بکات یاخود جیهان دابڕێژرێتەوە بەبێ ئاگا لە (بوون). شیعر نەك جیهان ناشێوێنێ بەڵکو پارێزگاری لە ڕۆحی جیهان دەکات بەوەی لەناو خۆیدا هەڵیدەگرێت. ئەم پارێزگاریکردنە، ئەو دنیا ڕەمز ئامێزەی شیعرە کە (بوون) تیایدا دەردەکەوێت، هێنانی (بوون) بۆ ناو خەیاڵ و دامەزراندنی لەناو ئەو دنیا گەمە ئامێزەدا، زۆر

جیاوازە لەوەی تۆ بەتەنها جیهان داڕێژرێتەوە بە شێوازێکی دیکە، ئەمەش هەر جەوهەر ناپارێزێ بەڵکو کوشتن و ڕاوەدونانی جەوهەرە. شیعر لەویادا تازەیە کە هەمیشە وەك خۆی دووبارە نابێتەوە، ئەم دووبارە نەبونەوەیەش بەوە نابێت ئێمە بەتەنها شتێکی جیاوازتر بخولقێنین لەوەی هەیە. لێرەدا شاعیر دەبێتە دەسەڵاتدار، بەڵکو تازەیی خۆدامەزراندنی بوونە لەناو فۆڕمەکانی خۆیدا، لێرەدا شاعیر تەواو تەسلیم دەبێت بە هێزی (بوون). بوون خۆی ماڵی خۆی دیاری دەکات، نەك شاعیر، ئەم پرۆسەیەش هەموو لەماڵی شیعردا جێبەجێ دەبێت.شیعر عالەمی ئەم جۆرە لەیارییە، شاعیر دەبێت تەواو بێ نیازبێتەوە لە مەبەستی خۆی.((نیازمەندی لەناو سیستەمی زمان بەجۆرێکی تر ڕێکیان بخاتەوە لە کاتێکدا لەناو سیستەمی زماندا هەریەك لەودانانە دەیەوێت، واتە نیازمەندە بەوەی کە دانەکانی تر بە ئاڕاستەکردنی ئەو ڕێزبن، واتە ئەو ببێتە سیستەمی زمان بەهۆی ئەوەوە دروست دەبێت کە هەریەك لە دانەکان دەیەوێت بەپێی ئەندازەگیری خۆی دانەکانی تر لەشێوەی بوونێکی گشتگیردا ڕێکبخاتەوە، لەکاتێکدا لەسەرەوەدا شاعیر هەمان نیازمەندی بەکاردەهێنێ بەڵام بۆیە بێ نیازیەکەی دەردەکەوێت، چونکە دەتوانێ بوونی خۆی لەناو زماندا دابمەزرێنی))١٥. لێرەدا تێدەگەین شیعر بیرکردنەوەی پێش وەختە نییە و دواتر بەهۆی شیعرەوە ئەم بیرکردنەوەیە دابڕێژرێتەوە، لەم بابەتەدا شاعیر دەردەکەوێت نیازمەندە یان نا، کاتێك شیعر وەك عالەمێك لەناو شاعیردا حزوور پەیدا دەکات، ئەو کاتە شاعیر دەچێتە ناو شیعرەوە. لەکاتی چونی شاعیر بۆ ناو شیعر دەکەوێتە ناو وەعیەکی تەواوەوە بەرامبەر بە جیهان و بە شتەکان. هەر لەویادا شتەکان لە بابەتبوون ڕووت دەبنەوە و وەك خۆیان چۆنن ئاوها واڵا دەبن لەبەردەم شاعیردا. ئەم ڕووت بونەوەی شتەکانیش سەرەتا ڕووتبونەوەی شاعیر خۆیەتی لە شتێتی شتەکان، ئەوکات شاعیر وەك زەمینەیەك دەبێتە ڕارەوەی هاتنە ئارای شیعرەوە. دواجار شیعر لەڕێگای شیعرەوە خۆی عەینی دەکاتەوە، لەگەڵ ئەم عەینی بونەوەی خۆشیدا هەموو ئەو شتانەی لە عالەمەکەی خۆیەتی لەگەڵ خۆیدا، لە ئایدیاڵێکی پەیتەوە عەینی دەکاتەوە، ئەو کات شاعیر دەزانێ چی ڕوویداوە یاخود چی نووسیوە.

### ٨_ نەستە شیعر

سێبەرێکی دیکەی شیعر، نەستە شیعرە، ئەم جۆرە لە سێبەری شیعر زۆر نزیکە لە شیعر خۆیەوە کەوا جیاکردنەوەیان وردیەکی تەواوی دەوێت، ئەو هێزەی لێرەدا کاردەکات هێزی سایکۆلۆژیای مرۆڤە. پێشتر باسی دوو هێزمان کرد کە هەست و وێناکردن بوون، ئەم دوو هێزە

ڕاستی وابەستەن بە جەستەوە بەڵام ئەم هێزەیان لەناو جەستەدایە، بەڵام جەستەش نیە بەڵکو هێزێکە توانای ئاڕاستەکردنی جەستەی هەیە، بەڵام ئەم هێزە بۆخۆی لەڕێگەی جەستەوە زانیاری دەستدەخات و لەکات و ساتی پێویستا کۆمەکی جەستە دەکات بە خەیاڵیشەوە لەو شتانەی دێنە بەردەمی. سایکۆلۆژیا بەوە لە ڕۆح دەچێت کە شوێنی یاخود جیهانی وێنەی شتەکانە، ڕۆحیش جیهانی ئایدیای شتەکانە. بۆیە جیاکردنەوەیان زۆر ماندووکەرە، کەوا هەردوکیان وەك کۆگا وان. سایکۆلۆژیا وێنەی شتەکانە، وێنەکانیش هەمووی لەڕێگەی جەستەوە وەدەستی دەخات و لە واقیعەوە دەیانهێنی، بەجیاوازی لە ڕۆحی مرۆڤ کەوا ئایدیاڵی شتەکان لەپێش بوونی مرۆڤەوە هەن و لەناو ئەودا هەن، ئەمەش لە ڕێگەی جەستەوە بەدەستیان ناخات بەڵکو لە ڕێگەی بوونەوە کە هەمەکی و ڕەهایە. سایکۆلۆژیا کاتێك واقیع جا هەر واقیعێك بێت وەردەگرێت، ئەوکاتە وێنەی ئەو واقیعە لەناو خۆیدا خەزن دەکات، کاتێك ئەم هێزە کاردەکات کەوا ڕۆحی مرۆڤ غائیب بێت، واتە لە غیابی ڕۆحدا سایکۆلۆژیا حوکم دەکات، کە سەرچاوەیەکی بە پێزە بۆ خەیاڵی مرۆڤ. کاتێك جەستەی مرۆڤ پڕ دەبێت و دەیەوێت لەڕووی جنسیەوە خۆی بەتاڵ بکاتەوە، ئەوکات نەست وەك خەزنەیەکی پڕ لەوێنە، وێنە دەنێرێت بۆ خەیاڵی مرۆڤ جا ئیتر ئەو مرۆڤە جەستەی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، جا لەڕێگەی ئەوەوە بێت کەوا بەرامبەرێکی هەیە یان وێنەی بەرامبەرەکەی حازر دەکات، وەك لە خەو و زیندە خەودا ئەوکاتە کارەکە ئەنجام دەدرێت. کێشەی نەست لەویادایە کە هەمیشە وێنەیە، هەر قسەکردنێکیش لەسەر وێنە، قسەکردن نیە لەسەر شتەکە خۆی، بەڵکو قسەکردنە لەسەر سێبەری ئەو شتە، یانی هیچ کاتێك مومکن نیە لە سایکۆلۆژیای ئێمەوە حەقیقەت بزانین، هەرشتێك کاتێك ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین کە سایکۆلۆژیا بنەما بێت ئەوا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتە، مامەڵەکردنە لەگەڵ وێنەی ئەو شتە. نەستە شیعر ئەو شیعرانەن کە لەناو سایکۆلۆژیادا دەژین، قەسیدەی (شار)ی بەختیار عەلی، ئەم قەسیدەیە لەناو فەزایەکی سایکۆلۆژیادا هاتۆتە بوون ئەمەش ئەو بارە سایکۆلۆژیایەی شاعیرە کاتێك کچەکانی ئەو شارە گرینگیان پێنەداوە، یاخود نەبینراوە. ئەمەش ئەو برینەیە شاعیری ناچارکردووە کە ئەم شیعر بنوسێت، بۆیە ئەو شارە لێرە هەیە، وێنەی شارە لە زەینی شاعیردا، جیهانی نەستیش هەمیشە پێویستی بە بەرامبەرە بەڵام جیهانی ئایدیاکان بۆ خۆیان هەن و ڕەهان. واتە نەستە شیعر لەخوێنەردا مانا وەردەگرێت بەڵام شیعر خۆی لای خۆی هەیە و بوونی ئەو هیچ پەیوەندیەکی بە خوێنەرەوە نیە. قەسیدەی شار، قەسیدەی خۆ ئامادەکردنەوەی

شاعیره لەزەینی شاردا واتە پشتگوێخستنی شار بۆ شاعیر دەبێتە هێزی سایکۆلۆژیای شاعیر هەتا جارێکی دیکە خۆی حازر بکاتەوە، باسی شار لەم قەسیدەیەدا یاخود هەر شتێکی دیکە هەمووی لەم خاڵەوە دێنە دەر، هەربۆیە ئەم شیعرە هیچ مانامان ناداتێ یاخود هیچمان پێ نادات لە بوونی شتەکان، ئەوەی هەیە بەتەنها وێنەیە و بەس، دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین لەبنەمادا حەقیقەت دەهێنێتە قسە. وادەکات لەناو حیکایەتێکی بەرجەستەدا ببێتە ڕووداو، شیعر لە ڕێگەی ئەم بەراوردکردنەوەی بوونەوە دەبێتە شیعر. ئەوەش وادەکات شیعرێك نەمر بێت و بمێنێتەوە، هەر ئەم بوونەیە کاتێك خۆی لە عالەمی شیعردا دادەنێت. شاعیر لەڕێگەی ئەم شیعرەوە نزیك دەبێتەوە لە ئایدیاڵی شتەکان، لێرەدا شیعر وەك کایەك نەك هەر شتەکان واڵا دەکات کە دەردەکەون بەو شێوەیەی کە لە بوون خۆیاندا هەن بەڵکو پارێزگاریشییان لێ دەکات. واتە لەکاتی بوونیاندا پارێزراو دەبن، لەعالەمی شیعردا.

بە پێچەوانەوە عالەمی سایکۆلۆژیا کاتێك وێنەی شتەکان هەڵدەگرێ ناتوانێ پارێزگاری بکات، ، چونکە کاتێك حەقیقەت دەردەکەوێت، وێنەی شتەکان ئاو و ئاو دەچن. هەربۆیە ئەم شیعرانە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، واتە عیشق لەناو سەدان شیعردا هەیە بەڵام، چونکە کامل نیە یاخود ئایدیاڵ نیە شیعرێکی دیکە جێگە چۆڵ دەکات بەم شیعرە، بەڵام کاتێك دوو شیعر هەبن هەردووکیان حەقیقەتی عەشقیان تیا بێت ئەوا ئەم دوو شیعرە جێگە بە یەکتر چۆڵ ناکەن بەڵکو هەریەکەیان تام و بۆنی هەیە کە تایبەتە بە سروشتی شاعیرەکەوە، لێرەدا کامیان باشتر بوون تیایدا دەردەکەوێت ئەویان لە حەقیقەتی شیعرەوە نزیکترە. نەستەشیعر بە دوو شێواز خۆی درێژدەکاتەوە کە هەردووکیان دەکەونە دەرەوەی مرۆڤ و هێزێکی دیکە تەحەکوم بە بوونیان دەکات، کە ئەویش ڕاستی ئەویترە جا ئەو ئەویترە لە قالبی تاك بێت یان کۆمەڵگا. بۆ زیاتر ئاشنابون بەم جۆرە لە شیعر دوو شێواز جیا دەکەینەوە:

### ٩_ خودە شیعر:

سەرەتا دەبێت ئەوە ڕوون بکەینەوە ( خود) لە مرۆڤدا بوونی وابەستەیە بەدەرەوەی خۆی یانی دەرەوە خودی مرۆڤ دروست دەکات، ئەم خودەش لەناو ڕۆشنبیری ئێمەدا زۆر بەهەڵە ڕۆیشتووە کە بە (من) ناوبراوە، ڕاستی ئەو خودە یەکسان دەوەستێەوە لەگەڵ (من) بەمانا فرۆیدەکەی، بەڵم ئەم(خودە) جیاوازە لە (من) لای دیکارت. لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا کاتێك باس لە (خود) کراوە، دواتریش کەم تا زۆر ئەمە ڕوون دەکەینەوە. خودی مرۆڤ کاتێك کە دەکەوێتە بەر ڕقی

دەرەوە، چونکە چونکە (خود) قابیلی بریندارکردنە، لە کاتێکدا (من)ی مرۆڤ کە ڕۆحی خۆیەتی هیچ هێزێك ناتوانێ برینداری بکات، بەڵام خود کاتێك بریندار دەکرێت، مرۆڤ تووشی وێنەسازی دێت، واتە لەسەر بنەمای ئەم برینەوە شتەکان وێنا دەکات. فرۆید زۆر وورد ئەم حاڵەتە دیاری دەکات، ئەو پێی وایە ئەوانەی تووشی گرییەکی دەروونی دەبن، دواجار ئەدەب دەکاتە دەرگایەکی والآ بۆ پڕکردنەوەی ئەو برینە. فرۆید ئەدەب بەمە دەزانێت واتە یانی سایکۆلۆژیا، لێرەدا شیعر وەك نەخۆشیەك دەردەکەوێت لەکاتێکدا شیعر نەخۆشی نییە، گریەکی دەروونی نییە شاعیر خۆی خاڵی بکاتەوە. لەم بارەدا شاعیر دەکەوێتە ناو وێنەسازی، دەکەوێتە ناو ئەوەی لە شتەکان بدات و شتەکان وێنا بکات، لەم برینەوە شیعر هەڵڕشتنی برین نییە. تۆ نەستت وەئاگا بێنی و بڵێی ئەمە شیعرە، شیعر غەریزەیەك نیە لەناو مرۆڤدا پێویستی بە ئەویتر بێت تا خۆی تێر بکات، شیعر عالەمێکی تایبەتە. بەختیار عەلی دەڵێت ((شیعر لە خەیاڵ و یادەوەری و زمان و قولآییەکانی نەستەوە دێت))١٦. ئەم دیدە دیدێکی فرۆیدیە بەرامبەر بە شیعر و ئەدەب. لێرەدا ئەدەب سەرەتا تووشی شتەکان دێت دواتر هێزی ئەم شکانە دەبێتە چارەی ئەدەب بۆئەوەی خۆی چارەسەر بکات. کێشەی نەست ئەوەیە خاوەنی خۆی نییە. کۆمەڵگایە لەقاڵبی دەنگی جیاجیادا حزووری هەیە لەناو مرۆڤدا بەوەی وەك مەرجەعێك مرۆڤ ئاراستە بکات. زۆربەی ڕۆشنبیران و تەنانەت فرۆیدییش حەقیقەتی مرۆڤە لەمە زیاتر نابینێت. هەروەك بەختیار عەلی دەڵێت ((ئەو دەنگە تەنیا سەرچاوەیەکی نیە، بە تەنیا فەلسەفەیکی لە پشت نیە، بەڵکو لە دەیان سەرچاوەوە دێت، ئەو دەنگە تەنیا دەنگی باوکەکان و دەنگی نەریتەکان نیە بەڵکودەنگێکی ترە))١٧ یان دەڵێت ((مرۆڤ ئەو کتێبە نیە کە کۆی مێژووی پیشووی مرۆڤایەتی لەسەر نووسراوە))١٨ یان دەڵێت ((ئایا مرۆڤ لەخۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی تر نیە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی خود))١٩ ((ئایا نەست شوێنی کۆبونەوەی ئەو شفرانە نیە کە هۆشیاریەکی دەستە جەمعی بۆ هەموو مرۆڤ فەراهەم کردووە))٢٠.

هەموو ئەو ڕستانەی سەرەوە شایەدی ئەوەن مرۆڤ هەمیشە مناڵی کۆمەڵگایە، مێژوو دایکی مرۆڤە. یادەوەری و نەست چارەی هۆشیاری مرۆڤن هەموو ئەوانە دەکەونە ناو خودەوە، دەکەونە ناو نەستەوە. ڕاستی مرۆڤ بریتی نیە لە (نەست)، مرۆڤ خاوەنی بوونێکی ترە خاوەنی (من) ێکە کەوا مێژوو نیە، بەڵکو مرۆڤ خاوەنی ڕوحە کە جیاوازە لە نەست، جیاوازە لە سایکۆلۆژیا، لە ڕۆحی مرۆڤدا یاخود لە بوونی خۆیدا. مرۆڤ ئەگەری ئەوەی لە پێشە بگەڕێتەوە سەر ئەسڵی خۆی

ئەوە مەرجەعی ڕاستەقینەی مرۆڤە، سوقرات لە گفتوگۆی (فایدۆن) زۆر جوان ئەمە ڕوون دەکاتەوە، ئاماژە دەکات کە ئایدیاڵی شتەکان لە ڕۆحی مرۆڤدا هەن پێش ئەوەی خۆی هەبێت، مرۆڤ ئەوکاتە دەکەوێتە ناو هۆشیاری تەواوەوە کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە، لەگەڵ بوونی خۆیدا کە خۆی هەماهەنگ دێتەوە لەگەڵ بووندا. بەم هەماهەنگیە مرۆڤ مەعریفە پەیدا دەکات، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە بیرکردنەوەی ڕەسەندا دەبێت بەرامبەر بە خۆی و بەرامبەر بە جیهان. (من)ی مرۆڤ لەدەرەوەی خۆیەوە نەهاتووە، کۆمەڵ دایکی نیە، (من) ی مرۆڤ ڕەهایە بەوەی بوونی وابەستەیە بە خۆیەوە، ب وخۆی لەناو خۆیدا هەیە بەبێ شاهیدی هیچ شاهیدێك ئەم (من)ە مرۆڤ بەرەو ئازادی ڕەها دەبات. هێگڵ لە فەلسەفەی مێژوودا باس لەوە دەکات، کاتێك مرۆڤ دەکەوێتەوە ناو ڕۆحی خۆیەوە ئەو کات سنوربەندی نامینێ بەرامبەر بە مرۆڤ، مرۆڤ دەکەوێتە ناو بێ سنوریەکی بێ پایانەوە. ڕاستی ئەم دیدەی سەرەوە دیدێکە کورت بینە بەرامبەر بە مرۆڤ، بەرامبەر بە ڕۆحی مرۆڤ و بوونی ڕاستەقینەی، بۆیە هەمیشە دیدەکانی لەناو مەترسی لەناوچوندان، مرۆڤ بۆ شاهێدی خۆی بۆئەوەی شتێك ڕوون بکاتەوە کە چییە، بەبێ بوونی (بوون) ممکن نیە جەوهەری خۆمان و جیهان بزانین. ئەم (بوون)ە شاهێدە نەك نەست و مێژوو و یادەوەری خەیاڵ، هەموو ئەمانە دەبێت بە کۆمەکی (بوون) شتێك بڵێن لەسەر شتێك وەگەرنا هەر گوتنێکی ئەوان، بەدەر لە حەقیقەت دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین ڕەسەنیەتی و ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤ لەناو مێژوودا نیە، لەمێژوودا ناتوانێت حەقیقەتی مرۆڤ بزانێت چییە؟ حەقیقەتی مرۆڤ لەناو (بوون) یایەتی، نەك مێژوو. ئەوەی مرۆڤ لە بوونەوە دەیهێنێ پارچەیەکە یاخود دەرکەوتەی بوونی ڕەسەنی خۆیەتی نەك ئەوەی لە مێژوودایە.

لێرەدا شیعر قوڵتر و کاریگەرترە لە مێژوو، ئەگەرچی مێژوو واقیعە کەچی زۆر کەم دەستەیە لە ئاست شیعردا کە هەمیشە وەك گەمەیەك دەردەکەوێت، شیعر زیاتر ئەو کۆگایەیە کە ڕۆحی مرۆڤایەتی تێدایە نەك مێژوو. خۆ ئەگەر مرۆڤمان کردەوە مرۆڤ یاخود مرۆڤمان کردە ڕەمزی مێژووی پێش خۆی ئەوا ئەوەی بوونی نیە مرۆڤە، یانی ئێمە بێ ئەوانی تر بۆمان نیە هیچ بڵێین. ئەوەی لەدەرەوەی گوتەی ئەوانی تر بیڵێین هەمیشە قابیلی فرێدانە، یانی ئەگەر بمانەوێ ئازادی، دەبێت خۆمان هیچ نەڵێین دەبێ بزانین مێژووی ئازادی چییە، یەکەم جار چۆن سەریهەڵدا، فلان و فلان چۆن باسی دەکەن؟ لێرەدا هیچ شتێك حەقیقەتی نیە، ئەوکاتە دەکەوینە ناو بێ جەوهەریەوە، دەکەوینە ناو ونبونی مرۆڤەوە، مرۆڤ ئەوکاتە خۆی وون دەکات کە پشت لە یوون

بکات و لەدەرەوەی خۆی بە شوێن خۆیدا بگەڕێت. ئەوکاتە ئێمە و جیهان دەبینە ململانێ. ..
(زانین) نامێنێ و حەقیقەتیش دەبێتە درۆ. ئێمە لەناو نەستا تووشی ئەو فەوزایە دەبین، شیعر هیچ ناکات، کاری بەنەستەوە نیە. دوا بەدوای بەختیار، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا دەڵێت ((ئەگەر کردەی شیعر لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە بەرهەم هێنانەوەی ماناکانی نەستێ بێت، ئەوا لە ڕووەکەی دیکەوە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی نەستی لەخۆدا حەشاردراوە))٢١ یان دەڵێت ((شیعر ئەو پاڵنەرەیە کە تەواوی هەست و ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤ دەنوێنێ))٢٢ یان ((کاتێك دەڵێن شیعر ئیرادەی هێزە، بەو مانایەی کە ئیرادەی هێز لە ململانێی هێزەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ئەنجامی جیاوازیەکانەوە لە دایك دەبێت))٢٤. کێشەی ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە کە (خود) دەکاتە بنەمای مرۆڤ، ئەو پێی وایە (خود) تاکە مەرجەعی مرۆڤە، کە ئەم خودەش هیچ نیە جگە لەکۆی مێژووی مرۆڤایەتی یاخود کۆلاجێکە لە خودەکانی تر. ئەم دیدە تا ئەمڕۆش درێژکراوەی خۆی هەیە، نەك لە ئەدەب بەڵکو لەزانستی زمان و کۆمەڵناسیدا، لە تەواوی بوارەکاندا، هەر ئەمەشە وادەکات شتەکان بنەمایان نەبێت. هەروەك ئەوەی (شیعر پێناسەی نیە)، فەلسەفە نازانرێ چییە؟ یەك دنیا شت هەیە. لەناو ڕۆشبیری کوردیدا بە نەزانراوی ماوەتەوە، ڕۆشنبیری ئێمە زۆر کەم توانیویەتی پرسیار لە چییەتی شتەکان بکات.

کورد نەك هەر خاوەنی دەوڵەت نیە، بەڵکو نەیتوانیەوە وا بکات فەلسەفە بەکوردی بهێنێتە قسە، وابکات فکر بە کوردی بەرجەستە بکات. کورد، چونکە بیرکردنەوەی نیە، چەمکیشی نیە، چونکە چەمك لە بنەمادا کورتکراوەی بیرکردنەوەی شتێکە. ئەوەی وەك بیرکردنەوە هەیە لە کوردا لە شیعردا بەرجەستەی کردووە، ئەمەش لای مەحوی هەیە، لای ناسری سوبحانی هەیە کە وەك مەلایەك ناسراوە نەك وەك بیرکەرەوەیەکی ورد، نەك وەك پیاوێ کە ڕاماوە لە مرۆڤ و گەردوون و خودا. ئەم بنەما خودیە وایکردووە شیعر هەر ڕۆژەی شتێك بێت، ڕۆژێ هەستە و ڕۆژێ خەیاڵە و ڕۆژێ سۆز و ڕۆژێ. ..هتد. نیچە بۆ ئەوەی شیعر نیە دەڵێت ((هەندێك هەوەس و هەندێك خەم باشترین بیرەکانیان بەوە پڕ نیە، ئەوان لای من هێندە پاك نین هەموو ئاوەکان لێڵ دەکەن هەتا قوڵ بنوێن))٢٥ خودە شیعر، نەك ئاوەکان لێل ناکات بەڵکوهەمیشە شتەکان بەوێنە تێکەڵ دەکات، وادەکات وێنەی ناو زەینی خۆمان حەقیقەت بێت، ئەم بارەش زۆرجار لەو هێزەوە دێت کە کۆمەڵگا باوکیەتی. خودە شیعر هەمیشە شیعرێکە لە ڕکابەری کۆمەڵگادایە، ئەوەی فرۆید

باسی دەکات بۆ پڕکردنەوەی گرێ دەروونیەکانی خۆی. شاعیر دەنووسێ ئەم نووسینەش بۆیە بەهای نیە، چونکە وێنە لە بنەمادا خۆی بەهای نیە، هەربۆیەش ناشتوانێ بەها بداتە هیچ شتێك.

**١٠_ کۆشیعر:**

بۆ ئێرە واباشە پەڕەگرافێکی ئەفلاتوون وەربگرین، کە زیاتر مەبەستەکەمان ڕوون دەکاتەوە ((شیعرەکانیان هەر بەهەمێکی دیکەی تری خۆیانی دەخەنە بەردەم ئەوان، ئەو کەسانە خەڵك دەکەنە سەروەری خۆیان، واتە هەرچی ئەوان ستایشیان کرد ئەو بەرهەمی دەهێنێ، هەتا ئێستا باسێکی جیددیت بیستووە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە بەهای ڕەسەنیان هەبێت))٢٦. لەوەی پێشوودا کە خودەشیعر بوو، زیاتر شیعرەکە بە شەڕکردن لەگەڵ کۆمەڵگا دەست پێدەکات، بە پێچەوانەی ئەمەوە کۆشیعر هەمیشە خۆشەویستیەکی بێ وێنەدەکات لەگەڵ کۆمەڵگادا. (کۆ) کورتکراوەی کۆمەڵگایە، بەکارمان هێناوە، خوێنەر کاتێك تێگەیشتن کە لێرەدا مەبەستمان چی یە، ئەوە خۆی ئازادە چی بەکاردەهێنێ یان ڕەنگە چەمکێکی دیکە گونجاوتر بێت.ئێمە بۆئێستا ئەمەمان بەکارهێناوە بەو ئومێدەی بتوانێ فکرەکان بەرجەستە بکات.ئەم جۆرە لەشیعر هەمیشە بە عەقڵیەتی کۆمەڵگا کاردەکات، چی باشە ئەو ئەوە دەکاتە بابەتی خۆی، ئەمەش هەمووی لەو خۆشەویستیە دێت کە شاعیر بە شوێنیا دەگەڕێت.ئەمەش بەدەستهێنانی ئەو سەرمایە ڕەمزیە کە کۆمەڵگا دەیداتە کەسەکان. بنەمای لەدایك بوونی ئەم شیعرەش چێژی دەسەڵاتە، خزمەتکردنە بەکۆمەڵگا لەشوێنێکەوە هەتا کۆمەڵگاوە بخاتە خزمەتی خۆیەوە لە شوێنێکی دیکەوە. ئەم جۆرە لە شیعر دەرکەوتەیەکی تری هێزی کۆمەڵگایە، هێزی کۆمەڵگا وەك خۆی هێزی دەرکەوتەی جیایە هەرجارەو لە شوێن و لەفۆڕمێکی دیکەوە مرۆڤ ناچار دەکات کۆیلەی خۆی بێت.

کۆشیعر ئەو شیعرانەن کە ڕۆژانە دەیانبینین لە ڕۆژنامە و گووڤارەکان هەن، ئەوەی ئەمڕۆ داخێکی گەورەیە دنیا بە پیر ئەم جۆرە شیعرانەوە دەڕوات، ئەم شیعرانەن شیعریان ون کردووە وەك بەرگێك هەمیشە ڕووی شیعر دادەپۆشن و ناهێڵن دەرکەوێت. ئەمڕۆ ئەوە شیعر نیە پاشەکشەی کردووە لە دنیا، بەڵکو ئەو جیهانە پاشەکشەی کردووە لە جیهان. جیهانە شیعری لەبیرکردووە، نەك شیعر جیهان لە بیر بکات. ئەوەشی مرۆڤایەتی بەدەنگیەوە دەچێت سێبەرەکانی شیعرە نەك شیعر خۆی، ئەمەش ڕاستی یان ئەوەتا لەو شیعرانەدا حیکایەتی ڕۆژانەی خۆیان لە بیردەکەن، یاخود وەبیر خۆیانی دەهێننەوە. لە ڕاستیدا شیعر وەك خۆی نەك

عالەمێکی ترە بەڵکو هەمیشە لەسەرووی کۆمەڵگاوە دەڕوانێتە شتەکان، شیعر هەمیشە شتەکان دەباتەوە شوێنی خۆیان، ئەمەش پاش ئەوەی ئەو شتە لە کۆمەڵگا دەسێنێتەوە یاخود هەموو ئەو مانایانەی لێ دادەماڵێ کە کۆمەڵگا داویەتی. زمان لە شیعردا بەتەنها وێنە نییە بەڵکو شۆڕشێکی ترە دژی زمان خۆی. ڕزگارکردنی ئایدیالی شتەکان لە فۆڕمە باوەکانی کۆمەڵگا، حەق سەندنەوەیە لەکۆمەڵگا بەوەی بە ئارەزووی خۆی مانا دانەتاشێ بۆ شتەکان یاخود فۆڕمێك داتاشێ بۆ جەوهەری شتێك، بەڵکو دانەوەی مافە بە ئایدیاڵ کە ئەو خۆی فۆڕمی ڕاستەقینەی خۆی دیاری بکات نەك کۆمەڵگا یان شاعیر. بەم جۆرە شیعر پاسەوانی حەقیقەت دەکات و دەیپاریزێ، ئەمە ئەو ڕۆحی ئازایەتیەی شیعرە کە شتەکان دەپارێزی لەهەر بابەتبوون و بوونە کەرەستەیەك ئەوەی ئەمڕۆ لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا گوتراوە شیعر شایەنی هەڵوێستە و پرسیارکردنە. ئێمە دوای گەڕانێکی زۆر ئەو مافە بەخۆمان بدەین کە بپرسین شیعر چییە؟ نەك لەسەر پێیانە و خەیاڵیانە دەقێك بکەینە شیعر و شیعرێکیش بکەینە ئەوەی جەوهەری شیعری پێ دیاری بکەین. ئەوەی لەم نووسینەدا کەم تا زۆر ئاماژەمان پێدا، ڕاستی سێبەرەکانی شیعربوون، واتە هەرەوەزێك بوو بۆ پاککردنەوەی گیاکەڵەکانی شیعر هەتا دوایی خۆمان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعردا بمێنینەوە، ڕووبەڕوو پرسیار لە چییەتی شیعر بکەین؟

هەموو ئەوەی پێشوو دەکەوێتە ناو ئەوەی شیعر لەدەرەوەی خۆی مانا و چیەتی دیاری دەکرا، یانی هێزی هاتنە ئارای لە دەرەوەی خۆی بوو. هەربۆیە بە سێبەرەکانی شیعر ناومان نان. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەین، باشە کە ئەوانە لەخۆیاندا شیعر نین ئەی بۆ پێیان دەڵێن شیعر؟ یاخود بۆ دەڵێن هەستە شیعر یان نەستە شیعر؟ یان بۆچی بەهەموو شیعرێك دەڵێن شیعر ئەگەرچی بەرئەوەش دەکەون کە شیعر نەبن؟ ڕاستی هەموو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێك ئێمە بە فۆڕم شیعرمان ناسیووە یاخود ئەو فۆڕمەیە کە شیعر هەیەتی ئەمەش وەك ماهیەت دەرکەوتووە، هەربۆیە هەر شتێك لەو فۆڕمەدا ببینرێت کە فۆڕمی شیعرە کە ئەو زمانە تایبەتەی خۆیەتی بە شیعر ناونراوە. ئومێد دەکەین ئەم هەوڵە کۆششێکی بچوك بێت بۆ دووبارە پرسیارکردنەوە لە چییەتی شیعر، بۆ ئەوەی ئەوە جیابکەینەوە هەر دەقێك وەك فۆڕم شیعر بێت یاخود زمانی شیعری هەبێت، بە شیعری نەزانین، بەڵکو ئەوەی شیعریەتی شیعر دەردەخات جەوهەری خۆیەتی، نەك فۆڕم. لێرەشەوە ئێمە لە ڕێگەی جەوهەرەوە حوکم بدەین لەسەر شیعریەت و ناشیعریەتی دەقێك. وەلێ ئەگەرچی ئەم کارە بە زەرەری ئەدەبی کوردی تەواو دەبێت بەڵام

دەبێت خۆ لە حەقیقەت لانەدەین، چونکە حەقیقەت لە ئێمە و لە ئەدەبیش گرینگترە. هەر بەخۆشی جەوهەری ئەدەب بوونی ڕاستەقینەی خۆمانە، ئێمە ئەگەر ئاوا بیرمان کردەوە ئەو کات تێدەگەین شیعر چەند قوڵە بۆ ناسینی خۆمان، تێدەگەین شیعر چەند پاسەوانێکی دڵسۆزە بۆ پارێزگاریکردن لە ڕۆحی ئێمە، دواجار ئەو پرسیارەش بکەین ئایا کورد جگە لە شیعر شتێکی دیکەی هەیە ڕۆحی خۆی تیا دەرکەوێ؟ ئایا کورد چی دیکە دەبێتە شوێنی دامەزراندنی ئەو، یانی ماڵی ئەو لە دەرەوەی شیعر چییە؟ ئایا زمانی ئێمە دەتوانێ ببێتە زمانی بیرکردنەوە یا فەلسەفە؟ یان هەر شیعر دۆخی ڕاستەقینەی زمانی ئێمەیە؟ تا ئێرە کۆتایی بەم لێکۆڵینەوەیە دەهێنین بەو ئومێدەی لەباسی تردا کە تایبەتە بە شیعر خۆی بتوانین زەمینەی ئەوە ساز بکەین و بپرسین شیعر چییە؟

# سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. چەند وردبونەوەیەك لەبارەی میتافیزیکەوە، دیکارت. و.حەمید عەزیز، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٥، لاپەڕە٢٦.

٢. کۆمار، ئەفلاتوون، و.ڕێبوار قارەمانی، سۆران عمر، مەهدی چۆمانی، هەولێر ٢٠٠٠، لاپەڕە ٢٧٦.

٣. پەیبردن بەژیان پەیبردن بە شیعر و بوون، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١، لاپەڕە ٤٠.

٤. کۆمار، ئەفلاتوون، و.ڕێبوار قارەمانی، سۆران عمر، مەهدی چۆمانی، هەولێر ٢٠٠٠ لاپەڕە ٤٧٧.

٥. کۆمار.....لاپەڕە ٤٧٨.

٦. هونەری شیعر، ئەرەستۆ، و.عەزیز گەردی، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٤، لاپەڕە ١٧.

٧. شیعریەتی خوێندنەوە، ئەدۆنیس، و.عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕە ٥٥.

٨. هۆڵدەرلین و گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، و.حەمید عەزیز، ڕامان، ژمارە ١٠٤، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٣١.

٩. دەنگدانەوەی شیعر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٧٧، هەولێر ساڵی ٢٠٠٣ لاپەڕە ٧٩.

١٠. کۆتایی فەلسەفە و ئەرکی بیرکردنەوە، مارتن هایدگەر، و.سۆران عمر، گۆڤاری ویست، ژمارە١، هەولێر لاپەڕە٦

١١. گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیارعەلی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٧١، هەولێر ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٩.

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠.

١٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠.

١٤. لە هێرمۆنتیکی هایدگەرەوە بۆ پرۆسەی تەئویل، عیرفان مستەفا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٨، ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر لاپەڕە ١٥.

١٥. گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر. ....... لاپەڕە ١٠.

١٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١.

١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١.

١٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠.

١٩. پەیبردن بە ژیان پەیبردن بە شیعر و بوون، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، لاپەڕە ٤٥.

٢٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٦.

٢١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٠.

٢٢. وەهای گوت زەردەشت، نیچە، و.عەلی نانەوازادە.، هەولێر ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە ١٤٧.

٢٣. کۆمار، ئەفلاتوون. .........، لاپەڕە ٢٩٢.

# کورد لە نێوان شیعر و مێژوودا

هەر لەبەراییەوە دوو هێزی نووسین زۆر بە گەورەیی لە دایکبوون، کە بونەتە دوو ڕێگەی گەورە لەبەردەم مرۆڤایەتیدا. یەکەمیان مێژوو و دووەمیشیان ئەدەبە، کە هەردووکیان تەژین بە ئەزموونی مرۆوە ئەم دوو ڕێگەیە لەنووسین، زۆر ئەزموونیان لەناو خۆیاندا جەم کردووە، زۆربەی نووسینەکانی دنیا گەلێك جار ناچارکراون، کە دەبێت سەربەیەکێك لەم دوو وێستگەیە بن، کە ئەویش مێژوو و ئەدەبە. .. ئەم نووسینە هەولێکی گچەیە بۆ قوتاربوون لەو دوو هێزە، دروستکردنی ماڵێکە جیا لە هەردووکیان (ئەدەب – مێژوو). ئاماژە کردنە بۆ دەرکردنی کۆمەڵێك شت لەمێژوودا و دواتر ئاشتبونەوەیان لە نێو ئەدەبدا.

ڕاچڵەکینێکە بۆ دەربازبوون لەهەریەك لەم دوو هێزە، هەولێکە بۆئەوەی سەربە هەردووکیان بێت و لەهەمان باریشدا سەر بە هیچیان نەبێت. سەر بە مێژوو بێت و بەوەی باسی مێژوو دەکات و سەربە ئەدەبیش بێت بەوەی باسی ئەمیش دەکات هاوکات هەوڵە بۆ ئەوەی نەکەوێتە نێو گەمەی هیچ کام لە مێژوو و ئەدەبەوە، دیارە دنیایەك نووسینی دیکەش هەن وەك فەلسەفە، زانست. .... هتد، بەڵام قسەکردنی من قسەکردنێکە پڕە لە دوولایەنی و بەدیوێکی تردا پڕە لە بێ لایەنی، ئەم نووسینە دەیەوێت کوڵاجێك دروست بکات لە هەریەك مێژوو و ئەدەب، دەیەوێت وێنەیەك دروست بکات کە نە هی دەستی مێژوونووسێك بێت و نە تێکستی قەڵەمی ئەدیبێك، دەیەوێت دەقێك بێت خۆی لە هەردووکیان حازر بکات و دواتریش لە هیچیاندا بەرجەستە نەبێت، هەمیشە خەمی خۆحازرکردنی هەبێت لەنێو خانووە قوڕاویەکانی مێژوودا و ئاپارتمانە شوشەییەکانی ئەدەبدا، لەم سەروبەندەدا دیاریکردنی کورد، کاتێك لەنێو یەکیاندا هەمیشە نامۆیە وبە تامەزرۆییەوە لە دەرگای یەکیان دەدات، بەڵام بەوپەڕی بێزاریەوە دەردەکرێ و بە شەرم و دڵشکاویەکی زۆرەوە لە ماڵێکی تردا دەبێتە ئەندام. زەمانێکی زۆر لەیەکیان دەبێت و بێ ئاگا لەخۆی لەنێو ئەوی دیکەدا دەنگەکانی خۆی بیستوتەوە، لێرەدا دەکرێ بپرسین: بۆچی مێژوو وەك ماڵێك کوردی نەکردوتە نەوەی خۆی؟ بۆچی کورد لەمێژوودا نادیارە؟ ئایا مێژوو دەریکردووە یا کورد خۆی نەیتوانیوە بێتە ناو مێژووەوە؟ بۆچی ئەوەندەی کورد ڕابردووی لەنێو ئەدەبدا هەیە ئەوەندە لەمێژوودا نییەتی؟ بۆچی ئەدەب هەمیشە کوردی ئاشت کردوتەوە؟ ئایا ئەمە دەسەڵاتی مێژوو بووە وا لەئەدەب دەکات یاخود دەسەڵاتی ئەدەب خۆیەتی کە مناڵە

فڕێدراوەکانی مێژوو بگرێتە خۆی؟ بۆ هەمیشە کورد لەبەر پەنجەرەکانی مێژوودا نەبینراوە؟ دەرگاکانی مێژوو بۆ بەدەستی کورد خۆی نەکراوەتەوە؟ ئایا کورد توانیویەتی خۆی بنووسێتەوە؟ ئایا کورد خۆی نەیویستووە مێژوو ڕابردووی بنوسێتەوە؟ ئایا چەند کورد لە حاڵەتی ئاگاییدا لەناو مێژوودا هەستی بە حزووری خۆی کردووە؟ ئەمانەو دنیایەك پرسیاری دی کە مەبەستی ئەم نووسینەیە، ڕۆژانە لە دایك دەبن و لەناودەچن، لێرەوە هەوڵی ئەم نووسینە جۆرێکە لە گەڕان بەشوێن ئەم پرسیارانەدا بەئاگا لەوەی ڕەنگە ئەم پرسیارانە نەمان بەنەوە سەر حەقیقەت و دەلیل نەبن بۆ دنیایەك لەنێو ڕاستیدا، ڕەنگە خۆی شاردنەوەی کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە بن کە ئەمانە خۆیان پرسیاری سەرەکیبن، کە گوماناوی بن و دواتر بە حەقیقەت بەرجەست ببن، ، چونکە گەر حەقیقەتێك لە گومانەوە نەهاتبێ بەتاڵە. خۆ ئەگەر گومانێکیش بە حەقیقەتێك نەیەتە کۆتا سەرەتایەکی بۆشە. هەر لێرەشەو پریسارەکان ئەوەندەی گومانیان لەخۆگرتووەو بەرامبەر بە حزووری کورد لە ئەدەب و مێژوودا، ئەوەندە هەوڵ نییە بۆ چەقبەستویی کورد لەناو یەکیاندا، واتە کاتێك لەنێو دنیایەك گومانا بیردەکەیتەوە بەوەی ڕابردووی کورد ڕابردوویەکی گوماناویە، هەمیشە پرسیار و وەڵامیش لەنێوان ئەو فەزا گوماناوییەدا، سەردەردێنن و درێژ دەبنەوە، پێدەچێ ئەم نووسینە ئەوەندەی دروستکردنی پرسیار بێت ئەوەندەی هەوڵی وەڵام دانەوە نەبێت، پێدەچێ ئەم پرسیارانە بۆ خۆیان پلەیەك بن بۆ گەیشتن بەدنیایەك پرسیاری دیکە، بەوەی بە پرسیار خۆی دروست بکات و بە پرسیاریش بێتە کۆتا.

( ١ )

مێژوو هەمیشەماڵێك بووە بۆ شانازی پیاوەگەورە و سیاسیە گەروەکانی دنیا، تاکە ماڵێك کە هەمیشە لەخەمی گەورەیی شۆڕشگێڕە گەورەکاندا بووە، مێژوو بووە، لەم خاڵەدا مرۆی بچوك جێی نەبۆتەوە. ئەوانەی لە بچوکترین کوخدا ژیاون و ئەم ماڵە گەورەیە ونی کردوون و کەسیش سۆراخیان نازانێ، فیرعەونەکان کاتێك هەڕەمەکان دروست دەکەن ئەوەندەی هێشتنەوەی گەورەیی خۆیانە لە مێژوودا ئەوەندە خۆ ئامادەکردنیان نییە بۆ ڕۆژی پەسلان. پیاوە گەورەکان زۆر عاشقی وێنەکانی خۆیان بوون لەناو مێژوودا. (سەدام حسێن) کاتێ: ناوی خۆی تۆمار دەکات لەسەر خشت و بلۆکی مزگەوت و ئەپارتمانەکان، خەمی ئەو خەمی هێشتنەوەی خۆیەتی لەناو زەمەنێکی دیکەدا، کە زەمەنی ئەونیە. (زینەفۆن) کاتێ: لەشەڕوکوشتار دێتەوە کە ئیدی هەست دەکات پیر بووە و پەنجەکانی شمشێر ناگرن دەترسێ لەوەی وێنەی گەورەیی خۆی بچوك بێتەوە، دێت و ژیانی خۆی دەنووسێتەوە تا دواجار لە ماڵێکا خۆی بدۆزیتەوە کە ناوی مێژووە.

مێژوو ئەوەندە هەوڵی کۆنکرێت کردنی شتە گەورەکانە، ئەوەندە خۆی لەسەر شتە بچوکەکان بنیات نانێت. هەربۆیە هەمیشە لە مێژووی میسری کۆندا ئەوەندەی باسی فیرعەونەکان دەکرێ باسی بابایەکی کرێکار ناکرێ کە بەشان و ئارەقەی ئەوان هەرەمەکان دروستبوون، لێرەوە دەزانین کە مرۆڤ بێجگە لە ماڵی خۆی ئەمجارە ماڵێکی تر دروستدەکات کە مێژووە، ئیدی مێژوو هەموو ڕابردوویەك نانوسێتەوە و وورد نییە لەتۆمارکردنی ڕووداوەکان.

چاوی ئەو بەس شتە گەورەکان دەبینێ. ئەو نایەت بەدیار مەرگی کرێکارێکەوە بوەستێ یاخود وەرینی گوڵێك خەمگینی بکات ئەو هەمیشە چاوی شمشێری پیاوە گەورەکانی دیوە، مەرگی پیاوە گەورەکان خەمگینی دەکات. ئیدی خەڵکانێك هەن هەمیشە لە غیابی ئەو ماڵەدا دەژین خەڵکانێك کە شۆڕش و پیشەسازیە گەورەکان لەسەر شانی ئەوان بنیات نراون ون دەبن و بە ڕێکەوتیش لە یادەوەری بابایەکا باس ناکرێن. لێرەوە مێژوو تەسلیمی شوناسێك دەبێت کە قەبری شتە گەورەکانە.فارس و تورك و عەرەب کە دەگەنە تروپکی دەسەڵاتی خۆیان ئیدی مێژوو بەبێ لێپرسینەوە ڕێیان دەدات تا لەناو دێرەکانی ئەو دا بخەون، بۆئەوەی زیندوو ببنەوە لە زەینی ئەوانەی دواتر دێن و دەیخوێننەوە. لێرەوەیە کورد بەهەموو بچوکی خۆیەوە دەچێتە بەر قاپی مێژوو، هاوار دەکات بەڵام مێژوو نایبینێت و دەنگی نابیستێ، کورد هەمیشە بەدبەخت بووە لە هەڤبەر مێژوودا، چونکە چونکە مێژوو نەبۆتە ماڵێك بۆ کورد تا دواجار دڵنیا بێت لە بوونی خۆی، هەربۆیە هەمیشە کورد بەبێ ئومێدیەکی گەورەوە باسی مێژووی کردوە، ئەوکاتەش لەسەر خوانی مێژوو کورد حزوری هەبوبێت هەمیشە خۆی نەبووە، ئەوەندەی داوەتی گەلانی تر بووە کە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا وەك مێوانێکی ناوەختە قبوڵیان کردووە، خۆکاتێکیش کورد وەك هێزێ یاخود لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی گەورەدا دەرکەوتووە قەت ڕۆژێك نەپرژاوەتە سەر ئەوەی خەون بەمەوە ببینێ کە لەمێژوودا خۆی تۆمار بکات. کورد لە زۆربەی ساتەوەختەکانی ئامادەگیدا لە مێژوودا قەت ئاگا نەبووە بەخۆی ئەوەندەی بەڕێکەوت لە یادەوەری بابایەکی بیانیدا باس کراوە، هەربۆیە کورد نامۆیە بەڕابردووی خۆی هەمیشە لەسەر ئەگەر و گومان بەنێو یادەوەری خۆیدا گوزەر دەکات، هەمیشە دڵنیا نییە لە نەسەبی خۆی.

مێژوو زۆر کەم بۆتە باڵکۆنی میللەتە بچوکەکان، میللەتە بچوکەکانیش کە لەناو مێژوودا بوون ئەم پرۆسەیە حازربونیان هەمیشە بە غیابی خۆیان بووە، مێژووی یۆنان کاتێك خۆی دەنووسێتەوە ئەوندەی گەورەیی دەسەڵاتی یۆنان وا دەکات مێژوو بنوسێتەوە ئەوندە بچوکی مێژووی خۆی

نییە. کاتێك ڕۆما یۆنان داگیردەکات سەیردەکات حوکمی شمشێر بەقەد هێندە بە زەبرە کە لەبەرچاوی خەڵکیدایە، خۆ گەر شمشێر نەما ئەوکات ترسی شمشێر بە دەستیش نامێنیٚ، هەربۆیە ڕۆما دەکەوێتە ژێر کاریگەری یۆنانەوە، لە کاتێکدا یۆنانیەکان داگیرکراون، چونکە چونکە ڕۆمیەکان هەستیان بەمە کرد کە زیندووبونەوەیان لەناو هێزی سەربازیدا کورتخایەنە، ئەوەی وادەکات لە دەرەوەی زەمەن و شوێنەکانا دوور لە زەمەن و شوێنی خۆت زیندوو بیت مێژووە، هەبۆیە سەرسام و کاریگەر بوون بە فیکری یۆنان و کەوتنە لاسایی کردنەوەی یۆنانییەکان، پاشانیش لەسەردەمی ڕێنیسانسدا کاتێك هەموو گەلانی دنیا تواوبونەوە لەناو زەنگی کلێسا و قەشە و پاپا و ڕەبەنەکان، هەربۆیە یەکەمین کارێك کە میللەتان لە ڕێنیسانسدا کردیان گەڕانەوە بوو بۆ زمانی ئەسڵی خۆیان تا سەرەوەریەکانی خۆیان تۆمار بکەن. لێرەوە دەکریٚ بڵێین میللەتە گەورەکان زیاتر لە میللەتەت گەورەکان چانسی حازربوونیان هەبووە لەناو مێژوودا، دواتر پیاوە گەورەکان شادێڕی مێژوو بوون و پیاوە بچوکەکانیش هەمیشە فاریزە و داش بوون.

( ٢ )

پێشتر زانیمان کۆمەڵە کەسانێك هەبوون بە بچوکی خۆیانەوە نەیانتوانیوە بچنە نێو باڵی مێژووەوە ئیدی لەبەردەم مێژوودا بەوەی نەبینراون لەگەڵ ئەوەشدا لە دەقیق نەبینینی مێژووشەوە، دنیایەك شت لەبیر کراون و شاردراوەنەتەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەداماڵێکی دیکە هەبووە کە پێچەوانەی مێژوو ئیشی کردووە کە ئەویش ئەدەبە، کە دەتوانین بڵێین خوانی پیاوە هەژار و بچوکەکانی دنیا بووە، هەتیوخانەیەك بووە بۆ ئەوانەی مێژوو باوەکوشتەیان بووە، خوانێك بووە بۆ برسی و ڕووت و ڕەجاڵەکان. ئەگەر مێژوو بەوە شانازی بکات کە شتە گەورەکان لەناو ئەودان ئەوا ئەدەب شانازی بەگیانە بچوکەکان و ماندووەکانەوە دەکات، ئەدەب خاوەنی هیچ کۆت و ڕێسایەك نییە تا دەرگا لە هەندێك دابخات و بەڕووی شتانگەلێکی تردا هەمیشە قاپی کراوە بێت، لە کاتێکدا مێژوو هەمیشە پێوەری هەبوون بۆ تۆمارکردنی شتەکان. ئەگەر نەسەب و ڕەچەڵەك و. ..هتد لەمێژوودا کاریگەریان هەبێت، ئەوا لە ئەدەبدا هەبوو ئەمانە بە ئەندازەی پووشکێك سەنگ و قورساییان نییە، هەربۆیە ئەدەب هەمیشە شوێنی پێکەوە ژیان و شوێنی ڕەنگاوڕەنگی و یەکترقبوڵکردن بووە، هەمیشە کارەساتە بچوکەکان پیاوە بچوکەکان مەرگە

بچوکەکان لەبەردەم ئەگەری ئەوەدابوون،  کە لەناو ئەدەبدا وەك گەورەترین کارەسات و گەورەترین پیاوی دنیا هاتونەتە ئەژمار و ئەوانەی لە مێژوودا خۆیان ون کردوە دواتر لە ئەدەبدا خۆیان دۆزیوەتەوە. شاعیرەکان هەموو ئەو کەسە بچوکانە بوون کە مێژوو نەیدیون بەڵام لە ئەدەبدا دەبنە پێشڕەو و سەرپشك،  وەك ڕامبۆ،  بۆدلێر...هتد، عومەری خەیام. لە مێژوودا کەسێك کە هیچ شوناسێکی نییە و مێژوو قەدری نازانێت. ئەدەب قەدری دەداتێت، ئەوەندەی مێژوو جەنگیزخان دەبینێت ئەوەندە نالی نابینێت، بۆیە دواتر نالی لەماڵێکا پەروەردە دەبێت کە ئەویش ئەدەبە،  ئەدەب دواهەمین مەنزڵگای کەسە شەرمنەکانی دنیایە، مێژوو تا نزیکەی سەدەی ٢٠ بەدوای شتە گەورەکانا گەڕاوە و شتە بچوکەکانی فەرامۆش کردووە،  بەڵام وەنەبێ خەڵکانێك بێ ئاگا نەبووبن لە کوێری چاوێکی مێژوو هەربۆیە ماڵێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە کە ئەویش ئەدەب بووە،  وەنەبێ ئەدەب پیاوە گەورەکانی فەرامۆش کردبێ  ئەوە هیچ کاتێك لێپرسینەوەی نەبووە لە کاتێکدا مێژوو بە تەنیا بەخەم شتە گەورەکانەوە بووە. لێرەوە کوردێك کە خۆی لە هیچ مێژوویەکا نەدیوەتەوە کە هیچ دەستێك ئەوەی ڕانەکێشاوە. خۆی بەدەستەکانی خۆی ماڵێکی وێکناوە کە ئەدەبە، تا لە وێوە هاوار لە دنیابکات و بۆ ساتێك بەدیار سەدای خۆی ڕابمێنێت،  هەربۆیە شیعر زۆربەی ڕابردووی کوردی پێکهێناوە و کورد ئەوەندەی لە شیعردا حزوری هەیە ئەوەندە لە مێژوو دا نییەتی،  ئەدەب جوانترین و پەناگەترین ماڵ بووە کە کورد تیایدا هەستی بە بوونی خۆی کردبێت  بابا تاهیری هەمەدانی بچوکترین پیاوی سەردەمی خۆی بووە،  مێژوو هیچ کاتێك ڕێی نەداوە لە پەنجەرەکانی ئەوەوە باسی ئاسمان و زەوی بکات، بەڵام ئەدەب دواتر (شیعر) گەورەترین بڵندگۆی ئەو بووە تا دەنگەکانی خۆی تیادا دەرببڕێت، کاتێك کورد لە مێژوودا دەرکراوە سکاڵای خۆی لە ئەدەبدا دەربڕیوە. زۆرجار ئەدەب خیانەتەکانی مێژووی باس کردووە ئەگەر مێژوو خیانەتەکانی ژیان تۆمار بکات بەوەی هەمیشە تەژی بووە بە خوێن ڕشتن ئەوا ئەدەب زۆرجار خیانەتەکانی مێژوو تۆمار دەکات بەوەی هەمیشە دنیایەك شت لە بیر دەکات. ئیدی کورد بەهەموو مەزڵومی بچوکی خۆیەوە بە چ ڕوویەك لە دەرگای مێژوو بدات یاخود مێژوویەك بەو هەموو نادەقیقیەی خۆیەوە لە کوێ میللەتێکی بچوکی وەك کوردی دیوە، بۆیە کورد دەبێ هەمیشە شەڕی ئەو ڕابردووە بکات و لێرەوە بە هەموو دنیا بڵێت، ئیدی من ئەو میللەتە گریاوەنیم کە مێژوو دەری کردم، و بڵێت ئەی مێژوونووسانی دنیا من هەر ئەو گەلەی

جارانم و ئەمێستاش مێژوو بە قابیلی خۆم نازانم تا بم نووسێتەوە، من ئێستا (کوردم) وەك خۆم هیچ ڕۆژهەڵات ناسێك منی نەدیوە وەك (خۆم).

( ٣ )

بەوەدا کە مێژوو عاشقی هەموو شتە گەورەکانە ئیدی لێرەوە پیاوەگەورەکان لەبەردەم جۆرێك لەدەسەڵاتی گێڕانەوەدا خۆیان دەبیننەوە. لە مێژوودا هەمیشە پیاوەگەورەکانی دنیا بەسەر ڕووداوەکانەوە حاکم بوون، دواجاریش براوەکان دەبنە نووسەری مێژوو و مێژوو قەت ئەو مافەی نەداوە بە پیاوە دۆڕاوەکانی جەنگ یاخود بابایەکی بچوکی نێو ماڵێکی قوڕین نەبۆتە نووسەرێکی مێژوو. مێژوو نووسەکانیش هەمیشە گیانی براوە و ڕۆحی گەورەییەکی بێ وێنە لەناو ناخیاندا نوستووە، تەیموری لەنگ کاتێك لەهەموو جەنگ و کوشتارەکانی خۆیدا سەردەکەوێت، کاتێك ڕووداوەکان دەبنە یادەوەری هەست بەوە دەکات ساتە گەورەییەکانی خۆی لەناو ئەو جەنگانەدا دەبنە ڕووداو، دواتر زەمەنێك دێت و یەکێکی تر و جەنگاوەرێکی دیکە دەبێتە پاڵەوان لە دواهەمین ساتەکانی ژیانی خۆیدا، ئیدی لەپاڵ ترسی مردنی خۆی و ناو و شۆرەتی خۆی یادەوەری خۆی دەنووسیتەوە کە دواتر دەبێتە بەشێك لە مێژووی گەلانی سەمەرقەند و بوخارا و هەموو ئەو گەلانەی کە ئەو داگیری کردوون و لە ژیاننامەکەی خۆیدا باسی لێوە کردوون.ئیدی لەوە دڵنیابوو کە دەبێت مێژوویەك بۆ خۆی دروست بکات تا ئەمجارە لە ڕێگەی مێژووەوە جەربەزەیی و ئازایەتی خۆی بە دنیا ڕابگەیەنێت.

ئەم وێنەیە لای (زەینەفۆن)یش هەمان شێوەیە، لەناو سەرکەوتنەکانی خۆیدا باسی دۆڕانی میللەتە بچوکەکانی کردووە و هیچ کاتێك دۆڕاوەکان لە قەهری دڕندەیی براوەکاندا نەیانتوانیوە ئەمانە تۆماربکەن و بیخەنە خانەی یادنەچونەوەوە، چونکە چونکە نەمرکردنی ئەم ساتانە لای دۆڕاوەکان جارێکی تر خولقاندنەوەی مەرگێکی تر و دۆڕانێکی ترە. کاتێك شەرەفخانی بەتلیسی باسی مێژووی کورد دەکات، ئەویش پیاوێکی خانەدان و پیاوێکی ڕیزی گەورەکان بووە و زۆربەی ژیانی لەناو کۆشك و کتێب و مێزە شاهەنشاکاندا بەسەربردووە، لێرەوەیە گەر مێژوو ساتێك باسی میللەتە بچوکەکانیش کردبێت هەمیشە لە زمانی پیاوەگەورەکانەوە بووە یاخود بە ڕێکەوت لە یادەوری پیاوەگەورەکان ناویان هاتووە.ئەوەی گرنگە لێرەدا کورد هەر لە کۆنەوە هەتا سەدەی (١٠ – ٢٠) بەشی هەر دۆڕان و ڕووخان بووە، ئیدی یادەوەری لای ئەو دەبێتە ماڵێکی شپرزە

زیاتر نەك زیندوو كردنەوە و كۆكردنەوەی. هیچ گەلێك ئامادە نەبووە دۆڕان و ڕووخانەكانی خۆی دەماودەم بۆ نەوەكانی خۆی بگێڕێتەوە.

كورد كاتێك لە ئێستادا باسی ڕابردووی خۆی دەكات، هەمیشە لەو لوتكانەدا دەوەستێت كە سەربەرزی و سەركەوتنێكی بچوكی تێدا فەراهەم هێنراوە. بۆیە كورد چاوی هەڵنایەت بە شكۆوە باسی یادەوەریەكانی خۆی نەكات ئەوەشی دۆران و شكستەكانی بووە، گەلانی دیكە بەزیادەوە یاخود بە ناتەواوی باسیان كردووە، وەك پەیمانێك بەسترابێت لەنێوان كورد و ئەوانی تردا كورد سەركەوتنەكان تۆمار بكات و ئەوانی دیش دۆڕان و شكستەكان.

لێرەوە دەزانین كە مێژوو گەورەترین خزمەت بە جەنگە گەورەكان و پیاوە گەورەكان دەكات. مێژوو خوێنی پیاوێكی بچوك نابینێت بەڵام شمشێری دەستی هۆلاكۆیەك دەبینێ، ئەوەندەی مێژوو پیاوەدڕندەكانی خۆش ئەوێت ئەوەندە مەیلی بەلای پیاوە هەژارەكانەوە نییە. ئیدی كورد زۆرجار هەوڵی سڕینەوەی ئەو ڕابردووەی داوە نەوەك ببێتە نێچیری و ئێستاش فەرامۆش بكات، لەكاتێكدا ئەمە خاڵێكی وەرچەرخانی گەورەیە كە ڕابردوو بكەینە خاڵی دەرچوون بەڵام كورد هەمیشە كردوویەتیە وەستان و لەبیرچونەوە، ئەوەندەش دۆڕانەكانی خۆی كاڵ كردوتەوە لەكاتێكدا خوێندنەوەی مێژوو بەدیوە ناشیرنەكەیدا هەمیشە خوێندنەوەیەكی عەقڵانی تر و دروستترە.

( ٤ )

لەمەدا كە مێژوو ئیدی شتەبچوكەكانی دنیاو پیاوە دۆڕاوەكانی وەدەرناوە، ئیدی ئەدەب وەك ماڵێكی بەوەفا هەمیشە شوێنێك بووە بۆ پیاوە دۆڕاوەكان و میللەتە بچوكەكان، ئەوەندەی ئەدەب دۆڕاوەكان تیایدا قسان دەكەن ئەوەندە ماوەی قسەكردن نییە بۆ براوەكان. (پوشكین) كاتێك هەموو پەنجەرەكانی بەڕوودا دادەخرێت و مێژوو نایخوێنێتەوە دەبێتە دۆڕاوترین پیاوی مێژووی ڕوسیا، وەلێ ئەدەب دەیكاتە شۆڕەسوارێكی خۆی و لەناو ئەدەبدا دەبێتە پیاوێك كە زۆربەی جار شیعریش لە قەیراندا ڕزگاردەكات. (ڕامبۆ) هەمیشە لە غیابی ڕووداوە گەورەكاندا ژیاوە بەڵام ئەدەب دەبێتە خەونی ئەو و دەبێتە ماڵی ئەو، ماڵێك دوور لە جەنگ و خوێن و شمشێر هاوكات باباتاهیری هەمەدانی كاتێك بچوكترین پیاوی سەردەمەكی خۆی بووە، كاتێك بێزار لە دینا و لە خەڵك و لە سەركردە ئیدی زانیویەتی ئەستەمە باسی ئەو لەگەڵ سەركردەیەكا بكرێت، ئەستەمە گریانی ئەو بۆ مەرگی پەپولەیەك لەگەڵ پێكەنینی جەنگاوەرێك بۆ مردنی مرۆڤێ

له ماڵێكدا كۆ ببنەوە، ئیدی دواشت لەناو ئەدەبدا ساتی جوانی و پاكی خۆی نەمر كردووە.كورد وەك میللەتێكی دۆڕاو وەك گەلێك لە دوای دواوەی هەموو گەلانی دنیاوە وەستاوە، لە ڕێگەی ئەدەبەوە توانیویەتی یادەوەری و پاكی و ئازایەتی و دان پیانانی خۆی تۆمار بكات. مێژوو هیچ كاتێك نەبۆتە خوانێك كە كوردی تیا خانەخوێ بووبێت، بەڵام ئەدەب شوێنی شكانی سنور و ماڵی دەستەجەمعی هەموو مرۆڤەكانی دنیا بووە، ئەدەب شوێنی تەفسیری دەم و چاوە ناشیرنەكان بووە بۆ جوانی دینا، لە ئەدەبدا كۆیلەكان دەبنە میر و میرەكانیش بێ ئاگا لەخۆیان دەبنە كۆیلە. ئەوەی لە مێژوودا ڕوونادات دواجار لە ئەدەبدا دەبێت ڕوو بدات، میللەتێك كە لە مێژوودا دۆڕاوە زۆرجار لە ئەدەبدا براوە بووە. ئەوەی لە مێژوودا دەركراوە لە ئەدەبدا ئاشت كراوەتەوە گەر لە مێژوودا براوەكان قسان بكەن ئەوا دۆڕاوەكان لە ئەدەبدا هاوار دەكەن، كورد ئەوەندەی لە ئەدەبدا باسی دۆڕانەكانی خۆی كردووە ئەوەندەش لە مێژوودا سەروەریەكانی تۆمار كردووە.، چەندە لەبەردەم شیعرێكی ڕۆمانسی گریاوە ئەوەندەش لە بەردەم مەرگی زوحاكێكدا پێكەنیوە. هەمیشە كورد لەناو ئەدەبدا زەردەخەنی بەیان كردووە بەوەی لە گریانەكانی مێژووەوە هاتوە و هیچ كاتێك مێژوو كارەساتە گریاوەكانی كوردی نەكێشاوە بەقەد گەورەیی كارەساتەكانی خۆی، ئەوەندەی (دەربەندی پەپولە) یاخود (گۆڕستانی چراكان) ئەنفال وێنە دەگرێت و باس دەكات ئەوەندە مێژوو نووسان ئەنفال ناكەنە بابەتی گێڕانەوەكانی خۆیان هەربۆیە ئەدیبانی كورد زیاتر ڕابردووی كوردیان تۆماركردووە بەراورد بە میژوو نووسانی كورد. ئەوەندەی ئەدیبانی كورد كارەساتە خوێناوەیەكانی كوردیان گواستۆتەوە، مێژوو نووسیان نەیان كردووە. كورد ئەوەندەی ئیعترافی لە ئەدەبدا كردووە ئەوەندەش لە مێژوودا بێ دەنگ بووە گەر مێژوو كوردی كردبێتە كائینێكی بێ دەنگ، ئەوا ئەدەب كوردی كردۆتە كائینێكی قسەكەر. گەر مێژوو كوردی لەناو خۆیدا كوشتبێ ئەوا ئەدەب زیندووی كردۆتەوە لە هەناوی خۆیدا، لێرەوە دەزانرێ كە مێژوو چەندە كوێر بووە لەبەرامبەر كورد دا و ئەدەب چەند بینەر بووە بۆی، ئەوەی شیعر بۆ كوردی كردووە قەت مێژوو نەیكردووە.ئەوەی مێژوو بۆ كوردی نەكردووە دواتر شیعر بەخۆی ئەو مافەی بەخۆی داوە و كردوویەتی، هەربۆیە شیعر زۆرێك لە زەمەنەكانی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە لە كاتێكدا مێژوو زۆر زەمەنی لەناو خۆیدا بزركردووە.

مێژوو زۆرجار شاهیدێکی نابینا بووە دەرهەق بە کورد و گەلێك میللەتانی دیکە بێ ئاگا لە حەقیقەتی ڕووداوەکان بە درۆ شایەدی داوە لەسەر ئازایەتی یاخود ترسنۆکی گەلێك، زۆرجار مێژوو بێ دەنگ کراوە بەوەی نەیان هێشتووە خۆی قسان بکات ئەوەندەی میللەتە گەورەکان یاخود گەلە زەبەلاحەکان وایان لە مێژوو کردووە یاخود ناچاریان کردووە کە شایەدی درۆ بدات، بەدبەختی کورد لەوەدا بووە کە مێژوو نەیدیوە وەك گەلێکی جیا و سەربەخۆ و بە پاشکۆ یاخود بە بەشێکی بچوکی میللەتێکی دیکە سەیرکراوە، کورد ئیدی لە زەمەنێکا دەبێتە عەرەب و فارس و تورك. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش ئایا ئەم گەلانە لە هۆگری خۆیان بووە بۆ کورد تا بیکەنە پارچەیەك لە گیانی خۆیان؟ حەتمەن نەخێر! کاتێك کورد دەکەنە بەشێك لە جەستەی خۆیان ئەوەندەی مەبەستیان توانەوەی کورد بووە لەناو خۆیاندا ئەوەندە خۆشەویستی ئەوان نییە تا کوردیش بکەنە هاوبەش لە لەزەتەکانی خۆیان. کردوویانە بەشێك لە خۆیان، نەك کورد ڕۆژێك داوای مێژووی سەربەخۆ و جوگرافیایەکی سەربەخۆی خۆی بکات.

ئەم تێزە بۆ ئێستاش هەمان شتە، بەوەی کوردستان دەکەنە نێو چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووەوە. عەرەب لەبەرئەوە نیە کە برایانە لەگەڵ کوردا لەناو عێراقدا بژی بەڵکو لەبەر ئەوەیە کورد لەناو بوتەی خۆیدا بتوێنێتەوە و کە ڕۆژێك عێراق شکستی هێنا کوردیش شکست بێنی و خۆ کە سەر کەوتیش ئەوا هیچ شانازیەك بۆ کورد نییە.پێکەنین لەوەدایە ئەوندە سیاسیەکانی کورد بەتەنگ ئەو تێزەوەن ئەوەندە عەرەبەکان بەتەنگ ئەمەوە نین و گەلانی دنیا کاتێك لەگەڵ کورددا دەکەونە شەڕەوە دەیکەنە دەرەوە لە جەستەی خۆیان و بە کافر و جنۆکە و. ...هتد ناوی دەبەن، بەڵام کاتێکیش دەزانن کورد زمانێك دەدۆزێتەوە و هاوار لە دنیا دەکات ئیدی دەیکەنە برا و شەریك و دواجاریش بەشێك لە جەستەی خۆیان. هەربۆیە کورد هەمیشە دنیایەك گومانی لە بوونی خۆی هەیە، دنیایەك پرسیار ئاڕاستەی ڕابردووی خۆی دەکات و ناگاتە هیچ، نەسەب دەبێت جێگەی پرسیاری ئەو دواتر لەبەردەم پەنجەرەیەکا خۆی دەبینێتەوەکە تەڵخە بە تەم و هاڵاو و خوێن. ئەو لەحزانەی کورد لەناو مێژوودا دەرکەوتووە زۆربەی ئەو ساتانەیە کە یاخی بووە لە گیانی یەك جەستەیی و گەلانی دیکە، ئەم لەحزانەش هێندە کەمن کە ئیدی ئەبنە شاهێدی ئەوەی کورد لەمێژوودا هەیە لە هەموو زەمەن جیاجیاکاندا، هەربۆیە سەیردەکەیت لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە کورد لە مێژوودا ون دەبێت و لە زەمەنێکی دیکەدا

سەرهەڵدەدات. بەئاگا لەوەی کورد هەمیشە پێکەنینی دوژمنان فریوی داوە هەرکاتێك دەستێکی بۆ درێژکرابێ بۆ پێکەوە ژیان ئەو هەردوو دەستی ڕام کردوون بۆ تێکەڵکردنی جەستەی خۆی لەگەڵ جەستەی گەلانی تردا. (میرە کوردەکان) بەر ئەم بیرکردنەوەیە دەکەون، واتە کورد کەی یاخی بووبێت ئەو کاتە مێژوو باسی کردووە، بۆیە زۆرجار کورد بە وەحشی و جنۆکە و پیاوکوژ ناوزەدکراوە. کورد کەی هێمن و لەسەر خۆ بووە یاخود تەبا بووە لەگەڵ گەلانی وەك عەرەب و تورك و فارس وئینگلیز. ...هتد. قەت مێژوو باسی نەکردووە. ئەوەندەی لەحزە یاخییەکان کوردیان زیندوو کردووە لەناو مێژوودا ئەوەندە لەحزە ئاشتییەکانی باس نەکراوە لەناو مێژوودا.

( ٦ )

کاتێك مێژوو کوردی بەرەو ئەوە بردووە کە کردوویەتیە گیانێکی تر و بەشێك لە جەستەیەکەی تر دواتر تاکە فاکتەرێك لە خەمی لێك هەڵوەشاندنەوەی ئەو جەستەیەدا بووە، ئەدەب بووە.ئەدەب ئەو سەربەخۆییەی بەخشیوەتە کورد کە کلتورێکی جیا و زمانێکی جیا و دواجاریش تەبیعەتێکی جودای هەیە کە لە هیچ لە گەلانی دنیا ناچێ، ئەگەر مێژوو کوردی لە زەمەنێکا ون کردبێت ئەوا ئەدەب دۆزیویەتەوە، هەربۆیە (خانی) لەناو شیعرەکانی خۆیدا ساڵی لە دایك بوونی خۆی باس دەکات، کەئەمە بەتەنیا ساڵی لەدایك بوونی خۆی نییە بەڵکو ساڵی ئاشکرا بوونی ڕەخنە و شیعر و. .. دنیایەك تێزی ترە بەرانبەر بە ئێستا، کاتێك مێژوو کورد فەرامۆش دەکات و مێژوو نووسان هەمیشە قورس بووە بەسەر زاریاندا کە ناوی کوردستان بهێنن. زۆرجار ئەدیبانی کورد ئەم کارەیان کردووە و گەلێ لە بەرهەمەکانیان تەرخان کردووە بۆ کورد و کوردستان، کەم شاعیر هەیە خاوەنی شیعری نەتەوەیی نەبێت، چونکە کورد خەونێك بووە لەواندا کە هەمیشە سەربڕاوە، ئەمەش لای نالی و حاجی و دڵدار و. ...هتد ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام (مەحوی) بەتەنیا نابێتە خولیای ناوهینان ئەو زۆرجار ناوەکانی بە هەڵگری ڕۆحی شتەکان نەزانیوە، بۆیە مەحوی زۆر ئاگایانە تەبیعەتی(رۆحی) کورد وێنا دەکات و لەدوای (مەحوی)ەوە نالی برەو بە زمان دەدات، ئەمە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە گۆران. بە ئاگا لەوەی سەدەی بیستەم لە سەرەتا و ناوەراستیدا زۆربەی شاعیران و ئەدیبانی کورد هاو گوتاربوون لەگەڵ سیاسیەکاندا و لەوکاتەدا بە جۆرسێك سیاسی و شاعیر و ڕۆشنبیر تێکەڵ دەبن کە ئەستەمە لە یەکتری جیابکەینەوە و شیعر بەتەنیا نابێتە مەبەستی جوانی بەڵکو پەیامی شیعر زۆرجار دەبێتە هۆشیارکردنەوەی کورد:

**له خەو هەستن میللەتی کورد خەو زەرەرتـــانە**

**هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە**

ئەدەب، زۆرجار ئەو ڕووداوانەی جوان کردوّتەوە، کە مێژوو ناشیرینی کردوون، کاتێك مێژوو باسی کورد دەکات وەك دڕندە و جنۆکە. ..هتد لە بەرامبەر ئەمەدا لە ئەدەبدا هەمان ئەو جنۆکەیە دەبێتە عاشق، کە ئەمەش بۆخۆی هەڵگری چەندەها پرسیاری دیکەیە کە داستانی عەشقانەکان دەبێتە بەشێك لە رابردووی کورد، لەکاتێکدا ئەمە بەتەنیا خۆشەویستی نێوان دوو مەخلوق نین، ئەوەندەی دەرخەری دنیایەك تەبیعەتی کوردە کە کورد ئەوەندەی عاشق بووە، ئەوەندە جەلاد نەبووە، کورد لەتاو مەرگی مەعشوقە خۆی ئەکوژێ نەك لەپێناو کورسیدا ئەوی تر سەربڕێ، خۆشەویستی بۆتە بەشێکی زۆری میراتی باو و باپیرانی ئێمە، کەدواجار ئەدەب هەڵگری ئەم پەیامەبووە، چونکە چونکە مێژو ئەوەندەی عاشقی خوێن و شەرو خەنجەرە،لەکوێ باسی گەلێك بکات، کەتەنها عەشق دەزانێ، کە لەجێی ئەو بیر لە کورسی و دەسەڵات بکاتەوە هەمیشە خەیاڵی لای مەعشوقە و جێژوان بووە، ئەوەندی ئەدەب باسی لەحزە تەنیاکانی عاشقان دەکات، ئەوەندەش مێژوو باسی قەرەباڵغەکانی سەرکردەیەك دەکات لەکاتی شەڕدا، مێژوو باسی کوشتنی مەسیحیەکان دەکات بەدەستی سەلاحەدین، بەڵام باسی خۆکوشتنی سیامەند ناکات بۆ خەج، ئەگەر مێژوو بەشوێن ناشیرن کردنی کوردا گەڕابێ،ئەوا ئەدەب بەشوێن رووە راستەقینەکەی کوردا گەڕاوە، ئەوەندەی کورد لە ناو ئەدەبدا رووە راستەقینەکەی نیشاندراوە،ئەوەندەش لە مێژوودا شاردراوەتەوە، بەم مانایە عەشق نەی هێشتووە کورد سیاسەت بکات، بەڵام رووە ناشیرینەکانی سیایەتیش وای لە کورد کردووە بگەڕێتەوە بەر قاپی عەشق، واتە کورد لەعاشق بوونی خۆیەوە هەمیشە فکری خالی بوو لەدەست درێژی کردنی سەر خەڵك و فێڵکردن لەیتر، هەربۆیە قەت نەیتوانیووە وەك گەلانی دی سیاسەت بکات و کاتێکیش گەلانی دیکە سیاسەتیان پارچە پارچە بوون کوشتنیان دەرهەق بە کورد کردووە، ئیدی بێئاکام گەڕاوەتەوە بۆ عەشق، عەشق ئەوە ماڵ بووە، کە کورد خۆی تیا گوزەراندووە و دواتریش خۆی تیا خافڵ کردووە عەشق گەرپاکی دابێتە کورد و خافڵی سیاسەتی کردبێت، ئەوا سیاسەت بریندارى کردوە و عەشقی کردۆتەوە بەلانە کۆنەکانی جارانی.

دواتر ئەدەب گەورەترین ماڵی بووە کە گوێ لە نوزەی کەسە تۆراوەکانی بگرێ، ئیدی (کورد) زۆربەی کات و زۆربەی سەرکردە کوردەکان گیانێکی شاعیریان تێدا بووە، زۆربەی سیاسیەکانی

کورد و سەرکردەکانی شاعیر بوون، وەك شێخ مەحمود، ڕەفیق حیلمی، برایم ئەحمەد و. .... هتد و گیانی شاعیری لەناو زۆرربەی کوردا هەیە و ئەم گیانە ئەوەندەی ئەدەب وەری دەگرێت ئەوەندەش مێژوو قینی هەیە بەرامبەری. واتە مێژوو شوێنی شاعیر و عاشق و ئەدیب نییە ئەوەندەی شوێنی جەنگاوەر و سەرکردە و سەرۆکە. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نیە کە ئەدەب زۆرێکی ڕابردووی کوردی نووسیوەتەوە، لەکاتێکدا مێژوو ئەمەی نەکردووە.

( ٧ )

مێژوو دواجار مێژوو نووسەر بەرجەستەی دەکات، واتە ئەوە مێژوو نووسە وادەکات کە مێژوو وەك ڕووداوێك بێتە پێش چاو، گەر زەینەفۆن باسی ئەو ڕووداوانەی نەکردبا هەرگیز ئەو ڕووداوانە نەدەبونە بەرجەستەکەری واقیعێك کە مێژوو لەناو خۆیدا جێی دەکاتەوە. واتە مێژوو هەمیشە ئەو ڕووداوانەی تۆمارکردووە کە بۆتە جێی باسی خەڵکانی دنیا، یاخود مرۆڤێك پێوەی گیرۆدە بووە، دواتر بۆتە مقۆ مقۆ و خەڵکیش کردویانە بنێشتە خۆشەی بەر ددانیان، بەئاگا لەوەی زۆرجار مێژوو لە دەرەوەی نووسیندا خۆی بەرجەستە کردووە. واتە بەتەنیا نووسین نیە مێژوو دەخولقێنی بەڵکو زۆرجار زمانی قسەکردن مێژووی بەرجەستە کردووە و نووسینیش پێشتر زمانی قسەکردنی خەڵك بووە و دواتر لەناو نووسیندا ئەو مێژووە بەرجەستە بووە.

لێرەوە کاتێك (کورد) نابێتە ڕووداو هەمیشە حازربوونی کورد لەناو مێژوودا تەنیا لەڕێگەی بەڕووداوبونی خۆی نەبووە، ئەوەندەی وەك فاکتەرێك یان ڕووداوێکی میللەتی تر دەرکەوتووە. واتە ئەوە ڕووداوی میللەتانی دیکە بووە وایکردووە کە کورد پێوەی گیرۆدە بێت و دواتریش ببێتە جێگەی پرس و ڕای خەڵکانی دیکە. مێژوو بەدەر نیە لە ڕووداو، گەر ڕووداو حەقیقەتی شتێ بێت ئەوا مێژووش حەقیقەتی ڕووداوێکە. کورد نەبۆتە حەقیقەتی ڕووداوێك و هیچ ڕووداوێك و هیچ کاتێك مێژووش نەبۆتە حەقیقەتی کورد خۆی و کورد هەمیشە هەوڵی ئەوەیداوە ببێتە ڕووداو، بەڵام ڕووداوەکانی کورد ناوەکی بوون و هیچ تەنێك نەبوون بەرجەستەی بکەن، واتە بەرجەستە بوونی ڕووداوەکانە لەناو جسمێکا وادەکات کە ببێتە مێژوو، بەڵام کورد ڕووداوەکانی هەمیشە لەدەرەوەی جسم بووە هەربۆیە نەشچۆتە ناو مێژووەوە. لێرەوە زۆرجار ڕووداوێك هەیە لەڕاستیدا ڕووینەداوە بەڵام خۆی بەرجەستە دەکات لەناو جسمێکا و دەشبێتە مێژوو. (گەلگامێش) وەك

ڕووداو ڕوویینداوه و ئەفسانەیەکی کۆنی مرۆڤایەتیە، بەڵام کاتێك بەرجەستە بووە لە چوارچێوەی داستانێکا دواتر دەبێتە بەشێك لەمێژووی سۆمەریەکان، مومکین نیە کە گەلگامێش بچێتە ناو تەن یاخود جسمی دیکەوە، چونکە چونکە پێشتر لەناو تەنێکا بەرجەستە بووە بەڵام کورد کاتێك ڕووداوەکانی لەناو تەنێکا بەرجەستە نەبوون هەربۆیە زۆرێك لە ڕاکان جارێك کورد دەکەنە بەربەری جارێك بە ئاری و جارێك بە هیندۆئەورووپی و جارێکی دیکە بە عەرەب و. .. هتد، و لە هیچیاندا ناگاتە بەردەم وێنەی ڕاستەقینەی خۆی.

فارسەکان دەبنە ڕووداو لەبەردەم دنیادا و دەبنە ڕێگری خەونەکان ئەوروپا لە زەمەنێکا، عەرەبەکانیش لە زەمەنێکی تردا، بەئاڕاستەیەك دەڕۆن کە دژی خەونەکانی ئەورووپایە بۆیە لای ئەوروپا بەرجەستە دەبن و دەبنە واقیع و دواتریش بێ ئاگا لەخۆیان بێ ئەوەی خۆیان خۆیان بنووسنەوە دەچنە ناو مێژوەوە، بەڵام کورد کاتێك نەبۆتە ڕێگری خەونی هیچ گەلێك ئیدی میژوو نەبۆتە ڕێگری کورد کە بچێتە ناو ئەدەبەوە. کورد لەناو مێژوو دا کاتێك بەرجەستەبووە کە خەتەری ئەوەی هەبووە ڕێگر بێت لەخەونی میللەتێکی دیکە، ئەنفال وەك تراژیدی ترین ڕووداوی گەلی کورد کە ڕوودەدات، ڕوودانی ئەم ڕووداوە جیا لەوەی بەرجەستە نابێت لە جسمێکا، دواتریش نەبۆتە تێکدانی خەونی هیچ گەلێك. هەربۆیە مێژوو ئەوەندە نابینایە لەهەمبەر ئەم ڕووداوەدا کە هەر مەپرسەی دەوێت، بەڵام هەڵەبجە جیا لەوەی بەرجەستە دەبێت لە جسمی ئەوەی دەبێت بوختانێك بۆ ئێران و هەروەها ڕووداوەکەی کار لە خەونی ئەڵمانیا و گەلێك وڵاتی تر دەکات کە دروستکەری چەکی کیمیایین، دەچێتە ناو مێژووەوە. بەجۆرێك ئەوەندەی پێنج هەزار شەهیدەکەی هەڵەبجە باس دەکرێت ئەوەندە (١٨٢٠٠٠) ئەنفال باس ناکرێت لەناو مێژوودا.

( ٨ )

کاتێك مێژوو بنەچەی دەبێتە ڕووداو، بەڵام ڕووداوێك کە لەجسمێکا بەرجەستە بووبێت و دواتریش لە چوارچێوەی گفتوگۆدا خۆی دەبینێتەوە، لێرەشدا مێژوو نابێتە تۆمارکەری هەموو ڕووداوەکان، ڕەنگە ڕووداوێك ئەفسانە بێ بەڵام مێژوو دەیکاتە واقیع، ڕووداوێکی تر واقیعە بەڵام مێژوو باسی ناکات و ناشبێتە ئەفسانە. ئەدەب ئەو ڕاوچیەیە کە زیاتر وێڵی ئەو ڕووداوانەیە کە باس ناکرێن و هیچ تەنێك بەر جەستەیان ناکات، و باشترین دەقی ئەدەبی ئەو دەقانەن کە باس لە ڕووداوێك دەکەن کە نەبیستراو و نەبینراو و نەوتراون. ئەدەب تاکەماڵی کورد بووە،

ڕووداوەکانی کورد لە دەرەوەی تەن و باسی گەلانی دنیا ڕوویداون، هەر بۆیە ئەدەب بەجۆرێك کورد لەخۆی دەگرێ کە زۆر جار ئەرکی خۆشی نیە و دەیکات، واتە ئەرکی کایەکی ترە بەڵام ئەدەب ڕاپیەڕاندووە. کورد زۆرجار لە بێ ئاگاییدا لەدایك دەبێت و لە بێ ئاگایشدا گەشە دەکات، بۆیە مێژوو زۆر کەم کوردی دیتووە.

ئەنفال کاتێك نابێتە ڕووداو و لەناو لاپەڕەی ویژدانی مافی مرۆڤ و گەلانی دنیادا، ئیدی ئەدەب دەبێتە گەورەترین باوانێك کە ئەنفال وەك گەورەترین وەچەی خۆی دەلاوێنیتەوە. ئەوەندەی ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەندەش مێژووەکەی باسی ڕێکەوتننامە (١٩٧٠) دەکات، ئەوەندەی ئەدەب بەخەمی ئەنفالەوەیە ئەوەندەش مێژوو بەخەمی تۆمارکردنی ڕێکەوتنی (واشنتۆنە). پەیمانی کورد لەگەڵ ئەمریکادا لەم دۆخەی ئێستادا گەورەترین ونکردنی کوردە لەناو مێژوودا و گەورەترین حازرکردنیشیەتی لەناو ئەدەبدا. کورد بەوە لەناو مێژوودا خۆی بەرجەستە دەکات کە خەونی خۆی لەیاد نەچێت لە پێناو وەدی هێنانی خەونی میللەتانی تردا، هەرکاتێك کورد لەناو مێژوودا خەونی خۆی فەرامۆشکربێ ئەوا ئەدەب بەجۆرێك لە جۆرەکان هەوڵی بەیادهێنانەوەی داوە. خۆ کاتێك سەیری مێژووی کۆن و نوێی کورد دەکەیت پڕە لە ڕاکردنی کورد بەشوێن خەونی گەلانی دیکەدا، کورد ئەوەندەی هەوڵی ڕازیکردنی دڵی میللەتانی دیکەی داوە ئەوەندە بەخەم ئاڵۆزیەکانی خۆیەوە نەبووە. هەر بۆیە گەر کورد مێژووشی هەبێت خەتێکی زۆرکاڵە، بەڵام لەخەمی تۆخکردنەوەی ئەم خەتەدا بووە.

دەتوانم بڵێم ئەدەب بەشوێن ون بوونی کوردەوە بووە، لە کوێی مێژوودا کورد ون بووبێت ئەدەب لەویادا بەشوێنی گەڕاوە. لێرەوە بۆ ناسینی کورد بەتەنیا مێژووە شێواوەکەی نامانباتە سەر وێنە ڕاستەقینەکان، بەڵکو بەبێ خوێندنەوەی ئەدەبەکەی قەت مومکین نیە بڵێین ئێمە کوردمان ناسیوە. دەبێت لەپاڵ خوێندنەوەی مێژووی کوردا، ئەدەبەکەشی وەك بەشێکی جیا و جیهانێکی سەربەخۆ سەیربکرێت و بخوێندرێتەوە، چونکە چونکە ئەوەی مێژوو زۆرجار لەبیری کردووە، ئەدەب ئەم کارەی کردووە و هەرکارتێك مێژوو شتێکی شێواندبێ ئەوا ئەدەب هەوڵی ڕاستکردنەوەی داوە، هاوکات کورد بێ ئاگا لەخۆی لەناو مێژوودا کائینێکی بێ جوڵە و بێ هەست بووە. کورد هەمیشە خاڵی بووە لەجوڵە، خاڵیە لە دەنگ و سەدای ڕاستەقینەی خۆی، چونکە کورد بێ ئاگا لەخۆی لەناو مێژوودا حازرکراوە، خۆ ئەگەر جوڵە و دەنگیشی درابێت، هەمیشە بەرەوە ئاقارێکی بردووە کە بردویەتیە سەر هەمان بێ دەنگی و بێ ڕەنگی خۆی بەڵام کورد خۆی

ئەدەب بەرجەستە دەکات، واتە ئەدەبی کوردی شتێك نییە لەدەرەوەی خەیاڵ و خواستی خۆیدا فەراهەم هێنرابێت، بەڵکو هەمیشە بەئاگایی خۆیەوە ئەدەبی بەرهەم هێناوە. گەر کورد لەمێژوودا نەبوبێتە واقیع ئەوا ئەدەب لەنێو کوردا بوّتە واقیع، کورد لەنێو ئەدەبدا دەجولێ و هاوار دەکات و دواجاریش عەشق دەکات، دەچێت بە گژ دەرگاکاندا، لە زۆرێك لە دەرگاکاندا بەنائومێدی دەگەڕێتەوە، لەزۆرێك لە دەرگاکاندا خەمگینی خۆی دەردەبڕێ. نیگەرانە بە خوانەکانی مێژوو، ڕازی نییە بە پەنجەرەکانی خۆی لەنێو ماڵی گەلانی دیکەدا کە هەمیشە نەیانهێشتووە لە ساتەوەختی خۆیدا بکرێتەوە.

( ٩ )

سەرەوەری دواجار دەبێتە دواهەمین کاری مێژوو، بەوەی هەمیشە لەگەڵ سەروەری و سەرکەوتنەکانی دنیادا تەبایە، هەمیشە لە پاڵ نەفیکردنی دانپیانانەکانی گەلاندا ئارگیوّمێنتە بۆ سەروەریەك کەهی گەلانێکن لەناو واقیعدا خۆیان بەرجەستە کردووە و سەروەری تاکە مەبەستی مێژوو نووسان بووە. یانی مێژوو شوێنی گواستنەوەی ئازادی وجەربەزەیی  و سەروەریە، نەك شوێنی دانپیانان و گریان و پەشیمان بونەوە. کورد کاتێك لەناو واقیعێکدا بەرجەستە نەبووە و زۆربەی کات خیانەتەکانی ناوەکی خۆی وایکردوە، ئیدی هەمیشە خاڵی بووە لە سەروەری.خۆ گەر هەشی بوبێ ئەوا ئەدەب لە ئەستۆی خۆی گرتووە، چونکە مێژوو سەروەری ڕووداوێك نابینێ کە لەناو خۆی گەلێکدا ڕوودەدات و پەنهانە.

ئەو ژوورە دەهلیزانە مێژوو ناتوانێ پێی تێ بخات، ژوورەکانی دانپیانان و گریان و پەشیمان بونەوە. ئەدەب شارەزاتر و کارامەترە لە کەشفکردنی ئەم ڕووبەرە تاریکانە، کورد کاتێك هەڵگری پەیامی عێراقیەکی یەککگرتووە ئەم واقیعە واقیعێکە کورد لەدەرەوەی خۆیەتی و لەناو ماڵێك دانیشێ کە ماڵی ئەو نیە، هەربۆیە هەمیشە ڕووبەڕووی مەرگ و سەربڕین دەکرێتەوە لەلایەن گەلێکەوە کە کورد بەشێکی خەونەکەی بۆ جێبەجێ دەکات. مێژوو هەمیشە داوای فێل لە گەلان دەکات و فێل و سیاسەت هەمیشە ئەو سیحرە بوو کە مێژوویان وا لێکردووە سەیریان بکات و توّماریان بکات. کورد هیچ کاتێك فێڵی لە مێژوو نەکردووە ئەوەش گۆڵ لەمێژوو نەکات مێژوو گۆڵی لێ دەکات. ئەوەی مێژوو نەبەستێتەوە ئەوا مێژوو دەیشارێتەوە، کورد نەیتوانیوە مێژوو ڕابگرێ و ناچاری بکات بەزمانی ئەو قسان بکات، سەرەوەری و سەرفرازی گەورەتری خەونی

گەلان بووە، ئەوەندەی گەلانی دنیا مێژوویان دەوێت بۆ تۆمارکردنی سەرەوەریەکانی خۆیان ئەوەندەی بۆ نوشستیەکان نایانەوێ گەورەترین کارێك کە مێژووی زیندوو هێشتۆتەوە. ئەوەبوو کەزۆرجار مێژوو شەڕی لەگەڵ خۆی کردووە.

(١٠)

کورد کاتێك نابێتە واقیع. رووداوێکە هەمیشە لەدەرەوەی چاوی مێژووەوە روویداوە،ئیدی خاڵییە لەسەروەری خاڵیە لە ئازایەتی لەمێژوودا، بەڵام ئەدەب بەوەی شوێنی دانپیانانەکانی مرۆڤە شوێنی خودناسی مرۆڤ خۆیەتی کاتێك مێژوو کورد ناناسیێ،ئیدی کورد لەناو ئەدەبدا خۆی دەناسێنێ و شوناسی خۆی بەیان دەکات هەرکاتێك مێژوو کوردی ناسیبێ، ئیدی کورد لەناو ئەدەبدا خۆی دەناسێنی و شوناسی خۆی بەیان دەکات، و هەر کاتێك مێژوو کوردی ناسیبێ زۆربەی ئەو لایەنانەی کوردی ناسیووە کە هێشتا ماویەتی بۆ حەقیقەتی کورد خۆی. لەناو (مەحوی) دا زۆر باشتر دەتوانێت بوونی کورد بناسێت وەك لە شەڕەفخانی بەتلیسی، هەروەها نالی زیاتر دەربڕی شێوەی حەقیقەتی کوردە، وەك لە (کەمال مەزهەر) کورد کاتێك لەناو غەدر و خیانەتەکانی خۆیدا ژیاوە گەڕاوە بە شوێن ماڵێکدا تا تیابگری و هەموو ئیعترافەکانی خۆی تێدا بکات، کە ئەو ماڵەش ئەدەب بوو. گەشەکردنی شیعر لای کورد هەمیشە لەوەوە بووە کە مێژوو نەبۆتە شوێنی ئیعتراف و وە نەبۆتە شوێنی هەست کردن بە گوناهی مرۆکان خۆیان و شوێنی پاکبونەوەی دڵە پڕ لە خەوشەکان، ئەدەب گەورەترین پەنجەرەی کورد بووە تا لێوەی هاوار بکات بەڵام ئیدی ئەدەب نابێتە دۆستی مێژوو بەوەی هەرچی بۆ نارد نەیگەڕێنێتەوە، ئەوەی کە هی ئەدەبە مێژوو زەوتی کردووە بیداتەوە، بەڵکو مێژوو کەڕە لەئاست هاوارەکانی ئەدەبدا بەرامبەر بەوە ئەدەب کەڕ نیە بە هاوارەکانی مێژوو و کوێر نیە بە ڕووداوەکانی بەڵام مێژوو کوێرە لەئاست ڕووداوەکانی ئەدەب. ڕووداوەکانی کوردیش ئەوەندە ڕووداوی فەنتازیا و ئەفسانەن ئەوەندە ڕووادوێ نەبوون مێژوو بیان بینێ بۆیە ئەدەب دەقیقترە لە بینینی کورد وەك لە مێژوو.

(١١)

مێژوو لەگەڵ ئەدەبدا تاکە دوو کاری تەواوکەری یەکترن، بەڵام هەریەکەیان بەمەبەستی بچوك کردنەوەی ئەویتریان کار دەکات، بەڵام هاوکێشەکە هەمیشە یەکسانە هەرکاتێك مێژوو لە چڵە

پۆپەی خۆیدا سەمای کردبێ ئەوا ئەدەبیش لە دوندەکانی خۆیدا گۆرانی چڕیوە. (یۆنان) کاتێك کۆیلەکان لە یاد دەکات و مێژوو هەمیشە چەکی دەستی پیاوە گەورەکان بووە. مێژوو ئەوکاتەی یۆنان لە چڵەپۆپەی خۆیدابوو لە بەرامبەر بەهێزبوونی مێژووودا ئەدەبیش لە ترۆپکی خۆیدا بووە بەجۆرێك مێژوو ئەدەبی یۆنان گەورەترین سەردەمی زێڕینی خۆیان ژیاون لەو وەختەیدا. مێژووی کورد کاتێك کورد فەرامۆشی دەکات ئەدەب بە ئەندازەی ئەو دەهێنێتەوە سەر تەختی ژیان، دیارە لێرەدا سەدەی ١٩ و ٢٠ سەدەی پرسیارکردنە لە مێژوو. بە جۆرێك بڕیارەکانی بە گومانەوە لەمێژوو دەڕوانن لەوانە ئۆگستین نێری دەڵێ (پێویستە مێژوو ژیاننامەی کۆمەڵانی خەڵك بێ نەك ژیاننامەی میری)، دوابەدوای ئەمیش (هیگڵ) لە ووتەکەیدا دەڵێ (مێژووی جیهان گۆڕەپانی بەختەوەری نیە، دەورانی بەختەوەری لە مێژوودا لاپەڕەی نەنوسراون، چونکە لەو دەورانەدا ناکۆکی نەبووە) هەروەها (مارکس) بە گومانەوە سەیری مێژووی کرد کە لەسەر تاك ڕەهایی مێژوو بەتەنها بۆ گەلێك یاخود بۆ خودایەك، ئیدی کاتێك سەدەی بیستەم دێت و لەگەڵ لەدایکبوونی (پۆست مۆدێرنە)دا، مێژوو وورده وورده تێکدەشکێ. بەوەی بەتەنیا ماڵێك نیە بۆ کەسێك و بۆ گەلێك و بۆ میرێك، بەڵکو پۆست مۆدێرنە بەیانی ئەوەی کرد کە ((مێژوو دەبێت داستانە ووردەکانیش تۆمار بکات ئەو داستانانەی کە بۆڕدراون و لە پەراوێزدان. مێژووی جیاواز بێتەوە بەوەی کە ئیدی باڵی دیکەی لێ بێتەوە و مێژووی سێکس، مێژووی تاوان، مێژووی. .. هتد). فۆکۆ کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر تێکشکانی مێژوو و کوشتنی حیکایەتە مەزنەکان و ئاوڕدانەوە بۆ حیکایەتە بچوکەکانی دنیا، کورد لێرەوە چەند دەرگای لێکرایەوە کە ئیدی بێتە ناو مێژووەوە بەجۆرێك کە ئیتر چەندین هەوڵ دروست بوون کە کورد خۆی داویەتی و مێژوو نووسی کورد زیاتر بەرەوە بیری نووسینەوەی کورد بوون، هەر لەدەرچونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەك (کوردستان) (ڕۆژی کورد) (ژین). .. هتد سەیردەکەی باسکردنی کورد پانتایەکی گەورە لە ڕۆژنامەکان دەگرێتەوە. دواتریش چەندین ڕۆشنبیری کورد دەگەڵ ئەوەی سیاسی یاخود ئەدیب بوون خۆیان بە مێژووی کوردەوە خەریك کرد لەوانەش ئەمین زەکی بەگ، حسێن حوزنی موکریانی، ساڵح قەفتان، ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد خواجە و سەجادی و ڕۆژبەیانی، کەمال مەزهەر....هتد. کورد لەگەڵ لاوازبوونی دەسەلاتی مێژوودا ئیدی کورد نامۆ نەبووە بە مێژوو نامۆ نەبووە بە گەلانی دنیا. لێرەوە ڕوودانی هەر کارەساتێ لەسەر ئەم هەسارەیە یاخود لەدایکبوونی هەر فکرێك یاخود تینرێکی نوێ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەکوردەوە،

هەربۆیە ئەو فکرانەی کار لەسەر ڕەسەنایەتی دەکەن گەورەترین ڕێگرن لەبەردەم کوردا تا بگەنە ئەوەی کە ئیدی گوێی بۆ بگیرێ و ڕۆشنبیرانی کورد دەبێ ئەوە بزانن کە ئەوان بەرپرسن و وابەستەن بە هەر گۆڕانێك کە لەوسەری دنیاوە ڕوودەدات.

(١٢)

کاتێك کورد لەسەرتای سەدەی بیستەوە دەچێتە ناو مێژوەوە، سەیردەکەیت ئەدەب خۆی لەو ئەرکە دوور دەخاتەوە بەمانایەك کە لەگەڵ پەرتبوونی مێژوودا کوردیش لەناو ئەدەبدا پەرت دەبێت. ئیدی ئەدەب لەزۆر شوێندا ئەو وەزیفەیەی کە هی مێژووە لەلای ئەم بووە دەیداتەوە بە مێژوو بەئاگا لەوەی تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش گوتاری ئەدەبی ئاوێتەیە بە گوتاری سیاسی و ئەدەب بەتەنیا شوێنی ئیحساس و جوانی نیە بەڵکو شوێنی ووتار و خوتبە و وەعز و هاندانیشە، بەڵام (کورد) وردە وردە لە ئەدەب خۆی پاشەکشە پێ دەکات و هەنگاو بەرەوە ماڵی دەگرێتەوە بەر و لەناو ئەدەبدا ئیدی چەمکی (ستاتیکا) و ئەدەب بۆ (ئەدەب) لەدایك دەبێت، ئەگەرچی هێشتا دنیایەك دەقی ئەدەبی هەن کە خاڵی نین لە حەماس و لە هاوارکردن، بەڵام شەپۆلی دیکە دێتە ئاراوە، شەپۆلی ڕۆمانسی و مۆدێرنیزم و. ...هتد، بەڵام لێرەشدا ئەدەب هەر بەئاگایی خۆیەوە زیندووە، بەوەی لەکوێدا مێژوو کورد ون بکات ئەدەب دەیدۆزێتەوە، واتە ئەدەب گەورەترین چاودێرە بەسەر مێژووی کوردەوە. مێژوو لە کوێدا باز دەدات و شوێنێك بە جێ دەهێڵێ ئەوا ئەدەب بەو شوێنەدا دەچێتەوە. (ئەنفال) ڕەنگە زیندووترین نموونە بێت کاتێك لەناو مێژووی سیاسی کوردا کاڵ دەبێتەوە، ئەدەب ئەم خەتە تۆخ دەکاتەوە بەنموونەش لە شیعرەکانی شێرکۆدا، وەك گۆڕستانی چراکان. ... و. .. هتد، ڕەنگ دەداتەوە.

# قوتابخانەی دەروونشیکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا

بۆ تێگەیشتن لە بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاری و ئەو ڕوانینانەی کە هەیەتی بۆ ئەدەب و دیاردە ئەدەبیەکان، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی زانستی دەروونشیکاری. ئەویش زانای ئەڵمانی *سیگمۆند فرۆیدە* (١٨٥٦–١٩٣٩)، بە تێگەیشتن لە چەمك و داهێنانەکانی *فرۆید* دەتوانین دەروازەیەکی گەورە بکەینەوە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕوانینانەی ئەم قوتابخانە هەیەتی بۆ سەر چەمکی ئەدەب.

ئێمە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی دووبارە شیکردنەوەی چەمکەکانی تیۆرەکانی *فرۆید*، ئەو بنەمایانەش بناسێنین کە ئەم قوتابخانەیە کاری پێدەکات لەسەر دەق و نووسەر بەگشتی.، چونکە ئەگەر بمانەوێ بە ڕوونی سەیرگەکانی ئەم ڕێبازە بناسین ئەوا دەبێت چەمکە دەروونیەکانی فرۆیدمان لا ڕۆشن و ئاشکرا بێت، بۆیە وەك سەرەتای باس چەمەکەکان باس دەکەین پاشان لەوێوە وابەستەی دەکەینەوە بە دەقی ئەدەبی و ئەدیبەوە، تا بزانین *فرۆید* چۆن ڕوانیویەتە دەقی ئەدەبی و کاری هونەری بەگشتی، چونکە چونکە هەر ئەم ڕوانینەی *فرۆید* بوو دواتر بووە بەردی بناغەی ئەم قوتابخانەیە و دواتر زانا هاوکارەکانی وەك *جۆزیف برۆیەر* (١٨٤١ – ١٩٢٥) و *ئەلفرێد ئەدلەر* (١٧٨٠ – ١٩٣٧) و *کارل یونگ* (١٨٧٥ – ١٩٦١) زیاتر فراوانیان کرد و گەشەیان پێدا١.

## هەست و نەست:

(دابەشکردنی ئەوەی پێی دەڵێن دەروون بۆ هەست و نەست مەبەستی سەرەکی دەروونشیکاریە)٢ *فرۆید* لێرەدا لەیەکەمین هەنگاویەوە دوو جیهان جیادەکاتەوە لەناو مرۆڤدا، ئەویش جیهانی هەست و جیهانی نەستە. ئەم بنەمایە بوو دواتر وایکرد زانسیتی بایەلۆژی و زانستی دەروونناسی لە یەك جیاببنەوە، چونکە چونکە یەکەمین هەوڵی *فرۆید* ئەوەبوو ئەم دوو زانستە لەیەك جیا بکاتەوە و ئەوە ساغ بکاتەوە نەخۆشی دەروونی پەیوەندی نیە بە ناتەواویەکانی جەستەی مرۆڤەوە، واتە جیهانی هەست جەستەی مرۆڤ تیایدا چالاکە و مەیدانی زانستی بایەلۆژیە، بەڵام جیهانی نەست دەکەوێتە پشت جەستەوە و دەروون تیایدا چالاکە و زانستی دەروونناسی بە مەیدانی خۆی دەزانێت.

هەروەك *فرۆید* ووتی (ئەو دابەشکردنە بوار دەڕەخسێنێت کە لە حاڵەتی نەخۆشی تێبگەین لە ژیانی دەروونیدا)٣. *فرۆید* کاتێك هەست و نەستی جیاکردەوە بۆ ئەوە نەبوو ئەم دوو جیهانە ئیتر لەیەکتر دابڕێت، نەخێر!، بەڵکو ویستی ئەوە بسەلمێنێت هەر کارێك مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەتەنها یەك هۆی نیە، کە هۆی واقیعی بێت، بەڵکو هۆی دەروونیش هۆیەکە فشار دەخاتە سەر مرۆڤ هەتا کارێك ئەنجام بدات. بۆیە دواتر هات نەستی دابەشکرد بەسەر دوو ڕەهەندی جیادا.

## ١_ نەستی شاراوە:

ئەم جۆرە لە نەست لای *فرۆید*، شتێکە بەشێوەیەکی سروشتی هەیە لە مرۆڤدا و توانای ئەوەی هەیە بێتە ناو جیهانی هەستیەوە، (نەستی شاراوە توانای هەیە بێتە ناو هەستەوە)٤. ئەمەیشی بەکۆمەڵێك ووزەی شاراوە وەسف کرد کە لەناو مرۆڤدا هەیە، واتە نەستی شاراوە کۆمەڵێك وزەی شاراوەیە لە مرۆڤدا نیازی بەوە هەیە دەرکەوێت. بەمانایەکی تر نەستی شاراوە کە بۆخۆی پەتیە(مجرد abstract) و دەیەوێت ببێتە هەستی و عەینی بێتەوە، واتە بێتە ناو واقیعەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە شتە دەروونیەکانی ناو مرۆڤ هەروا بەبێ جوڵە دانانیشن، بەڵکو هەوڵ دەدەەن لەسەر ئاستی جەستە دەرکەون و بێنە ناو واقیعەوە.

## ٢_ نەستی چەپێنراو:

ئەم جۆرە لەنەست توانای نیە بێتە ناو (واقیعەوە)، بۆچی؟، چونکە ئەم جۆرە لە نەست کە دواتر خۆی لە (ئەو Id) دا دەبینێتەوە، دەبێت بە فلتەری (من–Ego) دا بڕوات و (من)یش نوێنەری جیهانی واقیعە، ڕێگە نادات هەموو نەستەکان دەرکەون لە واقیعدا، چونکە چونکە واقیع مەرجی هەیە بۆ دەرکەوتنی شتەکان.مرۆڤ لەواقیعدا ئازاد نیە، لەوەی چی بڵێت و چی بکات، ئەوەیشی دەیکات دەبێت بە پێی چۆنایەتییەك و فۆڕمێك بێت کە لە واقیعەکەدا ڕێگە پێدراوە. ئالێرەوە کۆمەڵێك خەون و حەز و خولیا و. ..تاد، مرۆڤ هەیە دەچنەوە ناو مرۆڤ و نایەنە دەر، کە *فرۆید* بە (تێوری چەپاندن)[٥]باسی دەکات. واتە لێرەدا ئەوە ڕوون بوەوە مرۆڤ لەنێوان دوو شتدا ڕادەوەستێت ئەویش (هەست و نەست)ە، نەستیش بەشێکی هەیە لەبەرامبەر واقیعدا تووشی سڵەمینەوە دەبێت و دەڕواتەوە ناو مرۆڤ.

## ٣- دەقی ئەدەبی وەك دەركەوتەی نەستی چە پێنراو:

نەستی چەپێنراو نامرێت، بەڵكو بە شوێن (شوێن)دا دەگەڕێت بۆ ئەوە بێتە درە و بكەوێتە ناو جیهانی هەستیەوە (واقیع). دیارە *فرۆید* ساڵی ١٩٠٠ لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا (ڕاڤەی خەونەكان) خەونی وەك پانتاییەك دەسنیشان كرد بۆ ئەوەی (ئەو – Id) كە نوێنەری جیهانی نەستە، لەخەوەكاندا دەركەوێت و ئازادانە و دوور لە واقیع و لە یاساكانی (من – Ego) چالاكییەكانی خۆی ئەنجام بدات، (چەندان كەس لەخەونەكانیان دا لەگەڵ دایكیان ڕاكشاون، بەڵام دواجار واقیع وای لێكردوون كە پشتگوێی بخەن، ئەمرۆش هەر وەك ئەوكات زۆرانێك ئەو خەونە دەبینن زۆر ئاسایشە گەر پەی بەوە بەرن كە ئەو خەونە كلیلی تراژیدیای كوشتنی باوك لە خۆ دەگرێت)٦. ئەگەر خەون دەركەوتەیەك بێت لە دەركەوتنەكانی نەستی مرۆڤ، ئەوا دەقی ئەدەبی لای *فرۆید* ئەویش ڕێگە و دەرچەیەكە بۆئەوەی نەست تیایدا دەركەوێت. هەروەك لە باسی (هاملێت)ی (شكسپیردا) دەڵێت: (ئەگەر هەندێ بیانەوێت هاملێت بە توشبوو بە هیستریا بانگ بكەن، هیچ شتێ نادۆزنەوە بۆیە هەردەبێ تەسلیمی ئەو دەرئەنجامە بن كە لە ڕاڤەكردنەكانی منەوە دەردەچێت)٧، چونكە *فرۆید* هاملێت ملكەچی هەمان گرێی ئۆدیب دەكات و بەرگریش لەو ڕایەی خۆی دەكات، بەو مانایەی كاری هونەری بەگشتی لای *فرۆید* یەكێكە لەو ڕێگەیانەی مرۆڤ بەكاری دەهێنی بۆ گرێ دەروونیەكان و نەستەكانی خۆی تیا بەتاڵ بكاتەوە. هەر ئەمەش بوو وای لە *فرۆید* كرد كە نووسەران و ئەدیبان بە نەخۆش بزانێت.

*فرۆید* دواتر لە پەیوەندیەكی نێوان خەون و دەقی كۆڵیەوە، لای *فرۆید* ئەگەر خەون ڕووداوێ بێت، مرۆڤ لەكاتی نوستندا (نائاگایی) ڕوویدات. ئەوا دەقی ئەدەبی خەونێكە لەكاتی بێداریدا (ئاگایی) دا ڕوودەدات و دەنووسرێت. هەربۆیە كاتێك *فرۆید* دەقی ئەدەبی یان لەكاری هونەری دەكۆڵێتەوە، بەو نیازە بووە تیۆرەكانی خۆی بدۆزێتەوە و بەڵگە بۆ ڕاستی تیۆرەكانی فەراهەم بكات، نەك بۆ كات بردنەسەر و چێژ دەقەكانی مشت و ماڵ كردبێت. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەمكی (نەست) وورد بكەینەوە بە پێی بیروڕاكانی *فرۆید*بۆ زیاتر واڵابوونی مەبەستەكانی ئەم قوتابخانەیە دەربارەی ئەدەب و دیاردەكان.

## ٤- لەنێوان (من – Ego) و (ئەو – Id) دا:

*فرۆید* نەستی مرۆڤی دابەشکرد بەسەر سێ تەوەرەدا (من) و (ئەو) و (منی باڵا)، ئەوەی پەیوەندی گەورەی هەیە و بەردەوام لە پەیوەندی دان (من) و (ئەو)ە. *فرۆید* کە باسی ئەو دەکات دەڵێت: (هەموو ئەو شتانەی لە (من) جیادەبێتەوە لە (ئەو) جیانابێتەوە، بەڵکو یەکدەگرن لەگەڵ بەشی خوارەوە و چەپێنراوەکانیش لەگەڵ (ئەو) یەکتر دەگرن، بەڵام هەرخۆی بەشێکیشە لێی)٨. ئەو خۆی جیا لەوەی غەریزەکان دەگرێتەوە، وەك غەریزەی (ئیرۆس) و غەریزەی مەرگ و هەموو ئەو شتانەی *فرۆید* بە پاڵنەرە ڕەمەکییەکان ناوی دەبات، هاوکات جێگەی نەستە چەپێنراوەکانیشە. لێرەدا ئەو پێویستی بە دەرکەوتن هەیە وەك بەشێك لە جیهانی نەست و بێتە دەرو ببێتە بەشێك لە جیهانی هەست، ئەوا لەڕێگەدا تووشی فلتەرێك دەبێت ئەویش (من)ە. (من) لەنێوان واقیع و ئەودا هاوسەنگیەك هەیە دەیپارێزێت، واتە ڕێگە نادات هەروا بە ئاسانی ئەو بێتە ناو واقیعەوە. (من لەناوەڕۆکیدا نوێنەری جیهانی دەرەوەیە و نوێنەری واقیعە)٩. *فرۆید* خۆی بەم شێوەیە وەسفی (من) دەکات و دەڵێت: ( (من)ی گوناه دەبێت خزمەتکاری سێ سەرداری دەسەڵاتداری توندوتیژ بێت و لەنێوان داواکاریەکانی هەرسێکیاندا هاوسەنگی و ڕێکخستن دروست بکات، ئەو سیانەش (ئەو) و (واقیع) و (منی باڵان) )١٠.

لێرەدا خاڵێك هەیە دەبێت زیاتر ڕوون بکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە (ئەو) هێزێکی فشارکەرە بۆسەر (من)، هەروەها (منی باڵا) لە واقیعەوە بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، کەچۆن وێنە ئایدیاڵەکانی ناو واقیع بەرجەستە بکاتەوە لەناو خۆیدا. لێرەدا مرۆڤ لەبەردەم دوو شیاندایە، یەکەمیان شیانێکە کە (ئەو) هێرش دەکاتە سەر (من) و ناچاری دەکات چۆنایەتی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە هەتا مرۆڤ تووشی پێکدادان نەبێت لەگەڵ واقیع، کە ئەمشی بۆ نەلوا، ئەوا شتێك هەیە لە مرۆڤ دا ماوەتەوە و نەهاتۆتە دەر، جا زۆرجار یاسا زۆر و قورسەکانی (من)ە.

شیانی دووەم ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت (منی باڵا) بەرجەستە بکات لەناو خۆیدا، ئەمەش وەك شیان دەمێنێتەوە لەناو مرۆڤدا. زۆرجار ئەمەش بەهۆی لاوازی (من)ەوە ڕوو دەدات کە توانای خۆیەکسان کردنەوەی نیە بەو وێنە ئایدیاڵەی (میسالی) لەناو واقیعەکەدا هەیە، بەڵام ئیتر دەروونی مرۆڤ ڕازی نابێت و دەریچەی تر دەدۆزێتەوە و بۆ خۆی دەرکەوێت و لە

یاساکانی (من) قوتاری ببێت، یەکێك لەو میکانیزمانە (خەو) بوو، ئەدەبیش یەکێکە لە دەریچەکان.

## ٥- دەقی ئەدەبی وەك نیشاندەری (ئەو) :

ئێمە ئەوەمان باسکرد (من) فلتەرە هەم بۆ (ئەو) هەم بۆ (منی باڵا)، ئەدەب وەك زەمینەیەك بۆ دەرکەوتنی (ئەو) و (منی باڵا)، یەکەم کارێك دەبێت بکرێت ئەوەیە (من) بکوژرێت و بڕواتە دەرەوەی هاوکێشەکە. بۆئەوەی نەستە چەپێنراوەکان و پێکهاتەکانی (ئەو) وەك غەریزەی (ئیرۆس — خۆشەویستی) و (مەرگ) بێنە دەر و لەنووسیندا عەینی ببنەوە، هەروەها (منی باڵا) وەك وێنەیەکی میسالی لە دەقی ئەدەبیدا زۆر ئاسانتر و جوانتر تەعبیری لێ دەکرێت. گەر ئێمە بنۆڕینە (شانۆنامەی شائۆدیب) ی (سۆفۆکلیس)، سەیردەکەین (ئۆدیب) کاتێك دایکی خۆی مارەدەکات و باوکی خۆی دەکوژێت، لای *فرۆید* ئەوە (ئەو)ی ئۆدیبە مەیلی خەوتنی هەیە لەگەڵ دایکیدا، وادەکات (من)ی خۆی بکوژێت بۆئەوەی بتوانێت لەگەڵ دایکی بخەوێت. واتە (من) لەم دەقەدا لابراوە بۆ ئەوەی (ئەو) بەئاسانی خۆی داڕێژێتەوە لەناو واقیعی ئەو شانۆنامەیەدا، هەروەها مەیلی دەسەڵات لای مرۆڤ یەکێکە لە غەریزەکان و لەوێوە دەگات بە (منی باڵا). کاتێك *فرۆید* دەقی (هاملێت) دەخوێنێتەوە، باسی ئەوە دەکات (هاملێت) هەست بە شەرمەزاری دەکات کە یەکێکی تر چۆتە شوێنی باوکی. باوکیشی پاشا بووە و وێنەیەکی دیاری ناو کۆمەڵگە بووە، هەر ئەم غەریزەیەیە وا لە هاملێت دەکات مامی خۆی بکوژێت و(من)ی خۆی وەلانێت، هەتا بەیارمەتی (ئەو) بگاتەوە بە (منی باڵا) کە وێنەی باوکیەتی، نەك واقیعی باوکی. واتە دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی زانستی دەروونشیکاریەوە خەونێکە لە خەونەکانی مرۆڤ و دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی مرۆڤ بەگشتی.

ئەوەی *فرۆید* داینا لە زانستی دەروونشیکاریدا، بووە بناغە و بنەمایەك بۆ سەیرکردنی ئەدەب و هونەر بەگشتی. *فرۆید* لەناو خەوی مرۆڤ و ئەدەب و هونەردا کە چالاکیەکی مرۆڤانەیە و مرۆڤ خۆی دەنووسێتەوە دەگەڕا بەشوێن دەرکەوتەکانی سایکۆلۆژیای مرۆڤدا و بەکۆمەڵە هێما و ڕەمزێکی دەزانین، بۆ ئەوەی دەروونشیکار و تیۆر داڕێژەرانی ئەم زانستە وەك کلیلێك بیگرنە دەست و لەوێوە لەناخ و هەست و نەستی مرۆڤ تێبگەن، بەڵام ئەو هەوڵە هەر بەقازانجی دەروونشیکاری نەشکایەوە، بەڵکو بەسودی ڕەخنەی ئەدەبیش شکایەوە هەتا ئەو

ڕادەیەی قوتابخانەیەکی سەربەخۆ هاتە ئاراوە بەناوی قوتابخانەی دەروونشیکاری ڕەخنەی ئەدەبی.

## ٦- ڕەخنەی دەروونشیکاری و کاتیگۆریەکانی:

قوتابخانەی دەروونشیکاری ئەگەرچی *فرۆید* باوکی ئەم ڕوانگەیەیە بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی، بەڵام ڕەخنەی دەروونشیکاری بە درێژایی سەدەی بیستەم لەسەر پەرەپێدان و بەرفراوانکردنی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەردەوام بوو. (کارل یۆنگ – Carl Yung) قوتابی *فرۆید* هەندێك لە بیرۆکەکانی فرۆیدی پایەماڵ کرد و هەندێکیشی پەرەپێدا و بەردی بناغەی (دەروونشیکاری لێکدانەوە – Analytical Psychology) دانا. (نۆر ترۆپ فرای) بەهۆی بیرەکانی یۆنگەوە ڕەخنەی هێماخوازانەی داهێنا، پاشان (ژاك لاکان) بەهەندێك بیروڕای فرۆیدا چۆوە و ڕەخنەی دەروونشیکاری ژیاندەوە١١. لەڕاستیدا زەقترین بنەما و کاتیگۆریەکانی ڕەخنەی دەروونشیکاری ئەوەبوو دەقی ئەدەبی وەك یەکێك لە دەرکەوتەکانی سایکۆلۆژیای مرۆڤ دەزانێت. (تیۆری دەروونشیکاری بۆی هەیە سنورەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کەسایەتی ببەزێنی و هەندێ شێوازی کامڵتر بۆ خوێندنەوەی سەرلەبەری دەقەکان و تێگەیشتن لە پێکهاتەی فۆڕمی ئەوان پێشنیار بکات. دەقی ئەدەبی دەکرێت وەك جۆرێك مۆدیلی دەروون چاوی لێبکرێ کە هەندێ سیستەمی چاودێریکەری تایبەتی تێدایە بەکۆمەڵێك توێژی هەستی یان مانای جیاوازەوە، ئەدەبیات بۆی هەیە وەك چەشنێك (کەڵەخود – منی باڵا) یان بەشێوەی دەربڕینێکی خواست و مەیل و ویستەچەپێندراو و سەرکوتکراوەکانی زاتی ناخود ئاگا (نەست)ی بزانین)١٢.

واتە ئەم شێوازە لە تیۆر کە تیۆری دەروونیە، هەرکاتێك نزیك بێتەوە لەهەر دەقێك یان هەر شتێك بەشوێن ڕەگەکانی سایکۆلۆژیادا دەڕوات، تا ئەو ڕادەیەی وشەی (سایکۆ) دەلکێنێت بەهەموو شتەکانەوە وەك (سایکۆئەدەبی – سایکۆسیاسی – سایکۆفەلسەفی – سایکۆ شۆفێری. ..تاد)، چونکە ئەم قوتابخانەیە سایکۆلۆژیای مرۆڤ دەکاتە سێنتەری هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی مرۆڤ. هەروەها هەموو چالاکیە مرۆییەکان بە هونەر و ئەدەب و مۆسیقا و. ...تاد بەدەرکەوتەی ئەم جیهانە دەزانێت و پێی وایە ئەوەی مرۆڤ لەواقیعدا ئەزموونی دەکات و دەرکەوت بە شتەکان دەکات و بۆ ناو جیهانی هەستی، بەشێکی زۆری جیهانی نەست و حەزە خەفەکراوەکانە، ڕەنگ دەداتەوە لە چالاکییەکانی مرۆڤدا. لەم ناوەشدا ئەدەب بەدەر نییە

بەو هێز و سەرچاوەیەی  ووزە دەبەخشێتە شتەکان کە ئەویش خودی سایکۆلۆژیای مرۆڤە، لێرەدا دوو کاتیگۆری گرنگ هەیە ئەم قوتابخانەیەی کردیە شارێگەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر هونەر بەگشتی،  هەوڵ دەدەین لێرەدا بەکورتی باسیان بکەین.

## ٧_لە دەقەوە بۆ نووسەر:

کاتیگۆری وەلانانی دەق لەم ڕێبازەدا ئەوە نەبوو هەر دەقەکە نەخوێنێتەوە و بیخاتە لاوە، نەخێر! بەڵکودەقەکەی دەخوێندەوە و مشتومالّی دەکرد، بەلاّم پێش ئەوەی بڕواتە سەر دەقەکە کۆمەڵێك وێنای پێش وەختەی لەگەڵ خۆی دەبردە سەر دەقەکە و بەشوێن ساغکردنەوەی ئەو پێشبینە پێشوەختانەدا هەوڵ و تەقەلای دەدا. واتە گەر نووسەری دەقەکە لەناو کێشەیەکی کۆمەلاّیەتی و دەروونیدا بووبێت، ئیتر ئەو ڕایەیان هەڵدەگرت و دەیان چەسپاند بەسەر بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا،  ئەمەش وایکرد زۆر شوێن و دەهلیزی تاریکی ناو دەق فەرامۆش بکەن و لە دەرەوە دەچونە ناو دەقەوە نەك لەناو دەقەوە بڕۆنە دەر.

هەروەك فرۆید لەباسی (هاملێت) دا دەڵێت: (ئەوەی کەلە هاملێت پەی پیٚ دەبەین ژیانی دەروونی شکسپیرە، من ئەوەی لە کتێبی (جۆرج برانەس ١٨٩٦) تێبینی دەکەم کە دەڵیٚ: شکسپیر ئەم شانۆگەریەی لە کەفوکولّی مردنی باوکیەوە (١٦٠١) نووسیوە. واتە ئەوکاتەی کە خەم بەتوندی بەسەریدا دەباری ئەوکاتە لەناخی خۆیدا لەنوێوە بەدوایدا گەڕا– بۆمان هەیە گریمانەی بکەین هەستکردنی منالاّنەی بەرامبەر باوك، هەروەها ئەو شتانەی کە ناسراوە ئەوەیە باوکی شکسپیر لە تەمەنێکی کورتدا مردووە، ناوی (هامنت) ی هەڵگرتووە، ئەوەش لەگەڵ هاملێت یەك دەگرێتەوە)١٣ ئەوەی لەم دەقەی فرۆیدەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت،  ڕوئیا و ڕوانینی پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە لەبەرامبەر دەقی ئەدەبی و هونەر بەگشتی، دەق تەواو وابەستە دەکەنەوە بە ژیانی تایبەتی نووسەرەوە. واتە لەناو دەقدا بەدوای ژیانی منداڵی و سایکۆلۆژی نووسەردا دەگەڕێن،  هەرئەمەش بوو وایکرد لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ قوتابخانە کۆنەکان ڕیزبەند بکرێت.، چونکە وازی لەنووسەر نەهێنا و دەقی کوشت لەپێناو نووسەردا،  واتە ئەگەر ڕۆلان بارت (مەرگی نوسەر)ی ڕاگەیاندبێت ئەوا ئەم قوتابخانەیە و تیۆرە داڕێژەرانی (مەرگی دەق)یان لەهەناوی خۆیان هەڵگرتبوو، بەمانایەکی تر دەقیان کوشت لە پێناوی ژیانی نووسەردا،  ئەمە یەکێك بوو لە گاتیگۆریەکانی ئەم قوتابخانەیە،  کەدەقی فەرامۆش کرد بۆ نووسەر، بەلاّم  ئاڕاستەیەکی تریش هەبوو ئەویش :

## ٨_ لە نووسەرەوە بۆ دەق:

گەر (دەق) هێما و ڕەمزێك بێت ڕێنومایمان بكات بۆ تێگەیشتن لە دەروون و شتە شاراوەكانی نووسەر ئەوا ژیانی تایبەتی نووسەریش هێمای تایبەتن بۆ تێگەیشتن لە دەق. بە مانایەكی تر، بۆ تێگەیشتن لە نەست و شتە پەنهانەكانی مرۆڤ بەتەنها ژیانی تاكەكەسی بەس نیە و بەتەنهاش خەون و نووسین و چالاكییەكانیشی قایلكەر نین، بەڵكو بە هەموو ئەو شتانە دەتوانین بگەینە ماهیەتی مرۆڤ. ئەوەی گرینگە لەم ڕێبازەدا ئەوەیە خودی (مرۆڤ) سێنتەرە لە شتەكاندا، واتە كاتێك گرینگی بە دەق دەدات لەبەر ئەوە نییە كە دەق شتێكی ڕەهایە بەتەنها، نەخێر! لەبەر ئەوە گرنگە، چونكە چالاكیەكی دەروونی مرۆڤە. كاتێكیش گرنگی بە ژیانی تاكەكەسی نووسەر دەدات هەر لەخزمەت ئەوە دایە بەڵگە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دەق ڕەها نییە، بەڵكو ئەوەتا لەبەر ئەوە كێشەیە یان ئەو نەخۆشیە دەروونیەیە، ئەو دەقە نووسراوە. واتە ئەم قوتابخانەیە كاتێك دێن باسی كارەكتەری ناو شانۆیەك دەكەن وەك (شا ئۆدیب) دەیانەوێت بڵێن ئەوە نووسەر خۆیەتی لە كەسایەتی ئۆدیبدا، شتە خەفەكراوەكان و نەستەچەپێنراوەكانی ئەزموون دەكات، نەك كەسایەتی (ئۆدیب)ە. خۆ ئەگەر بێین و بڕوانینە ئەم قوتابخانەیە، بڕوانینە ئەدەبەكەمان ئەوا بەشێكی زۆری دەقی ئەدەبیمان بە ڕۆمان وشیعر و شانۆ و. ..تاد، بەر ئەم كاتیگۆریانە دەكەون، كەچۆن سایكۆلۆژیای نووسەر و خەمە تاكەكەسی و نەتەوایەتی و ناوچەییەكان بونەتە هەوێنی شیعر و ڕۆمان و كارە ئەدەبیەكان لە ئەدەب و هونەری كوردیدا١٤.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- بڕوانە: سابیر بەکر بۆکانی، تاوانبار و سزا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٦٢.

٢- بڕوانە: سیگمۆند فرۆید، و.یوسف عوسمان حەمەد، ئیگۆ و ئید (من و ئەو)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥، لاپەڕە ٧.

٣- س.پ. لاپەڕە ٧.

٤- س.پ. لاپەڕە ١٠.

٥- بڕوانە: سیگمۆند فرۆید، ئیگۆ و ئید، لاپەڕە ١٠.

٦- قاسم حسین صالح، و.عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٣٠.

٧- س.پ، لاپەڕە ٣٢.

٨- سیگمۆند فرۆید، یئگۆ و ئید، لاپەڕە ٢٨.

٩- س.پ، لاپەڕە ٤٦.

١٠- بڕوانە: سابیر بەکر بۆکانی، تاوانبار و سزا، لاپەڕە ٦٤ – ٦٥.

١١- بڕوانە: چارلز برێسلێر، و.عەبدولخالق یەعقوبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، چاپی دووەم، لاپەڕە ١٧١.

١٢- ڕاجێر وێبستێر، و. عەبدولخالق یەعقوبی، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، چاپی یەکەم، لاپەڕە ١٨١.

١٣- قاسم حسین صالح، و.عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە ، لاپەڕە ٣٣.

١٤- بڕوانە: پ.ی. د.هیمداد حسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، چاپی یەكەم، لاپەڕە ٣٤٩ – ٣٥٣.

# ڕوانینێکی بونیادگەرانە
# بۆ کۆ شیعری ( دڵم لەو جۆر شوێنانەیە )ی دڵشاد عەبدوڵلا

ئەم باسە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە بونیادگەری، بەدیوە فکری و مەعریفیەکەیدا نەك دیوە زمانی و کۆمەلاّیەتیەکەی و. ........ تاد. پاشانیش دۆزینەوەی ئەم یاسایانە لە دەقی شیعری (دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە).ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە خستنە ڕووی بونیادگەریە وەك جۆرێك لە دید و تێڕوانین بۆ ژیان و مرۆڤ بە گشتی، نەك وەك ڕێباز و قوتابخانەیەك کە سالاّنێکە تێپەڕیووە و بەسەرچووە، چونکە چونکە سەیرکردنی بونیادگەری وەك بیرکردنەوە، ئەگەری ئەوەی لە پێشە لە هەموو زەمەن و کاتێکدا شیانی دەرکەوتن و بزربوونی هەبێت. ئێمە لەو باوەڕەداین ئێستاشی لەگەڵدا بێت بونیادگەری وەك جۆرێك لە بیرکردنەوە درێژە بەژیانی خۆی دەدات، بۆیە ئێمە هەوڵماندداوە ئەو جۆرە بیرکنەوەیە لای دڵشاد عەبدوڵلا بدۆزینەوە پالّپشت بە ڕاو دەقە شیعریەکانی.

## ڕەگە سەرەتاییەکانی بونیادگەری"

لێرەدا مەبەستمانە ئەو هێلّە گشتیە بدۆزینەوە کە چەمك و مانای بونیادگەری خۆی لەسەر بینا دەکات.ئەم دۆزینەوەیەش لە خۆیدا گەڕانە بە شوێن ئەو سیستەمە شاراوە و ناوەکیەی بونیادگەری لەسەری دەوەستێت و دەیکاتە خالّی جولاّنی لەخۆیەوە بۆ سەر هەژمونی دەق بە گشتی. واتە گەڕان بەدوای بنەما یەکەمییەکانی بونیاد گەریدا خۆی لەخۆیدا پەیرەوکردنی خودی ڕێبازی بونیاد گەریە، بەلاّم بۆ تێگەیشتن لەخۆی نەك شتی تر. واتە ئێمە هەر بەڕێگای خۆی دەمانەوێت لە خۆی تێبگەین میتا بونیادگەریانە لەبونیادگەری ڕابمێنین. باشتریش ئەوەیە لە خودی چەمکەکەوە هەنگاو هەلّێنین و وردە وردە بەناو میتا فۆری چەمك و زاراوەکەدا بڕۆین بۆ گەیشتن بەو بیرکردنەوەیەی لە هەناوی ئەو چەمکەدایە.

(زاراوەی بونیادگەری سەرچاوەکەی لە زمانی ئەوروپیەکاندا لەبنچینیەکی لاتینی هاتووە (stuere) بە مانای دروستکردن، یان ئەو ڕێگەیەی کە دروستکردنەکە پێك دەهێنێت. دوایی ئەم وشەیە پەرەی سەندو لە هونەری بیناسازیدا بەکارهات بۆ ڕێکخستنی بەشە بچووکەکان کە دەبێتە هۆی بەخشینی ئێستێتیکا)١بەمانایەکی دی بونیادگەری ئەو بنیادەیە کە بەشە بچووکەکان لە بە شەگەورەکان ڕێك دەخات و چۆنایەتیان پێدەبخشێت. واتە کەشفکردن و

دۆزینەوەی ئەو سیاقە گشتییەی کە بنیاد(پێکهاتە) بچووکەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە بونیادگەریە. واتە بونیادگەری لە بنەڕەتا بە شوێن ئەو هارمۆنییەتەدا دەگەرێت کە پێکهاتە جیاوازەکان دەخاتە باری هاوسەنگ بوونەوە. هەر ئەو یاسایەش بوو وایکرد بونیادگەری لەیەك بواردا قەتیس نەبێت و بەردەوام فرە واتابێت و هەمیشە لە خۆ گۆریندابێت، چ لەزمان و چ لەو بوارەی کاری لێدەکات هەروەك رۆلان بارت دەڵێت: (بونیاد زاراوەیەکی کۆن و ڕەسەن و خاوەن ماهیەتێکی هەلکۆڵەرە"anatowical" ئێستاش بەکاردێت لەناو گەلێك زانستی جیادا)٢ خۆ ئەگەر بڕوانینە دەوروبەرمان هەست بەکۆبونەوەی شتەکان دەکەین لەگەڵ یەکتر، بەشێوازێك لەنێوان هەموو بەشە کۆبووەکاندا هارمۆنیەت و ڕێسایەك هەیە لەنێوانیاندا. (ڕۆجە گارۆدی ) لە باسی بونیادگەریدا دەڵێت :(مەبەست لەبونیاد ئەو ڕێکخستنەیە کە پێکهاتووە لە یاسا و پەیوەندی نێوان سنوری جیاجیای یەك گروپ، یاساکە مانای هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان دیاری دەکات)٣ واتە بونیادگەری ڕوانینی وەهایە کە مانای هەر شتێك لەناو سیاق و ئەو هارمۆنیەتەدایە کە لەگەڵ شتەکانی تردا دەردەکەوێت. واتە لەناو یاریگای تۆپێندا فیکەی ناوبژیوان کاتێك مانای هەیە کە لەناو یاریدا بێت، بەبێ بوونی ئەم یاریە ناوبژیوان فیکەکەی مانا و دەسەڵاتی نییە. مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا کاتێك مانای هەیە، کە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی، یان کارێکی ناو کۆمەڵگا ڕاپەڕێنێت، چونکە بەوە دەکەوێتە ناو ئەو سیاقەوە کە کۆمەڵگای لەسەر بینا کراوە، بەدەر لەوە مرۆڤ لەدەرەوەی سیاقی کۆمەڵگادا بەها و مانای نییە. (جان بیاجێ) سێ خاسیەتی سەرەکی دارشت بۆ بونیادگەری ئەوانیش:

١- سەراپاگیری

٢- ئاڵوگۆڕی

٣- خۆڕێکخستن))٤

لەگەڵ ئەوەشدا بونیادگەری بەردەوام لە خۆگۆڕین و خۆ نوێکردنەوەدایە، چونکە سیاق و هارمۆنیەتەکان بەردەوام لە گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەدان، هەر بەم ڕوانینە سەیرکردنی ئەدەب بە چاوی بونیادگەریەوە هیچی کەمتر نییە لە زانستی ماتماتیك، کە کۆمەڵێك یاسا هەیە. ئەم یاسایانە ژمارەکان ڕێکدەخەن و بەردەوامیش لە گۆڕاندان. هەر ژمارەیەکیش بنەمایە بۆ لە دایکبوونی ژمارەیەکی تر، ژمارەکان لە پاڵ یەکتردا مانا وەردەگرن.ئەدەبیش لە بونیادگەریدا سیستەم و یاسای زمانەوانییە و هەر ڕەگەزێکیش لە ناو خۆیدا خاوەنی ڕێسا و یاسای خۆیەتی.

شیعر لە پشتەوەیدا یاسایەك ئاڕاستەی دەكات ئەویش (شیعرییەتە). واتە بونیادگەری بەشوێن شیعریەتی شیعردا دەگەڕێت. نەك مانا و مێژووی لەدایكبوون و بارودۆخی كۆمەڵایەتی و دەوروبەری ئەو شیعرە. ئەوەبوو لە فەرەنسا گۆڤاری (شیعریەت – poetiave) دەرچوو لەسەر دەستی (تۆدۆرۆف) و (جیرار جنێت) و (هێلین) و (ركیسوس) ساڵی ١٩٧٠، كە گرنگیان بەلایەنی ئازادبوونی شیعردا و دەیانگوت ئەدەبیەت دەربازبونە لە ئەدەب. بە مانایەكی تر شیعریەت خۆدەربازكردنە لەو یاسایانەی كە شیعر پێشتر هەیبووە، واتە تازەیی و داهێنانی دەقێك ئەوەیە لە دەقەكانی تر نەچێت.٥ ئەم یاسایە ئەو هێڵە گشتیەیە كە بونیادگەری سەیری دەقی ئەدەبی پێدەكات و بەم یاسایەش موحاكەمەی تازەیی و كۆنی دەقەكان دەكات و هەڵیاندەسەنگێنێ. ئەمەش لە بنەمادا خۆ دەربازكردنە لەو سیاقانەی كە پێشتر هەیە و شكاندنیانە، لەپاڵ ئەمەدا دروستكردن و دانەوەی سیاقێكی جیاواز و هارمۆنێتیەكەی ترە و داهێنانی ڕووتەختێكی ترە بۆ ڕیزكردن و دووبارە داڕشتنەوەی پێكهاتە جیاوازەكان.

ئێمە لەم باسەدا دەمانەوێت یەكێك لەو دەقە شیعریانە بە پێوانەكانی بونیادگەری ڕاڤە بكەین ئەویش كۆ شیعری (دڵم لەو جۆر شوێنانەیە) كە شاعیر (دڵشاد عەبدوڵلاّ) وەك یەكێك لە ئەزموونە تازەكانی خوێنەری ئاشناكردەوە پێی. هەڵبژاردنی ئەم دەقە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ، یەكەمیان كاتێك شیعرەكانمان خوێندەوە هەستمان بە بنەماكانی بونیادگەری كرد لەم دەقەدا و دووەمین هۆ، شاعیر بۆ خۆی پێشەكیەكی نووسیوە لەبارەی ئەم دەقانە و ئەم پێشەكیەی شاهید و بەڵگەیەكی زیندووە بۆ ڕەوایەتی كارەكەمان. شاعیر دەنووسێت :(ماوەیەكی زۆر شیعری كوردی گرفتاری نەخۆشی بوو، یەكیان نزیكبونەوەی لە واقیعی سیاسی و كۆمەڵایەی بەو ئەندازەیەی ئەو هەڵومەرجە ببووە كۆتێك بە دەست و پێوەی ئاڵابوو)٦ شاعیر لە ڕێگەی ئەم گوتەیەوە زانیاریەكمان دەداتێت، لەسەرئەم دەقە تازەیەی كە دەمێكە لە دەرەوەی ژینگەی كۆمەڵایەتی و سیاسیەوە درێژە بەخۆی دەدات ئەم وابەستەبونەی شیعریش بەدەرەوەی خۆی، واتە دەقێكە لە پێناوی دەقدا یان شیعرێكە بۆ شیعری خۆی نەك بۆ شتێكی دەرەوەی خۆی، شاعیر بە نەخۆشی دەزانێت ، ئێمە باش ئەوە دەزانین، كە كوڵەكەی بونیادگەری ( مەرگی نووسەرە ) كە ڕۆلان پارت ڕایگەیاند. مەرگی نووسەر سڕینەوەی نووسەر نەبوو تا مردن، بەڵكو دابڕانی نووسەر و دەق بوو لە ژینگە و دەوروبەر و سیاسەت و. ...... تاد. واتە دەق لاشەیەكی زمانەوانییە. شاعیر بەوەندە ناوەستێت و نەخۆشیەكی تری شیعر دەسنیشان دەكات و دەڵێت:

(دیوەکەی تری نەخۆشیەکە کە ڕەهەندی ناقۆلا و ترسناکی تەجرید و وشەسازی ئالۆز و دورکەوتنەوەیە لە واقیع)٧ لێرەدا دەرگایەك هەیە شاعیر دایدەخات لەسەر شیعر. ئەویش فڕینی شاعیرە بۆ جیهانێك لە دەرەوی واقیع و نەگەڕانەوە بۆ سەر زەوی. ئەم دەقەی شاعیر دەقێکە (شیعرێکە) قاچێکی لە واقیع دایە و قاچەکەی تری لەناو فەزای شاعیردایە، کە فەزایەکی تەواو ناوەکییە واتە شاعیر لە نێوان ئاسمان و زەمیندا ژیان دەگوزەرێنیت و شتی زەوی دەباتە ئاسمان و شتی ئاسمانیش دەهێنێتە سەر زەوی. خۆ ئێمە ئەگەر بڕوانینە بنەماکانی بونیادگەری کە سەرەتای لای (دی سوسێر) دەستی پێکردو ( سوسێر ) لە باسی زماندا کۆمەڵێك زاراوەی لەیەك جیاکردەوە ئەوانیش ( زمان – زبان – گوتن) بوو، دی سوسێر لەگەڵ ئەوەی گوتی ( زمان بەرهەمی کۆمەلایەتی مەلەکەی زمانە، کۆمەڵێك نەریتی گرنگە کە کۆمەڵگایەکی تایبەت هەڵیبژاردووە بۆ یارمەتیدانی ئەندامەکانی بۆ ئەزموونکردنی مەلەکەی زمان٨ واتە سوسێر ئەگەرچی زمان بە دیاردەیەکی ناوکۆمەڵگا (واقیع) دەزانێت بەلام لە پاڵ ئەمەشدا زاراوەی (زبان)ی بەکارهێنا، کە (زبان ) ئەو یاسا ناوەکییەی ناوەوەی مرۆڤە کە تەحەکوم بە زمان دەکات و وا دەکات مرۆڤ لە ساتێکی گونجاو و دروستدا شتەکانی خۆی بڵێت. واتە زمان دەرکەوتەی کۆمەڵگا و زبانە لە ئاستە فیزیکیەکەیدا. بەم دێڕە شاعیر خەیاڵەکانی خۆی دەکاتە واقیع و لەلایەکی تر واقیع دەکاتە خەیاڵ. لای (دڵشاد عەبدوڵلا) ش، شوێنی ڕاستەقینەی شیعر و شاعیریش ئەم شوێنەیە، کە لەناو واقیعدا خەیاڵ بەرجەستە دەکات و لە خەیاڵیشدا واقیع دەخولقێنی، هەموو کارەکەش لەسەر ڕووتەختی زمان دێتە ئەنجامدان، دیارە زمانی شیعریش لە خۆیدا هەڵگری ئەم دوالیزمەیە لەلایەك هەمان زمانی کۆمەڵگایە و لەلایەکی تریش زمانێکی تایبەتە بە خودی شاعیر. شاعیر لە شوێنێکدا لەژێر دەسەلاتی زماندایە و لەلایەکی ترشەوە زمان لەژێر دەسەلاتی شاعیردایە، شاعیر ئەم دوالیزمە دەباتە ناو دەقی شیعرەکانەوە و دەنووسێت:

(پێغەمبەرێك لەناو ماندایە

بە هەموو جوانی و ناشیرنیەکانیەوە

دڵی بە هەموو شتێکی ئێرە خۆشە

دڵی لە هەموو شتێکی ئێر دەگوشێ

پێغەمبەرێکی دژە. ....

هەموو گریانەکانیمان کردۆتە شیعر

**جورئەتی ئەوەم کوا ئەی بۆدلێری هاوڕێم**

**کە گاڵتەجاڕیەکانیشی بکەم بە شیعر )٩**

ئەگەر لەم پارچە شیعریە وورد بینەوە، لە شاعیردا پێغەمبەرێك هەیە لەیەك کاتدا دڵی بەدنیا خۆشە و لەهەمان کاتیشدا لێرە بێزارە، واتە لەگەڵ خۆیدا دژە و لەلایەك گریانی دەبێتە شیعر و لەلایەکی تر گاڵتەجاڕیەکانی کۆبونەوەی ئەم لێکدژانە، کۆبونەوەی ئەم پێکهاتە ئاڵۆز بەیەکداچووەی لێرەدا هەیە تەنها لە دەسەڵاتی زماندایە، هەمان دوالیزمە کە شاعیر باوەڕی پێیەتی و بونیادگەریش وەك یاسایەك سەیری دەکات، تاکە یاسایەك کە ئەم لێکدژیە لە خۆدەگرێت و لە سیاقێکدا ڕێزبەندی دەکات. بەتەنها لەتوانای زماندایە، لە واقیعدا دەشێت بۆ ساتێك هەبێت، بەڵام لەناو زماندا بۆ ئەبەدی بەیەکەوە هەڵدەکەن و خزمەت بەیەکتر دەکەن، بەمانایەکی تر ( گریان ) مانای (گاڵتەجاڕی) ئاوەڵا دەکات و (گاڵتەجاڕیش) مانای گریان شرۆڤە دەکات، ئەوەی ئەم دوالیزمە ڕادەگرێت زمانە لە دەسەڵات و هەژموونی خۆیدا.

**( مەچووە گۆڕستان**

**ڕۆحی هەریەکەمان**

**پڕە لە گۆڕ**

**بە گوڵ دایانپۆشە)١٠**

دیسانەوە شاعیر لە زماندا شتە دژەکان کۆدەکاتەوە و پێکەوەیان گرێ دەدات، واتە شاعیر لە ڕۆحی ئێمەدا گۆڕ دەبینێت، چونکە لای شاعیر مردن لەناوماندایە و لە دەرەوەی مرۆڤ نیە. بۆیە دەبێت گوڵ لەسەر گۆڕی ڕۆحمان دا بنێین، ، چونکە ڕۆحمان هەرلەو شوێنە دەبێت بژیت کە مردووە نەك لە گۆڕستاندا، چونکە گۆڕستان کۆگای جەستەکانە نەك ڕۆح. ئەم گەمە شیعریە گەمەیەکە بۆ دۆزینەوەی سیاق و ئاڕاستەیەکی تر لەناو شیعردا و جارێکی تر تێکشکانەوەی ماناکان و داڕشتنەوەیان لە خودی زماندا نەك لە واقیع دا.

**( ژوورەکەم هەر خۆم بووم تێیدا**

**بەردەوام دەنگی چەند کەسێك دەهات**

**کەلوپەلیان کۆ دەکردەوە**

**جانتایان ئامادە دەکرد بێزارییان نیشاندەدا**

**لە پەلەپەلیاندا بەر شتێك دەکەوتن گوێم لە لەرینەوەیان دەبوو )١١**

ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی بونیادگەری و لەوێوە سەیری مرۆڤ بکەین تێدەگەین مرۆڤ لەناو بونیادگەریدا، تۆڕێکی ئاڵۆزە و وەك دەفرێك پڕە بەدەنگی ئەویتر و هەمیشە بارە بە ڕێسا و یاساکانی ئەویتر، مرۆڤ هیچ کاتێك تەنیا نییە ئەگەر لە تەنیایشدا بێت. هەمیشە گوێگر و قسەکەری تر هەن لە ناو مرۆڤدا، کە قسەی خۆیان دەکەن و ناوەناوەش گوێدەگرن و دەڕۆن، واتە مرۆڤ لەناو سیاقێکی گشتی دایە و هەڵگری ڕۆحێکی گشتیە، کە ئەمەش بوونی ئەویترە لە منی مرۆڤدا، منێکی تاك و ڕەها لە دیدی بونیادگەریدا بوونی نییە، بەڵکو مرۆڤ ئەو پێکهاتە ئاڵۆز و چڕەیە کە پڕە لەکۆبونەوەی منەکان و هەریەکیشیان نوێنەری جۆرێك لە ژیان و جۆرێك لە بیرکردنەوەن، بەڵام هەمویان لەیەك شوێندا جێگیرن ئەویش ناخی مرۆڤە و هەموویان بە گەرووی یەك مرۆڤ شتەکانی خۆیان دەڵێن. شاعیر لە ڕێگای شیعرەوە خۆی دەپشکنێ و هەست بەدەنگ و ڕەنگی خەڵکی تر دەکات لەناو خۆیدا کە قسەیان هەیە و دێن و دەڕۆن، بەڵام هەمیشەش تەنیاییەك هەیە لەناو شاعیردا کە منەکان ناتوانن بیدوێنن، ، چونکە ساتی تەنیایی شاعیر ساتی هاتنی شیعرە و شیعر بەتەنیا لە تەنیاییەکانی شاعیردا گوێ لە دڵی شاعیر دەگرێت واتە شیعر لەو شوێنەیە کە شاعیر هەر خۆیەتی و کەسی تر نا، تەنیایە و غەریب و بێ کەس.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- دكتور صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، مطبعة الامانة، مكتبة الانجلو مصرية، سنة ١٩٧٨، مصر، ص ١٣٩.

٢- سانكار راتيندران، البنوية التفكيكية، ت:خالدة حامد، دار الشون الثقافية العامة بغداد، سنة ١٩٨٧، ص١٥

٣- دكتور عمر محمد طالب، المذاهبة النقدية، دار الكتب، الموصل، سنة ١٩٩٣، ص٢٠٧

٤- جان بياجية، البنيوية، عارف منيحنة و بشيراوبري، منشورات عويدات، الطبعة الرابعة، بيروت سنة ١٩٨٥

٥- بڕوانە هەڤاڵ سەلیم تەیب، بنیادگەری دناڤ و رەخنا کوردیدا دەزگەها سپێرێز یا چاپ وەشانێ، چاپا ئێکێ، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر، سالا ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٠٩

٦- دڵشاد عەبدوڵلاَ، دڵم لەوجۆر شوێنانەیە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩، لاپەڕە ٥

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥

٨- فردنيان سوسور، ت، د.يوئيل يوسوف عزيز، المكتبة الوطنية بغداد، سنه، ١٩٨٥، ص ٢٦ – ٢٧

٩- دڵشاد عەبدوڵلاَ، دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە، لاپەڕە ٨١

١٠- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٨١

١١- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠١

# شیعر لە حەزی ژیاندا
# ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر وەك نموونە

## سەرەتا:

کاتێك ویستم لەبارەی ئەم کۆشیعرەوە بنووسم (**حەز دەکەم ئەوەندە بژیم: ماڵپەڕی دەنگەکان: ٢٠١٣/٥/١٤، لاپەڕەی تایبەتی شاعیر**) بیرم لەوە کردەوە ،کە ئاخۆ دەبێت لەگەڵ چ قوتابخانەیەکی ڕەخنەییەوە نزیك بێت و خەریك بوو بە هەڵەی ئەوەدا بڕۆم کە تیۆرێك پێشوەختە بەسەر دەقەکەدا ساغ بکەمەوە، بەڵام کاتێك بۆ ماوەیەکی زۆر دەمخوێندنەوە هەستم کرد ئەو قەسیدانە بۆ خۆیان خودان تیۆری تایبەتن ئەگەر ڕەخنەگرێکی بەتوانا و باشتر لەمن دەستی بداتێ ئەوا سەرەداو و بینای تیۆرێکی نوێ دەدۆزێتەوە کە پێشتر لە ئەزموونی (**سەباح ڕەنجدەر**)دا وەك هێڵێکی کاڵ بوونی هەبووە، بەڵام لەم دەقانەدا ئاسۆیەکی فراوان هەیە کە شاعیر تێیدا ئاوەڵا دەبێت و ڕازی خۆی تێدا پەخش کردووە.

دەبێت ئەوەش بڵێم: ئەوەی من نووسیومە هیچی خۆم نییە، بەڵکو خودی ئەم قەسیدانە ئیلهامی ڕاستەقینەییانەیە و من ئەو شیعرانەم کاوێژ کردووەتەوە، بەڵام بە زمانی لێکۆڵینەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم من هیچ شتێکی تازەم نەخستووەتە سەر ئەم قەسیدانە ئەویش بەدوو هۆ، یەکەمیان قەسیدەکان هێندە بەهێز و بەپێزن لە گوتندا گەیشتوونەتە بنبەست و لە فەرهەنگی مندا گوتنێکی دیکە نەبوو بانتر لە گوتنی قەسیدەکان. دووەمیش بۆ ئەوەی نەکەومە هەڵەی بەسەردا سەپاندنی تیۆرێکی لابەلا بەسەر دەقەکاندا و لەو باوەڕەشدام جیهانی شیعر هێشتا لە توانایدا ماوە تیۆر و قوتابخانەی دیکە بەرهەم بهێنێت کە سەبارەت بە ڕابردوو تازەبن و بۆ داهاتووش مژدەهێنەری قۆناغێکی دیکەبن.

**شیعر: مێژووی ڕۆح:**

شیعر چۆن دەبێتە مێژوو کە هەمیشە نەخشەی ئایندەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ڕۆح چۆن دەبێتە مێژوو کە هەمیشە دڵی لێدەدات و لەناو دێڕی چیرۆکەکاندا نامرێت. ئەمە ئەو نهێنییەیە، کە شیعر و ڕۆح پێکەوە دەڕۆن و هێواش و لەسەرخۆ بە ئاماژەیەکی نهێنی ،کە کەس نازانێت چی دەڵێن و

باسی چی دەکەن، پێ بەپێی یەکتر هەنگاو هەڵدەنێن و یەکتر دەنووسنەوە. هەم ڕۆح باسی شیعر دەکات و هەم شیعریش بڵندگۆی ڕۆحە. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن شیعر دەبێتە مێژووی ڕۆح؟ ئایا رۆح ئەزموونی مرۆڤە؟ یان بیرکردنەوەیە؟ لەڕاستیدا پرسیارەکە کەمێك ئاڵۆزە و پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، ئەگەر سەیری مرۆڤ بکەین دوو مێژووی هەیە، مێژووی یەکەمیان مێژووی ژیانی واقعییەتی مێژووی گەورەبوون و قوتابخانەو شەڕەکانی ناو کۆڵان و چوونە زانکۆ و.....تاد، کە بەشێکی زۆری ئەم مێژووە لەناو دەفتەری فەرمانگە و بڕوانامەکاندا تۆمار دەکرێت، بەڵام هاوشان بەو مێژووە مێژوویەکی دیکەی هەیە ئەویش مێژووی ڕۆحە. مێژووی ئەو ئەزموونانەیە ،کە شاعیر پێیدا تێپەڕدەبێت، لەهەر قۆناغێکی ژیانیدا ئەزموونێکی دیکە دەنووسێتەوە ،کە زۆرجار شاعیر خۆی خۆی ناناسێتەوە بەجۆرێك دەگۆڕێت لە پێشووی خۆی ناچێت. خودی ئەم ئەزموونانەش واقیع سەنگی مەحەکیەتی، واتە لەواقیعدا درۆ و ڕاستی بەدیار دەکەوێت. بەڵام ئەزموونەکە مێژووەکەیە خودی ڕۆح نییە، واتە کاتێك شاعیر لە ئەزموونی منداڵیدا شیعر دەدۆزێتەوە تێگەیشتنە لەو ئەزموونە بە جۆرێکی دیکە شرۆڤە و پێناسیەتی ،کە ئەمەش بیرکردنەوەیەکی تایبەت بەرهەم دەهێنێت، جا ئەم شرۆڤە و پێناسەیە لەشیعردا بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەمە ڕۆحەکە نییە. بەڵکو ڕێگەی ڕۆشنبوونەوەی ڕۆحە. واتە ئەزموونەکان و بیرکردنەوەکان کاتێك لە وێکهاتنەوەی ئەو مێژووە بەرهەم دێن ،کە شاعیر ئەزموونی کردووە، لە ژیانی واقیعیدا تەنیا ڕێگەیەو ڕێگەکەش خودی شیعر خۆیەتی. هەر بۆیە ئەگەر پێناسەیەکی سادەی شیعر بکەین، "شیعر وێستگەی دەربڕینی جیهانبینییە، کە ئەمەش لە شرۆڤەی ئەزموونە واقیعی و ناوەکییەکانەوە وەدی دێن". هەموو ئەم ڕێگەیانە بەرەوماڵەوە دەمانبەنەوە، ئەو ماڵەوەیەی ،کە ئێمە دەزانین هەیە، بەڵام ناتوانین وەسفی بکەین و لە نەخشەی جوگرافیادا بیدۆزینەوە. نهێنی گەورەی شیعر لە گەڕان بە شوێن ئەم ماڵەدا دەردەکەوێت.

**(حەزناکەم لە شوێنێکی دوورە دەست و ژیانێکی تردا بژیم**

**سەرم لەسەر کتێبی ڕووداوەکان هەڵگرت**

**تیشکی چەتری ژوورم درەوشاندەوە**

**دەرگای ماڵ**

**پێ و**

**دەست و**

**دڵ و**

**چاون**

**لەگەڵم دێن و دەڕۆن**

**خۆم دەدەنەوە دەست و خورپەم پێ دەبەخشنەوە**

**بەهەستی گەڕانەوەی ماڵ سەیری شارم کرد**

**ماڵێك ڕووناك بە ڕەنگی ژیان**

**ژیان گەرمایی ئەو هەنگاوەیە**

**بەرەو لای تۆ هەڵیدەهێنم ئەی ناوکی ڕووناکی)**

ئەم ماڵەش ماڵێکی دیکە و ژیانێکی دیکە و دوورگەیەکی دیکە نییە، بەڵکو هەمان ماڵە تاکە شتێك ،کە تێیدا دەردەکەوێت (ڕووناکییە) دڵێکە سادە و ساکار، ساکارانە لە حەقیقەت تێدەگات و سادانە باسی دەکات و گرێ و گۆڵی نییە. نهێنی نییە ترسی ئاشکرابوونی خەوی لێ حەرام بکات، نهێنی ئەو بەناو ژیانیدا پەرش بووەتەوە، ئەو نهێنییە دەدۆزێتەوە دڵێکە دەستی بەرداوە لەو شتانەش ،کە نیەتی، ئەم جۆرە لە شیعر ئەزموونی ژیانێکی عاریفانە و سۆفیانەیە ،کە ئەمەش دوو تەرز لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان: وەعیە بەرامبەر ئەم ژیانە، دووەمیان: ژیانە لەناو ئەم ژیانە. ئەوەی ژیان دەکات بەم جۆرە واقیع شیعری راستەقینەیەتی، بەڵام ئەوەی وەعی بەم دڵە هەیە شیعر واقیعی ڕاستەقینەیەتی. ئەمەش ژیانی ڕاستەقینەی شاعیرە ،کە زمان دەکاتە ماڵی خۆی.

**(دەچمە ناو پەڕی گڤبووەوەی کەڵەباب لەکاتی بانگدان**

**بیر لە تۆ دەکەمەوە ئەی کەسوکار و درەختی بنەماڵەم شیعر**

**دەمەوێت لەناو ڕەگ و چڵ و پۆپتدا بمرم)**

کۆتایی شاعیر تراژیدیایە؟ چونکە دەرگای شیعر و واقیع بەڕووی یەکتر دادەخات و واقیع دەباتە ناو شیعرەوە، بەڵام دەترسێ شیعر بباتە ناو واقیعەوە. شاعیر شەهیدێکە عاشق، بۆ ژیان شەهید دەبێت و ژیانیش نابینێت بۆ عەشق دەسووتێ و عەشقیش ئەزموون ناکات، ئەو تراژیدیایە چارەنووسی شاعیری داگیرکردووە و ناهێڵێت ئەو سادەییە وەك واقیع و ئەزموون پەیڕەو بکات، بەڵکو شیعر هەر بۆ خۆی قۆرخ دەکات و نایداتەوە.

شاعیریش هێندە مەستی ئەو ڕووناکییەیە ،کە بۆ ئەو شیعر ژیانە و ئازاری ناو شیعر ئازاری واقیعە و سادەیی ناو شیعر سادەیی ژیانە، دڵی شاعیر تازە بەلای شیعردا ڕوو وەر گەڕاوە و ئەگەر شیعری ڕازی کرد لای ئەو دڵی ڕازی بووە.

**(لەناو دڵ و گیانی ئاسوودەییدا**
**تەنیا ڕێگەیەك**
**ئاو و نانی لەم دەست و ئەو دەستدا داندراوە**
**ئاسانە خۆتی لەگەڵ ئاشنا بکەیت**
**بەناویدا وەرە و لەسەرەتایدا پشوویێك بدە)**

**(بەخشندەیە**
**بەسەر ڕێبوارانی دڵشکاو دابەشیان کە**
**کەڵەکێوی لە چیاکان دێنە خوارێ)**

مەعریفەی ڕێگەکە هەنگاوەکانی شاعیرە، کە هێواش هێواش لە ماڵی ناو شیعر نزیك دەبێتەوە، ئەمەش ئەزموونە واقعیەکان یارمەتی دەدەن ،کە ئەوەی لە شیعردا پێی دەگات حەقیقەتە یان وایانزانیوە ،کە هەقە. تەنکبوونەوەی شاعیریش حیکایەتی دۆڕانەکانیەتی، هێندە دەتۆرێ و هێندە شکست دەهێنێت لە دۆزینەوەی عەردی خەونەکانی ڕۆژ بەڕۆژ شاعیر تەنك دەبێتەوە. شیعریشی نووسینەوەی ئەو خەونانەیە ،کە لە سەیری واقیعەوە سەر هەڵدەدەن یاخود تۆمارکردنی حیکایەتی سەربڕینی ئەو خەونانەیە ،کە واقیع جێی بۆ ناکاتەوە. بۆیە شاعیر بەناچاری و دڵشکاوی شیعر وەك ماڵی ڕاستەقینە قبوڵ دەکات واقیع بەدرۆ و وەهمێکی گەورە دەزانێت بەجۆرێك واقیع جێگەی فێڵ و کوشتن و درۆیە و شاعیریش نامۆیە بەم جیهانە بۆ بەرگریکردن لە خۆی و جیهانەکەی لە ماڵی شیعردا دادەنیشێت و جیهان وێنا دەکاتەوە. بەم جۆرە شیعر مێژووی ڕێگەکانە، حیکایەتی ئەو شاعیرانەیە ،کە بەرەو ماڵی ڕووناکی ڕۆیشتوون. لە ڕێگەکاندا و لە عیشقی گەیشتندا شیعر هاوەڵی مرۆڤە. ماڵی ڕووناکی بۆ وەسف دەکات و بەدڵ پێوانەی دەکات. وەعیەکە بە ڕووناکی، هێزی ڕۆشنە، بەڵام کاتێك شاعیر دەگاتە جێ

شیعر لە زماندا نامێنێت و زمان بەجێدەهێڵێت و لە فۆرمێکی دیکەدا دەردەکەوێتەوە ،کە فۆرمی زمان نییە، بەڵکو تەنیا ئاماژەیە دڵ تێی دەگات و ئەم ئامادەییەش لە دڵەوە بۆ زمان ناگوازرێتەوە. هەوڵی عاریفەکان، هەوڵە بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییە، هەوڵە بۆ بە زمانهێنانی دڵ، بەڵام هەموویان تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و ناشبن. چونکە ئەو (ناوکی ڕووناکییە بەتەنیا ناوی دەبرێ، هەر شاعیرەو ناوێکی دەبێت (**مەحوی**) دەیکاتە (**یار**)، **سەباح** (**نواڵە**) و..... تاد، کە شیعر بۆ ناو دڵ پەڕییەوە هێزی وەقسەهاتنی لەدەست دەدات. ئەوەشی وەدەست دێت دڵ نییە، (ناوکی ڕووناکی) نییە، ڕۆح نییە، خودا نییە. وڕێنەی دوای عەشقی ئەوە، بۆیە شیعر گەمەیە و ڕاستیشە، وەهمە و واقیعە، درۆیە و ڕاستییە و هەیە و نیشە. شاعیرانی بەهەق باربەر و خزمەتکاری ئەو ڕێگەیەن، کە ناشت باتە سەر هیچ. ئەمە عەشقی ڕاستەقینەیە و تراژیدیای ژیانی شاعیرە و ڕەمەزەکان لێرەدا لەم ژیانە سەرابییەدا لە دایك دەبن ،کە شاعیر خۆشی لە بوونی خۆی گومانی هەیە. هەموو ڕۆژێکی پەشیمانی و تەنك بوونەوەیە، شیعر تلیاکی شاعیرە.

**تۆڵەسێنی شیعر:**

ئەگەر ئەو قسەیە بیر خۆمان بهێنینەوە ،کە شیعر لەسەر جیهانبینی شاعیر دەژیت، دەبێت ئەوەشی بۆ زیاد بکەین ،کە شیعر بە دیوێکی دیکەیدا دۆخەکانی شاعیر دەنووسێتەوە، جا ئەو دۆخانە دۆخە ڕۆحی و جەستەیی و دەروونییەکان بن، لەو ساتانەدا ،کە شیعر لە دایك دەبێت ئەو دۆخە خواردنی دەداتێت ،کە وەك بنەمایەك دەبێتە چاوەی دەستەواژە و بیرەکانیش. شیعر بەتەنیا مامەڵە لەگەڵ ڕووناکی ناکات، یاخود مۆڵکی یەك دۆخ و یەك سەرچاوە نییە. شیعر هەموو ڕۆژێك ڕۆژی لەدایك بوونی خۆی نوێ دەکاتەوە هەمیشە لە شوێنە جیا و لەکاتی جیادا لەدایك دەبێتەوە، هاتنی شیعر چاوەڕواننەکراوە نازانین کەی دێت و کەی دەڕوات. نازانین کەیماڵی بوونەو کەی ماڵی شەڕ و کوشتار و خوێنە.

شیعر کاتێك وێنەی جیهانێکی دیکە وێنا دەکات هەروا سادانە لەم وێناکردنەدا مامەڵە ناکات. هەم بنیادنان هەیە، هەم تێکۆشان، هەم دڵنەواییە هەم تۆڵەسێنە. گەورەترین تۆڵەیەك کە دەکرێت لە شتەکان شیعر ئەنجامی دەدات، چونکە دەست دەبات بۆ هەموو شتەکان، لەم دەستبردنەدا مێژووی ئەو شتە لەبەر چاو ناگرێت، ئەوە بەهەند وەرناگیرێت ئەم شتە چۆن هات و چۆن لێی دەڕوانن، ئایا پیرۆزە یان قێزەوەنە. چونکە شیعر وەك یەکەم جار و بەپێی ئەو دۆخەی شاعیر مامەڵە دەکات، بۆیە جیهانی شیعر جیهانی هارمۆنی شتەکان و جیهانی لێدانە لە بەهاکان و لە

ماناکان و تۆڵەسێنە لەهەموو ئەو شتانەی ڕۆژێك شاعیریان ئەزیەتداوە، یان تووشی سەرئێشەیان کردووە. هەموو ئەو ئازارانە لە نەستدا هەڵدەگیرین، هەتا ڕۆژێك وەختی ئەوە دێت ،کە ئەم ئازارە بکرێتە وشە و وێنە و ڕەمزێك ،کە شاعیر تێیدا ئارام بێتەوە، بەڵام ئەمە هەموو ڕێگەکە نییە، دیوێکی دیکەی ئەم ئازارە هەیە ،کە چۆنیەتی ڕاستەقینەیی مامەڵەیە لەم بارەدا ئەویش ئەوەیە شاعیر خۆش بێت لە ئازارەکانی و مەسیحانە بۆ خۆی ئازارنۆش بێت و بۆ دەوروبەرەکەی شادی هێن بێت.

**چاکەیەکی زۆری شاعیرە**
**مەنگۆلی و**
**دڵڕەش و**
**بەدگۆ و**
**دەروونکلۆرەکانم لەسەرە**
**بەوەی زۆر گێچەڵیان پێکردووم**
**لە گێچەڵیانەوە فێربووم بە ئەدەب بیربکەمەوە**
**لەوپەڕی سادەییشدا**
**بێباك بژیم و ئەدەب بژێنم**
**ئاڵای سرووش و هەناسەی سییەکانی سروشت بم**

واتە ئەوەیە لەناشیرینییەوە بەرەو جوانی بڕۆیت، بەجۆرێك: مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی تەسلیمی واقیعەکە بێت خۆی بگۆڕێت بەجۆرێك ،کە دڵی دەیەوێت. ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی ناوەکی دروستە. ئەزموونێکە خۆی لەسەر ڕقی دەوروبەرەکەی بنیادنانێت و بەپێی واقیعەکە مامەڵە ناکات، بەڵکو بەدڵی مامەڵە دەکات و شیعریش هەر ئەوەی دەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیر بریندارە ناتوانێت بە ڕەهایی لە برینداركەرەکانی خۆش بێت. ئەمەش خەسڵەتی مرۆڤە ،کە هەمیشە لە نێوان چاکە و خراپەدا لە هاتوچۆدایە، ڕێبوارە و خەمی گەیشتنی هەیە، بەڵام ،کە دەشگات ئەوەندە نامێنێتەوە جارێکی دیکە دەستپێدەکاتەوە. دەچێتەوە ناو هەمان ئازار ڕەنگە ئەمە نهێنی بەردەکەی سیزیف بێت. بەڵام ئەمەش دوا مەنزڵ نییە، کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی دەگەنە دوا مەنزڵ و دوا نهێنی، وەك ئەو پەروانە عاشقەن ،کە بە گڕی مۆم خۆی دەسووتێنێت و

(وتن)تێیدا بێ مانا دەکەوێت و هەموو نهێنییەکان لەناو بێدەنگیدا دەڕۆن. بێدەنگییەك ،کە ئاماژەیە لەنێوان شاعیر و مەعشوقدا. ناکرێت بە وشە و ڕستە و پەیڤ، ئەوەی ،کە دەبێتە ڕستە و پەیڤ پاشماوەیە و شاعیر بە حەقیقەتی دەزانێت.

**(سەرێك کەوتە ناو چالێکەوە**

**دەزگای ڕاگەیاندنیش ڕۆژنامەی پاڵەوانە مەقەباکان بڵاودەکاتەوە**

**مەشق دەکەم تا ببم بەهەڵۆ**

**بەچرنووکم هەموو ڕۆژنامەکان بدڕێنم و جیڕ بە جیڕیان بکەم**

**پاشان ببم بە ژەنگی چاوی دەعبا**

**ئامێری چاپخانەکان بۆ تاهەتایە لە کار بخەم)**

شاعیر هەرچەندە بەرەو ڕۆح بڕوات دەروونی لێی نابێتەوە بە ئازارەکانی خۆی ژوانی شاعیر و ڕۆح ئالۆز دەکات و جارێکی دیکە بە واقیعەوە دەیبەستێت، کە ئەم حاڵەتەش هەبوو مرۆڤ زۆر کەمی وەچنگ دەکەوێت لەپێی بڕینەکانی ڕۆح، چونکە ئاگایی بەتەواوەتی بە ئاگانییە. بەڵکو بەشێکی لەیادەوەریدایە و رابردوو وەك تارمایی شاعیر دەگێردەکات. بۆیە شیعر وەك تۆڵەسێن دێتە مەیدان، چونکە شاعیر ناتوانێت بەزەیی بەخۆیدا نەیەتەوەو لە ئازارەکانی خۆش بێت.

**شیعر ماڵی هەزار دەرگا:**

شیعر ئەو مەلەیە هێلانەی نییە، تا دابنیشێت و چاوەڕێی مردن بکات، شیعر ئەو بوونەوەرەیە مردنی نییە تا بنێژرێت شیعر بە ڕەمزی دەمرێت، بەڵام بە واقیع زیندوو دەبێتەوە. بۆیە شیعر فرە ڕەهەند و فرە ڕەنگ و فرە ژیانە. وەك ئامێرێك نییە بۆ یەك مەبەست و لەیەك شوێندا مانای هەبێت. شیعر فرە مەبەست و فرە شوێنە. واتە ئەگەر قەڵەم تەنیا بۆ نووسین بەکاربێت و کاتی نووسین مانای هەبێت. ئەوا شیعر کات و مەبەستی بۆ نییە، چونکە شیعر خۆی لەواقیعدا ناژیت. ئەوەشی لەواقیعدا نەژیت هەلی مانەوەی زیاترە لەوەی لە واقیعدا هەیە و لە فۆرمێکی دیاریکراودا بەرجەستەیە. هەموو ئەو شیعرانەی شاعیران نووسیویانە خودی شیعر نییە، واتە وزە شاراوەکە نییە، بەڵکو فۆرمێکی وزەیەکە، وەك ئەوەی دەڵێین میوە چییە؟ بڵێین هەنار و سێو.....تاد، بەڵام هەموویان میوە پێك ناهێنن، چونکە ئێمە نازانین سروشت چ میوەیەکی دیی لەهەناودا هەڵگرتووە. بۆیە شاعیران نازانن کۆتایی چییە. لەناو هەموو کۆتاییەکدا سەرەتایەك دەدۆزنەوە،

لەناو هەموو دابڕانێکدا سوسەی پێکگەیشتن دەکەن. بۆیە هیچ شاعیرێك: ناتوانێت بە تەنیا شیعر کەوی بکات، یان شیعر هی ئەو بێت. شیعر بەم فرە ڕەهەندییەی هی گەلە و نەك هەر یەك مانای نییە، بەڵکو توانای بەخشینی مانا و وەزیفەی دیکەیشی بەهەموو شتە زەمینی و واقیعەکان هەیە، واتە دەتوانێت شێر بکاتە قوتابی و قوتابیش بکاتە شێر و سەرۆك بکات بە پەڕۆ و شاعیریش بکاتە جنۆکە، شیعر هێزی مانای بەخشینی هەیە. "شیعر لە کرۆکی خۆیدا پرۆسەی مانابەخشینە بەشتەکان" شیعر لە جەوهەردا ئامادەبوونە لە هەموو کاتەکاندا، بەڵام لەیەك کاتیشدا پیێ دەخاتە ناو شوێنە جیاوازەکان. بەهەمان شێوە لەیەك کات و ساتدا ئەگەر بڕۆینە ناو مێژووەوە شیعر لەوێوە هەمان کات هەواڵی بپرسین لە ئاییندە دەڵێت لای منە و ئێستاش هەمان وەڵام دەداتەوە، شیعر جنۆکەیەکی هەزار شێوەیە و خۆی بە شوێن و جێگەکاندا بڵاو دەکاتەوە.

**(بۆ لای ماڵی تۆ هاتم ڕێگەیان لێگرتم**
**چۆرتە و چەتەکان بەیانتوانی چ بکەین**
**دڵم ڕێگەی خۆی هەبوو**
**سوپاس بۆ ئەو دڵەی خۆم**
**هەزار ڕێگەی هەیە بۆ گەیشتن بە ناوکی ڕووناکی**
**نایەڵێت دڵشکاو بم**
**بەو جۆرەی کە هەی دەتناسم**
**ناشکرێت ئاشنای کەسێکی تر بم**
**ناشبمە برادەری کەسێك کە بمرێ**
**دنیا ناوچەوانی لێڵە**
**لەناو خەرمانەی پیرۆزیەتی بەخێرهاتنت دەکەین)**

چۆن دڵی مرۆڤ هەر ڕۆژە و هۆگری شتێکە و هەر جارە و لەسەر برِوایەك پیێ دادەنێت. شیعریش بە شوێن برادەری هاو خاسیەتی خۆیدا دەگەڕێت، چونکە (دڵ ـ قلب) قابیلی قلّپ بوونەوەیە و تووشی خۆگۆڕین دەبێت. هەر ئەم خەسڵەتەشە وا دەکات شاعیر ئیرادەی هەبێت و کاتێك قاڵبێك گرتییە خۆی تێکی بشکێنێت و ئەو یادەوەرییە وەلانێ ،کە خۆشیشی لێ دیبێت. هەروەها

ئیرادەی هەیە تاریکییەکان تاقی بکاتەوە بە خەیاڵی گەیشتن بە ڕووناکی، دڵ و شیعر لەیەك دەچن هەردووکیان پیر دەبن و گەنج دەبنەوە هۆگر دەبن و قسە دەکەن، عاشق دەبن و ڕەت دەکەنەوە، شەڕ دەکەن و ئاشتی بەرپا دەکەن. شاعیری چاك و شیعر دۆست، لە دڵدا مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکات، چونکە دواجار لێکچووەکان پێکەوە کۆدەبنەوە، هێندە نزیك دەبنەوە ڕەنگی یەکدەگرن، یان دەچنە ناو یەك و لەیەکتردا دەتوێنەوە، هەم دڵ دەبێت بە شیعر و شیعریش دەبێت بە دڵی شاعیر. شیعر ئەو ڕووناکییەیە تاریکی دنیا ڕاو دەنێت، شیعر ئەو ڕوونیەیە لێڵی دنیا وەك دژی خۆی دەناسێنێت. شیعر ،کە شتێکی گوت ئەوەش دەڵێت ،کە ئەو شتە نیەتی. بۆیە شیعر لەم ساتانەدا کۆمەکی فیکر دەکات، چونکە وەك فەلسەفە مەعریفە بەرهەم دەهێنێ شیعر فەلسەفەیەکی ئەفلام کارتۆنییە، مەعریفەیەکی گاڵتە ئامێزە. کرۆکە لەڕووخساردا و ڕووخسارە لەکرۆکدا.

# هونەری چیرۆك

**توخمەکانی گێرانەوە لە چیرۆکی**

**( ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵرژان )ی**

# جەبار جەمال غەریبدا

ئێمە ئەگەر باسی هەموو بەشەکانی هونەری گێرانەوە بکەین ئەوە دەبێت تەکنیك و توخمەکان و هەموو ئەو ڕەگەزانە دیاری بکەین کە وەك بنەما بۆ بیناى هونەری چیرۆکنووسین هەن، بەلاّم ئێمە لەم باسەدا بە تەنیا توخمەکانی گێرانەوەمان وەرگرتووە و هێڵە گشتیەکانمان لە چیرۆکی (ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵڕژان)ی، چیرۆکنووس (جەبار جەمال غەریب)دا دۆزیوەتەوە. ئەم چیرۆکە زۆر بە چڕی و زۆر بەپڕی ئەم لایەنانەی لەخۆ گرتووە و چیرۆکنووس زۆر شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ کردوون و تێکی شکاندوون و دروستی کردوونەتەوە ئێمە کەم تا زۆر هەوڵمان داوە ئەو داهینانە بدۆزینەوە کە لەم چیرۆکەدا بەرچاو دەکەون. شێوازی کارکردنیشمان سەرەتا بە چەند دێرێك وەك تیۆرە، توخمەکانمان باس کردووە پاشان هاتووین لەهەمان پاردا ئەو توخمەمان لەو چیرۆکەدا دۆزیوەتەوە و خستوومانەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

## ژینگە و فەزای ناو چیرۆك

هەر چیرۆکێك ژینگە و فەزایەك دەخاتەوە کە جیاوازە لەوانی دیکە، ئەم فەزایە توخمێکی سەرەکییە کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ڕۆڵی پاڵەوان و شوێن و کات و. ...تاد و هەموو توخمەکانی تری چیرۆکەوە هەیە. ((گۆڕانی ژینگە لەچیرۆکدا کاریگەری هەیە لەسەر پێشڤەچوونی ڕووداوەکان و وێك هاتنەوەی چیرۆکی (الحبکە القصصیە). لەگەڵ ژیانی پاڵەوانەکان و ئەو زانیاریانەی هەیانە لەگەڵ هەموو ئەو هێزە جیاوازانەی کەلە ژینگەدا هەیە)).(١) لەبەرئەوە ئەم فەزایە لە ڕەگەزەکانی تر جیانابێتەوە. خۆ ئەگەر چیرۆکنووس باسی جووتیارێك لە کێڵگەدا بکات، ئەوە فەزای گوند و لادێ دێنە ناو چیرۆکەکەوە و فەزای چیرۆکەکە پێك دەهێنێت. دەرکەوتنی فەزاش لە چیرۆکدا بەهۆی وەسفەوە دەردەکەوێت کە چیرۆکنووس وەسفی شتەکان دەکات، فەزاکە دەگوازرێتەوە بۆ خەیاڵی خوێنەر.

((پێویستە نووسەر لەگەڵ وەسفی هەر یەکێك لەمانە سەرەڕای زانیاری بەخشین لەبارەیانەوە وابکات خوێنەر شتی دیکەیان لێ هەڵبهێنجێت و زەمینەسازی دروست بکات بۆ ئەو ڕووداوەی دوای وەسفەکە دێت)).(٢)

ئەوەش، لە دوایی وەسفەوە دێت، ئەو فەزایەیە کە خوێنەر لە خەیاڵی خۆیدا بۆ چیرۆکەکە دروستی دەکات هەروەك تشارلتن دەڵێت: (( ئەو واقیعەی لەناو چیرۆکدا دەبینین زۆر جیاوازە

لەوەی کە مێژوو نووسەکان بە ڕاستگۆییەوە بۆمانی دەکێشن، لەمێژوودا بەڵگە ڕێنموویی واقیعە، بەڵام لە چیرۆکدا ئەو واقیعە راستیە کە لە خەیاڵی خوێنەردا هەڵدەتۆقێت)).(٣)

لە ڕاستیدا ئەو ژینگە و دەوروبەرەی لەم چیرۆکەدا هەیە. زۆر جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ چیرۆکەکانی تردا بە شێوەیەکی گشتی فەزایەکە سەر بە واقیعی ژیانی کۆمەڵگە و مرۆڤەکانە. واتە هەر ئەو فەزایە دەدۆزینەوە کە رۆژانە ئێمە ئەزموونی دەکەین و تێیدا دەژین، بەڵام لەم چیرۆکەدا، لەبەر ئەوەی (شوێن) ی خەیاڵی هەیە و زیاتریش رۆچوونە بەناو سایکۆلۆژیای مرۆڤدا، ئەم ژینگەیەش وەکو پێکهاتەیەك دەوری ئەم چیرۆکەی داوە، فەزایەکە چۆتە ناو قووڵایی سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە، ئەویش ئامادەیی پەیداکردنی ڕەگەزی بەرانبەرە لەناو زەینی ئێمەدا وەك کورد. دیارە نووسەر بەچوونەوە ناو سایکۆلۆژیای خۆی و نووسینەوەی خەیاڵەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەم چیرۆکەدا  توانیویەتی زۆر گشتیانە گوزارشت لە سایکۆلۆژیای تاکی کوردی بکات. لەبەر ئەوەی نووسەر سەر بە ڕەگەزی نێرە، ئەوە ئاساییە کە ڕەگەزی مێ لەناو سایکۆلۆژیای نووسەردا ئامادەیی هەبێت. خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت، ئەوە ڕەگەزەکەی تر بە پێچەوانەوە دەبنەوە، ئەمەش شوێنێکی سایکۆلۆژی مرۆڤی کوردمان بۆ ئاشکرا دەکات کە جێگەی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە ناو خۆمان، هەموومان ئەوە دەدۆزینەوە کە ڕۆژێك خولیامان بووە کە ئەو کچ و ژنانەی لە دەورمانن عاشقمان بن و بمانلاوێننەوە، یان ببینە پاڵەوانی خەیاڵی ژن و کچەکان و وەك سوارچاکێك ماندووببین و سەرخەینە سەر شلکە ڕانیان و سەرخەوێك بکشێنین. دیارە چیرۆکنووس زۆر بە وەستایی و لێزانانە ئەم حەزەی مرۆڤ لەم چیرۆکەدا بەرجەستە دەکات.((من لە مۆم دروست کراوم لەسەر کۆشی ژنان دەتوێمەوە)) (٤) نووسەر ئەو خەیاڵەمان بۆ دەکاتە نووسین کە هەموومان رۆژێك لەناو خۆماندا هەمانبووە و خۆزگەمان بۆ خواستووە. ((ئەو پیاوە خوێڕیانەش، ئەوانەی گرەو دەکەن لەسەر ئەوەی داخۆ ئەو کچانە دەرپێیان لە پێیە، یان نا)) (٥) لێرەدا نووسەر تەواو ئەو دنیایەمان بۆ وێنە دەگرێت کە پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمەی لەناو زەینی خۆیاندا هەمیشە لەناو ئەو خەیالانە دەژین کە ژنەکان ڕووت دەکەنەوە و بە زمان جەستەیان دەلێسنەوە.

((من سەیری ئەو ژنەم کرد کە هەرگیز ڕێکەوتنی نەکردووە هاوشێوەی ئەوەشم دیبێ، بەڵام ئامادەبووم وەك کرمە لینجەکان بەسەر پێیدا بکەوم و بۆ ئەبەد لێی نەبمەوە)). (٦) لەڕاستیدا لە

ڕێگەی ئەم کۆمەڵە (مەنەلۆگەوە) کە پاڵەوانی چیرۆکەکە ئاڕاستەی خۆی و خوێنەری دەکات، ئێمە دووشت هەیە بۆمان ئاشکرا دەبێت. یەکەم فەزای ناو چیرۆکەکەیە، کە فەزایەکی تەواو ناوەکی و سایکۆلۆژییە و هیچ واقیعێکی تێدا بەدی ناکرێت، واتە فەزای واقیعی تێدا نییە وەك ئەوەی چیرۆکێك باسی ژیانی لادێ دەکات. فەزای ناو چیرۆکەکەشی فەزایەکە سەر بە واقیعی لادێیە، بەڵام لەم چیرۆکەدا لەبەر ئەوەی سایکۆلۆژیا وەك شوێن ئامادەیی هەیە، فەزای ناو چیرۆکەکەش فەزایەکی خەیاڵئامێزە کە بەدەوری سێکس و هەموو ئەو خەیاڵانەدا دەسووڕێتەوە کە مرۆڤ ڕۆژانە لەناو خۆیدا خەیاڵیان دەکات و خۆزگەی ئەوەیان بۆ دەخوازێ ببنە واقیع. بەمەش ئەم چیرۆکە وەك ئاوێنەیەك سایکۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردیمان بۆ بەیان دەکات، کە لەناوەوەی مرۆڤەکانی ئێمەدا چ دەگوزەرێت. دیارە ئەم خاڵە خاڵی بەهێزی چیرۆکەکەیە، چونکە نووسەر بە گوزارشت کردن لەو خەیاڵە سایکۆلۆژیانە، توانیویەتی خوێنەر بکاتە کارەکتەر و پاڵەوانی خۆی، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا، تووشی حاڵەتی پێکداچوون دەبێت لەگەڵ پاڵەوانی ئەم چیرۆکەدا و خۆی لێ دەبێت بە ئەو، چونکە چونکە هەست دەکات ئەو بەشێکە لە حیکایەت و ژیانی ئەو (خوێنەر)، هەر ئەمەش بەڵگەی وردی و بەهێزی چیرۆکنووسە لەم چیرۆکەدا.

دووەم شتێك کە لەم چیرۆکەدا جێگەی تێڕامانە، بە چیرۆك کردنی ئەو خەیاڵە گشتییانەیە کە مرۆڤ لەناو خۆیدا دەیکات. بەمەش چیرۆکنووس زۆر شارەزاتر و لێهاتووتر توانیویەتی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی و مرۆڤ بە گشتی بخوێنێتەوە، کە بە داخەوە مامۆستایان و شارەزایانی بواری دەروونناسی ئێمە نەیانتوانیوە ئەم بەشە لەناو تاکی ئێمەدا ئاشکرا بکەن، بۆیە بەڕاستی بۆ خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای هەر گەلێك دەبێت ئێمە جیا لە واقیعی کۆمەڵگا و پێوەندی کۆمەڵایەتی چیرۆك و ڕۆمان...تاد، ئەو گەلە بخوێننەوە، چونکە لەوێدا هەست و نەست تێکەڵ بەیەکتر دەبن و ئاشکرا دەبن و جیهانی سەر کاغەز جیهانێکە ئازاد. مرۆڤ بوێرانەتر دەتوانێت خەیاڵ و خۆزگەکانی خۆی بکاتە واقیع. ((ئەو دەستی گرتم و بردمییە ناو ژوورێکەوە پڕ لە هەڵم جلەکانمان وەك لە کاغەز بن توانەوە)). (٧)

## شوێن لە چیرۆکەکەدا

یەکێکی تر لە توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکدا شوێنە، لە ڕاستیدا ئەم توخمە بە تەنیا ڕەگەزێکی سەرەکییە بەڵام هەلی ژیانیشی نییە بەبێ توخمەکانی تر ((شوێنیش بە دابڕاوی لە توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە ناژێ، بەڵکو لەگەڵ پێکهاتە چیرۆکییەکانی دیکەی گێڕانەوە پەیوەندی جۆراوجۆر دروست دەکات)) (٨) تەنانەت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان شوێن و ڕووداودا هەیە، چونکە چونکە (( ڕوودانی هەر ڕووداوێك پێویستی بە شوێنێك، یان زیاتر لە شوێنێك هەیە بۆ ئەوەی ببێتە پێگەی ڕووداوەکان)).(٩) هەڵنابژێرێت و نایانگۆڕێت، هەروەها شوێنەکان جیاوازن. شوێن هەیە لە چیرۆکدا واقیعییە و شوێنیش هەیە خەیاڵییە، یان واقیع هەیە لە چیرۆکدا بە خەیاڵکراوە، زۆرجار پێوەندی گەورە لەنێوان کەسەکان و شوێنەکاندا هەیە کە شوێنەکان وەزیفە دەدەنە کەسەکان و شوناسیان دەگۆڕن وەك پاڵەوانەکانی چیرۆکنووس عەزیز نەسین، کە گێلە پیاو بەپێی شوێنەکان وەزیفە و کەسایەتی ئەو دەگۆڕێت و ناچارە بە پێی ئەو شوێنە هەڵسوکەوت بکات. هەروەك چۆن لەم چیرۆکەدا پاڵەوان کە دەچێتە ناو ژیانی کتێبەوە ناچارە شمێشر و زرێ و قەلغان هەڵگرێت، هەر بۆیە ئەگەر بە وردی سەیر بکەین شوێن لەم چیرۆکەدا گەورەترین پانتایی داپۆشیوە. تەنانەت ناوی چیرۆکەکە گوزارشت لە جیهانی ناو کتێبێك دەکات. دیارە شوێنیش وەك ڕەگەزەکانی تری ئەم چیرۆکە، بەسەر دوو جیهاندا دابەش دەبێت، جیهانی واقیعی پاڵەوان، لەگەڵ جیهانی ناو کتێبێك کە پاڵەوان زیاتر بە خەیاڵ دەچێتە ناوی و هەر لاپەڕەیەك بۆ خۆی بە تەنیا شوێنێك و جیهانێکی ترە.

شوێنی یەکەم کە واقیعی پاڵەوانەکەیە، دوکانێکی کتێبفرۆشییە و پاڵەوان لەو دوکانەدا عاشقی یەك کتێبە. ((پیاوێکی بەتەمەن، بەڵام چوست و چالاك و زیندوو، کورتە بالآیەکی باریك هاتە دەرێ، وەختێك دەستی برد دوکانەکە کلیل بدا، بێ ئەوەی ڕووم تێکات بە دڵسۆزییەوە گوتی: شەوە تۆش بڕۆوە)). (١٠)

ئەم شوێنە واقیعییە، سەرەتا و دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو شوێنێکی تر کە ئەویش ناو کتێبێکە، دیارە پاڵەوان لە دوودڵیدایە و پێش ئەوەی بڕواتە ناو ئەو کتێبەوە. زانیاری لەسەر ئەوەی هەیە کە کتێب شوێنێکە بۆ ژیان و گوزەران، واتە چوونی بۆ دەرەوەی واقیع چاوەڕوانکراوە و پاڵەوان ناخاتە حاڵەتی سەرسامی و سڵەمینەوەوە.

((پێش ئەوەی بگەمە کتێبەکە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە دوای ڕۆیشتنم لەو دنیایە چی هەیە بیری بکەم و بۆی بە پەرۆش بم. منداڵی خۆم...تاد)).(١١) لەسەرەتای ئەم چیرۆکەوە پاڵەوان

ئەو بیروڕایەی خۆی تۆخ دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کتێب جیهانە و دەکرێت مرۆڤ تێیدا بژیت. ئەوەشی لە حاڵەتی بێزاربوونەوە دروست بووە. واتە پاڵەوان خەمێکی قووڵی هەیە، ئەویش خەمی شوێنە. هەر بۆیە سەفەرکردنی پاڵەوان بە ویستی خۆیەتی و بێزارە لەو واقیعەی تێیدا دەژیت بۆیە دەڵێت: (( ژیان لەناو کتێبێکدا چەند خۆشە. لاپەڕەیەك سزا نادرێت و وشەیەك وشەیەکی دیکە ناداتە بەر شەق و فاریزەیەك خاڵێك ناسڕێتەوە))(١٢). واتە پاڵەوان خەون دەبینێت بەوەی شوێنێك هەبێت کە شتەکان یەکتر نەسڕنەوە و شوێنێك پڕ لە ئارامی و جیاوازی، واتە پاڵەوان بە شوێنی شوێندا عەوداڵە، بەڵام شوێنێك کە تەبا بێتەوە لەگەڵ ئەو باوەڕەی پاڵەوان هەیەتی، ئەمەش لەناو کتێبێکدا دەدۆزێتەوە، هەربۆیە سەفەرەکەی دەست پێدەکات و خەیاڵی ئاراستەی ئەو شوێنە دەکات. دیارە شوێنی دووەم ناو کتێبە، بەڵام کتێبێك نا کە تەنیا بەرگ و لاپەڕە و وشە بێت. نەخێر! کتێبێك هەیە لەم چیرۆکەدا کە خوێنەر قبووڵ ناکات لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا بێت، بەڵکو ئەو ڕووداوەی هەیە لەو کتێبەدا پاڵەوان بێ ئاگا لە خۆی دەبێتە بەشێك لەو ڕووداوە و پێشتر پێشینەی هەیە لەو کتێبەدا هەیە. ((تۆ دێوس لە پێش منەوەو لێرەی پاڵەوانی عاشق و فێڵ و ڕمبازی؟)) پاڵەوان لەم شوێنەدا ناوی (دێوس)ە و بەشێکە لەو حیکایەتەی کە هەیە، دیارە ئەم شوێنەش وەك واقیع، پڕە لە شەڕ و ئاڵۆزی و هەمەڕەنگی، لەم کتێبەدا لاپەڕەش هەیە پڕە لە عەزاب و پڕە لە حەسرەت، بەڵام پاڵەوان حەسرەتی ئەوەی هەیە تا ئەبەد بمێنێتەوە و نەیەتەدەر، بەڵام نووسەر بۆ ئەوەی کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنێتێت، ئەو کتێبە دادەخات و چیرۆکەکەش بەرەو کۆتایی دەبات. ((لەناکاو دەستێك کتێبەکەی بە توندی پێوەدا و من کە لاپەڕەیەکم بە دەستەوە بوو، فڕێی دام و بە دیوارێکیدا کێشام و وەك بەردێك کەوتمە خوارێ)).(١٤) دیارە شوێنی ڕووداوەکان، شوێنی دووەمە کە پاڵەوان لەناو کتێبەکەدا تێیدا دەژیت. ئەم شوێنە شوێنێکی خەیاڵییە و نووسەر و پاڵەوانی تێدادەنێت. نووسەر باوەڕێکی گەورەی هەیە بەوەی، مرۆڤ ڕاستە ناتوانێت لەو شوێنەدا بۆ ئەبەد بژیت، بەڵام دەتوانێت سەفەری بۆ بکات و کۆمەڵێك شت و کەرەستە و مانا هەن لەو دنیایەوە بیانهێنێ و لەواقیعدا مامەڵەی پێبکات:

((من لاپەڕەکەی لەکاتی فڕێدانمدا بەدەستمەوە هاتبوو لەبن باڵم شاردمەوە و ڕۆیشتم، ئێستا ئەو لاپەڕەیەم لایە و بەجۆرە زمان و جۆرە پیتێك نووسراوە هەرکەسە و بەجۆرێك دەیخوێنێتەوە تەنیا من هیچی لێ تێناگەم)).(١٥)

نووسەر لەم چیرۆکەدا گوزارشت لە شوێنێك دەکات کە ڕاستی لە واقیعدا نییە و ناتوانین بڵێین ئەم شوێتە فلأنە شارە، یان فلأنە گوندە. بەمەش ئەم چیرۆکە خۆی دەرباز دەکات لەوەی واقیع نیشانی ئێمە بداتەوە، بەڵکو شوێنێك نیشانی ئێمە دەدات کە لە خەیاڵماندا هەیە، جا ئەو شوێنە شوێنی ئەوەیە سزای تێدا نییە. یەکتر سڕینەوە و کوشتنی تێدا نییە. دەتوانین ببینە پاڵەوان و مەعشوقەکەی شاجوان و شاژنەکان. دەستیان لێ بدەین و بیانکەینە مەعشوقەکەی خۆمان. ئەم شوێنەش تەنیا لە خەیاڵی مرۆڤدا هەیە، کە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن دروستی بکەن و تێیدا بژین یان رۆژێك لەم شوێنەدا بە خەیاڵ ژیاون، بۆیە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکە ناوچەیی و هی گەلێك نییە بە تەنیا، بەڵکو چیرۆکێکە هی مرۆڤایەتییە بە گشتی و بە تەنیا مرۆڤێکەوە وابەستە نییە، بەڵکو ئەم چیرۆکە بەشێکە لە خەیاڵی مرۆڤ و خەیاڵی مرۆڤیش بەشێکە لەم چیرۆکە. خۆ ئەگەر هاتوو ئەم چیرۆکە وەرگێڕدرایە سەر زمانێکی تر، ئەوە وەرگێڕ تووشی کێشە نابێت کە شتی وا تایبەتی تێدا بێت و نامۆ بێت بە خوێنەری ئەو زمانە، هەر بۆیە ئەم چیرۆکە بێ وەرگێڕان سنووری کوردستانی بڕیوە و دەچێتە هەموو شوێنێك کە ئەویش خەیاڵی مرۆڤەکانە.

## کات لە چیرۆکدا

کات ڕێکخەری ڕووداوە و ڕووداو بەهۆی کاتەوە خۆی تەواو دەکات، ئێمە ناتوانین ڕووداو و کات لە یەکتر جیا بکەینەوە. کات لە زۆربەی چیرۆك و ڕۆمانەکاندا، زۆر بایەخی پێدراوە. هەروەك چۆن تۆلستۆی لە (شەڕ و ئاشتی )دا کە باسی نەوەکان و زەمەنە جیاوازەکان دەکات(١٦). (سامۆیل ئەلیکسەندەر) دەربارەی چەمکی کات قسە دەکات و دابەشی سەر دوو جۆری دەکات، ئەوانیش کاتی سروشتی و عەقڵییە، چیرۆك هەیە بە مانا سروشتی و واقیعیەکەی، کات بەکاردەهێنێ، بەڵام چیرۆك هەیە زیاتر ڕوو لە کاتی عەقڵی دەنێت، کە پێوەندییەکی گەورەی بە خەیاڵەوە هەیە.(١٧) فۆرستر ڕای وایە کە (چیرۆك بریتیە لە گێڕانەوەی کۆمەڵێك ڕووداو کە بە گوێرەی کات ڕێك خراوە))(١٨)، بەڵام ئەم ڕایەی فۆرستر، هەروەك ڕایەك دەمێنێتەوە، چونکە چونکە ئەم چیرۆکەی بەردەستمان ڕووداوەکان بەپێی کات ڕێك نەخراون و هیچ پەیوەست نین بە ڕێکخستنی کاتەوە. ئەوەندە هەیە ئەوەی لەم چیرۆکەدا وەك کات بەکاربراوە، زیاتر کاتی زەینی (عەقڵی) یە، تا لەوەی کاتی سروشتی بێت. ئەو کاتە سروشتیەش کە هەیە دەروازەیەکە بۆ واڵا بوونی کاتی زەینی و عەقڵی کە وەك توخمێکی بنەڕەتی ئامادەیی لەم چیرۆکەدا هەیە. ئێمە باسی جیاوازی شوێنەکانمان کرد، لە ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەدا وەك چۆن شوێنەکان جیاوازن، کات و

زەمەنیش جیاوازە، لە جیهانی واقیعدا کە پاڵەوان هێشتا لەبەردەم دوکانەکەدایە، کاتێك هەیە کە (سروشتییە) ئەو پلەبەندییەی هەیە، کەلە واقیعی ژیاندا هەیە، بەلاّم کاتێك پاڵەوان دەچێتە شوێنی دووەم کە جیهانی ناو کتێبەکەیە، کات گۆڕانی بەسەردا دێت. بەجۆرێك کە هەر لاپەڕە و ڕووداوێکە و هەر لاپەڕەیەك تەعبیر لە کات و زەمەنێکی جیاواز دەکات، کە ساڵەکان بەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەك چەندین ساڵ دەڕوات و پاڵەوان لە شوێنێکی تر خۆی دەدۆزێتەوە. ((گەیشتبووە لاپەڕە چوارسەد و چل و دوو، فەروقلیقا زوو زوو دەیگوت، بەڕاستی تۆ پاشا و پاڵەوانی دەریاکانی )).(١٩) ئەمەش یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی (کاتی خەیاڵی)، چونکە ئێمە بە خەیاڵ دەتوانین بۆ ماوەی سەد ساڵ بڕۆینە دواوە، یان بە پێچەوانەوە. ئەم وابەستە نەبوونەی نووسەر بە کاتی سروشتییەوە وای کردووە ئازادتر و سەربەخۆتر پاڵەوان بباتە شوێن و ساڵ و زەمەنی جیاجیاوە، بەبێ ئەوەی لە ڕەخنەی ڕەخنەگرانێك بترسێ کەلەم چیرۆکەدا بە کاتی سروشتی سەیری کات بکەن.

((گوتم چەند ساڵە لەوێ دەژی، تێیان گەیاندم کە پێنچ سەد و هەشتاو یەك ساڵی تەواوە. چ ببینم من گەیشتوومە لاپەڕە پێنج سەد و هەشتا و یەك)).(٢٠) یەکێکی تر لەو یارییانەی نووسەر لەم چیرۆکەدا بەکاتی دەکات، ئەوەیە لە جیهانی دەرەوەی کتێبەکەدا، کە کاتی سروشتی هەیە و پاڵەوان چاوەڕێی داخستنی دوکانەکە دەکات، ئەم کاتە زۆر کەمە و لەگەڵ ئەو کاتەی پاڵەوان لەناو جیهانی کتێبەکەدا بەسەری دەبات بەروارد ناکرێت ئەمەش وەك (اسرا و معراج ) وەهایە، پاڵەوان لەناو جیهانی کتێبەکەدا، چەندین سەدە و چەندین ساڵ تێدەپەڕێت و چەندین ڕووداوی سەیر و سەمەرە ئەزموون دەکات، بێ ئەوەی لە ڕووی بایلۆژییەوە گۆڕانی بەسەردا بێت، خۆ کاتێکیش بۆ ناو واقیعی خۆی دەگەڕێتەوە هەمان کەسە بەلاّم جلەکانی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، کە دێتەوە کاتەکە زۆر کەمە، کە هەمووی نەچۆتە یەك شەو و یەك ڕۆژی تەواو، بەلاّم لە جیهانی کتێبەکەدا، وەك گوتمان چەندین ساڵ و زەمەن تێدەپەڕی. ئەم کات شکێنییەی لای نووسەر، جۆرێك لەو نەریتە تازانەی ئەمڕۆی چیرۆك لەدنیادا بەخۆیەوە دەبینێ، بەرامبەر بە چیرۆکی کوردیش تازەگەرییەکی ناوازەیە کەلە چیرۆکی کوردییدا بەدی دەکرێت و نووسەر زیاتر (کاتی خەیاڵی) بەکاردەهێنێت و بەکاتی سروشتییەوە پەیوەست نییە، ئەمەش هەمووی لەوەوە دێت کە جیهانی ئەم چیرۆکە زۆر لە جیهانی واقیعی ژیانی ئێمە جیاوازە.

## ڕووداو لە چیرۆکدا

ڕووداو له چیرۆكدا زۆر جیاوازه له ڕووداو له ڕۆماندا هەروەك تیشارلتن دەڵێت: ((چیرۆكی درێژ بوارێكی ووردەكارییەكانییەوە نیشان بدات، بەلأم چیرۆك دەبێت لەم ماوەیەدا بتوانێت ڕووداوەكان نیشان بدات)).(٢١) بۆیە چیرۆكنووس زۆر جار ناچارە ڕووداوێك بهێنێت كە نیوەیە و نیوەكەی تری دەكەوێتە دەرەوەی چیرۆكەكە. دەتوانین بڵێین چیرۆك لەبنەڕەتدا ڕووداوێكە، بەلأم ئایا هەموو چیرۆكە؟ ئایا چیرۆكیەتی ڕووداوێك لە كوێدا لە جۆرەكانی تری ڕووداو جیا دەبێتەوە ؟ د.عزەدین ئیسماعیل دەڵێت: ((ڕووداوی هونەری ئەو زنجیرە هەڵكەوتانەی كە بە گێڕانەوەیەكی هونەری گێڕدراونەتەوە و چوارچێوەیەكی تایبەت لەخۆی دەگرێت )). (٢٢) واتا گێرانەوەی هونەریی مەرجی سەرەكی بوونە چیرۆكە لە ڕووداوێكدا، چونكە چونكە بە تەنیا بوونی توخمەكان بەس نین بۆ ئەوەی ڕووداوێك بكەنە چیرۆك، بەڵكو ئەوە وەستایی و زانابیەی چیرۆكنووسە كەلە شێوازی گێڕانەوە دا لە ڕووداوێكی ئاسایی دا چیرۆكێكی گەورە دەخوڵقێنێت.

ڕووداوی ئەم چیرۆكە، ڕووداوێكی سەیرە كە پاڵەوانی ئەم چیرۆكە یەكەم جار بە ویستی خۆی بەرەو جیهانی ناو كتێبەكە دەڕوات، بەلأم كاتێك دەڕوات، بیٚ ئاگا لەخۆی، بەشێكە لە حیكایەتێكی تەواونەبوو، ئێمە وەك خوێنەر لە ڕێگەی پاڵەوان (ڕامسن) دەزانین كە (دێوس) دواتر هەمان پاڵەوان و گێڕەرەوەی ئەم چیرۆكەیە، مێژوویەكی لەو ڕووداوەدا هەیە. ئەوە هیچ كە ڕووداوێكی دیكە هەیە كە ئەویش ئەو ڕووداوەیە گێڕەرەوە دەیەوێت بڕوات و واقیعی ژیانی خۆی بەجیٚ بهێڵیٚ، بەلأم ڕووداوی دووەم ڕووداوێكە كە پڕە لە سوارچاكی و عەشق و خۆشەویستی.

ڕووداوی دووەم، ڕووداوی ناو كەشتییەكە كە گێڕەرەوە دەبێتە (دێوس) كە پێشتر هاتۆتە ناو ئەو كەشتییە و مەعشوقەی كاپتنی ئەو كەشتییەی بەناوی (فەروقلیقا) فڕاندووە كە مەعشوقەی (ڕامسن)ە، دواتر دەبێتە شەڕیان و (ڕامسن) دەیەوێت (دێوس) بكوژێت، چونكە چونكە دەترسیٚ دەزگیرانەكەی داگیر بكات: ((ئەوە دێوسی شەركەر و جادووبازە، ئەوەتا شیر لە هەوادا ڕأدەگرێت. ئەو زۆلە ژنەكانی شار و ناو لەشكری هەمووی عەشقی خۆی كردووە)).(٢٣) خاڵی تێڕامان ئەوەیە گێڕەرەوە لەناو خۆیدا ئەوە بەخۆی دەڵێت: كە ڕاستە من حەزی ئەوەم هەبووە رۆژێك ببمە پاڵەوانی خەیاڵی ژنەكان، بەلأم ( من ) و (دێوس) زۆر لێكتر جیاوازین و ئەو (دێوس)ە من نیم: ((ویستم بڵێم من دانیشتوانی ڕاستەقینەی ئەو كەشتیە نیم. هەروەها ڕاگوزاری بەو لاپەڕانەدا تێدەپەڕم.)).(٢٤) كاتێك (فەروقلیقا) باسی یادگاری خۆی و (دێوس) دەكات گێڕەرەوەی چیرۆك ئەوەی لەبیر دەچێتەوە كە (دێوس) نیە، بۆیە خۆی لیٚ دەبێت ئەو، حەز

دەكات ئەو حیكایەتە تەواو نەبێت: ((خودایە چەند خۆشە ئەو لاپەڕەیە ئەبەدی بێت))(٢٥) ئەم ڕستەیە كاتێك دەڵێت كە (فەروقلیقا) پێ ی دەڵێت: ((ئەوان هێزیان لە بازوویان دایە. ئەوان هێزیان لە جنس و زەكەریان دایە، ئەوان هێزیان لە هەناسە و نەفەسیان دایە، بەلآم تۆ هێزت لە چاوانتدایە)) (٢٦)دواتر گێرەڕەوە و (دێوس) تەواو تێكەڵ دەبەن و گێڕەرەوە ئیتر خوێنەرێكی سەرپێ ی و كەسێك نیە لە دەرەوەی ئەو ڕووداوە شتەكان بۆ ئێمە بگێڕێتەوە، بەڵكو خۆی بەشێكە لە حیكایەتەكە و وەك پاڵەوانێكی ئەم حیكایەتە سەربووردەكانی خۆی دەست پێدەكات پاشان (دێوس) بە دیلی دەگیرێت و لە قەفەسێكدا زیندانی دەكەن و (فەروقلیقا)ش بەرچاوی ئەوەوە ماچ دەداتە پیاوانی سەر كەشتیەكە، ئەمەش لەپێناوی خۆشەویستەكەی دا دەكات و دواتر، شمشێرێك لەو گوریسەی دەدات كە قەفەسەكەی پێ هەڵواسراوەو (دێوس) دەكەوێتە ناو ئاوەوە. دواتر (فەروقلیقا)ش خۆی داوێتە ناو ئاوەكەوە و (دیۆس) دەباتە ناو ئەشكەوتێكەوەو ڕزگاری دەكات. پاشان لەگەڵ (فەروقلیقا) دەڕۆنە ناو كۆشك و باخچە و ماڵێكەوە و وەك دوو عاشق تێكەڵی یەكتر دەبن و هەناسە تێكەڵ دەكەن بەلآم دواتر (دێوس)، (فەروقلیقا) بەجێ دەهێڵێت و دەڕواتە ناو جیهانێكی تر كە ئەو جیهانە بەلاپەڕەی شیعر ناو دەبات، جیهانێكە شتەكان پڕن لە مانا و خۆشەویستیەك بەرقەرارە پڕە لە ژیان دۆستی و پڕە لە جوانی ئەمەش خاڵی وەرگەڕانی (دێوس) ە كەلە نێوان حیكایەتەكان و ڕووداوەكان دا وەك بایەكی سەرشێت بەناو دنیاكاندا گوزەر دەكات و لە هیچ دنیایەكدا نووچ نادات. بەهۆی سیحری گێرانەوەكەوە، گێڕەرەوە ناچارە دنیاكان بەجێ بهێلێت، هەتا بتوانێت ببێتە گێڕەرەوە، چونكە وەك پێشتر باسمان كرد، ئەو حەزی هەبوو ئیتر لە دنیایەكدا بژیت و واز لەو گەڕان و سوڕانە بهێنێت، بەلآم گێڕەرەوە كوشتەی دەستی نووسەرە و وەك چاوی نووسەر ناچارە وەك ڕاگوزەرێك وابێت.

ئەگەر هاتوو وازی لەم كارە هێنا، ئەوە نابێتە گێڕەرەوە، وەك كارەكتەرێك لە سوچێكی ئەم چیرۆكەدا قسەی خۆی دەكات و بزر دەبێت، بەم بزربوونەش چیرۆكەكە كۆتایی پێدێت بەلآم نووسەر ناهێڵێت گێڕەرەوە لە دنیایەك دابنیشێت و شوێن حەزی خۆی بكەوێت، بەڵكو دەیكاتە چاو و دەلیلی خۆی بۆ نیشان دان و وێنەگرتنی ئەو دنیایانەی لەم چیرۆكەدا ئامادەییان هەیە. دوا ڕووداوێك لەم چیرۆكەدا كە كۆتایی بە چیرۆكەكە دەهێنێت ئەوەیە، نووسەر لە ڕێگای كارەكتەرێكەوە، خەیاڵی پاڵەوان دەكوژێنێتەوە و پاڵەوان دەهێنێتەوە ناو واقیعی ژیانی خۆی و بەردەم دوكانەكە و بەمەش چیرۆكەكە كۆتایی دێت. لە ڕاستیدا ئەم چیرۆكە، بەزۆری ڕووداو و ئەو

دنیایانەی کە هەیەتی،  رۆمانێکی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، نووسەر زۆر لێزانانە لە فۆرمی ئەم چیرۆکەدا بۆمانی بەیان دەکات، ئەگەر نا ئەم چیرۆکە بۆخۆی رۆمانێکە. ڕاستە بە ڕستە و بە قەبارە بچووکە،  بەڵام خوێنەر هێندە قووڵ دەکاتەوە هەست دەکات لە سەیری فلیمێکی زۆر دوور و درێژ هاتۆتەوە،  هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئەم چیرۆکە زۆر چڕ و پوخت ڕووداوەکان بەناو یەکدا بچێ و پێویستی بە ووردی و خوێندنەوەیەکی قووڵ هەبێ.

## کارەکتەر لە چیرۆك دا

لە چیرۆکی نوێدا، مەرج نیە کارەکتەر هەمیشە پاڵەوان و سوارچاك بێت، بەڵکو کەسانی ئاسایی و سادە هاتنە ناو چیرۆکەوە، بە پێچەوانەی چیرۆکنووسانی عەرەب کە زیاتر شانازیەکانی خۆیان دەبردە ناو چیرۆکەکانیانەوە(٢٧). بەدەر لەمە بوونی کارەکتەر بە باش و خراپەوە، پێوەندییەکی گەورەی بە چیرۆك و ڕووداوەکانیەوە هەیە. ((کارەکتەر بە پێ ی ئامادە بوونیان لەناو ڕووداوەکانیان دەکرێن بە کارەکتەرە سەرەکییەکان و کارەکتەرە لاوەکییەکان، کارەکتەرە سەرەکییەکان ئەرکی هەڵسوڕانی ڕووداوەکان و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا دەکەوێتە سەر)).(٢٨) هەروەها کارەکتەرەکان کاتێك دەکەونە ناو ململانێ و پەیوەندییەوە ڕووداو دروست دەبێت و ڕەوتی چیرۆکەکە بەرەو پێش دەبەن. زۆری چیرۆکنووسەکان لەناو کارەکتەرەکاندا سیفەتێك زاڵ دەکەن کە پەیوەندی بە کۆی چیرۆکەکەوە هەیە و هەر کارەکتەرێك گرنگی و قورسایی خۆی بۆ سەر چیرۆکەکە هەیە، واتا چیرۆك بەسەر توخمەکان و تەکنیکەکاندا دابەش دەبێت و هەر بەشە و لایەك وێنەیەکی نیشان دەدەن.(٢٩) پاڵەوان،  یان کارەکتەر لەم چیرۆکەدا بریتین لە (منی گێڕەرەوە– دێوس– کابرای دوکاندار– ڕامسن– سالاری خۆش نیشان– فەروقلیقا) لەگەڵ چەند کارەکتەرێکی لاوەکی کەلە جیهانی ناو واقیعی پاڵەوان و ناو کتێبەکە هەن و کاریگەری خۆیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە. وەك پاڵەوانی مامۆستایانی سەرەتایی گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە، کە چۆن گێڕەرەوەیان ئەزیەت داوە و سزایان داوە. ئەوەی لێرەدا جیگای باسە پاڵەوانی گێڕەرەوە کە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من) دەست پێدەکات. لەگەڵ (دێوس) کە هەمان منی گێڕەرەوەیە،  بەڵام لە دوو توێ جیهانی کتێبەکەدا. (من) ی گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا کە لە ژیانی واقیعی خۆی دەژیت،  کەسێك کە بە خەون و خۆزگە دەژیت و لە واقیعدا هیچ هەوڵدانێکی نیە. بۆ ئەوەی خەیاڵەکانی بکاتە واقیع، بەڵام لەناو جیهانی کتێبەکەدا کە زیاتر جیهانی خەیاڵیە،  پاڵەوان زیاتر ترسی ئەم دیوی تێدا

ماوەو دەیەوێت بڕواتە دەرەوەی چیرۆکەکە، بەڵام دواتر دەبێتە (دێوس) کە پاڵەوانێکی ڕاستەقینەیە (فەروقلیقا) ڕفاندووە کە مەعشووقەی (ڕامسن) ە و (ڕامسن) یشی زامدار کردووە. کاتێك لە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ڕادەمێنین ئێمە لەیەك پاڵەواندا ڕووبەرووی دوو کەسایەتی دەبینەوە، یەکەمیان لە واقیع دا دەژیت و دووەمیان لە خەیاڵدا ((کتێبەکە)) یەکەمیان شەرمنە و ترسی لە شتەکان هەیە و ناتوانێت ڕازی دڵی خۆی بە کەسانی دەوروبەری بڵێت و بە ئاشکرا نیازەکانی خۆی بدرکێنێت: (( من لاپەرەکەی لە کاتی فڕێدانمدا بەدەستمەوە هاتبوو لەبن باڵم شاردمەوەو ڕۆیشتم)). (٣٠)

هەروەها نووسەر دەڵێت: (( لەوسەری شەقامەکەوە دەڕوانم بزانم ئەو دوکانەی ئەو کتێبەی لێیە کراوەتەوە بزانم بەردەمەکەی قەرەبالغە بزانم یان نا. ))(٣١) کاتێکیش پاڵەوان دەبێتە (دێوس) هەمان شەرم و ترس لەگەڵ خۆی دەبات و ناتوانێت بە ئازادی لەو دنیایەدا ڕازەکانی خۆی بەیان بکات: ((ویستم بڵێم من دانیشتوانی ڕاستەقینەی ئەو کەشتیە نیم)) (٣٢) لێرەدا وشەی (ویستم) وشەیەکە ئاماژەیە بۆ هەمان کەسایەتی و هەمان ترس و دوودڵی کە منی گێڕەرەوە هەیەتی یان لە شوێنێکی تر دەڵێت: ((ویستم خۆم بکەم بە کوڕی ئەو))(٣٣) بونی ئەم وشەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو قسەیە وەك دیالۆگ نەگوتراوە، بەڵکو هەر مەنەلۆگێکە کە پاڵەوان لەناخی خۆیدا ئەنجامی دەدات. ئەم ترس و شەرمە، لەم چیرۆکەدایە. زۆربەی پاڵەوانانی چیرۆکی کوردی شەرم و ترسێکیان تێدایە، کە ئەمەش بۆ چیرۆکنووسەکان دەگەڕێتەوە، کە خۆیان بەوەی کائینێکی کۆمەڵایەتین و سەر بەژینگەیەکی دیاری کراون، کاتێکیش کارەکتەرێك ساز دەکەن هەمان ئەخلاقیات و ئایدۆلۆژیای نووسەر لەناخی ئەو کارەکتەرانەدا ڕەنگ دەداتەوە، واتە کارەکتەر هەتا ئێستا مەحکومە بە ئایۆلۆژیا و بیرکردنەوەکانی نووسەرەوە. چیرۆکنووسان تا ڕادەیەك نەیانتوانیوە خۆیان وەك چیرۆکنووس و خۆیان وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی لەیەك جیا بکەنەوە، بۆیە کارەکتەرەکانیش هەمیشە سەر بە ژینگە و واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمانن.

## زمان لە چیرۆکدا

زمان کۆڵەگەیەکی پتەوە بۆ چیرۆك و تاکە کەرەستەیە کەلەبەردەستمدا، واتا چیرۆك هێز و سیحری لە زمانەکەیدایە، ئەو زمانە وادەکات کە چیرۆکێك باش بڕوات و خوێنەر وابەستە بکات

بەخۆیەوە، ئەمەش بەوە دەبێت چیرۆکنووس توانای ئەوەی هەبێت کەلە زمانی ئاسایی بڕواتە دەر و بۆ گەیاندنی پەیامەکەی زیاتر زمانێکی شیعری بەکاربەرێت ((پێم وایە چیرۆك دەبێت پشت بە زمانی شیعری ببەستێت، یەکێك لەو توخمانەی من لە چیرۆکدا بەدوایدا عەودالّم، وێنەی شیعریە. چیرۆکنووسی کارامە گەلێك جار بە زمانی شیعری دەنووسێت و دەزانێت لەسەر زاری کام کارەکتەر، ئەو وێنە شیعریانە دەردەبڕێت)).(٣٤) تەنانەت زۆر جار بەهۆی جیاوازی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا وای کردووە ڕەگەزە ئەدەبیە جیاوازەکان دروست بن و بێنە ئاراوە. زمانی چاك و پتە و پوخت جوانتر وێنە و ڕووداوو شتەکان لە زەینی خوێنەردا حازر دەکات و زمانی شکاویش شتەکان بە شکاوی و نیوە ناچڵی نیشان دەدات، بۆیە زمان رووتەختی نیشاندانی توخمەکانی ترە و توخمەکانی تر لە رێگەی زمانەوە جارێکی تر خۆیان بەدەردەخەن و دەبنە ڕەگەز و بنەما لە چیرۆکدا. توخمی زمان لەم چیرۆکەدا بۆ دوو زمانی جیاواز دابەش دەبێت کە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە هەیەتی، زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەنەلۆگانەی پاڵەوان لەگەڵ خۆیدا بەکاری دەهێنێ، کە ئەمەیان زۆر لە زمانی دووەم جیاوازە کە پاڵەوان لەگەڵ کارەکتەرەکانی تردا بەکاری دەهێنێت، کە ئەمیشیان دیالۆگە. واتە زمانی مەنەلۆگ و زمانی دیالۆگ هەیە، کە هەردووکیان لەیەك گەرووە وە دەردەچن، بەلاّم لەبەر جیاوازی فەزایان، زمانەکەش جیاواز دەبێتەوە کە هەمان پاڵەوان بەکاری دەهێنێ. لە مەنەلۆگەکاندا زمانی پاڵەوان تا ڕادەیەك زمانێکی شیعری یە و زیاتر ئازادی پێوە دیارە و پاڵەوان بێ سڵەمینەوە نیازەکانی خۆی وەك مەنەلۆگ بۆ خوێنەر دیاری دەکات: ((من عاشقی کتیبێك بووم، جا چ هەیە لە کتێبێك شیرینتر. هەم ژنە و هەم خواردنەوەو هەم ماڵ و حاڵ)).(٣٥) لەم مەنەلۆگە ناڕاستەوخۆیەدا پاڵەوان ترسی نیە لەوەی ئەم قسانە تووشی سەرئێشەی بکەن، بۆیە بە ئازادی و شیعریانە مەبەستەکانی خۆی دەڵێت: ((دایکێك لە سپێدەیەکدا لەگەڵ ئاونگی بەیانی ڕەویەوە کۆمەڵێك ماڵی منداڵی لەگەڕەکێك دا بەجێمان، چەند هاوڕێیەك هەر یەکەیان لە شێوەی پیتێکدا مردووە، کچێك لەفزی مەلایەك لێی ستاندومەوە.....))(٣٦) ئەم ئازادی و شیعریەتەی لەم زمانەدا هەیە بۆ هونەری مەنەلۆگ دەگەڕێتەوە ئەوەی لە مەنەلۆگ دا ئامادەیی هەیە تەنها خوێنەرە، خوێنەریش جێگای مەبەستی پاڵەوانە. هەتا لە دیوی دەرەوە و ناوەوەی پاڵەوان ئاگاداربێت. ئەم زمانە لێرەدا کەبە ئازادی هەیە. ئەوەیە کە کەسانی تری ناو چیرۆکەکە ئامادەییان نیە، بۆیە زمانەکە زۆر فراوانە و هەموو مەبەستەکانی پاڵەوان دەگرێتە باوەش، بەلاّم زمانی دووەم لە دیالۆگەکاندا

بەكاربراوە، جیاوازی هەیە و زیاتر زمانێكی ئاساییە وەك لەوەی شیعری، یان فراوان بێت: ((– ئەوەتا، ئەو هەتیووە خەیانتكارە، هات بۆ كۆشكی ڕەش یەكێكی دیكەیان پرسی: – ها پاڵەوانی دەریاكان بۆ بەندكراوی؟))(٣٧) ئەگەر سەیر بكەین لێرەدا ئەوەی دیالۆگە، زمانەكەی جیاوازە، ، چونكە پاڵەوان ڕووبەڕوی كارەكتەری تر دەبێتەوە، بۆیە ناچارە بە سادەیی شتەكانی خۆی بڵێت. یەكێكی تر لەو شتانەی وەك زمان لەم چیرۆكەدا هەیە، بەكارهێنانی كۆمەڵە ناوێك و كۆمەڵە شتانێكن كەلە واقیعدا نین و نووسەر بەهۆی ئەو دنیا خەیاڵ ئامێزەی خوڵقاندویەتی، ناچار كۆمەڵێك ناو و كۆمەڵێك كەرەستەی سەیر و سەمەرە بەكاربهێنێت. هەر لەناوی پاڵەوانەكانەوە وەك : (فەروقلیقا– ڕامسن – دێوس). هەتا ناوی كۆمەڵە گیایەك كەلە واقیعدا نین، وەك(( دەنكەشانی ڕەش، تۆی گوڵە سبلین– ڕەگی گیای ڤالین، رۆحی سوژ، چاوی دارسین– هێلكەی داسنی مۆر– دلۆپە مرواری ڕەش و خەپلەی شلۆ))(٣٨) كە ئەم هەموو ناوانە كۆمەڵە ناوێكی نامۆن بە دنیای واقیعی كۆن و ئەو گیایانەش لە واقیعدا بوونیان نیە، بەلاّم لەم چیرۆكەدا بەهۆی زمانەوە ئەو شتانە خولقێندراون، ئەمەش لایەنێكی باشی ئەم چیرۆكەیە، كە دنیا و فەزاكەی جیاوازە، هەر بۆیە ناو و زمانەكەشی بە جیاوازی كەوتۆتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان

١_دراسات في القصة العربية الحديثة، د.محمد زغلول سلام، الناشر منشاط المعادن بالاسكندرية، ص١.

٢_بنياتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلیدا، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، دەزگای توێژینەوەو بلأوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٩٧.

٣_دراسات فی القصه العربیه الحدیثة، ص٧.

٤_ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵرژان، جەبار جمال غریب، گۆڤاری رامان، ژمارە(١٤٣)، ساڵی ٢٠٠٩، لاپەڕە٢١.

٥_س.پ. لاپەڕە ١٥.

٦_س.پ. لاپەڕە ١٨.

٧_س.پ. لاپەڕە ٢٢.

٨_بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلیدا، لاپەڕە ١٣٣.

٩_بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە رۆمانی کوردی باشوری کوردستان، رێزان عوسمان مستەفا، نامەی ماستەر، لاپەڕە٣٣.

١٠_ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵرژان، ڕامان، لاپەڕە١٦.

١١_س.پ. لاپەڕە ١٦.

١٢_س.پ. لاپەڕە ١٦.

١٣_س.پ. لاپەڕە ١٨.

١٤_س.پ. لاپەڕە ٢٥.

١٦_س.پ. لاپەڕە ٢٥.

١٧_بڕوانە : دراسات فی القصه العربیه الحدیثة، ص١٤.

١٨_بڕوانە: بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلیدا، لاپەڕە ١١٠.

١٩_بیناتی جۆرەکانی ڕووداو لە رۆمانی کوردی باشوری کوردستان، لاپەڕە٣١.

٢٠_ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵرژان، ڕامان، لاپەڕە٢٣.

٢١_س.پ. لاپەڕە ٢٥.

٢٢_دراسات فی القصه العربیة الحدیثة، ص١١.

٢٣_بڕوانە: بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلیدا، لاپەڕە ١٥٣.

٢٤_ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵرژان، رامان، لاپەڕە٢٠.

٢٥_س.پ. لاپەڕە ١٩.

٢٦_س.پ. لاپەڕە ٢٠.

٢٧_س.پ. لاپەڕە ٢٠.

٢٨_بڕوانة : الروایة في العراق، د.یوسف عزالدین، معهد البحوث والدراسات العربیة. سنة ١٩٧٣، ص٤٨.

٢٩_بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و. ......لاپەڕە ١٧٤.

٣٠_بڕوانە: دراسات فی القصه العربیه الحدیثة، ص١٤.

٣١_ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵرژان، ڕامان، لاپەڕە ٢٥.

٣٢_س.پ. لاپەڕە ١٥.

٣٣_س.پ. لاپەڕە ١٩.

٣٤_س.پ. لاپەڕە ٢٥.

٣٥_هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، حەمە سەعید حەسەن، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥، لاپەڕە ٥٠.

٣٦_ئەو کەسانەی لە کتێبێك هەڵرژان، ڕامان، لاپەڕە١٥.

٣٧_س.پ. لاپەڕە ١٦.

٣٨_س.پ. لاپەڕە ٢٢.

٣٩_س.پ. لاپەڕە ١٨.

## له نێوان شکستی بەردەم واقیع و شکستی بەردەم هەقیقەتدا

چیرۆکی (شای قەرەجەکان) یەکێکە لە چیرۆکە باش و نایابەکانی چیرۆکنووس (محەڕەم محەمەد ئەمین) (١٩٢١ – ١٩٨٠) ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمانداوە بە تەنها لایەنی فکری ئەم چیرۆکە ڕاڤە بکەین و لا نەکەینەوە بە ڕووی لایەنی هونەری چیرۆکنووسیندا.، چونکە ئەم چیرۆکە هەم بیرکردنەوەکەی قووڵ و فرەمانایە و هەم ئەو ئەنجامەی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە پێی دەگات. ئەنجامێکی بوێرانە و چاونەترسانەیە بۆ چیرۆکنووس. ئەوەی ئێمە لێرەدا ڕاڤەمان کردووە جیاوازیە لە نێوان دوو میتۆدی جیاواز لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەوانیش ڕەخنەی (دەروونی) و ڕەخنەی (هێرمنیوتیکی)ە، ئەوە ساغ دەکەینەوە کە کارەکتەری ئەم چیرۆکە. کارەکتەرێکی دەروونیە، یان بوونگەراییە. بە ئومێدی ئەوەی توانیبێتمان لەم دادوەرییەماندا ڕاستیمان پێکا بێت.

## خۆگونجاندن لە واقیعدا

فرۆید لە باسی کەسی خۆگونجێندا دەڵێت: "لە ڕاستیدا کەسی خۆگونجێنی باش ئەوەیە (من) ی خۆی بکاتە دادوەری کەسایەتی خۆی. هەتا ئەو دادوەر و هەڵسووڕێنەری (ئەو) و (منی باڵا) بێت و هەر ئەم (من)ە پەیوەندیەکانی بە جیهانی دەرەکییەوە ڕێك بخات" ١ ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامانە ئەوەیە، کە (من) جڵەوی مرۆڤ بگرێتە دەست و (ئەو) و (منی باڵا)ش لە ژێر دەسەڵاتی (من)دا کاروباری خۆیان ڕێك بخەن. گەڕانەوەی سەرداری بۆ (من) لای فرۆید، ترسانە لە واقیع و لەو سزا سەختانەی واقیع هەیەتی بەرامبەر بە کەسانی یاخی و تووڕە لە واقیع.، چونکە (من) لە مرۆڤدا. ئەوەندەی خەمی پاراستنی ڕۆحی واقیعە (کۆمەڵگا) ئەوەندە خەمی پاراستنی مرۆڤی نییە. (من) لەناو مرۆڤدا ئەو هێزە سەیرەیە کە توانای خۆ گونجاندن لە واقیعدا لە مرۆڤدا ڕادەگرێت. شارەزای دەکات بە هەموو هەڵسوکەوتە خوازراو و نەخوازراوەکانی ناو کۆمەڵگا وەك ڕادارێك مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە.کە ئەم ڕەفتارانە مایەی بەدەست هێنانی دڵی کۆمەڵگان و ئەم ڕەفتارانەش مایەی ڕەنجان و تووڕەبوونی کۆمەڵگایە، کێشەکە تا ئێرە ئاساییە و ئەم کارەی (من) دەیکات لە مرۆڤدا تا ئێرە باشە، بەڵام کاری ترسناك ئەوەیە بەردەوام (من) مرۆڤ ناچار دەکات ئەوە ئەنجام بدات کە مایەی ڕازیبوونی کۆمەڵگایە. ئەمەش هەموو لە پێناوی

پاراستنی کەسەکانە هەتا تووشی دەرکردن و ماڵوێرانی نەبن و نەکەونە بەر ڕقی عەقڵی کۆمەڵگا. "من بەڕێوەبەرێکی زیرەکە بەردەوام هەوڵی مانەوەی تاك دەدات مانەوەیەکی تەواو لە واقیعدا" ٢ بەمانایەکی دیکە، (من) بەردەوام لە حاڵەتی بارگۆڕیندایە و بە پێی داخوازییەکانی واقیع خۆی دەگۆڕێت، ئیتر کاتێك مرۆڤ هەموو بوونی خۆی دایە دەست (من)ی خۆی. بە مانا فرۆیدییەکەی ئەوا هەموو بوونی خۆی داوەتە دەست (ئەویتر) و ئیتر دەبێت بەردەوام ئەوە بکات کە واقیعەکە دەیەوێت ئەمە لە زانستی دەروونناسیدا بەو کەسانە دەوترێت، کە تاکی عاقڵ و هۆشمەندن، چونکە چونکە (من) یان کردۆتە دادوەر و باڵادەست بەسەر بوونی خۆیاندا."(من) Ego ڕێدەکات لەسەر بنەمای حەقیقەت و لۆژیك و عەقڵانیەت" ٣ ئەم حەقیقەت و لۆژیکە، حەقیقەت و لۆژیکێکە تەبایە بە داواکارییەکانی واقیع و هاوئاهەنگە بەو هێزە کۆمەڵایەتییەی هەیە لەناو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، کەسە خۆگونجێنەکان ئەوانەن (من)یان بەهێزە و توانای شاردنەوەی ڕازی دڵی خۆیان هەیە. ئەوانەن بەردەوام زیرەکن لە خوێندنەوەی واقیعە جیاجیاکاندا و زیرەکن بەخۆ یەکسانکردن بە داواکاریەکانی ئەو واقیعە.، چونکە (من) زۆر شارەزایە لە "ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان (ئەو Id) و (منی باڵا super ego) و پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەکییەوە" ٤ ئەم جۆرە لە کەس هیچ کێشەیان نییە لەگەڵ ئەوەی تا چەند ئەو واقیعە یەکدێتەوە لەگەڵ ڕاز و خەونی خۆیاندا، چونکە چونکە ئەمانە هەر لەسەرەتاوە ڕازی دڵی خۆیان کوشتووە و هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە بمێننەوە جا بەهەر نرخێك بێت گرنگ نییە. ئەگەر بەم تێورەی لەسەرەتاوە باسمانکرد سەیری پاڵەوانی چیرۆکی (شای قەرەجەکان) بکەین، دەبینین (حەسۆ ئاغا) پاڵەوانێکە. (من)ی زۆر لاوازە، چونکە قەرەجە. دیارە (قەرەج) بەوەی تەسلیمی هیچ واقیعێك نابێت و ناچێتە خانەی هیچ شار و مەملەکەتێکەوە. ئەوەیە (من) یان ئەوەندە لاوازە و نایانەوێت دەستبەرداری ئەو ژیانە کۆچەرییە ببن، کە خۆیان هەڵیانبژاردووە، چونکە چونکە ئەوە ڕوونە بیانەوێت لەگەڵ هەر کۆمەڵێکی تردا ژیان بکەن دەبێت واز لە ڕازی دڵی خۆیان بهێنن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو واقیعەدا خۆ ئەگەر هاتوو ئەم کارەشیان ئەنجام دا، ئەوا ناسنامەی خۆیان دەدۆڕێن و لە قەرەجایەتی دەچنە دەرەوە، بەمەش دەبنە خەڵکی تر و دەتوێنەوە لەناو داب و نەریت و چییەتی خەڵکی تردا. واتە چییەتی (قەرەج) لەو ژیانە

کۆچەرییەی خۆیاندایە و بەو جۆرە ژیانە دەتوانن هەڵگری ڕازی دڵی خۆیان بن.، چونکە ئەگەر بێت و ڕازیبن بە ژیانی خەڵکی دیکە ئەوا بوونی خۆیان دەسڕنەوەو بەرەو نەمان دەڕۆن. هەر وەك لە چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە باسی دەکات و دەڵێت: "قسەکانی زۆر جار بە تام و خۆش بوو، باسی ڕەوشت و ژیانی قەرەجی بۆ ئەکردم، ئینجا ئەهاتە سەر باسی ئەو شار و وڵاتانەی دیبوونی" ٥

کێشەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ئەوەیە ناتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ واقیعێکدا و لەو خەمە ڕزگاری بێت کە گیرۆدەی بووە، بەڵام نازانێت بوون و ناسنامەی ئەو بەوەوەیە کە هەر قەرەج بێت و کەسی تر نەبێت. ئەمەش مایەی بەهێزی و پاراستنی بوونی خۆیەتی. نەك لاوازی و نالۆژێکی ئەوەی زانستی دەروونناسی ناویناوە. بەمانایەکی تر کاتێك گەلێك، یان کۆمەڵێك بۆ نموونە (کورد) کاتێك نەبۆتە عەرەب و فارس و تورك هەتا خۆش بژیت و ڕزگار بێت لەو هەموو کێشەیە. ئەمەیە مانای نالۆژیکی و بێ عەقڵی نییە، بەڵکو ئەوە خاڵی بەهێزی کوردە و هەر ئەم خۆنەگونجانەشە وایکردووە کورد وەك رازێك تا ئێستا ماوەو ئاشکرا نەبووە بۆ جیهان.

## یاخی بوون و شکست لە واقیعدا

زۆرجار مەرج نییە مرۆڤ بگاتە پلە باڵاکانی واقیع با (من)ێکی زۆر بەهێزیشی هەبێت، چونکە چونکە زۆر واقیع هەیە مۆنۆپۆلکراوە و بوار ناداتە دەنگ و ڕەنگی تر بۆ ئەوەی بێتە ناویەوە. "کۆمەڵێك بەربەستی جیاجیا هەیە کە تاکەکەس پەك دەخات بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆی دەستەبەر بکات، لەوانەش بەربەستی جەستەیی وەك نەخۆشی درێژخایەن، یان بەربەستی ماددی وەك هەژاری یان کۆمەڵایەتی وەك بوونی یاسایەکی کۆمەڵایەتی توند کە هەڵسوکەوتی تاکە کەس سنووردار بکات" ٦. بەمانایەکی تر هەموو هەوڵێکی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی سەرمایەی ماددی و ڕەمزی گرەنتی سەرکەوتنی نییە و زۆر جار مرۆڤ شکست دەهێنێت لە بەدەست هێنانی ماڵ و پارە و دەسەڵات و...تاد.

ئەم شکستە مرۆڤ تووشی نائومێدی دەکات و یاخی دەبێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم نامۆبوون و یاخیبوونە تا چەند دروستە مرۆڤ هەموو بوونی خۆی بخاتە خزمەتییەوە؟ بەواتایەکی تر ئایا مرۆڤ سەر بڵندانە دەژیت کاتێك هەموو قوربانییەك بدات

بۆ ئەوەی لە واقیعێکدا بمێنێتەوە؟ لە راستیدا یاخیبوون لە واقیع و شکست بەم مانایە یاخیبوون نییە بۆ ئەوەی مرۆڤەکە واقیعێکی تر بخاتەوە، بەڵکو تووڕەبوونی ئەو بۆ ئەوەیە واقیعەکە قبووڵی بکاتەوە. هەر وەك چۆن خەڵکێك هەیە ئەمرۆ دەست دەکەن بە جنێو و قسە و هەرا دەنێتەوە بۆ ئەوەی ڕازی بکەن. ئەم شکستە و ئەم یاخی بوونە یاخیبوونێکە عەیبە، چونکە چونکە مرۆڤـ لەم بارەدا بۆ نان و بۆ دەسەڵات دەگری و قبووڵ دەکات و نا دەکات لە شتەکان ئەم تووڕە بوونە بۆ ئەوەیە مرۆڤ خۆی بفرۆشێت نەك خۆی بکڕێتەوە و ڕازی دڵی خۆی بدرکێنێت. بەم یاخیبوونە شکستەکەی خۆی هاوسەنگ دەکاتەوە و جارێکی دیکە واقیعەکە بەلای خۆیدا کەمەندکێش دەکاتەوە. واتە کاتێك واقیعەکە بەو شێوازە قبووڵی ناکات کەسەکە لە ڕێگەی ئەو یاخیبوونەوە وا دەکات واقیعەکە قبووڵی بکات. ئەمەش خراپترین و قێزەونترین شتێکە مرۆڤ ئەنجامی بدات.، چونکە کەسەکە فێڵ دەکات. بۆ ئەوە یاخی نییە خاوەن بەرنامەو بنەمایەکی ترە بۆ ژیان بەڵکو بۆ ئەوە یاخییە دڵداری بکات لەگەڵ واقیعدا. بۆ ئەوەی واقیع قبووڵی بکات خەمی ئەم جۆرە کەسانە خەمی نان و دەسەڵات و سەرمایەیە نەك حەقیقەت و ڕاستی. (کورد) یەکێکە لەو گەلانەی کە یاخیبوونی بۆ ئەوە نەبووە خۆش بژین بە مانا بایەلۆژیەکەی، یان بۆ پارە و دەسەڵات و کورسی نەخێر!

یاخیبوونی کورد یان شکستەکانی شکستی بەردەم حەقیقەت بوون شکستی و یاخیبوونی بەردەم خەونێکی ئەنتۆلۆژی بووە، کە ئەویش دەرکەوتنی ئەخلاقیاتێکی وا کە گوزارشت لە رۆحی کورد بکات نەك خەمی پارە و دەسەڵات.، چونکە ئەگەر وابا ئەو کات کورد بەبڕێك پارە، یان کورسیەك سازشی دەکرد لەسەر بوونی خۆی. یەکێك لەو ساتە جوانانەی لەم چیرۆکەدا بەرچاو دەکەوێت لەلای (حەسۆ ئاغا) وەك کارەکتەری سەرەکی ئەم چیرۆکە ئەوەیە شکست و خەمی ئەم پیاوە بۆ خانووی جوان نییە کە وەك قەرەجێك بڵێت بێزار بووم لە تاوڵ و دەشتودەر، یان بۆ پارە، یان بۆ. ....تاد بەڵکو خەم و شکستی ئەو بۆ حەقیقەتێکی گەورەیە ئەویش بوونی نیشتمانێکە بۆ خۆی.

هەر بۆیە ئەم کارەکتەرە هەڵگری بەهاو جوانییەکە، چونکە، عاشقی حەقیقەتە نەك (من)ی خۆی، هەر ئەم عەشقەشە وای لێدەکات ڕازی نەبێت بە شوێنەکان و خەمێکی گەورەتر هەڵگرێت کە لە روحی خۆیەوە نزیکە نەك جەستەی. "ئەیەوێ نیشتمان و

نەتەوەی هەبێ وەکو هەموو خەڵکێکی تر، بەڵام چۆن یارمەتی بدەم و لەم بێ هیواییە ڕزگاری بکەم" ٧ گەورەیی مرۆڤ لەوەدا نییە خەونی پارە و سەروەت و سامان و دەسەڵات بکاتە خەم و هەوڵی خۆی، چونکە ئەوانە شتانێکن ئەگەر مرۆڤ بووە خاوەنیان و پێیان گەیشت هەر خاوەن نییە، چونکە چونکە واقیع خەسڵەتی ڕاگوزەری هەیە و بەردەوام لەبار گۆڕیندایە، هی ئەوە نییە مرۆڤ پاڵی پێوە بدات و بیکاتە بنەما، چونکە چونکە ئەگەری ڕووخانی لە پێشە ئەم خەونە خەونێکی نەزۆك و مایەی عەیبەیە بۆ مرۆڤ. گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە خەونی بەرجەستەبوونی حەقیقەتی هەبێت. حەقیقەتێکی گەورە بکاتە ئامانجی خۆی، ئەگەر لەو ڕێگەیەشدا مرد، یان شکستی خوارد، ئەوا شکستێکە پڕە لە جوانی و پڕە لە فەنتازیا. شکستێك نییە مایەی عەیبە بێت بۆ مرۆڤ، بەڵکو شکستێکە مایەی سەر بڵندی و سەربەرزییە.

## خۆگونجاندن لەگەڵ حەقیقەتدا

باسکردنی حەقیقەت و لێکۆڵینەوەیی کارێکی هەروەها ئاسان نییە، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین زۆر بەکورتی باسیبکەین لە پێناوی بابەتەکەماندا مارتن هایدگەر لە باسی حەقیقەتدا دەڵێت:"شتەکان بەوەی کە خولقێنراون لە بوون و چییەتی خۆیاندا لەسەر هەمئاهەنگ بوونیان لەگەڵ ئەو ئایدیاڵەدا بەندن کە پێشتر لە بیری خواییدا هەبووە، سازی ئەو خولقێنراوانە لەگەڵ ئایدیاڵەکەیان مانای (حەقیقەت) دەگەیەنێ" ٨. ئێمە دەکەوینە بەردەم دوو عەقڵی جیاواز: یەکەمیان عەقڵی خوایی و دووەمیان عەقڵی مرۆییە، عەقڵی خوایی بەوەدا خولقێنەرە، هەموو شتە خولقاوەکان لەسەر بنەمای ئەو ئایدیاڵە دەڕۆن بەڕێوە کە لە عەقڵی خواییدا بوونی هەیە. ئەمەش ڕێگە دروستەکەیە بۆ ئەو شتە کە دەبێت پێوەی پابەند بێت. واتا بوونی ئەو شتە لەسەر پابەندبوونی بەو ئایدیاڵەوە وەستاوە. ئەگەر نەیتوانی خۆی هەماهەنگ بکاتەوە لەگەڵ ئەو ئایدیاڵەدا ئەوا نەیتوانیووە ببێت. واتە ئایدیاڵی عەقڵی خوایی لەناو شتەکاندا دەبێتە بوونیان، شتەکان لە ڕێگەی وەدیهاتنی بوونیانەوە، دەیسەلمێنێت کە سازن لەگەڵ ئایدیاڵەکەیاندا کە لەناو عەقڵی خوایدا حزوریان هەیە. ئەگەر ئێمە مرۆڤ بە نموونە وەربگرین ئەوا هەر مرۆڤێك، یان هەر نەتەوەیەك بۆ خۆیان لەسەر بنەمای ئەو ئایدیاڵە خولقاون کە لە عەقڵی خواییدا

بوونی هەیە. ئەم ئایدیالە دەبێتە بوونی ئەو مرۆڤە، یان ئەو نەتەوەیە، مرۆڤـەکە بەوە خۆش دەژین، یان ئارام دەبێتەوە، ئەگەر توانی ئەو بوونەی خۆی هەماهەنگ بکاتەوە لەگەڵ ئایدیالی ناو عەقڵی خوایی. واتە ئەگەر مرۆڤ توانی هەموو هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی هەماهەنگ بکاتەوە بە بوونی خۆی ئەوا خۆشی هەماهەنگ کردۆتەوە بە ئەو ئایدیالەی لە عەقڵی خواییدا بوونی هەیە. "ئەگەر دروست بوونی شت، هەماهەنگی بوونی ئەو شتە بێت لەگەڵ بیرە خواییەکەیدا، ئەوە دروستی بوونی بیرێکی مرۆیی هەماهەنگی بوونی ئەو بیرەیە لەگەڵ ئەو شتەدا کە هەماهەنگ لەگەڵ بیرە خواییەکەدا" ٩

ئەگەر ئێمە بێین ئەم بیرکردنەوە زیاتر ڕوونبکەینەوە لە مرۆڤدا مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا دەکەوێتە بەردەم کۆمەڵێك خەونی جیاواز، خەونی هەیە وابەستە بە واقیعەوە. واتا واقیع ئەو خەونەی بۆ دروستکردووە هەروەك لەبەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، بەڵام خەونی هەیە سەر بە (بوون)ەو خەونێك نییە لە واقیعەوە بۆی گوازرابێتەوە، بەڵکو خەون و ئاواتێکە لە ڕێگەی ئایدیالەکەوە کە لە عەقڵی خواییدا هەیە، بۆی گوازراوەتەوە. واتە ئەم خەونە لەناو بوونی خۆیایەتی ئەم خەونە وەك دۆخێك دەبێتە هۆی ئاراستەکردن و پاڵپێوەنانی ئەو مرۆڤە، بۆ وەدیهاتنی ئەو خەونە لەواقیعدا. مرۆڤەکەش بە پێی هۆگری و ناهۆگری خۆی بۆ ئەو خەونە زەمینەی جیاواز و هەوڵی جیاواز دەخاتە گەڕ بۆ لە دایك بوونی ئەو بیرە. ئەگەر مرۆڤەکە توانی ئەو بیرە بدۆزێتەوە و لە واقیعدا بەرجەستەیی کرد ئەوا ئەو مرۆڤە هەماهەنگە لەگەڵ بوونی خۆیداو لە ڕێگەی ئەم هەماهەنگییەوە هەماهەنگیش دەبێت لەگەڵ عەقڵی خواییدا. بەمەش مرۆڤەکە دەگاتە ئەو شوێنەی کە خۆی دەیەوێت و خۆش دەژیت. میللەتانی جیهان بەپێی ئەو دەرکەوتانەی هەیانە لەسەر نەخشەی ڕووداوەکان (دەوڵەت) یەکێکە لەو خەونە ئەنتۆلۆژییانەی کە لە بوونی خۆیانەوە هاتۆتە دەر و واقیعیان کردۆتەوە. بەمانایەکی تر (دەوڵەت) یەکێکە لەو حەقیقەتانەی نەتەوەکان بۆی دەژین (کورد) یەکێکە لەو گەلانەی هەوڵی وەدیهاتنی ئەم خەونە دەدات کە بەردەوام زەمینەی بۆ تاقیدەکاتەوە و خوێنی بۆ دەڕێژێت، ئەم هەوڵە هەوڵێکە هەماهەنگە بە بوونی نەتەوە و هەماهەنگیشە بەو ئایدیالەی لە عەقڵی خواییدا هەیە، بەڵام کورد هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەم حەقیقەتە لە خەونەوە بکاتە حەقیقەتێك لە واقیعدا بوونی هەبێت. (شای قەرەجەکان) وەك پاڵەوانی ئەم چیرۆکە خەم

و ئازار و هەوڵی ئەوەیە کە حەقیقەتێکی دۆزیوەتەوە ئەویش بوونە بە نەتەوە و دەوڵەت، واتە لەسەرەتای درککردنییەتی بەم حەقیقەتە ناوەکییە، لە هەوڵی ئەوەدایە کە خۆی وەك گەورەیەك کۆمەڵەکەی هەمئاهەنگ بکات لەگەڵ ئەم خەونە ئەنتۆلۆژییەدا، واتە دەیەوێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەم بوونەدا و زەمینە و رێی و شوێنی بۆ فەراهەم بکات."نە ئەتوانم هیچ نەتەوەیێك بەنەتەوەی خۆم دابنێم و نە ئەشتوانم بەبێ نیشتمان و نەتەوە بژیم. جاران وا نەبووم، گوێم نەئەدایە ئەمە" ١٠ ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا بەرچاومان دەکەوێت، حاڵەتی درککردنی کارەکتەری سەرەکی ئەم چیرۆکەیە، بەو خەونە ناوەکییەو هەر ئەم خەونەشە ناهێڵێت وا بکات لەگەڵ نەتەوەیەکی تر بژیت وەك ئەوان ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە هەر ئەم خەونەیە هیوای بۆ دروست دەکات. ئەگەر چی ئەم چیرۆکە گێڕەرەوەکەی، لە گێرانەوەدا لاوازە، بەڵام بیرکردنەوە قووڵەکەی وا دەکات چاو بپۆشین لە لایەنی هونەری چیرۆکەکە، یان ئەو هەڵانەی کە تێیدایە. ١١ بەڵام جوانی ئەم کارەکتەرە لەوەدایە عاشقی حەقیقەتە نەك واقیع، عاشقی بوونی خۆیەتی نەك ئەویتر، دەیەوێت وەك خۆی بژیت نەك وەك نەتەوە و گەلی تر. ئەم بیرە جوانییەکی قووڵی بەخشیووە بە (حەسۆ ئاغا) و بە وردی چیرۆکنووس لە هەڵبژاردنی بابەتی چیرۆکەکەدا.

## شکست لەبەردەم حەقیقەتدا

حەقیقەت کاتێك دەیەوێت دەرکەوێت وەك بوونێکی واقیعی، ڕووبەڕووی واقیع و زەمینە دەبێتەوە. ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە ئایا ئەم خەونە تا چەند واقیع لە ئامێزی دەگرێت، یان تا چەند بەربەستە لە وەدیهاتنی، مەرج نییە هەموو حەقیقەتێك واقیع بیگرێتە خۆی، یان زەمینەی گونجاوی دەست بکەوێت. لەم بارەدا ئەو حەقیقەتە وەك خەونێك هەر لەناو مرۆڤدا دەمێنێتەوە و بارودۆخی کەسەکە دەشوێنێت. ئەگەر هاتوو ئەم کەسە هەر سوور بوو لەسەر ئەم حەقیقەتە کە واقیعی بکاتەوە ئەوا واقیع سزای دەدات و لەناویدەبات، وەك سوکرات، سوکرات کوژراوی دەستی ئەو واقیعە بوو، کە دوژمنی حەقیقەت بوو. بۆیە بەو دەردەی برد. یان ئەوەتا مرۆڤەکە دەیباتەوە ناو خۆی و کۆ بەکۆ دەیبات لەگەڵ خۆی. حاڵەتی کارەکتەری سەرەکی ئەم چیرۆکە، حاڵەتی کەسێکی سەراسیمە و

سەرگەردانە.(حەسۆ ئاغا) کاتێك دەزانێت ئەو حەقیقەتە ناوەکییە، دەرەکی نابێتەوە ئیتر خۆی بەشایەنی ئەوە نازانێت بژین، بۆیە تووشی (خۆکوشتن) دەبێت. ئێمە واز لەوە دەهێنین تا چەند ئەم خۆکوشتنە ڕەوایە، یان نا، بەڵام ئەم شکستە.

زۆر جیاوازە لەو شکستەی مرۆڤ لە واقیعدا تووشی دەبێت ئەم شکستە هەڵگری مانایەکە، هەڵگری ڕاز و نیازێکە جوانییەك هەیە. مەوج دەدات لەناویدا. مردنی سوکرات تاکۆتایی جوانی جوانە، ئەم شکستە مایەی سەربەرزی و ئازایەتییە، کەسە شکست خواردووەکان ئەوانەی شەهیدی ئەم ڕێگەیەن، هەمیشە مایەی سەربەرزین هەمیشە دەبنە ڕەمز و وەك موقەدەسێك دەمێننەوە. ئەو بیرەی لە وێنەی (عومەری خاوەر) دا هەیە کاتێك خۆی دەکاتە قەڵغانی پاراستنی ئەو منداڵە. ئەم مردنە مردنێکە پڕە لە ژیان، پڕە لە ئاوێزانبوون بە سەرمەدی. شکستێکە شەلاڵە بە هەستانەوە، شەلاڵە بە هەڵگیرساندنی شۆڕش و وشیارییەکی گەورە بەرانبەر بەو حەقیقەتە. حەقیقەتێك هەیە بەم مردن و شکستە خۆی والا دەکات و گشتی دەبێتەوە لەناو کۆمەڵدا. تا ئەو ساتە ئەو حەقیقەتە شاراوە و پەنهانە، بەڵام لەم شکستانەدا بوونی دەردەکەوێت. ڕاستە ئەم کارەکتەرە خۆی دەکوژێت، بەڵام کێشەیەك ئاشکرای دەکات ئەویش گەڕانی مرۆڤە بە شوێنماڵی خۆیدا کە مرۆڤ نەیتوانی ماڵی خۆی بدۆزێتەوە ئیتر شایەنی ئەوە نییە بژیت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- تا: كالفن-س. حول، مبادئ علم النفس الفرويدى، ت: دحام الكيال، الطبعة الثانية، مكتبة النهضة، بغداد، سنة ١٩٧٣، ص ٢٩.

٢- تا: عبدالرحمن محمد العيسوى، سيكولوجيه عصام جابر، مصر، سنه الشخصيه، مگبعه ٢٠٠٢، ص ١٣٨.

٣- س. پ، لا١٣٨.

٤- س. پ، لا١٣٨.

٥- محەڕەم محەمەد ئەمین، شای قەرەجەکان، کۆ بەرهەمی ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفیەکانی محەڕەم محەمەد ئەمین، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨، ل ٩٠.

٦- د. هاشم جاسم السامرائي، المدخل في علم النفس، الطبعة الثانية، بغداد، سنة ١٩٨٩، ص١٣٠.

٧- محەڕەم محەمەد ئەمین، شای قەرەجەکان، ل ٩٢.

٨- مارتن هايدجر، كتابات اساسية، الجزء الأول، ت: أسماعيل محسن، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٦٠.

٩- د. عرفان مستەفا، بوونی مرۆڤ و دەرکەوتەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، ل ٩٣.

١٠- محەڕەم محەمەد ئەمین، شای قەرەجەکان، ل ٩٣.

١١- لەبەشێکی چیرۆکەکەدا (حەسۆ ئاغا) شای قەرەجەکان دەڵێت:

"وا خەریکە شێت ئەبم و ئەدەمە کێو" ئەم ڕستەیە بۆ پیاوێکی قەرەج ناشێت، چونکە ئەو هەموو ژیانی لەسەفەر و ئاوارەییدایە بۆیە ئەو ناڵێت وا(ئەدەمە کێو) ئەم ڕستەیە بۆ شارنشین دەگونجێ نەك قەرەج.

# هونەری شێوەکاری



**پەیکەری دۆست**

**قەبارە ٢٢٠ سەنتیمەتر – ٨٠ سەنتیمەتر – ٤٠ سەنتیمەتر**

# تێڕامان لە هونەری شێوەکاری

کاتێك دەمان ویست لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەین لەسەر هونەر بەگشتی و هونەری شێوەکاری بەتایبەتی، لەناو هەموو لێکۆڵینەوە و نووسینی کوردیدا هیچ نووسینێکی وەها نەبوون کە سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ تیوریانە و بابەتیانە لەسەر هونەری شێوەکاری هەبێت. ئێمەش دەمانویست هەم کارێك لەسەر پەیکەرەکانی بورهان سابیر ئەنجام بدەین هەم ئەم کارەمان دەروازەیەك بێت بۆ تێڕامان لە هونەری شێوەکاری بە گشتی. لەباسەکەشماندا دەمانزانی ڕووبەرووی کۆمەڵێك چەمکی پەتی و ڕەها دەبینەوە وەك (هونەر – مادده – هیولا – کەرەستە – بوون – هەقیقەت. ... تاد) ئەم چەمکانەش نەك هەرلە تیوریەی هونەری شێوەکاریدا بزرن، بەڵکو لە نووسینە فکریەکانیشماندا زۆر بەکاڵی دەردەکەون و وەك ناوهێنان هەن بۆیە ئێمە ناچار بووین بگەڕێنەوە بۆ نووسینە فەلسەفیەکان و بەتایبەت مارتن هایدگەر و ئەریستۆ، چونکە بەڕاستی زۆر وردو تیوریانە ئەم چەمکانەیان شەرح کردووە و بەیانیان کردووە. لەپاڵ ئەمانەشدا ئێمەش خۆمان ئەو حاڵەتەی خۆمانمان کردە نووسین کە بریتی بوو لە تێڕامان لە هونەری شێوەکاری لەم باسەشدا ڕاستە کارەکانی بورهان سابیر بەتایبەتی پەیکەری ( دۆست ) بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە، بەڵام ئێمە زۆر ئازادانە ئیشمان کردووە و سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی و هەمەکی باسی هونەری شێوەکاریمان کردووە. ئەنجا دابەزیوینەتە خوارەوە و ئەم گشتاندنەمان بەشەکی کردۆتەوە لە سەر کارەکانی بورهان سابیر هەر بۆیە سەرەتا هەست بەوە دەکرێت کەزۆر دوورکەوتوینەتەوە لە قسەکردن لە سەر کارەکان.

بەڵام ڕاستی نووسینی تیوری پێویستی بە بڕینی ڕێگایەکی دوور و درێژ و نارەحەت هەیە. هەتا بتوانین تەواو جەوهەری ئەو کارە هونەریە کەشف بکەین. ئەمەش هەم ووردتر کارەکە دەبینێت و هەم کۆمەکمان دەکات زیاتر لە سەر هونەری شێوەکاری قسەبکەین و بیربکەینەوە. هەروەها بەشی تیوری ئەم باسەمان کەزۆر زیاترە لە خوێندنەوەی کارەکانی بورهان سابیر جیانەکردۆتەوە دواتر هاتووین لە سێ بەشی کۆتای ئەم باسەدا هەوڵمانداوە زۆر چڕو پوخت کارەکە هەڵبە سەنگێنن بۆیە خوێنەر دەبێت کەمێك پشوو درێژ بێت لەگەڵ ئەم باسەدا بەو هیوایەی توانبێتمان خزمەتێکی بچوکمان بەهونەری شێوەکاری کوردی کردبێت و ئەم باسەش سەرەتایەك بێت بۆ لە دایك بوونی لێکۆڵینەوەی تیوری ورد و پاڵپشت بە بنەمای عەقڵی ساغ.، چونکە ئەمڕۆ ئێمە لە هەموو کات و ساتێك پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەی تیۆری پوخت هەیە هەتا ئێمەش وەك کورد قسەی خۆمان هەبێت لە سەر چەمکەکان و ئایدیاڵەکان. بائەوەش بڵێم کەئەم نووسینە هەوڵێداوە

بێ لایەنگیری و دوور لە هەر پیاهەڵدان و لێدا نێك هەوڵی خۆی داوە لە پێناوی لە دایك بوونی تیورێکی پوخت لە سەر هونەری شێوەکاری لەگەڵ ئەوەشدا لەپاڵ هونەرمەند بورهان سابیر زۆر هونەرمەند دیکە هەن، کەشایەنی ئەوەن لێکۆڵەران و ڕەخنە گران لێکۆلینەوەی وردیان لە سەر بکەن دوور لە نووسینی ڕۆژنامەوانی کەنەك هەر بنەمای نیە، بەڵکو یان پیا هەڵدان یان لێدان و شەڕکردنە لەگەڵ ئەو کارە هونەرییەدا. دیارە هیچ کارێك بێ کەم وکوڕی نابێت ئومێدەوارم کە قوتابیانی بەشی شێوەکاری کۆلیژ و پەیمانگاکانی کوردستان ئەم دیاریەم لێ قبوڵ بکەن لەگەڵ داوای لێبوردن.

## ١_ هونەرو کاری هونەری :

جەوهەری هونەر، کە کاری هونەری و هونەرمەند پشتی پێدەبەستن ئەوەیە هەقیقەت لە کارە هونەریەکەدا دابنیشێت" ١ مارتن هایدگەر لێرەدا دەمانخاتە بەردەم چوار چەمکی جیاواز کە هونەر بەبێ هەریەك لەم چوار عیللەتە هەناسەی ژیانی نیە بە پوختی و ڕەسەنی ئەوانیش ( هونەر – کاری هونەری – هونەرمەند – هەقیقەت ) لە ڕاستیدا کاری هونەری دواهەمین قۆناغی ڕوودانی هونەرەو هەموو عیللەتەکان لێرەدا ئامانجی خۆیان دەپێکن. دەتوانین بڵێین هونەر لەکاری هونەریدا دەردەکەوێت و خۆی نمایندەدەکات کاری هونەری ڕوتەختی کۆبوونەوەی کاتیگۆریەکانە. هەموو ئەم ڕووداوانەش لەناو هونەرمەنندا ڕوودەدەن. واتە هونەرمەند مەیدانی ڕووداوە کەیە و یەکەمین بزوێنەری کارەکەیە : لێرەدا مارتن هایدگەر ڕوبەڕی قورسترین چەمکمان دەکاتەوە ئەویش هەقیقەتە. هەقیقەتێك کە هەمیشە لە حاڵەتی ڕووداندایە نەك هەقیقەتێکی وەستاو کۆنکرێت بوو. ئەوەی هایدگەر پێمان دەڵێت ڕاستی دانانی مەرجی پێشوەختە نیە بۆ هونەر.، چونکە هەقیقەت خۆی هەمیشە وەك ئەگەرێك ناتوانین پێشی بکەوین، بەڵکو هەمیشە ئەو خۆی سەرداری ڕوودان و کات و ساتی خۆیەتی. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەین ئایا هەقیقەت چۆن ڕوودەدات ؟ بەچی ڕووداوێك دەبێتە ڕووداوی دەرکەوتنی هەقیقەت ؟ ئەوەی ڕووداوێتی دەپارێزێت و هەمیشە مانای دەداتێ وەك هەقیقەت چییە ؟

دیارە هەر بەڕوانین بۆ فەلسەفەکەی هایدگەر ئێمە ڕووبەڕوی چەمکێکی هەمەکی گەورە دەبینەوە، کە هەمیشە لە پشت مێژووە وە. دەوەستێت و گیانی جیهان ئاراستە دەکات ئەویش ( بوون – وجود )ە. بوون وەك بوونێکی هەمەکی و ڕووت. یەکەمین بنەمای بنەماکانە، کە

تەنانەت بوونی ماددەش دەکەوێتەوە ژێر ئەوەی وەك پێدراوێکی بوون هەیە و بۆتە واقیع "جەوهەر ئەو بوونەیە کە نابێت بەبار بەڵام هۆیە بۆ بوونی شتێکی دیکە بۆ نموونە گیان هۆیە بۆ بوونی ئاژەڵ. جەوهەر بەوە دەوترێت کەلە شتێکدا بنەڕەتیە و ئەوشتە بە ڕوخانی ئەم بنەڕەتیە نامێنێت" ٢ لەپاڵ هایدگەردا ئەریستۆش دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتاو یەکەمین پنت، کەئەویش بوونە. واتە بوونی وەك هێزێکی ئامادەکراو لە ئامادەباشی دایە بۆ دەرکەوتن و درەوشانەوە، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ فەلسەفەکەی هایدگەر دەبێت ئێمە بوونی هەمەکی و بوونی مرۆیی لەیەکتر جیاواز بکەینەوە "بوونگەراکان ووشەی ( بوون -Existence) بەشێوەیەکی سنوردار بەکار دەهێنین بەجۆرێك کە تەنها بەسەر ئەو شێوەیەی بووندا دەچەسپێت کە لە بوونی مرۆ ییدا دەیناسین "٣

وەگەرنا بوونی هەمەکی سەراپا گیریەکی بێ پایانە و بوونی مرۆیی. بۆ خۆی یە کێکە لە دەرکەوتەکانی ئەم بوونە، بەڵام بۆ مرۆڤ هەمیشە ڕووداویك هەیە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا کە پێویستە ڕووبدات. ئەویش دەرکەوتنی ئەم بوونەی خۆیەتی لە پێناوی ئاشکرا بوونی هەقیقەتیدا. بەبڕوای من ڕوودانی هەقیقەت و دەرکەوتنی بوونی مرۆڤ. جیاناکرێتەوە لە ژیانی واقیعی، بەڵام لەدوای سوکراتەوە بوون تووشی سڵەمینەوە هاتووە لە واقیعەوە و. لەڕێگەی دیکەوە خۆی دەهاوێتە ناو واقیعەوە واتە بوون یەکەمین وێزگەی کەدەیەوێت دەرکەوێت ئەوەیە هەر لەناو مرۆڤدا جەستە و سایکۆلۆژیای مرۆڤ بەکار بەرێت. بۆئەوەی بوون هەستەکی بێتەوە، بەڵام لە پەراوێز خستنی بوون ولە پایەماڵکردنی فەلسەفەدا بوون خۆی دەهاوێتە دەرەوەی مرۆڤ و ئەم جارەیان ناواقیعی لە واقیعدا دەردەکەوێت. ئەم دەرکەوتنە خودی ڕوودانی هەقیقەتە، بەڵام ئیتر بوون ئەمە یەکەمین و دواجاری نیە، چونکە دەرکەوتنی بوون پرۆسەیەکە بەپێی کاتی ژیانی مرۆڤ خۆی تەواو دەکات و دەچێتە پلەی کامل بوونەوە هونەر بە گشتی و هونەری شێوەکاری بە تایبەتی کە مەبەستی ئەم باسەی ئێمەیە یەکێکە لە ڕێگاکان و دەریچەکانی بوون بۆ دەرکەوتن و ئاشکرابوونی لە پاش ڕوودانی هەقیقەت کە خۆی هاتنی بوونە بۆ ناو کارە هونەریەکە و هونەر دێتە ئاراوە دیارە هونەرێکی پاك و بێگەرد و خاوێن. لێرەدا هونەرمەند پێی خۆی دادەکوتێت لەسەر بوونی خۆی کە وەك زەمینێك هونەرمەند ڕادەگرێت.

واتە هەقیقەت لە بنەرەتا ڕووداوە. ڕووداوێکە کە پڕە لە تەقینەوە و پڕ لەسەر سوڕمان. پڕیشە لە تێکدان و ڕێکخستن.، چونکە هونەر لە بەرامبەر واقیعدا هەمیشە وەك ئەلتەرناتیڤ خۆی بەیان

دەكات. (( ڕوودانی هەقیقەت لە ناو كاری هونەریدا هەمیشە شتێكی ناباو دەخاتەوەو شتە باوەكانیش سەراوگێر دەكات و تێك دەشكێنێت ))٤ ئێستا لە نێوان هونەر و كاری هونەریدا ئەو ڕوون بكەینەوە ئایا هونەر پنتی كاری هونەریە یان كاری هونەری بنەمای هونەرە ؟ لە ڕاستیدا كاری هونەری نا بێتە بنەما، ، چونكە ئەو بەرهەمی ڕوودانەكەیە، واتە هۆ و بنەما هەن لە پێش ئەمەوە و كارە هونەریەكە باركراوە واتە كاری هونەری چۆنایەتی ڕوداوەكەمان پێ نیشان دەدات و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە چییەتیەك هەیە پێش ئەم چۆنایەتیە بەلام بابزانین ئەو چیەتیە هونەرە یان چی ؟ ئێمە بۆ وەلامی ئەم پرسیارە دەبێت سەیری بە دیلی سێهەم بكەین ئەویش بوونە واتە خودی هەقیقەتیش نیە.، چونكە هەقیقەت قۆناغی دەركەوتنەكەیە. واتە هونەرەكەیە لەگەڵ ڕوودانی هەقیقەتدا هونەر دێتە ئاراوە واتە هونەر یەكسانە بە ڕوودانی هەقیقەت، بەڵام ئەوەی لە پشت ئەم روداوانەوە شتەكان كۆ دەكاتەوە ( هونەرمەند –هیوا – ئامانج ) بوون خۆیەتی. واتە بوون دەبێتە بنەمای یەكەمی هۆكارەكە ئەوەش ڕوونە هونەرمەند ئەم داوتە ساز دەكات و بوون بانگ دەكات بۆ ئەوەی هونەر و كاری هونەری بێنە ئاراوە واتە هونەرمەند پێش هونەر و كاری هونەری دەكەوێت، ، چونكە هونەرمەند دەتوانێت ئەم ڕووداوە دەركینەكاتەوە و هەر لەناو خۆیدا بە وێنە شتەكان هەست پێبكات بەلام هونەرمەند لەباری ڕوودانی هەقیقەتدا ناتوانێت هونەر رابگرێت، چونكە هونەر و هەقیقەت لە ڕووداوەكەدا پێكەوەن و لەیەكتری جیانابنەوە هونەری شێوەكاری پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی هەیە بە چاوەوە، بەلام هەر چاو خۆی بەس نیە بۆ تێڕامان لە هونەری شێوەكاری ئێمە هەموومان بەبێ جیاوازی دەتوانین بچینە ناو پێشانگایەكەوە و بەچاو سەیری هەموو كارە هونەریەكان بكەین بەڵام ئەوەی تێدەگات دواجار ئەوانەن كە بیریان كردۆتەوە، ، چونكە گەر هونەر خودی هەقیقەت بێت و هەقیقەتیش هاتنی بوون بێت بۆ ناو هەبوو ئەوا دۆزینەوەی بوون لە كارە هونەركەیدا دەچێتە دەرەوەی توانای هەستەكانی مرۆڤ و چاویش یەكێكە لە هەستەكان لێرەوە ئێمە تووشی پرسیارێكی گرانتر دەبین ئەویش ئەوەیە ئایا بوون وەك شتێكی بەجەرستە و دیار لە هونەری شێوەكاریدا دەردەكەوێت ؟

وەك سەرەتایی وەلام نەخێر !، چونكە بوون نایەتە ناو زەمەنەوە ئەوەی بوون دەیكات لە زەمەندا كارە هونەریەكەیە، واتە چۆنایەتیەكەیە هەر بۆیە ناتوانین بلێین ئەم بەشەی ئەو پەیكەرە بوونی تێدایە، بوون لە ناو هونەرمەندەكەدا هونەرەكە دەخوڵقێنێت و بۆ خۆی هەمیشە لە دەرەوەی زەمەنە هەر ئەمشە وادەكات بوون نەبێتە رابردوو.، چونكە ئەگەرێكی دواخراوەو

هەمیشە لە باری ئەوەدایە ڕوو‌بدات (( ئەگەر ئێمە بە بیرمان بێتەوە کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەی کە باو بووە کەوا دەزانێت لە ناوکاری هونەریدا جەوهەر دیارە ئەوە مایە پوچە و هەقیقەت نادۆزێتەوە)) ٥ بەلام بۆ ڕوودانی هەقیقەت ئەوەیە کەوا بە هیچ جۆرێك هەقیقەت دووبارە نابێتەوە و بەهیچ جۆرێك جارێکی دیکە لە هەمان شوێن و لە هەمان کاتدا ڕوونادات‌ەوە ئەمەش حیکمەتی پاراستنی هەقیقەتە و بەم نەدانەوەی هەقیقەت پارێزگاری لە خۆی دەکات. هەروەك چۆن یەك سوکراتمان هەیە و تەواو ئەمە وەك مرۆڤ وەك هونەریش هەمیشە یەك مۆنالیزا هەیە ئەویش مۆنالیزای (داڤنشی) ە ئەمەش فێڵی هەقیقەتە لە مرۆڤی دەکات، چونکە مرۆڤ زۆر حەزی لە لاسایکردنەوەو مۆنۆپۆڵکردنی شتەکانە(( ڕێکخستنی هەقیقەت لە کاری هونەریدا خولقاندنی هەبووە کە پێشتر نەبووە دواتریش نابێت ))٦

## ٢- هیولاو هونەرمەند :

ئێمە کە باسی هونەرمەند دەکەین. دەبێت ئاگاداربین هونەرمەند ئەو مۆرڤەیە کە ڕوداوەکە (دەرکەوتنی هەقیقەت ) لەناویدا ڕویداو.، چونکە چەمکی( هونەرمەند – شاعیر – فەیلەسوف – مۆسیقاد. .. تاد ) ئەمانە خۆیان جیاواز دەکەنەوە لە مرۆڤی ئاسایی. هەموویان مرۆڤن بەلآم هەریەکەیان بۆخۆیان خاوەنی روداوێکی ناوەکین واتە هەموو مرۆڤێك هونەرمەند نیە. هونەرمەند جیاوازە و بوون لەناوی دەرکەوتووە و لەڕێگەی ئەم ڕووداوەوە هونەر لەسەردەستی ڕودەدات و بوون والآدەکات. بۆیە لێرە دا کە دەڵێن هونەرمەند یانی بوون لە ئەودا. واتە ئەوە بوونە کارەکان دەکات و چەندایەتی و چۆنایەتی دیاردەکات لە سەر دەستی هونەرمەندان. " هێشتا لەم حالەتەشدا جەوهەر یەکەمە و چۆنیەتی و چەندەکی لە دوای ئەو پەیدادەبن "٧

واتە هونەرمەندێتی حالەتی دەرکەوتنی بوونە لە مرۆڤدا. مرۆڤەکەش وەك کەس دەکەوێتە ژێر باری بوونەکەوە. جا پەیوەندی هونەرمەند بە هیولاوە پەیوەندیەکی گەورەو ئالۆزە و هیولا چەمکێکی گشتیە و خۆشی وەکو شت هەیە. واتە هیولا توانای دابەش بوون و درێژ بوون و گۆڕانی هەیە. ئێمە ئەوە دەزانین کە کاری هونەری بەبێ بوونی هیولا. نایەتەن او واقیعەوە. واتە هیولا ئەو شتەی بەردەستی هونەرمەندە کە دواتر دەبێتە کارە هونەرییەکە. هیولاش بۆ خۆی دیاری ناکرێت و هەموو ماددەیەك هیولایە و هەموو هیولایەکیش ماددەیە. بابە نموونەیەك مەبەستەکەمان ڕوون بکەینەوە. هونەرمەندێك کاتێك گۆزەیەك دروست دەکات لە قوڕ. دیارە قوڕەکە پێش ئەوەی ببێتە گۆزە هیولایە. لێرەدا ئەم قوڕە وابەستەیە بە ژینگەی هونەرمەندەوە.

واتە گەر هاتوو هەمان هونەرمەند کەوتە ژینگەیەك کە شوشە هەیەو قوڕ نیە. لێردا شوشەکە بێش ئەوەی بکرێتە گۆزە هیولایەکەیە. گشتێتی هیولاش لەویادایە کە بەتەنها نابێتە کەرەستەی گۆزەو تەواو، نەخێر ئەوە مرۆڤ دیاریدەکات یان هونەرمەند دیاریدەکات کە شوشە یان قوڕ بۆ چ کارێکی دیکە بەکاربەرێت. لێرەدا هیولا هەمیشە گشتە، بەڵام کە چووە ناوکارە هونەریەکەوە دەبێتە بەش و کەرەستەی ئەو کارە. بۆ نموونە قوڕەکە لەناو گۆزەکەدا بەشێکە لە کاتیگۆری گۆزەکە. واتە گەر کاتیگۆری گۆزەکە دابەش بکەین ( وێنەی گۆزەکە — قوڕەکە — هونەرمەندەکە — ئامانجەکە ) یە لێرەدا ناتوانین لەکاری گۆزەکە دا بلێین هیولا.، چونکە قوڕەکە بووە بە گۆزە و بەشەکی بۆ تەوە. بۆ بوونی.، چونکە قوڕ بووە بەگۆزەو بۆتەوە. بۆ ماددە بوونی هیولاش دەبێت وابێت واتە دەبێت هەموو ماددەیەك هیولا بێت و هەموو هیولایەکیش ماددەبێت. بۆ یەکەمیان کە هەموو ماددەیەك هیولابێت. هەرلە سەر بنەمای ئەمە جۆری هونەرەکان بەم بەهیولا بوونی ماددەدا جیاوازی خۆی دوای چییەتی لەم هیولایەدا دەردەبڕێت ( زمان — ڕەنگ — قەبارە. .. تاد ) هەموو ئەمانە ماددەن و هیولاشن بۆ کاری جیاواز.

زمان هیولایە لە هونەری شیعردا و رەنگ لە وێنەکێشان و. ...تاد، بەڵام جیاوازی هونەرەکان لە جیاوازی هیولاکاندانیە، بەڵکو لە جیاوازی چییەتی خۆیاندایە، بەڵام بوون کاتێك دێتە ناو هونەرمەندەوە ئەو کاتە هونەرمەندەکە بە پیٚ ی ئایدیاکە هیولاکە دەستنیشان دەکات، ئایدیای گۆزە گۆزەکەر ناچاردەکات قوڕ دەستنیشان بکات وخۆڵ دەستنیشان نەکات.، چونکە خۆڵ توانای هەڵگرتنی ئایدیاکەی نیە، ئایدیای مۆسیقا مۆسیقاژەن ناچاردەکات دەنگ دەستنیشان بکات، ، چونکە ڕەنگ توانای هەڵگرتنی مۆسیقای نیە. لێرەوە هونەرمەند (بوون لە ئەودا) بەپیٚ ی ژینگەی دەوروبەرەکەی هیولای خۆی دیاریدەکات ئایدیای خانوو بەگشتی یەك ئایدیایە بەڵام کاتێك کوردێك خانوو دروست دەکات بەرد دەکاتە هیولا و عەرەبێك قامیش و ئەورپیەك دار، بەڵام هەمووشیان بەگشتی هەر خانوون " چۆنیەتی جیاوازی جەوهەرە. مرۆڤ لەبەرئەوەی دووپای هەیە ئاژەڵە ئەسپ چوار پایە و بازنە شێوەکەی ئەندازەییە "٨ ئەوەی لێرەدا جیاوازییەکان دروستدەکات جیاوازی دار و بەرد و قامیش نیە، بەڵکو جیاوازی تەبیعەت و ئایدیاکان و چییەتیەکانە. خانووی کورد چییەتی جیاوازە لە خانووی ئەورووپیەك. بۆیە لێرەدا دەبێت زۆر وریابین لە دەستنیشانکردنی جەوهەری کارەکەمان، کەئەویش لێرەدا هونەرمەند بەوەی بوون لەناویدا هەیە لە پێشترە لە هیولا و هیولا دەکەوێتە ژێر حوکمی ئەوەوە لەڕووی چەندێتی و

چۆنیەتی. هیولاش جۆری زۆره  دەتوانین بڵێین بەپێ ی جیاوازی هونەرمەندان هیولای جیاوازیش هەیە، ، چونکە هەر هونەرمەندێك خاوەنی چییەتی یەکی جیاوازەو ئەم جیاوازی چییەتیەش هیولاکان جیاواز دەکاتەوە، بەڵام بەگشتی هیولا هەیە سروشتیە وەك دار بەرد.. تاد ئەمانە هونەرمەند هەیە ڕاستەوخۆ وەریاندەگرێت و دەیانکاتە بەشێك لە کارە هونەریەکەی. هیولاش هەیە جیاوازە هونەرمەندەکە پلەیەك بەرزترە لەو هونەرمەندەی هیولای سروشتی بەکاردەبات، چونکە ئەم هیولایە و دۆزینەوەی بۆخۆی بەتەنیا هونەرە. واتە بەتەنها دۆزینەوەی هیولاکە هونەرە.، چونکە بیری ئەم  هونەرمەندە هێندە قوڵ بۆتەوە کە هیولای سروشتی توانای هەڵگرتنی ئەم ئایدیایەی نیە. بۆیە پێویستە هونەرمەندەکە هیولایەك سازبکات کە توانای هەڵگرتنی ئایدیاکەی هەبێت و چییەتیەکەی دەرکەوێت ئەم جۆرە هیولایەش وەك ئەو مادده یەی کە بورهان سابیر بەکاری دێنێ لە پەیکەرەکانیدا کەدواتر زیاتر ڕوونی دەکەینەوە. ئەم جۆرە لە هیولایە لە سروشتانیە و پێویستی بە هارمۆنیەت و گونجان هەیە لەوانەیە تێکەڵ کردنی دوو توخم یان زیاتربێت. ئەوەی هەیە لێرەدا ئەوەیە کە هونەرمەند (بوون لەئەودا) ئاراستەی ئەم ڕووداوە دیاریدەکات و هیولاکان هەڵدەبژێردرێت و دەیانسازێنێ و ئامادەیان دەکات. هونەربوونی سازکردنی ئەم هیولایە لەویادایە، کە دۆزینەوەی ئەم هیولایە هەمیشە وەك ڕووداو دەردەکەوێت و لەناو ڕووداوێکدا ئەم هیولایە ئاشکرا دەبێت. واتە بە کەشف کردن و بەرنامەدانان ئەم هیولا دروستناکرێت مادام وەك ڕووداو هەیە. ئەوە هەردەبێت بەناچاوەڕوانکراوی بێتە ئاراوە "ڕووداو بەو خەسڵەتە دەوترێت، کە دەبێت بەبار بۆ شتێك ودەتوانرێت بسەلمێنرێت، بەڵام بوونی بەو شتەوە پەیوەست نیە بۆ نموونە کەسێك چاڵ بۆ ناشتنی نەمامێك هەڵدەکەنێت و خەزێنەیەك دەدۆزێتەوە دۆزینەوەی خەزێنەکە پەیوەندی بە نەمام نێژرانە کەوە نیەو ڕووداوە "٩ لێرەدا ئەریستۆ مانای ڕووداومان دەداتێت ئەویش خودی دەرکەوتنی بوونە و ئەم دەرکەوتنەش هەمیشە چاوەڕواننەکراوە چ لەلایەن هونەرمەند و چ لەلایەن بینەریشەوە.

## ٣- کەرەستە و کاری هونەری :

هیولا کاتێك دێتە ناو کاری هونەریەوە وەك بەشێك دێت ودەبێت بەیەکێك لە کاتیگۆریەکانی ئەو کارە هونەریە، بەڵام کەرەستەیەك کە بۆ مەبەستێکی دنیایی و بەکارهێنان نا ! بەڵکو کەرەستەیەك کە بەڕاستی کەرەستەیە و هەقیقەت نمایش دەکات و دەست دەکات بە

درەوشانەوە. " ڕاستە تابلۆ کێش ڕەنگ وەك کەرەستە بەکاردەهێنێت، بەڵام ئەم ڕەنگە دەست بە درەوشانەوە دەکات. راستە شاعیر وشە وەك کەرەستەیەك بەکار دەهێنێ بەڵام نەك بەو جۆرەی باوە کە خەڵکی قسەی پێدەکەن بەڵکو بەو جۆرە کە وشەکە بەڕاستی ببێ بەوشە و وابمێنێ " ١٠ هایدیگەر لێرەدا هیولا ساغ دەکاتەوە و بەئاگا لەوەی دەبێتە بەشێك لەو کارە هونەریە، بەڵام تەواو جیای دەکاتەوە لەوەی کە ئەم کەرەستەیە بۆ بەکار هێنان بەکار هێنرابێت. بۆ نموونە ئاسن لەکاری هونەریدا هیچ وەزیفەیەکی ماددی و بەکارهێنانی نیە، بەڵکو وەزیفەیەکی عەقڵی و میتا فیزکی هەیە ئەویش پارێزگاری کردنە لە بوون لە خویدا و دەرکەوتنی هەقیقەتە، بەڵام ئاسن لە دروستکردنی چەقۆدا وەزیفەیەکی ماددی و واقیعی هەیە و ماناکەی لەو یادایە کە بەکار بهێنرێت بۆیە هایدگەر تەواو جەخت دەکاتەوە لە سەر دروستی و راستی بەکاربەری هیولا لەکاری هونەریدا.

کەواتە ئیمە تێدەگەین کە کەرەستە لەکاری هونەریدا شاهیدی دەرکەوتنی بوونە و بەبوون ئەم کارە دەبێتە هەبوو. واتە ئەم کەرەستەیە گەر هاتوو تێکچوو یان شکێنرا ئەوکات بوون بزردەبێت و دەچێتەوە باری پەتی خۆی بەڵام بەو مانایەش نا کە بوون وەك بەشێکی ماددی دەردەکەوێت، بەڵکو بوون خودان ئەو کەرەستەوە و ئیمکانی ئەوەنیە کە ئێمە لە ژێر ئیلهامی ئەم کارە هونەریەدا بکەوینە ناو بیرکردنەوە و کردەی کەشفکردنی هەقیقەت. هەروەك چۆن وشەی (خودا) کەدیارە سەرەتا ئەم وشەیە چەمك بووە.، چونکە بیرکراوەتەوە لە بوونی خوداو لەساتی دەرکەوتنی خودا لەناو بیرکردنەوەدا. زمان ئەم هەبووەی ناوناوە و (خودا) ی بەزاردا هاتووە، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنان و گشتی بوونەوەی ئیتر ئەم چەمکە بۆتە وشە و بیرکردنەوەکەی لێدابڕاوە، بەڵام گەر هاتوو مرۆڤ بۆ یەکەمین جار گوێ ی لەم وشەیە بێت ئەو دەکەوێتە ناو پرسیار کردن و بیر کردنەوە لە خودی خودا و وشەکە کلیلێکە کە بەرەو سیحری خۆی ڕامان دەکێشت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم وشەیە کە خاوەنی چۆنایەتیەکە کە ئەویش لە پیتەکانی (خ- و- د- ا) پێك هاتووە بە تەنها پیتی (ا) ڕەش بێتەوە ئەو کاتە ووشەکە دەبێتە (خود) و بیرکردنەوەمان ئاراستەی دەگۆڕێت. بۆیە ڕاستی کەرەستە لە کاری هونەریدا گرنگی خۆی هەیە دوایی دەرکەوتن ئەویش پارێزگاری کردن و دووبارە ژیانەوەی بیرکردنەوەیە لە ناو مرۆڤدا.

لە ڕاستیدا کەرەستەکە جیا دەبێتەوە لە هیولا ئیتر تەواو بەو کارە هونەریەوە وابەستەیە و تەنها لەویادا دەست بەدرەوشانەوەی خۆی دەکات و مانای هەیە. بەهەر شێوازێك لەو کارە هونەریەی

دابڕین ئەو ئیتر ئەو کەرەستەیە لە کەرەستەیی خۆی دەکەوێت و دەبێتەوە بە هیولا، بەڵام لێرەدا چەند سەرنجێك هەیە لەسەر هونەری (کۆلاژ و ئەنستلەیشن) لێرەدا ئەگەر هاتوو پالپشت بوون بە خودی بوون و کەرەستەکەش بووەوە بە هیولا ئەوە دەتوانێت ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام گەرهاتوو بەم شێوازە نەبوو ئەوا تەنها نەك هونەر نیە بەڵکو کۆکردنەوەی کۆمەلێك کەرەستە و چۆنایەتی جیاوازە و هیچ پنت و بنەمایەکی لە پشتەوە نیە وەلێ ئەگەر چی ئەمرۆ ئەم دوو هونەرە وردە وردە خەریکە جێگەی خۆیان دەگرن، بەلاَم جێگەی مەترسی و پرسیارە و مانای هونەرمەندیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە گەر ئەو تێکەلکردنە هونەر بێت ئیتر هەموومان بەیٚ جیاوازی دەتوانین ئەو کارە بکەین و هونەرمەندێتی بەرەو نەمان دەڕوات.

بۆیی لێکردنەوە و تێکەڵکردنی هەر کەرەستەیەك بەپیٚ ی ئەم تیوریەی ئێمە تووشی پرسار و ڕووبەڕوو بوونەوە دەبێت لەبەرئەو هۆیەی باسمان کرد. لێرەدا دەردەکەوێت کە چ پەیوەندیەکی گەورە هەیە لە نێوان کەرەستە و کاری هونەریدا کەرەستەکە بە تەنیا کارە هونەرەکە نیە بەڵکو هەمووی پێکەوە چ ئایدیاکە و کەرەستەکە و هونەرمەند و ئامانجەکەش کە دوای دەرکەوتن دەزانرێت هەموویان کارە هونەریەکە پێك دەهێنن بەلاَم دیاری کەرەستەکە لە کارە هونەریەکەدا ئەوەیە مرۆڤ سەرەتا بە هەستەکان مامەڵە لەگەلٚ شتەکان دەکات و بەردەوام ئەو شتانە هەست پێدەکات کە بەرجەستەن و ماددین کارە هونەریەکەش بۆ خۆی وەك هەبوویەك دەردەکەوێت و دێتە ناو عالەمەوە، چونکە لە بنەرەتدا بوونی هەڵگرتووە و بە هەڵگرتنی ئەم بوونەش وەك هەقیقەت مامەڵەی لەگەلٚ دەکرێت.

## ٤- هونەر و دەرکەوتنی (بوون – وجود) :

(( سروشتی کارەکە بەو مانایەیە جیهانێك دابنێت ))١١ هایدگەر لەباسی کاری هونەریدا و هونەر بەگشتی ئەوە روون دەکاتەوە کە هونەر خۆبەخۆ و سەربەخۆ هەروا بەبیٚ بنەما نایەت و هەمیشە هونەر لە هەناوی خۆیدا جیهانێك و دنیایەکی هەڵگرتووە کە دەیەوێت ڕابگەیەنێت و دەیهێنێتە ناو دنیاوە دانانی ئەم جیهانە گریمانکراوە ڕاستی زۆر جیاوازە لە دانانی جیهانێکی وێنا کراو واتە هونەر کاتێك وەك هەبوویەك هەیە هەمیشە نەخشەیەك هەیە لەناویدا کە ئاراستەی جولە و چۆنایەتی و چەندایەتی دیاری دەکات (( لە ناوەندی هەبوودا بەسەراپاگیری پانتایەکی کراوە دێتە ئاراوە، ڕۆشنایەك هەیە کە بوونی هەبووەکەیە، کە ئەم بوونە لە لایەن هەبووە چواردەورە نەدراوە. ... )) ١٢ ئەوەی هایدگەر گوزارشتی لێدەکات لە باسی هونەردا ئەوەیە ڕۆشنایەك هەیە

كە بوونی هونەرە هونەر لە ڕێگەی خۆیەوە ئەم ڕۆشناییە کە وەك نەخشەیەك و جیهانێکی سەربەخۆ هەیە هونەر هەلیدێنجێت ودەیهێنێتە ناو دونیاوە واتە (بوون) کە چەمکێکی هەمەکی سەراپاگیرە هونەر داوەتی ناوخۆی دەکات و بەوەش هونەر بووناوی دەبێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئێمە بوونی مرۆیی و بوونی ماددی لە یەکتر جیاواز بکەینەوە بوونی مرۆیی بوونێکە توانایی وەعی بوونی هەیە بەخۆی دەتوانیت مەعریفە لەسەر خۆی پەیدا بکات و ڕێگە و شوێنەکانی خۆی بناسێتەوە. ئەم گەران و ڕامان و وردبوونەوەیەش خودی فەلسەفەیە بەلاّم بوونی ماددی بوونێکە وابەستەیە بە وەزیفەیەکی گەردونی بەدەروام هارمۆنیەتێك هەیە لە ناویدا دەیپارێزێت و بەلاّم لە توانایدانیە سەیری خۆی بکاتەوە یان خۆی لە بوونی لابدات و بێزار ببێت جا لێرەدا بەپێ ی جیاوازی بوونەکان هونەریش جیاوازی تێدەکەوێت هونەرێك کە خۆی خەریك دەکات بە مرۆڤەوە واتە بەردەوام وێنەی مرۆڤ دەخاتە بەردەممان ئەم مرۆڤەی کەدەبێتە کارە هونەریەکە مرۆڤێکە لە واقیعدا بوونی نیە بەلّکو شیانێکە لە هەناوی مرۆڤایەتیدا هونەر دەیخاتە بەردەممان، لێرەوە دەتوانین بلّێن کاتێك هونەر دنیای ناوەوەی مرۆڤ (بوونی مرۆڤ) دەرەکی بکاتەوە ئەوا ئەم بوونە هەروا سادە و ساکارنیە لە ساتی دەرکەوتنیدا بۆمان ڕۆشن دەبێت کە ئەوە جیهانە و پڕە لە مەخلوق ومرۆڤی جیا جیا، کە مرۆڤ یان هونەرمەند هەمیشە چاوەڕێیان دەکات واتە هونەرمەند بە تەعبیرکردن لە بوونی خۆی ئەو مرۆڤانە دەدۆزێتەوە کە دەشێت لە واقیعدا بیانناسێ ناسینی ئەو مرۆڤانەش بۆ هونەرمەند جەوهەری کارەکەیەتی واتە هونەرمەند کاتێك دۆست و خزمەکانی نادۆزێتەوە لە واقیعدا ئەوا لە هونەردا گریمانەیان دەکات ئەمە بۆ بوونی مرۆیی کاتیکیش هونەر دەکەوێتە بەرامبەر سروشت و بوونی ماددی هەمیشە لەناویاندا بە شوێن جەوهەری ئەواندا دەگەرێت لەو گەڕانەدا دووکار هەیە ئەنجامی دەدات ئەویش پاککردنەوەی ئەو شتەیە لە بابەت و کەرەستەی و دواتریش نیشاندانی جەوهەری ئەو شتەیە لە خۆیدا. واتە کەشفکردنی ئەو هارمۆنیەتەیە کە ئەو شتە هەیەتی لەگەلّ گەردوندا بە هەر دووبارەکەدا هونەر بوون والاّ دەکات و هەبوو دێنێتە ئاراوە بەلاّم هەموو هاتنە ئارایەکی بوونیش یان ناواقیعیە یاخود واقیعیە بەلاّم پالپشت بەم بنەمایە گەر لێرەدا سەرنجی خۆمان بدەین لەسەر تابلۆی مۆنالیزای و بەم تیوریە بیخوێنیتەوە ئەوا مۆنالیزا کەسێکی واقیعی نەبووە لە ژیانی داڤینشیدا بەلّکو ئەو ئافرەتە بووە کە داڤینشی نەیدۆزیوەتە لە واقیعدا و دواتر لە هونەردا وێنای کردووە، چونکە بێگومان مۆنالیزا واقیعی وەك ئافرەت هەمان چۆنایەتی نیە لەگەلّ مۆنالیزای ناو

کاره هونەریەکە واتە مۆنالیزای ناو کارە هونەیەکە ئەگەرێکە وەك چۆنایەتی بەلاّم جەوهەری ئەو ئافرەتە لە واقیعدا ڕەنگە هەبێت بەلاّم لە دەم و چاوێکی دیکەدا. ئەوەی گرنگە لە هونەردا تەعبیر کردنە لە بوون. واتە بوونی مۆنالیزا دەرهێنراوە نەك چۆنایەتی و دەم و چاوی، ئەوەی هونەریش دەپارێزێت و بەرگری لێدەکات بوونە، بوون وادەکات کە هونەر بەهایەکی گەورەی هەبێت و زۆرجار لەبەهای واقیعیش گەورەتربێت. واتە ئەم جیهانە کە جیهانێکی وەستاو و وێنە یی یە، لەپاڵ واقیعدا دەوەستێت کە جیهانێکی جولاّو و واقیعیە بگرە ئاستی هونەر بەرزدەبێتەوە بەسەر ئاستی واقیعدا بەوەی تەعبیر لە بوونی شتەکان دەکات و شتەکان چۆنن ئاوها تەرح دەکات، لەبەرامبەر ئەمەدا واقیع شتەکان وەك خۆی نیشان نادات و هەمیشە وەك وەهمێك شتەکان دەکەونە ناو پەیوەندیەوە، کە هارمۆنیەت نیە بەڵکو دروستکردن و تەرتیبکردنە، بەلاّم هونەر هارمۆنیەتی شتەکان دەدۆزێتەوە و گوزارشت لە بوونیان دەکات، ئەمەش هەمووی چاکەی بوونە، کەخاوەنی جەوهەری شتەکان و قانونی شتەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە. بەمەش بوون لەو بەشە سادە و پەتی مرۆڤەوە دەبێتە جیهانێك، چونکە خۆی نەخشەو پلانە لە جەوهەردا و هەرخۆشی ئەو هارمۆنیەتە دەپارێزێت و دەدۆزێتەوە. لێرەشەوەیە کە بەهای هونەر گەورەترە لە واقیع، چونکە هەقیقەت نمایندەدەکات و وەك بەدیلێکی واقیعیش خۆی مانیفێست دەکات. ئەمەش ناڕوونی و ناهەقیقی بوونی واقیعە ئەم ئەرکە دەخاتە سەرشانی هونەر بەگشتی.

## ٥- داهێنان وەك بەرئە نجامی دەرکەوتنی بوون :

لەڕاستیدا باسکردن لە داهێنان زۆر دژوارو ئاڵۆزە. جارێ با کۆمەلێك پرسیار بکەین کەیارمەتیمان بدات بۆ ڕونکردنەوەی داهێنان ئایا داهێنان چییە ؟ ئایا داهێنان خۆی لەخۆیدا بریتی نیە لە ڕووداو ؟ ئایا ئەوڕووداوە کامەیە کە داهێنان تیایدا ڕوودەدات ؟ ئایا داهێنان بەچی دەبێتە داهێنان ؟ هەقیقەت و داهێنان پێکەوە چین ؟ ئایا داهێنان بەرئەنجامی هەقیقەتە یان هەقیقەت بەرئەنجامی داهێنانە ؟ داهێنان و خولقاندن پێکەوە هەڵدەکەن ؟ ئایا دروستکردن و داهێنان جیاوازن یان نا ؟ ئایا بە جیاواز بوون دەگەینە داهێنان ؟ ئەی ئایا داهێنان جیاوازی نیە ؟

ئەمانە و گورزەیەك پرسیاری دیکە هەن کە دەبێت ئێمە ڕونیان بکەینەوە لەڕاستیدا باسکردن لە داهێنان بە بێ بوون دەکەوینە ناو پەرتەوازەی و جێگەیەکی قایم نادۆزینەوە بۆ پەرەدان بە تێورەکەی خۆمان. ئێمە ئەوە باش دەزانین بوون ئەگەرچی بۆ خۆی وەستاوە بەلاّم سەرچاوەی جوڵەشە. واتە وەستاوە لەوەی هیچ شتێك ناتوانێت بیجوڵێنێت، بەڵکو بوون بۆ خۆی جوڵە

دەداتە شتەکان واتە یەکەمین پنت و یەکەمین خاڵی سەرەتا بوونە، بەلآم لەگەڵ ئەوەی بوون یەکە و ڕەهایە، ئەوا ئاراستە دەرکەوتن و جۆلآنیشی فرەیە واتە یەکێکە توانای فرەیی و پەرشبوونی هەیە پەرش بوونێك بەمانای دابەش بوون و پارچە پارچە نا، بەڵکو هەمەکیەتێك کەبەردەوام بەشەکی دەبێتەوە بەلآم هەروەك خۆی، بەبێ ئەوەی پارچە پارچە بێت. واتا چەشنی ڕۆناکیەك ببرێت ناو هەر تاریکیەکەوە ئەوا جیهانێکی نوێ و پانتاییەکی دیکە رۆشن دەکاتەوە. لەگەڵ رۆشنکردنەوەی هەر مەیدانێکی تازەدا دنیایەك دەدۆزێتەوە کە جیاوازە، بەلآم شاراوەی شتەکان. لەو یادانیە کە ئێمە لەبەر ئەوەی لێرەین و ئەو شتەش لەوێیە نەماندیووە. نەخێر ؟ بەڵکو تەنانەت ئەو شتەش شاراوەی بۆ خۆشی دەر نەکەوتووە هەقیقەت ڕاستی پەردەلادانە لەسەر ئەم شتە شاراوەیە نەك زانینی زانینێکە کەلای ئێمە نەبووە. شاراوەی شتەکان دەلالەت لە وەستاوی هەبوو. " aletheiq ئەلیتا مانای دەرنەکەوتنی هەبوو دەگەێنێ " ١٣ واتە لێرەدا لەگەڵ دەرکەوتنی بووندا ئێمە هەبوو بەدیدەکەین هەبووش هەمیشە یەك جار دەردەکەوێت و پێشتر نەبووە و دواتریش نابێت. لێرەدا ئێمە دەکەوینە بەردەم شتێکی جیاواز و ناوازە، واتە بنەمای جیاوازی دەرکەوتنی بوونە نەك جیاوازی کەرەستە و هیولا و شوێن و کات.

لەگەڵ دەرکەوتنی بووندا ئێمە خۆشی دەبینین لەناو هەبوودا و هەبووش بەدی دەکەین لە ناو هیولادا. دواتر کاری هونەری دێتە ئاراوە کاری هونەری بەم مانایە جیاوازی و ناوازەیی خۆی بەیان دەکات کە بەرەو ئەلیتا دەڕوات و جیهانیك دەدۆزێتەوە لێرەدا کردەی داهێنان روودەدات واتە خولْقاندن.

خولْقاندن لە جەوهەردا دووجۆرە، جۆرێکیان ڕووبەڕووی هەبوو دەبێتەوە و بوونی تیا کەشف دەکرێت. جۆرێکی دیکەیان لەناو بووندا ڕوودەدات و هەبوو دادەهێنێت. لەم داهێنانی هەبووە دا هەقیقەت و داهێنان بەدیار دەکەون، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابە دوو نموونە وەردەگرین : بۆ خولْقاندنی یەکەم کە بوون دەدۆزێتەوە لە هەبوودا، نموونەی شیعر وەردەگرین لەگەڵ سروشتا. ئاشکرایە کاتێك شیعر دەکەوێتە مامەڵەوە لەگەڵ سروشتا. سێ ڕێگەی لەپێشە یەکیان گواستنەوەی سروشتە وەك خۆی واتە وێنە گرتنی چۆنایەتی سروشت و هەندێك جاریش گواستنەوەی خەسڵەتەکانی سروشت. ڕێگەی دووەم وێناکردنی سروشت واتە دەست کاریکردن و هەڵوەشاندن و کۆلاژو. .. تاد. ڕێگەی سێهەم کەڕێگەی ڕاستەقینە کەیە و لێرەدا بۆ ڕونکردنەوەی ئەم دیدە بەیانی دەکەین ئەوەیە، سروشت بۆ خۆی هەبووە. واتە شتێکە خولْقاوە و لەحاڵەتی

دەرکەوتندایە. واتە هەر مامەڵەکردنێك لەگەڵ ئەم شتە خولقاوە دا ئێمە یان چۆنایەتی دەدۆزینەوە وەك وێنەی دار یان کەرەستەکە خۆی لە خاسیەتەکانیدا دەبێتەوە وەك نەرمی و رەقی و رەنگ و. ... تاد.

لێرەدا شتێك هەیە ماوە ئەویش بوونی سروشتە. واتە جەوهەری سروشت. ئاشکرایە کە جەوهەر دەرناکەوێت، بەڵام کاتێك شیعر مامەڵە لەگەڵ سروشتا دەکات ئەوا بەشوێن چییەتی سروشتا دەگەڕێت. واتە دەچێتە بەردەم بوونی هەبوو، کاتێك ئەم بوونە دەدۆزێتەوە لەناو ئەو هەبووەدا. ئەوا ئیتر ناچارە ئەم بوونە جارێکی تر بکاتەوە بە هەبوو، بەڵام نەك وەك سروشت خۆی یان وێنای بکات، بەڵکو لەویادا بوون کە دەبێتە هەبوو لەناو شیعردا لەزماندا خۆی بەیاندەکات، واتە شاعیر بۆ لەحزەیەك دەبێتە خالق و کردەی خولقان ئەنجام دەدات. هونەرمەند لەکاری هونەری یدا ئەو بوونە دەباتە ناو هیولایەکەوە. هیولایەکەش بوونە کە خۆی دیاریدەکات. ئەوکات هەربوون خۆی ئازادە لەوەی کەچ چۆنایەتیەك دەبەخشێت بە کارە هونەریەکە. لێرەدا کاری هونەری کردەی خولقانە لە جەوهەردا و ئێمە هەم بوون دەزانین و هەم ئەو هەبووەش دەناسین کە ڕێچکەی دەرکەوتنی بوون بوو بۆ ئێمە. بۆنموونەی دووەم کە خولقانی هەبوو لەناو بووندا، لێرەدا هونەرمەند لەبەردەم هیچ هەبوو یەکدانیە و هیچ بابەتێکیش نیە پرسیاری ئاراستە بکات بەڵکو هونەرمەند دەکەوێتە ناو حاڵەتێکەوە کە لەناو بوونی خۆیدا دادەنیشێت، واتە راستەوخۆ لەگەڵ بووندا مامەڵەدەکات بەڵام لەناو خۆیدا، چونکە بوون لەدەرەوەی مرۆڤ نیە، بەڵکو لەناو خۆیایەتی بەهەردوو بارەکەدا واتە لەبارەی یەکەمدا کە هەبوو دەپشکنێ هەرلەناو خۆیدا دەیدۆزێتەوە، دواتر ئەم زانینە دەکەوێتە ناو هارمۆنیەتەوە لەگەڵ ماهیەتی هەبووەکەدا و هەقیقەت ئاشکرا دەبێت. لەباری دووەمدا هونەرمەند وەك گوتمان لەناو بوونی خۆیدا دەبێت ئەوکات ئیتر کە ڕووداوەکە ڕوودەدات ئەوە هونەر دێتە ئاراوە لەڕێگەی ڕوداوەکەوە و کاری هونەری بەرهەم دێت. ئەم کارە هونەریە دوو وەزیفەی لەئەستۆیە ئەوانیش دابەزینی بوون و خولقاندنی خۆیەتی کە هەبووە.

بەمە هەبوو لەدایك دەبێت لە ڕێگەی کردەی خولقان و داهێنانەوە واتە داهێنان لەدوا قۆناغدا بەرئەنجامی دەرکەوتنی بوونە لە هەبوودا. بەبێ بوونی هەبوو نایەتە ئاراوە بەڵکو ئامێر بەرهەم دێت ئەویش بەڕێگەی دروست کردنە نەك خولقاندن. " ئەوە جەوهەری داهێنانە کە بەهۆی بنەمای کارەهونەریەکە دیاردەکرێت " ١٤

## ٦- جیاوازی وەك بەرئەنجامی کردەی خوڵقاندن :

" هەمیشە کاتێك هونەر ڕوودەدات واتە کاتێك ڕووداو هەبوو، شتێك دێتە ناوە مێژووە و مێژوو بۆ یەکەمین جار دەست پێدەکاتەوە " ١٥ لەڕاستیدا ئێمە باسی ڕوداوێتی ڕوداومان کرد کەلە جەوهەردا بریتیە لە تەقینەوەی بوون و دەرکەوتن و پەرشبوونی لەهەبوودا. هایدیگەر لێرەدا باسی ئەوەدەکات لە دوای هاتنی ئەم ڕووداوە مێژوو بۆ جارێکی دیکە و لە سەرەتایەکی تازەوە دەست پێدەکاتەوە. ئەمەش بۆ خۆی لەو ڕووداوەدا ڕوودەدات، چونکە ڕووداوێتی هونەر و کردەی خوڵقان بەگشتی ئەوەیە کە ئایدیالێك هەیە ناوەکیە و هی دنیای ناوەوەی مرۆڤە. واتە توخمێکی عەقڵی هەیە کە دەرنەکەوتووە کاتێك ئەم توخمە عەقڵیە دەبێتە هەبوو یان توخمێکی واقیعی ئەویش لە هیولایەك و چۆنایەتیەکی وادا کە جیاواز دەبێتەوە جیاوازیەکە هی جیاوازی ئەو توخمە عەقڵیە یان ئەو چییەتیەیە نەك جیاوازی هیولا و چۆنایەتیە کە. گەر جیاوازی لەسەر بنەمای جیاوازی هیولا و چۆنایەتی بێت ئەوا ئێمە هەموومان زۆر بەئاسانی و بەبێ بیر کردنەوە دەتوانین ببینە هونەرمەند و هونەر بخەینەوە، بەڵام لەڕاستیدا هونەر لەئاستی بیر کردنەوەدا هیچی کەمترنیە لە فەلسەفە. گەر فەلسەفە تیۆریەی ژیانێکی عقڵی بهێنێتە ئاراوە. ئەوا هونەر بەتایبەتی هونەری شێوەکاری کائینێکی عەقڵی دەخاتە سەر ئەرزی واقیع یان دنیایەکی عەقڵی ناوەکی واقیعی و دەرەکی دەکاتەوە ئەمەش بەبێ خودی بیر کردنەوە بەرهەم نایەت و بیرکردنەوەی ڕەسەن ئەم جیاوازییە فەراهەم دەکات.

لە ڕاستیدا ئەم چەمکی جیاوازییە لە ئێستاماندا و ئەوەی لەناو ڕۆشنبیریی و ڕەوتە ڕوناکبیریەکاندا باوە لەمانای ڕاستەقینەی خۆی دابڕاوە تەنها جەستەی ئەم چەمکە ماوەتەوە و پێیان وایە گرنگ ئەوەیە ئەم کارە هونەریە لە بەرامبەر کارێکی هونەری دیکە دا جیاوازبێت ئیتر بەم لەو نەچوونە کردەی خوڵقان ڕویداوە و داهێنان کراوە ڕاستی تەواوی بیر کردنەوەی ئەم باسە بۆ خۆی وەڵامێکە بۆ ئەم تێڕوانینە، هاوتەریب بەم تێڕوانینە سەر پێیە نەك کاری هونەری و نە هونەر و نە هونەرمەند بەهای خۆیان دەمێنێ و نە مێژووش بۆ یەکەمین جار دەست پێدەکاتەوە. هایدگەر کاتێك یەکەمین جاری مێژوو وابەستە دەکاتەوە بە ڕووداو بۆ ئەوەیە جیای بکاتەوە لە ئەم تێروانینە. بەداخەوە ئەمڕۆ لە سەر ئەم بنەمایە، کە گرنگ ئەوەیە من لە تۆنەچم بەناوی هونەری تازەوە دنیایەك کاری هونەری و ناهونەری هاتونەتە ئاراوەو، گەر ڕەخنە یان ئاراستەش بکەیت ئەوا بەتاکڕەهەند و تۆتالیتاریەت گوناهبارت دەکەن.

بەلاَم هەقیقەت گویَ نادات بەم تەنکە بیرکردنەوەیە و هەمیشە گەر بیەویَت ڕیَگەی خۆی دەکاتەوە. هەرئەوەشە وایکردووە هونەری شیَوەکاری کوردی خالَی بیَت لە ڕووداو بەمانا هایدگەر یەکەی. نەبوونی ڕووداو لەناو هونەری شیَوەکاری کوردیدا کە بوون بانگیَشتی ناو کارە هونەریەکە بکات وایکردووە کە هونەری شیَوەکاری کوردی نەتوانیَت جیهانی بیَتەوە، چونکە ئیَستاشی لەگەلَدابیَت یان واقیعی ویَنە گرتۆتەوە یان تەعبیری لە خەمیَکی ناوچەیی و ڕووداویَکی میَژوویی کردووە. تەعبیرکردن لە ڕووداوە میَژووییەکان نامان بەنە سەر ڕووداو، ، چونکە ئیَمە کاتیَك ڕووداویَکی میَژووی دلَتەنگ دەکەینە هونەر. ئەوا ئیَمە بوون بانگیَشت ناکەین و کردەی خولقان ئەنجام نادەین، بەلَکو ئیَمە بەپیر هەبووە دەچین و شتیَك دروست دەکەین. مەبەستی ئەم باسەش بۆ خۆی بەرچاو ڕوونی و زەنگیَکی وریاکە رەوەیە بۆ هونەرمەندانی خۆمان کە هیچ کاریَکی هونەری رەسەن بەبیَ بیرکردنەوەیەکی رەسەن لەدایك نابیَت دیارە بورهان سابیر بە بیرورای ئیَمە بەرەو ئەو ڕیَگەیە دەرواتو خەمی ئەو خەمیَکی مرۆڤایەتی گشتی یە کەئەمەش بۆ خۆی قۆناغیَکە بۆ گەیشتن بەکاری هونەری ڕەسەن. هەموو گەلیَك و هەموو مرۆڤیَك بەبیَ جیاوازی عەقلَی پیَدراوە و خاوەنی بوونی خۆیەتی بەلاَم ئەو گەل و مرۆڤانە کامانەن کە بوونی خۆیان لە توخمیَکی خوای و ئاسمانیەوە زەمینی دەکەنەوە. ئیَمە وەك کورد لە بواری سیاسی و نەتەوەیش، کورد نەبۆتە ڕووداو، واتە ئەو ڕووداوە ڕووینەداوە، کە کورد بوونی خۆی بکاتە هەبوو و وەك میَژوویەك و گەلیَکی جیاواز دەرکەویَت. ئیَمە تا ئیَستا جیاوازیەکانی خۆمان بەزمان و کەلتوری ئاین و. ... تاد پیَناسە دەکەین، بەلاَم تاکە شتیَك کەماوە وەك روحیَك بیَتە ناو ئەم کارتیَگۆریانەوە بوونی نەتەوە. یان رۆحی نەتەوەیە. هەر بۆیە چ زمان وچ هونەر و کلتورەکەمان هیَزی خۆنواندنی نیە. ئەوەندە هیَزی ئەو نواندنی هەیە کە خۆی لە میللەتانی دیکە ئاشکرا کردووە. لەڕاستیدا ئیَمە وەك کورد بە شویَن شاهیدیَکدا دەگەڕیَین کە شاهیدی ئەوە بدات ئیَمە هەبووین بەلاَم،

بەبیَ شاهیدی بوونی خۆمان هیچ ممکین نیە بە ڕاگەیاندن و شاهیدی ئەویتر جیاوازی و میَژووی خۆمان بەدیار بخەین. " میَژوو بریتیە لە دەرکەوتنی گەلیَك بەوەی ئەوەی لەناویدایە وەك بوون دەرەکی بکاتەوە " ١٦ " هەبوویَتی میَژووی گەلیَك هونەرە "١٧ هایدگەر هونەر نەك بەکاریَکی تەواو عەقلی دەزانیَت، بەلَکو هونەریش دەکاتە مەرجی هەبوونی گەل. پیَچەوانەی ڕای گۆستاف لۆبۆن کەیادەوەری دەکاتە مەرجی هەبوونی گەل.

ئەوەی هایدیگەر دەیەوێت باسی بکات ئەوەیە بەبێ هونەر هیچ گەلێك نایەتە ناو مێژووەوە و دەرناکەوێت لەناو گەردوندا، بەڵام هونەرێك بەمانای هەقیقی هونەر، بەو مانایەی کە ڕووداوی عەینی بوونەوەی بوون وەك هەقیقەتێك ڕوودەدات. نەك هونەرێك کە بریتیە لە خۆخواردنەوەو پاڕانەوە و لاڵانەوە. ئێمە وەك گەلی کوردستان تائێستا ئەو رووداوە ناوەکیە روویندەداوە لەناوماندا، هەربۆیە ئێمە هیچ هونەرێکمان نیە بەگشتی. هەموو گەلێك کە ئەمڕۆ هەن لە دنیادا، سەرەتا هونەرێکیان هەبووە. جایان سیاسەت یان وەرزش یان پیشەسازی یان. .... تاد بووە بەلآم ئێمە تا ئێستا نازانین چین، ، چونکە دەرنەکەوتووین بۆیە ئەوەی هەمانە چ لە نووسین و هونەر و سیاسەت و یان هێزی پێشمەرگە و کلتورو. . هتد لە نیوان بوون و نەبووندایە، واتە ناتوانین بڵێن نیە و ناشتوانین بەمانا هایدگەرییەکەی بڵێن هەیە.. واتە لە نێوان مان و نەمانا گیرمان خواردووە. هەربۆیە ئێمە وەك گەل ناتوانین جیاواز بینەوە لەگەڵ فارس و عەرەب و تورك لەڕوی سیاسیەوە. بۆ، چونکە بەمانای ڕەسەنی جیاوازی جیاواز نین، بەڵکو بە خاسیەت و خەسڵەت جیاوازین، ئەمەش بەو مانایە نا ئێمە نین ئێمە هەین بەلآم بەبێ بوون هەین. واتە هێشتا نەبووینەتە هەبوو. هەربۆیە ناچینە ناو مێژووەوە ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئیتر ئێمە لەدایك نابین نەخێر ! بەڵکو ئەم رووداوە مەرج نیە بەتەنها لەناو سیاسەتا رووبدات. ئەکرێت لەناو بیرکردنەوەدا رووبدات و ببینە خاوەن فەلسەفە، ئەکرێت لەناو هونەری شێوەکاریدا یان هونەر بەگشتیدا ڕووبدات و بینە خاوەنی هونەر یان هەر زەمینەیەکی دیکە بێت. ئیتر ئەم رووداوە لە هەر کایەیەکدا ڕووبدات ئەو چۆنایەتیەی دەردەکەوێت دەبێتە بەرگ و ناسنامەی ئێمە وەکو کورد و جیاواز دەبینەوە و دەبینە خاوەنی هونەر جێ دەستمان دیار دەبێت لە ناو گەردوندا. ئەوکاتە میللەتەکانی دیکە پێویستیان بە ئێمە دەبێت، ، چونکە هەقیقەت کە ڕوودەدات بە هیچ شێوەیەك بەو شێوازە دوبارە نابێتەوە، واتە ئێمە وەك کورد دەبینە شتێك لە دنیادا کە خۆمانین و جیهان لە زۆر شوێندا پێویستی بە ئێمە دەبێت و چاومان لێدەکەن و ناتوانن شاهیدی نەدەن و نەمان بینن، چونکە ئەوکاتە ئەوەی بەئێمە دەکرێت بۆ سەر نەخشەی جیهان بە هیچ گەلێکی دیکە ناکرێت. ئیتر کاتێك هەرگەلێك دێتە پێش لەئاستی خۆیدا مامەڵ دەکات لەگەڵ ئێمەدا ناتوانێت کەمتر سەیرمان بکات، چونکە ئەو پێویستی بە ئێمەدەبێت بۆیە ناچارە بەمەرجەکانمان ڕازی بێت. جا هونەری شێوەکاری کوردی هونەرێکە دەبێت بەم هێز و بنەمایەوە بێتە ناو مەیدانی کارەوە و خۆبنوێنێت.

## ٧- هونەر و دارِشتنەوەی (هەبوو – موجود) :

باسەرەتا ئەو پرسیارە بکەین هەبوو چییە ؟ ئێمە پێشتر گوتمان بوون کە دەردەکەوێت لە هیولایەکدا هەبوو فەراهم دێنێت. واتە هەبوو شتێکە واقیعی و هەستەکی بۆتەوە. واتە بەهەستەکان دەتوانین درکی پێبکەین. جا ئەو هەستانە سەر بەجەستەی بایەلۆژی بن یان سەر بە سایکۆلۆژیابن. ئەم شتە کە هەبووە مانای شتێکە کە هەیە و لەدایك بووە مرۆڤ کاتێك دەکەوێتە بەردەمی هەستی پێدەکات. لەگەڵ ئەوەی ئێمە باسی هونەری ڕەسەنمان کرد کە بوون بانگێشتی ناوخۆی دەکات. هونەری ساختەشمان هەیە هەبوو دادەڕێژێتەوە واتە جۆرێك لە هونەر هەیە کە بەردەوام هەبوو وەك شتێکی حازر و ئامادە پەخش دەکاتەوە ئەم هونەرە ڕاستی هونەرێکە کە جگە لە لاسای کردنەوە هیچی تر نیە بەڵکو ئامرازێکە بۆ دیکۆمێنتکردنی واقیع. ئەمەش راستی ئەوەندەی لە مێژووەوە نزیکە ئەوەندە هونەر نیە. ئێستا با ئێمە هەوڵ بدەین هەبووەکان جیابکەینەوە بەشێك لە هەبوومان هەیە سروشتین وەك ( دار ، بەرد، ئاو، ئەسپ، . . تاد) هەموو ئەو شتانەی کە بەسروشتی هەن و مرۆڤ دەستی نیە لە خوڵقاندیان ئەوانە کۆمەڵە هەبوویەکن کە دەرکەوتوون و خۆیان لەناو سروشتا دەبینەوە جۆرێکی دیکە لە هەبوومان هەیە کە خولقاوی دەستی مرۆڤن وەك (هەرەمەکانی میسر، کارێکی هونەری ڕەسەن. ..... تاد) ئەم دوو جۆرە لە هەبوو کە واقیعن جیای دەکەینەوە لە بەرامبەر دوو جۆری تر لە هەبوو کە ئەوانیش واقیعن وەك ئەو شتانەی بەدروستکردن هەن وەك ( مریشکی دروستکراو (مصلحە)، کورسی، مێز. .... تاد) ئەم دووجۆرە لە هەبوو بەڕاستی ناچنە ناو خانەی ئەوەی پێیان بڵێین هەبوو بەڵکو ئەمانە یان (تەنن) یان (بوونەوەر)، چونکە ئەم دووجۆرە بەدروست کردن هەن نەك بە خولقاندن بۆیە حەقی ئەوەیان نیە لە پاڵ هەبوودا دایانێین بەشێکی دیکە لە هەبوو هەن پەیوەندیان هەیە بە بابەتە فکری وفەلسەفیەکانەوە وەك (شیعر، فەلسەفەیەکی دیاریکراو. ... تاد) ئەمانەش هەبوون بۆ خۆیان، چونکە دەرکەوتەی بیرکردنەوە یەکن لە خۆیاندا. هەروەها (یادەوەری – ئایدۆلۆژیا) ئەمانەش ڕاستی جۆرێکن لەهەبوو بە تەنیا بەڵام هەبوویەتی مرۆڤ جیاوازە لە هەموویان، چونکە مرۆڤ توانای خۆبینینەوە و وەعی بوونی هەیە بەرامبەر بەخۆی بگرە مرۆڤ لە هەموویان لە پێشترە لە بەرامبەر هەبووەکانی دیکەدا، چونکە مرۆڤ خالقە و هەبووەکانی دیکە مەخلوقن واتە مرۆڤ ساتی هەیە بوون بۆ خۆی دەردەکەوێت و مرۆڤ هەر بەخۆی بەتەنیا هەبوویەکە و توانای خوڵقانی هەبووش وەردەگرێت. ئێستا بابچینە لای هونەرمەند، دیارە

هونەرمەند ڕۆژانە یان لەکاتی کاری هونەریدا دەکەوێتە بەردەم هەریەك لەم هەبووانە چ هەبووی واقیعی وەك (سروشت کارێکی هونەری ) چ هەبووی ناواقیعی وەك (بیرکردنەوەیەك و ئایدۆلۆژیایەك) هەروەها دەکەوێتە بەردەم ئەوەی کاری لە سەر مرۆڤیش بکات لێرە دا ئەم جۆرە لە هونەرمەند کاتێك لە پاڵ ئەم هەبووانەدا ڕادەوەستێت. ئەوا مامەڵ لەگەڵ بوونی هەبووەکاندا ناکات بەڵکو مامەڵ لەگەڵ هەبوو خۆیدا دەکات. هەرمامەڵە کردنێکیش لەگەڵ هەبوو یان ئەوەتا ئێمە خاسیەت و سیفەتەکانی ئەوشتە هەست پێدەکەین یان چۆنایەتیەکەی، واتە لە هەردوو بارەکەدا ئێمە هونەرێك بەرهەم دەهێنین کە پێشتر بەرهەم هێنراوە، واتە مێژوو یەك تۆمار دەکەین لێرەدا ئەم جۆرە لە هونەر نەك دنیایەکی تازە ناخوڵقێنن بەڵکو دنیایەکی تەواوبوو مردوو ئامادەدەکاتەوە. ئەم جۆرە لە هونەر هیچ ناخاتە سەر دنیا و بەردەوام واقیع ئامادەدەکاتەوە. خاوەنی داهێنان نیە و هەمیشە بازاڕ نرخی دیاریدەکات. ئەم ڕووداوی دووبارە بوونەوەو داڕشتنەوە ش بەدوو رێگا ئەنجام دەدرێت.

## ( ١ – ٧ ) دانەوەی واقیع :

یاخود باشترە بڵێین دانەوەی هەبوو. ئەم ڕێگایە کت و مت واقیع چۆنە ئاوها هونەرمەند هەستەکانی دەیگوازێتەوە ناو خەزنەیی و وەك خۆشی دەیداتەوە. واتە هونەرمەند جگە لە فۆتۆگرافیك زیاتر هیچی ترنیە، بەداخەوە کە ئەمڕۆ فۆتۆگرافیش کراوەتە هونەر، لەکاتێکدا فۆتۆگراف نەك هەر هونەر نیە، بەڵکو کوشتن و بەمێژووکردنی واقیعیشە چ ئەمڕۆ فۆتۆگراف یان T.V. بۆ خۆیان بەتەنها واقیع دەدەنەوە، لەگەڵ ئەوەی واقیع جارێکی تر حازردەکەنەوە. زیندوێتی و رۆحێك هەیە دەیکوژن چێژی سروشت بە واقیعی زۆر جیاوازە لە چێژی هەمان بەش لە سروشت لە تی ڤیدا تەنانەت ئەمڕۆ مانای ڕووداویش گۆڕانی بەسەر داهاتووە ئەویش ئەوەیە هەر ڕووداوێك بەناو T.V یان فۆتۆگرافدا نەڕوات نابێتە ڕووداو واتە واقیعیەتی واقیع و ڕووداوێك لەوەدایە کە بەوێنە بکرێت. ڕۆژانە هەزاران روداوی کوشتن ڕودەدەن لێرە و لەوێ، بەڵام ئەو ڕووداوە دەبێتە ڕووداو و خەڵك ڕادەگرێت کە دەکرێتە وێنە لە ڕێگەی T.V یان فۆتۆگرافەوە. ئەمەش هەمووی کارەساتی ئەم جۆرە لەبیرکردنەوەیە یە کە بە تەنها مامەڵ لەگەڵ هەبوودا دەکات نەك بوونی هەبوو. کاری هونەری لێرەدا کاری داڕشتنەوەی هەبووە ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکە گوتارێك ئەمڕۆ دروستبووە لە ناوکایەی ڕۆشنبیری کوردیدا بە تایبەت ڕۆشنبیریی دوایی ڕاپەڕین کە پێیان وایە هونەر ئەوەیە ئەو شتانە نیشان بدەیت کە چاو نایانبینێت و زۆر بچوکن

ئێمە کاتێك باسی هەبوو دەکەین قەبارەی دیاری ناکەین چەندە کاتێك وێنە کێشێك درەختێك وێنە دەکات لەگەڵ وێنە کێشێکی تر کە تاکە پێلاوێك وێنە دەکات هیچ جیاوازیان نیە هەبوو هەر هەبووە با یەك دەنکە گەنم بێت کاتێك مرۆڤ ئەم هەبووەی دایەوە دەرەوەی خۆی دەبێت رەنگ و چۆنایەتی بداتەوە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ هەبوو مامەڵکردنە لەگەڵ رەنگ و خاسیەت و کەرەستە و چۆنایەتی ئەمەش هەمووی بە رێگای هەستەکان ئەنجام دەدرێت و ئەوەش ڕوونە هەستەکانمان توانایی کەشفکردنی بوونیان نیە. هەروەها کاتێك هونەرمەندێك دەکەوێتە بەردەم شیعرێك یان فەلسەفەیەك کاتێك دێت ئەم شیعرە یان ئەو ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەیە کە هەیە وەك بابەت و هەبوو دەکاتە کارێکی هونەری ڕاستی بە هەمان شێوە هەبوو دادەرێژێتەوە واقیعێك دەداتەوە کە واقیعی خۆی نیە "١٨

## (٢-٧) وێنا کردنی واقیع :

هونەرمەند بەوەدا مرۆڤە، مەحکومە بە رێسای وەرگرتن و دانەوە لەو هونەرەدا کە هەبوو نمایش دەکات بە دەرەوەی خۆیدا ئاستی یەکەمی بریتیە لە دانەوەی واقیع وەك خۆی کە بەرێبازی کلاسیك و ریالیزم ناوزەند کراوە لە ناو تیورەی هونەر ناسیدا. ئاستی دووەمی حالەتی دانەوە یان جۆری دووەمی حالەتی ئەوەی مرۆڤ شتێکی وەرگرتووە و دەیداتەوە ئەوەیە ئەو شتە وەك خۆی ناداتەوە بەڵکو گۆرانکای تێدا دەکات. جا با ئێستا بپرسین جەوهەری ئەو گۆرانکایە لە کوێدایە ؟، چونکە وێناکردنی واقیع لە کاری هونەریدا ئەوەیە کە واقیع زۆر جار دەکرێتە فەنتازیا و خەیاڵیانە دەدرێتەوە بەڵام بەئاگالەوەی کەلە بەدەمەوەچونی هونەرمەند بۆ هەبوو بەردەوام مامەڵەی ئەو مامەڵەیە لەگەڵ کەرەستە و خاسیەت و سیفەت و رەنگ و بۆ لێرەدا لە باری وێناکردندا ئەوەیە بیرکردنەوەیەکی یەك بنەمای لە پشت نیە بەڵکو ئەو کارە کارێکە کە زیاتر کۆلاژی ئەویترە لەسەر هونەرمەند واتە کاتێك هونەرمەند ئەو هەبووە ناواقیعی دەکاتەوە زیاتر وەك هەوەسێك ئەو کارە دەکات لە پێناوی ئەوەی جیاوازیەك بخوڵقێنێت، واتە سەرەتا هەبووەکانی لەبەردەمە و لەبەر ئیلهامی ئەواندا یان هەبووەکان دەستکاری دەکات بۆ ئەوەی ئەو هەبووە بکاتە موڵکی خۆی یان ئەوەتا هەبووەکان تێك دەدات و تێکەڵیان دەکات و وێنایان دەکات. لەم باسەدا راستی هونەر لەدایك نابێت.، چونکە لەجەوهەردا ئەوەی ئەو جیاوازیە دەخاتەوە، یان ئەو فەنتازیایە دە خوڵقێنێت بوون نیە بەڵکو خودی هەبووە. ئەم جۆرە لە هونەر لە ناو کەرەستەی کارە هونەریەکاندا کارێکی تر دروستدەکات. واتە ئەوە کەرەستەکانن دۆخی

پیێ دەبەخشن و ناچاری دەکەن کە ئەو کارە ئەنجام بدات. ئەمەش قۆناغی دووەمی بەردەم هونەرمەندە ، کەدەکەوێتە ژێر سیحری کەرەستە و ماددەکان دەتوانین ئەم دوو قۆناغە. دابەزێنین بۆ قۆناغەکانی بە هونەرمەندبوونی هونەرمەندێك، کە سەرەتا شتەکان وەك خۆی دەداتەوە و دواتر دەست کاری شتەکان دەکات، بەڵام نەك بەپیێ ی بنەما و داخوازی بوون، بەڵکو کەرەستەکان سیحری لێدەکەن و ڕایدەکێشن بۆ ئەوەی کە کارێك ئەنجام بدات، بەڵام لە هونەری ڕەسەندا هونەرمەند کەرەستەکان یان هیولا سیحری لێناکەن بەڵکو خودی بوونی خۆی وەك هێزێك هونەرمەند مەست دەکات و دایدەبڕێت لەواقیع و هونەرەکە لە ڕێگای بوونی خۆیەوە دۆخ دەداتە هیولا کان و کەرەستەکان و واقیعێکی تر و دنیایەکی تر بنیاتدەنێت کە خودی بوون ئاراستەی دانەکانی ئەو واقیعە دەکات ئەم ئاراستە کردنەش هەمیشە وادەکات شتەکان بە شێوازێکی تر و جیاوازتر دەربکەون لەبەر دەم واقیعدا، بەڵام ئەم ناواقیعی بوونەی ئەم کارە هونەریە بنەما و جەوهەری هەیە و بوون ئاراستەی دەکات، بەڵام ناواقیعی بوونی کارێك کە بەرەو هەبوو چووە، بنەمای نیە و کەرەستەکان دۆخی دەدەنێ، واتە هونەرمەندی ڕاستەقینە هەمیشە دۆخ بەخشە و هیولا دەدۆزێتەوە، بەڵام هونەرمەندی ساختە هەمیشە دۆخ وەرگرە و کەرەستە کان ئەو دەدۆزنەوەو ناچاری دەکان کە کاربکات.

واتە هونەرمەندی دووەم یان حەزی خۆدەرخستن یان سەرمایە یان پاڵنەرێکی دەرەکی هەیە، ئەویترێك هەیە لەدەرەوەی ئەم دۆخی دەداتێت بۆ ئیشکردن، باهونەری جیاوازیش بخاتەوە با هونەرەکانی ناواقیعی و فەنتازیا و ناڕوونیش بێت ئەم ناڕوونی و ناواقیعیە، نابنە شاهیدی کاتێگۆری بۆ ئەوەی ئەو کارە بێتە هونەر و کارەکەشی ببێتە هونەرمەندی ڕاستەقینە. وەلێ ئەگەرچی ئەمڕۆ بەناوی داهێنان و خوڵقان و هونەرەوە. بەردەوام ناواقیعی بوون جیاوازی بەهونەری ڕاستەقینە زانراون و لەژێر ئەم فێڵەشدا گەلێك ناهونەرمەند خۆیان کردۆتە هونەرمەند و خۆیان هەڵواسیووە بە هونەری شێوەکاریدا. ئەگەرچی بۆ خۆی زاراوەی (شێوەکاری) جێگەی پرسیارەو ئەوەی ئەم زاراوەیەشی داناوە وردنەبووە و تەواو تێنە گەیشتووە لە هونەر، ، چونکە بەپیێ ی ئەم باسەی ئێمە هونەری (شێوەکاری) یان (پەیکەر تاشی) برتبێت لەوەی لە بواری (شێوە – فۆرم) یان (پەیکەر – جەستە) کاربکات، بەڵکو هونەرێکە تەواو پەیوەستە بە بوون و عەقڵەوە، ئەوەی ئەم هونەرە دەیخاتەوە، جیاوازی چۆنایەتی شتەکان نیە، یاخود جەستەیەکی ترمان بۆ دەرناخات بەڵکو چییەتێکی تر و جۆرێکی تر لە مەخلوق و جۆرێکی تر لە

جیهان دەخاتە بەر دەممان و پێشبینی دەکات، کە دەکرێت مرۆڤ بەرەو ئەوێ بڕوات. بۆیە ڕاستی دەبێت ئەم هونەرە زیاتر بیری لێبکرێتەوە بەوەی چەمکێك دابهێنرێت، کەتەواو جەوهەری ئەم بەدەر بخات نەك شێوە و جەستەکەی، کە ئێمە بە هونەری عەینی کردنەوەی بوون ناوی دەبەین، چونکە ئەم هونەرە لە بنەمادا مامەڵە لەگەڵ شێوەو چۆنایەتی و جەستەی شتەکاندا ناکات، بەڵکو هەموو خۆنزیکردنەوەیەکی کاری هونەری لە مرۆڤ سروشت و خودا و. ... تاد، خۆنزیکردنەوەیە لە بوون و جەوهەری ئەو شتانە. ئەوەشی لەکۆتای ئەم کارە دەردەکەوێت ناوی هونەری بەسەردا دەڕوات و، وەك کارێکی هونەری خۆی نمایشدەکات و دەبێتە هەبوویەك کە بە بوون بووە بە هەبوو. بەبڕوای ئێمەش ئەم قۆناغە قۆناغی خۆدۆزینەوەی هونەرمەندە کەلەم قۆناغەدا بوونی خۆی وەك پرۆسەیەك تەواو دەکات لەکاری هونەریدا. واتە کاتێك واقیع ناهێڵێت جەوهەر و ناخی مرۆڤ دەردەکەوێت و مرۆڤ عاقلانە بژێت. ئەوە هونەر ئەو دنیایەیە کە هونەرمەند لە وێدا ناخی خۆی و بوونی دەرەکی دەکاتەوە هەربۆیە لێرەا ئەم هونەرە. یان ئەم کارە هونەریە. چییەتێك دەخاتەوە کە جیاوازە لە چییەتی واقیع و کۆمەڵگا. ئەوەش رونە هەموو چییەتێکی ڕەها چۆنایەتیەکی ڕەهاشی هەیە بۆدەرکەوتن کە بە هیچ جۆرێ نە هیچ شتێك لەو دەچێت و نەئەویش لە هیچی تر دەچێت.

## ٨- هونەرمەندی دۆخ وەرگر :

دۆخ وەرگرتن ئەو حاڵەتەیە کە شتێك دۆخمان دەداتێت و ئاراستەمان دەکات کە مەرج نیە بۆ خۆمان لەباری ئەوەدابین ئەو شتە بکەین. بۆ ئێرە نموونەیەك وەردەگرین بۆ رونکردنەوەی مەبەستەکەمان. حاڵەتی نان خواردن لە مرۆڤدا بە دوورێگا و دووجۆری جیاوازی هەیە. جۆری یەکەمیان ئەوەیە ئێمە کاتێك برسیمان دەبێت دەچینە مەتبەغ سەیر دەکەین ڕۆن هەیە برنج هەیە ئاو هەیە. حاڵەتی برسێتیکە کە لەناو جەستەی خۆماندا دێتە دەر وامان لێدەکات کە دۆخ بدەینە برنج و ئاو ڕۆنەکە و بیانکەینە خواردن، لێرەدا مرۆڤ لەبەر ئەوەی برسیەتی و جەستەی پێویستی بەخواردن هەیە. ئەوا ئەم مرۆڤە ناچارە بیربکاتەوە لەوەی خواردنێك ئامادەبکات. بۆیە ئەم حاڵەتە ناوەکیەی جەستەی خۆی لە مرۆڤێکی ئاساییەوە دەکاتە مرۆڤێکی دۆخ بەخش و دۆخ دەداتە ئەو کەرەستە خۆراکیانەی کە بۆ خواردن دەشێت کەرەستەکان دەبنە دۆخ وەرگر لە ژێر حوکمی دۆخ بەخشدا دەبن، لێرەدا مرۆڤ گەر نانی خوارد ئەوا هێزو وزەی بۆ دەگەڕێتەوە خۆ ئەگەر نان نەخوات ئەوا لاواز دەبێت و خراپە. حاڵەتی دووەمی نان خواردن ئەوەیە مرۆڤ کە برسی

نیه یان زۆر برسی نیه،  واته لەو حاڵەتەدانیه جەستەی ناچاری بکات که بیربکاتەوه نان بخوات، ئەم حاڵەته ئەوەیه کاتێك دەچینه چێشتخانەیەك بەرێکەوت یان ڕووبەڕوو دەبینه لەگەڵ خواردنێکدا،  خواردنەکه دۆخ دەداته ئێمەو ناچارمان دەکات بیخۆین واته ئێمه دۆخ وەرگرین و ئەوەشی دۆخەکەی داوه به ئێمه برسێتی نیه بەڵکو خواردنەکەیه. لێرەدا گەر ئەو نانه بخۆیت و زیادەڕەوی بکەین که ئیتر بەپێ ی خواردن نان بخۆین ئەوا دەبینه چڵێس و ئەم نان خواردنه زەرەری به جەستەمان دەگەیەنێت، ، چونکه بەپێ ی یاسای جەسته نەمان خواردووه بەڵکو بەپێ ی بازارو ڕێکلام خواردومانه. ئەگەر چی ئەمڕۆ ڕێکلام هیچ نیه جگه له هێزێکی دۆخ بەخش به مرۆڤ  کەوا له مرۆڤ دەکەن کەپێویستی بەو شته بەو خواردنەش نیه،  بەڵام هەر ناچاری دەکات بیکڕێت. ئەوەی بۆئێمه گرنگه لەم نموونه یەدا ئەوەیه. دوو مرۆڤمان هەیه یەکیان دۆخ بەخشه و حالەتەکەی هی ناوەوەی خۆیەتی و کەرەستەکان ناچار دەکات که بکەونه ناو هارمۆنیەتەوه،  حاڵەتی دووەم مرۆڤێکه دۆخ وەرگرەو کەرەستەکان ئەو ناچاردەکەن خۆی یەکانگیر بکاتەوه لەگەڵیاندا.

حاڵەتی مرۆڤی دووەم. ئەو هونەرمەندەیه که کەرەستەکان و هیولاکان یان هەبووەکان دۆخی دەدەنێ و وای لێدەکەن کارێکی هونەری ئەنجام بدات،  جا زۆر جار هەیه هونەرمەندی دۆخ وەرگر هەر بەتەنها دۆخ له کارێکی هونەری وەرناگرێت که هی پێش خۆیەتی یان هی گەورە هونەرمەندانی جیهانن بەڵکو دۆخ وەردەگرێت لەپارچه شیعرێك یان ڕۆمانێك یان شانۆیەك یان سایکۆلۆژی یان. .. تاد. هەموو ئەمانه وەك هەبوویەك دۆخ دەدەنه ئەم هونەرمەندەو کارێکی پێ دەبەخشن،  که ئەم کاره ناچێته ژێر بابی هونەرەوه، ، چونکه هونەر هەمیشه دنیایەکی تازەیه و دووباره نابێتەوه  بەڵام ئەم کاره له جەوهەردا دروستکردنەوەی دنیایەکی تەواو بووه واته دنیایەك کەهەر لەساتی لەدایك بوونیەوه مردووه و نیشاندانەوەی هەبوویەکه. ئەم کاره هیچ جیاوازی نیه لەگەڵ بەرهەمی کارگەیەکدا، چونکه کارگه شتەکان دووباره دەکاتەوه بەردەوام. بۆ یه ڕاستی هونەرمەندی دۆخ وەرگر. زیان بەرۆحی خۆی دەگەیەنێت.،  چونکه بەردەوام ناهێڵێت ڕۆحی خۆی دۆخ بداته هیولاکان و دەربکەوێت،  بەڵکو هەمیشه ئەویتر وەك رۆحێکی وەهمی لەناو ئەم هونەرمەندەدا  دۆخ دەبەخشێته ئەم هونەرمەنده و بەردەوام تەعبیر له شتێك دەکات که هی خۆی نیه. هەمیشه ئەو نوێنه و خۆنوێن نیه لەوانەیه زۆرکەس بپرسن که کاری ئەم هونەرمەنده جیاوازه بۆچی ناچێته ژێربای هونەرەوه ؟ لەڕاستیدا کاریگەری ئەویتر زۆر قوڵ و ژێره وانکێیەکه

زۆرجار هونەرمەندەكەش بەخۆی نازانێت كە دۆخی وەرگرتووە، گرنگ ئەوەیە ئایا ئەم دۆخە دۆخێكی ناوەكی و ڕاستەقینەیە، یان دۆخێكی دەرەكی و ساختەیە، ، چونكە لە دۆخی ساختەدا بەرهەمی ساختە لەدایك دەبێت كارێكی هونەری دێتە ئاراوە كە خاڵیە لە ڕۆح، خاڵیە لەبوون و تەقینەوەو خوڵقان، بەڵكو تەواو تەعبیرە لە دروستكردن و لەنیشاندانی ئەویتر و داڕشتنەوەی هەبوو.

## ٩- هونەرمەندی دۆخ بەخش :

حاڵەتی یەكەمی مرۆڤە برسیەكە هەمان حاڵەتی هونەرمەندی دۆخ بەخشی هەیە، هونەرمەندی دۆخ بەخش ڕۆحی خۆی واتە بوونی خۆی فشاری دەخاتەسەر و ناچاری دەكات بە شوێن هیولایەكدا بگەڕێت، یان دۆخ ببەخشێتە ئەو هیولایەی لەبەردەستیدایە و كارێكی هونەری ڕەسەن دابهێنێت. حاڵەتی دۆخ بەخشین. هونەرمەند بوونی خۆی كاتێك دایدەپۆشێت واتە هونەرمەندەكە دەكەوێتە ناو بوونی خۆیەوە، ئەو عالەمە ناوەكیە كاتێك والآدەبێت لەبەردەم هونەرمەندا و هونەرمەندیش كاتێك گوزارشت لەم عالەمە دەكات ئەو پێویستی بە هیولا هەیە هیولاكە بەپێ ی عالەمەكە ڕێكدەخات و چۆنایەتی پێدە بەخشێت هەتا عالەمەكە بێتە ناویەوە، واتە ئەوەی هیولایەكە دەدۆزێتەوە ئاراستەی دەكات و چۆنایەتی پێدەبەخشێت (عالەم — بوون) ەكەیە لێرەدا هونەرمەند بوون دەنەخشێنێ لە هیولایەكەی خۆیدا واتە كەرەستەكان و هیولاكان لەژێر دەستی هونەرمەندان نەك بە پێچەوانەوە، ئەمەش چاكەی عالەمە كەیە، ، چونكە گەر هاتوو ئەم عالەمە ناوەكیە نەكرێتەوە بە ڕووی هونەرمەندان، ئەوا هونەرمەند بۆخۆی لەناو كەرەستەو هیولاكان دەمرێت، بەلأم كاتێك عالەمەكە دەكرێتەوە، هونەرمەند دنیایەكی تردەدۆزێتەوە وسەرچاوەیەكی دیكە هەست پێدەكات، كە بنەمای كارەكانی لەسەر بنیاتدەنێت. لێرەدا هونەرمەند دەكەوێتە ژێر سیحری عالەمەكەوە و لەكاتی گواستنەوەی ئەم عالەمەدا، كەحالەتێكی مەستیە و هونەرمەند لە واقیع دادەبڕێت و بەتەنها هەست بە عالەمەكە دەكات. كردەی خوڵقان ڕوودەدات و هیولاكان ڕێك دەخات و كاری هونەری و هونەر دێتە ئاراوە. واتە لەم بارەدا چاوی هونەرمەند چاوێكە دەبینێ و دەشدات واتە لەكاتی بینینی عالەمەكەدا عالەمەكەش دەگوازێتەوە، واتە هونەرمەند هەم سەیركەرەو هەم سەیركراویشە، هەم بینەر و هەم بینراویشە لەیەك كاتدا، بینەری ناو عالەمەكەیە و بینراوی ناو عالەمەكەش لێرەدا هونەر بەمانا ڕاستەقینەكەی خۆی لە دایك دەبێت. ئەم حاڵەتەش، یاخود ئەم جۆرە لەهونەر هەرئەوەنیە دنیایەكی جیاواز بێت لە

واقیع و کۆمەڵگا، یاخود ئەم هونەرمەندە هەر لەو جیهانەدا هونەرمەندە، چونکە هونەرمەندێکە کەلە واقیع و لە کۆمەڵگاشدا هونەرمەندە، چونکە هونەرمەندێتی بۆ خۆی جۆرێکە لە ژیان و جۆرێکە لە بیرکردنەوەی جیاواز. هونەرمەندی دۆخ بەخش هونەرمەندێکە تەعبیرلە رۆح و ناخی خۆی دەکات و هەمیشە هونەرمەندێکە خۆنوێنە، واتە ئەوەی دەرەکی دەکاتەوە لە خۆیدا، هی خۆیەتی و ئەویتر نیە. ئەم هونەرمەندە نەك هەرخۆی تەواودەکات و بەرەو کامل بوون دەڕوات، بەڵکو شتەکانیش دەخاتە باری دەرکەوتن و تەواو بوون واتە چ شتێك لە تواناو ئیمکانی شتەکاندا هەبێت وەك بوون و وەك سیستەم ئەم هونەرمەندە دەیانخەتە سەر واقیع و بەدەریان دەخات. واتە ڕاستە هیولاکان ئاراستەدەکات بەلاّم چییەتی ئەو بیرانە ئاشکرا دەکات کە بەشاراوەیی ماونەتەوە و دەرنەکەوتوون. لێرەدا هونەر بانگی لە پێناو شتەکان خۆیاندا هەڵدەگرێت و دنیادە پارێزێت لە بەبابەت بوون و بەکارهێنان. واتە هونەر لەلایەك شتەکان دەپارێزێت کە مرۆڤ وەك کەرەستەیەك بەکاریان دەهێنێت ئەویش لە ڕێگەی کەشفکردنی چییەتی ئەو شتانە. لەلایەکی دیکە لە بەدیلی واقیعدا شتانێکی عەقلی دەهێنێتە ناو دنیاوە، کە جیهان مانای خۆی لەسەر ئەو کارە هونەریە بینادەکات و مێژوو جارێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە.

## ١٠- کردەی دروستکردن و پەخشی هەبوو :

کاتێك ئێمە دەڵێین شتێك دروست دەکەین، ئەوا پێش ئەوەی کارەکە ئەنجام بدەین شتەکە لەناو زەینماندا حازر بووە. بەس ئەوەندە ماوە کە بیخەینە بواری کردەنیەوە. ئەم شت دروستکردنە هەروا بەبیّ ئامانج نایەتە ئاراوە. واتە ئێمە دەبێت سەرەتا ئامانجێك پێویستیەك کارێکمان هەبێت بەو شتە ئەوجا دەتوانین ئەوشتە دروست بکەین. واتە سەرەتا پێش دروستکردن پێویستی هەیە، یان شتێکی ترهەیە کە پێویستی بەم شتە یە هەتا خۆی تەواو بکات. مرۆڤیش دێت ئەو شتە دروست دەکات بۆ نموونە :- ئێمە کاتێك خانوویەك دروست دەکەین ودیوارەکان تەواودەکەین ئەو کاتە دەزانین دەبێت بۆشایەك بەجێبهێڵین هەتا هاتووچۆی لێوە بکەین. نابێت شتێك دانێن کە جێگیر بێت بەڵکو دەبێت لەژێردەستی خۆماندا بێت، هەرکاتێك بمانەوێت بیکەینەوە دایبخەین. ئەوکاتە دەرگا دروست دەکەین. گەرسەیر بکەین ئەوە پێویستی خانووەکەیە وامان لێدەکات کە دەرگاکە دروست بکەین لێرەدا پێش ئەوەی دەرگاکە دروست بکەین. بەخەیاڵ ئێمە بەپیّ ی هارمۆنیەت لەگەڵ دیواری خانووەکەدا دروستی دەکەین، واتە لەدروستکردندا. ئامانجەکە دەبێت سەرەتا هەبێت. دواتر ئەم کارە مانای نابێت گەر بەپیّ ی پێویستی شتی تر دروستی نەکەین واتە

ئێمە وەك مرۆڤ هەر لە سەرەتا دۆخ وەرگرین و واقیع ناچارمان دەکات ئەوکارە بکەین. ئەوەش لێرەدا بەرهەم دێت هەبوونیە. لەلایەك جارێکی تر بەخشکردنەوەی هەبووە. لەلایەکیش دروستکردنی ئامێرێکە. بۆ کاری هونەری کە بەرێگەی دروستکردن دێتە ئاراوە. ئەو هونەرمەندە یان بۆ پارە و سامان یان بۆ ناوبانگ و ناودەرکردن ئەوکارە دەکات. واتە پێویستی بەشتێکە ئەوەی لێرەدا بەرهەم دێت هونەر نیە، بەڵکو پارە پەیداکردن و ئامێرێکە بۆ بەدەستختنی سەرمایەی ماددی و ڕەمزی. ماناکەشی لەناو خۆیانیەو کڕیار یان ئەویتر ماناکەی دیاریدەکات، بەلاّم کاری هونەری ڕەسەن بەکردەی خوڵقان دێتە ئاراوە، لێرەدا نەپێویستی و نە دۆخێکی دەرەکی بەشداری دەکەن لەو کارە هونەریەدا، بەڵکو ئەم کارە کە لەدایك دەبێت وابەستە نیە بەکارێکی هونەری تر یان هەر شتێکی ترەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆ خۆی خاوەنی مانای خۆیەتی و لەسەر پێ ی خۆی ڕادەوەستێت. واتە بەتەنها مانای هەیەو ماناکەی وابەستە نیە بەدەست بینەر و خوێنەر و ئەوەی دەکەوێتە بەردەستی. دواتر لەکاری هونەری ڕەسەندا پێش کارەکە هونەرمەند نازانێت نەخشەی چییە و چی دەخوڵقێنێت بەڵکو دوای کارەکە دەزانێت. دواتریش کاری هونەری ڕەسەن هیچ وەزیفەیەکی واقیعی و دنیایی نیە، بەڵکو وەزیفەیەکی عەقڵی و مێتافیزیکی هەیە لێرەوە بەپێ ی ئەم بنەمایە کاری هونەری ڕەسەن دەبێتە هونەر و نابێتە ئامراز و ئامێر و هونەر نایەتە ئاراوە لێرەدا. بەرهەمی کارگەکان و بەرهەمی هونەری لەیەکتر جیاواز دەبنەوە دروستکردنیش هەمیشە هەبوو پەخش دەکاتەوە، پەخشکردنەوەی هەبووش یان دانەوەی واقیعە یان وێناکردنی واقیعێکە بەپێ ی پێداویستی واقیع خۆی لێرەشدا بوون بزرە و داهێنان و هونەریش بزردەبن و ئاوارە دەبن لێمان.

## ١١- کاری هونەری و بەرهەمی کارگەکان :

ئێمە لەباسکردنی کردەی خوڵقان و دروستکردن ئەوەمان بۆ ڕۆن بۆوە کە جیاوازی هەیە لە نێوان بەرهەمی کارگەکان کە سەر بەکردەی دروستکردنن لەگەڵ کاری هونەری کە بەرهەمی کردەی خوڵقانە. بەرهەمی کارگەکان هەروەك ئامێرێك کە دروست دەکرێت پێداویستیەك دەیهێنێتە ئاراوە، واتە وەزیفەیەکی واقیعی هەیە. کارگەی ڕستن و چنین کاتێك قوماش و پانتۆڵ و جل و

بەرگ بەگشتی بەرهەم دەهێنێت، ئەوە پێداویستی مرۆڤ وایکردووە کە مرۆڤ شتێك دروست بکات کە ڕووت نەبێت و پۆشتەبێت. ئەمە وەك خاڵی سەرەتا و یەکەمین دروستکردنی جل و بەرگ. دواتر کە کارگە دامەزرا. کارگە دێت هەمان بیرکردنەوەیە، بەڵام جوانکاری تێدەکات و بە حەزو داواکاری بەکارهێنەر ئەم ئیشە دەستیە دەکاتە کارێکی گشتی و کارگەی بۆ دادەنێت. لێرەدا گەر کارگەیەکی پانتۆڵ هەبێت دێت لەیەك جۆر پانتۆڵ ڕۆژانە هەزار دانە بەرهەم دەهێنێت ئەم پانتۆڵانە هەموویان لەیەك دەچن لەڕووی قوماش و چۆنایەتی و ڕەنگ و. ........ تاد. ئەم بەرهەمە ڕاستی قیمەتەکەی لە بازاردا بەدیار دەکەوێت و دواتر ئەم جۆرە لەبەرهەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕەواجی دەبێت و کارگەکە دەبێت مۆدیلەکەی خۆی بگۆڕێت، چونکە ئەو لە ژێر دەست خۆیدا نیە و بەکارهێنەرەکان ئاراستەی کاری دەگرنە دەست و دۆخی پێدەبەخشن، بەڵام کاری هونەری یەك جار لەدایك دەبێت و دووبارە نابێتەوە واتە هیچ کارێکی هونەری رەسەن لە یەکێکی تر ناچێت و جیاوازە، چونکە چونکە بەبوون بووە بە هەبوو وەك لە پێشتردا ڕوونمان کردەوە، دواتر قیمەتی لەناو خۆیایەتی بۆ زەمەنێکی دیاریکراویش نیە، بەڵکو هەتا ئەو کەرەستەیە بمێنێت ئەم بوونە کەلەناو ئەم کارە هونەریەدا دەرکەوتووە لە واقیعدا دەمێنێیەوە، بەڵام بە نەمانی کەرەستەکە بوونیش دەچێتەوە باری پەتی خۆی، لێرەدا کاری هونەری بەتەنیا دەژێ بەڵام بەرهەمی کارگەکان جاچ کارگەیەکی دەستی بێت یان بەرهەمی تەکنەلۆژیا بێت .، چونکە بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیاش داهێنان نین، بڵکو دروستکردنن مۆبایل – T.V تسجیل. ... تاد ئەمانە هەمووی حەزی مرۆڤ و پێداویستی واقیعی هێناوینیەتە دنیاوە و کارگەی تایبەت بەخۆی هەیە و بەسەر دەچن و لەناو دەچن هەربۆ یە نابنە هونەر و داهێنان بەڵام سەرەتای دروستکردنیان هونەرێکی تێدایە، بەڵام کاتێك گشتی دەبێتەوە و دەبێتە ئامرازێکی بەکارهێن ئەوا دووردەکەوێتەوە لە بنەڕەتی خۆی. هەرلێرەشدا بوو هایدگەر زانستی بە سپڵەو ناپاك وەسف کرد.، چونکە بنەمای زانستەکان لەناو فەلسەفەدان، بەڵام هاتن حاشایان لە بنەماکەی خۆیان کردو و ئیتر سەرقاڵن بەهەبووەوە. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەین بۆ چی بەرهەمی کارگەکان لەکاتێکدا کە پێداویستی ڕۆژانەمان ڕایی دەکەن و کارمان بۆ ئاسان دەکەن ئاستی نزمترە لەکارێکی هونەری کەهیچ وەزیفەیەکی نیە و هیچمان بۆ ناکات لەواقیعدا ؟ واتا بۆچی ئەم کارەی کاك بورهان سابیر قیمەتی زیاترە لە ئوتومبیلێکی مۆدیل ٢٠٠٩ ؟ لەکاتێکدا ئوتومبیلە کە زۆر شتمان بۆ ئاسان دەکات بەڵام ئەم بەرهەمە هیچمان بۆناکات وەك کار و ئیش ؟لەڕاستیدا قیمەتی

هونەر لەویادا بەرزدەبێتەوە بە سەر ئاستی بەرهەمی کارگەکان، چونکە کاری هونەری کارێکی عەقڵیەو ئێمە لە ڕێگەی ئەم کارەوە جارێکی تر دەکەوینە ناو بیرکردنەوە و رۆحی خۆمان بەیادی خۆمان دەهێنینەوە یادهاتنەوەی رۆحیش بەمانا سوکراتیەکەی خودی زانین و فەلسەفەیە. واتە گەر بەرهەمی کارگەکان ڕاحەتی ببەخشن بەجەستە و سایکۆلۆژیامان و کارمان بۆ ئاسان بکەن لە واقیعدا، ئەوا کاری هونەری رۆحمان ئاسودە دەکات و ئاسان کاریمان بۆ دەکات ئەوەی لەناو عەقڵی خۆماندایە. بێتە دەرو خۆمان بیربکەیتەوە واتە بکەوینە ناو حاڵەتی بەبیر هاتنەوەی خۆمان و خۆمان ئازاد بکەین لە هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە پێوەی بەستراوین و ئازادی وەدەست بخەین واتە کاری هونەری وەزیفەیەکی مێتافیزیکی هەیە، کە ڕامان دەگرێت و ئێمە ڕادەستی ئەودیوی شتەکان دەکات و لەناو هەبوودا بوونمان بۆ نمایشدەکات ئەم وەزیفەیە گرنگترە لەو وەزیفەیەی کە بەرهەمی کارگەکان بۆمانی ئەنجام دەدەن، لێرەدا یە کەبەهای کارێکی هونەری بەرزتر و بەنرخترە لە بەهای بەرهەمی کارگەیەك، بەرهەمی کارگەیەك هەموومان بەبێ جیاوازی دەتوانین ببینە خاوەنی خۆی و بەرهەم هێنەرەکەشی بەڵام کەسمان ناتوانین ببینەخاوەنی کاری هونەری و هونەرمەندەکەی، ، چونکە بوون پارێزگاری لە هەردووکیان دەکات.

## ١٢- کاری هونەری و بوونەوەرە سروشتیەکان :

ئێمە کاری هونەریمان جیاکردەوە لە بەرهەمی کارگەکان ئێستا وا باشە کاری هونەری بەرامبەر بکەینەوە لەگەڵ بوونەوەرە سروشتیەکان. واتە ئەو بوونەوەرانەی کە بە سروشتی هەن و خوڵقاوی دەستی خودان وەك (درەخت، بەرد، ئەسپ، ماسی. ...... تاد)، چونکە کاری هونەری کردەی خوڵقانە و بوونەوەرە سروشتیەکانیش کردەی خوڵقانن کاری هونەری خاڵقەکەی مرۆڤ و بوونەوەرە سروشتیەکان خاڵقی خودایە ئێستا بالێرە بکەوینە ناو بەرامبەر کردن و جیاوازی ئەم دووکائینە کاری هونەری گوتمان بە بوون بووە بەهەبوو، بوونەوەری سروشتیش بەبوون بووە بە هەبوو، بەڵام لێرەدا جیاوازیەکە لەویادایە کە مرۆڤ هەبوو دەخوڵقێنێت بەڵام خودا بوون دەخوڵقێنێت واتە کاری هونەری هەبوویەکە بەتەنها، بەڵام بوونەوەرە سروشتیەکان خودا بوونەکەیانی خوڵقاندووە، دواتر بوونەکە هەبووەکە بەدیاردەخات. واتە خودا سەرەتا تۆوەکەی خوڵقاندوە وەك تۆی قەیسی یان گوێز. دواتر ئەم تۆوە کە بوونەکەیە هەبووەکە دەخوڵقێنێت واتە تۆوەکە گەشەدەکات و دەگاتە باری کامڵ بوون و دەبێتە هەبوو. واتە هەموو ئەو سیفەت و چۆنایەتیەی کەهەیە لەناو درەختەکەدا. هی ناو تۆوەکەیە دوایی بەرێگای

زەمینەکانی خۆی دێتە دەر. واتە جەوهەری درەختەکە لەناو تۆوەکەدایە. لێرەدا خالقیەتی خودا بەرز دەبێتەوە بەسەر خالقیەتی مرۆڤدا.، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بوونی خۆی یان بوونی شتەکان بخولقێنێت. بەڵکو ئەو بوونەی کە خودا خولقاندویەتی بەدەری دەخات و دەیکاتە هەبوو هەروەك چۆن ئێمە دێین کاری کشتوکاڵ ئەنجام دەدەین هەمووی بۆ کامڵ کردنی ئەو بوونەوەرانە یە لە پێناوی ئەوەی بەرهەمەکەی بەدەستمان بکەوێت خاڵێکی دیکەی جیاوازی بونەوەرە سروشتیەکان ئەوەیە کە بوونەکەیان. بوونێکی جولاو و ئاراستەکەرەوە بە هۆی ئەو وزە ناوەکیەوە ئەو بوونەوەرە دەبێتە هەبوو، بەلام کاری هونەری ئیشی بە هەبووکردنی بوونەکانە، بەلام ئەم بوونە بۆ یەك سات و بەجێگیری دادەنیشێت لەو کارە هونەریە دا واتە مۆنالیزا ئیتر گەشە ناکات و قژی سپی بێت و پێستی دەم و چاوی چرچ و لۆچ بێت، بەلام گەشەی کاری هونەری لەویادایە کە بەردەوام خوێندنەوەی جیاواز و مانای جیاواز دەدات بە دەستەوە، بەلام هەردووکیان چ کاری هونەری و چ بوونەوەرە سروشتیەکان یەك جار لەدایك دەبن و ئیتر دووبارە ناکرێنەوە و دوای تێکچوون و ئالۆزکردنیان ناتوانین وەك خۆیانی لێبکەینەوە هونەرمەندك کاتێك کارێکی هونەری بەخەیاڵدادێت بەلام نایەت ئەم خەیاڵە بکاتە واقیع ئەوا ئەو کارە بەسەر دەچێت و دواتر ناتوانێت ئەم کارە هونەریە وەك یەکەم جار واقیعی بکاتەوە، بۆ نموونە کاتێك هونەرمەندێکی مۆسیقی پارچە مۆسیقایەکی بۆ دێت بەلام لە سەر ئامێری ڕیکۆردەر تۆماری ناکات. دواتر کەدەیەوێت ئەم پارچە میوزیکە لێبداتەوە سەیردەکەین ناتوانێت وەك خۆی و وەك یەکەم جار بیژەنێتەوە. واتە تەنانەت بۆ خودی هونەرمەندەکەش زەحمەتە. یان ئێمە گەر هاتوو یەکێك لە مریشکەکانمان مرداربێتەوە ناتوانین زیندوی بکەینەوە یان قاچی بپەڕێت ناتوانین ئەو قاچەی دروستبکەینەوە، بەلام ئوتومبیلێك کە تێك دەچێت یان کورسیەك کە دەشکێت، دەتوانین زۆر لە جاران باشتر دروستی بکەینەوە. لێرەدا کاری هونەری و بوونەوەرە سروشتیەکان خۆیان جیادەکەنەوە لە بەرهەمی کارگەکان کە ئێمە ناتوانین دووبارە دروستیان بکەینەوە دوای خولقاندن، بەلام بەرهەمی کارگەکان دەتوانین لە جاران جوانتر و باشتر دروستیان بکەینەوە.

## ١٣- دۆزینەوەی هیولا لای بورهان سابیر :

لە ڕاستیدا ناتوانین ئەوە بشارینەوە کە سەرەتای هەر هونەرمەندێك بە لاسایی کردنەوە دەست پێدەکات و ڕاستە و خۆ هیولای سروشتی بەکار دەبات بۆ کاری هونەری، بەلام کاتێك ئەم هونەرمەندە زیاتر قوڵ دەبێتەوە و بیردەکاتەوە کارەکانیشی گۆڕانی تێدەکەوێت و بەرەبەرە

بەرەو ئەوە دەڕوات کە تەعبیر لە خۆی بکات دیارە بورهان سابیریش بەدەر نیە لەم قۆناغانەی ژیانی هونەری بەلاّم هونەر ئەوەیە کە هونەرمەند هەر ڕازی نەبێت بەو لاسایکردنەوەی کە ئەنجامی دەدات بەرەو و چێژێکی ڕاستەقینە بڕوات ئەویش کردەی خولّقانە. دیارە بەکار بردنی ئەم هیولایە لای بورهان سابیر گرنگی بۆ ئێمە لێرەدایە کە ئەم هیولایە بۆ خۆی دۆزیویەتیەوەو هیولاکە کە سروشتی نیە و کەرەستەی کاری هونەرمەندێکی دیکەش نیە. دۆزینەوەی ئەم هیولایە بۆخۆی هونەرە، ، چونکە گەر بیرکردنەوەکانی بورهان سابیر سادە و سەرپێیانە بوایە. ئەوا ڕازی دەبوو بەو هەموو هیولایەی کەهەیە لە دەوربەرمان بەلاّم ڕاستی ئەوە فشاری بیرکردنەیەکی قولّ و مەعریفیە کە وادەکات هونەرمەند هیولایەك بدۆزێتەوە وەك ڕووداو کە تەبابێتەوە لەگەلّ ئایدیاکانی هونەرمەندا، ، چونکە ئەم هیولایە ڕەنگە بۆ کارێکی دیکە یان بۆ ئەوەی بمانەوێت کە وێنەی گوندێکی پێ دروستبکەین ئەوا نەیەت بە دەستمانەوە، بەلاّم کارکردنی بورهان سابیر لەسەر مرۆڤ بەگشتی و دۆزینەوەی ئەم هیولایە کارەکەی ڕێککردۆتەوە کە هیولایەکە لە ئیشکردندا نەرمە و سیفەتی هەویری هەیە، بەلاّم لەتەواو بووندا ڕەقە و توانای فۆرم گرتنی ئەو بیرەی هەیە کە هونەرمەند دایدەڕێژێت. دیارە لەوانەیە هونەرمەندی دیکەش هەبن کە خاوەنی هیولای خۆیان و بیری خۆیان بن، بەلاّم ئەم باسەی ئێمە وا بەستە و تایبەتە بە هونەرمەند بورهان سابیرەوە و ئەم هەولّە نەك بورهان سابیر بەرز دەکاتەوە بەسەر ئەواندا و نە ئەوانیش بچوك دەکاتەوە.، چونکە کاری هونەری ڕەسەن قیمەتی لەلای خۆیەتی و لای بینەرو ڕەخنەگرنیە. دۆزینەوەی ئەم هیولایە لای بورهان سابیر کۆمەلێك کاری گرنگی لەخۆیدا حەشارداوە. لێرەدا هونەرمەند خۆی پاراستوە لەوەی کە هونەرمەندێکی دۆخ وەرگربێت.، چونکە گەر دۆخی وەرگرتبایە ئەوا کەرەستەکان و هیولاکان کە لە واقیعدا هەن ئەویان پالّدەناو وایان لێدەکرد کە کاری هونەری ئەنجام بدات، بەلاّم جیاوازی ئەم هیولایە شایەتی بۆ ئەوەی کە دیارە هونەرمەند تەعبیر لەبوونی خۆی دەکات و چییەتی خۆی والاّدەکات. ئەم ڕووداوی والاّکردنەوەیە کە هیولایەك دەدۆزێتەوە کەتایبەتە بەهونەرمەند و چییەتێك و بوونێك نیشانی ئێمە دەدات کە ناوازەیە و کەسی ترنیە و بەخۆیەتی واتە حالّەتی کارکردن لای بورهان سابیر یەکەم جار وابووە هەستی کردووە کە ئەو بیرەی دەیەوێت دەریببڕێت. پێویستی بە هیولایەکە کە ئەو سیفەت و خاسیەتانەی هەبێت کە بیرەکە دەیەوێت. بۆیە ڕاستی ناچار بووە کە بگەڕێت بە شوێن هیولایەکدا کە بیرەکە قبولّی دەکات و هەلّیدەبژێرێت. واتە بەدەستی کاك بورهان نەبووە،

بەڵکو هەڵبژاردنەکە لەدەستی هونەرمەند بورهان سابیر دابووە. واتە بوونی ئەو سەردار بووە لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی هیولاکە. لەم دۆزینەوەدا هونەرێك هەیە نیشانی ئێمەدەدەن ئەویش کەوتنە ناو هارمۆنیەتی کۆمەڵێك ماددەی جیاوازە هەتا ئەو هیولایە لەدایك بێت. دیارە بۆئەمەش هەموو ماددەیەك دەست نادات. واتە هەر خۆڵقاندنی هیولاکە بۆخۆی هونەرە، بەڵام دواتر کاتێك دێت کارە هونەریەکان بەیاندەکات ئەوا ئەم هیولایە جەوهەر و بنەمای خۆی ئاشکرا دەکات.، چونکە گەرهاتوو ئێمە بیرکردنەوەکان و ئایدیاکان دابڕین لەم هیولایە. ئەوا هیولاکە بە ڕووتی دەمێنێتەوە و بێ مانا دەکەوێت، بەڵام ئایدیاکە و هیولاکە لەگەڵ هونەرمەندە کە پێکەوە کارەکە تەواو دەکەن و ئەم کارە هونەرییە دەخەنەوە و وەك هونەرێکی گەورە خۆی دەخاتە ریزی کارە هونەریەکانەوە جیاوازی و ناوازەیی خۆی بەیان دەکات و دەپارێزێت.

ئەم کارەش بەکۆمەکی بوونی ئەنجام دراوە. واتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ هەیە لەپشت ئەم کارەوە، کەڕازی نیە واقیع بداتەوە یان وێنای بکات بەڵکو داهێنان دەکات و هونەرمەند وەك دۆخ بەخش حوکم دەکات بەسەر هیولاکان و کارە هونەریەکاندا.

## ١٤- ناواقیعی بوونی پەیکەرەکانی بورهان سابیر:

بورهان سابیرلەم کارە هونەریەدا و لەزۆربەی کارەکانی ئەم دواییەیدا. مرۆڤ بەرجەستەدەکات، بەڵام چ مۆرڤێك و کامە مرۆڤ بۆ ئێمە دەخوڵقێنێت ؟ لە ڕاستیدا ئەم مرۆڤانەی بورهان سابیر دەیانخوڵقێنن یان ئەودەم و چاوانەی کەوەك پەیکەر لەو هیولایەدا بەرجەستەی دەکات. هەموویان مۆرڤانێکی واقیعینین. واتە کەسێك نین کە ئێمە بیان ناسیتەوە و بڵێین ئەم دەم و چاوە یان ئەم پەیکەرە فلانە شاعیرە یان فلانە سەرکردەی کوردە. بەڵکو هەموویان کۆمەڵە مرۆڤێکن کە واقیعی نین. بەتایبەت ئەم مرۆڤەی ئێمە لێرە دا ئەم باسەمان لەسەر بیناکردووە، کەدیارە ئەم مرۆڤە مرۆڤێکی واقیعی نیە و زیاتر وەك کائینێکی خەیاڵی دێتە بەر چاومان. جیاوازی ئەم کائینە خەیاڵیە لەگەڵ ئەو کائینانەی کە خەیاڵی زانستی بەرهەمی دەهێنێت وەك خەڵکانی سەر هەسارەکانی تر و مرۆڤی ناوفەزا. ئەوەیە ئەم مرۆڤەی بورهان سابیر خەیاڵیە بەڵام خەیاڵێکە کە خودی عەقڵ و بوون لە پشتیەوە ئاراستەی دەکەن، بەڵام کائینی ناو فەزا و خەیاڵی زانستی بەردەوام وەك کائنێکی سایکۆلۆژی بەرهەم دێن، کەڕۆژێك دێن و زەوی داگیردەکەن و ئێمە دەکەنە کۆیلەی خۆیان، بەڵام ئەم کارە هونەریە ڕاستە خەیاڵە و وەك ئایندەیەك وێناکراوە بەڵام خەیاڵێکی عەقڵیە. ئەم مرۆڤە. یەکێکە لەو دۆستانە یان ئەو مرۆڤەی کە لە بوونی بورهان سابیردا

هەیە و تائێستا لەواقیعدا نەیدۆزیوەتەوە، واتە کەسێکە کە بورهان سابیر بەردەوام چاوەڕێ ی دەکات، بەڵام خەیاڵی ئەم کەسە و شعوری هاتنی ئەم کەسە هەرجارە لە پەیکەرێکدا دەردەکەوێت، بەڵام هەمیشە بە ناڕوونی و بەناواقیعی دەردەکەوێت، چونکە ئەو کەسانەی کە لەناو بوونی خۆماندان هەتا لە واقیعدا نەیاندۆزینەوە نازانین دەم و چاوی چۆنە و قژی چۆنە و چاوی چ ڕەنگێکە، بەڵام کاتێك دەکەوینە ناو بیرکردنەوە لەم کەسە دەزانین لەو کەسانە ناچێت کە ئێمە دەیانناسین و لەدەور و بەرمان هەن، دەزانین کە ئەو کەسە وەك براکەمان نیە وەك ئەو دۆستەمان نیە کە بەس بە بەرژەوەندی لەگەڵمان یان وەك ئەو دۆستەی مەبەستێکی هەیە بە ئێمە هەر لێرەوەیەکە مرۆڤی ناوکارەکانی بورهان سابیر واقیعی نین.، چونکە تەعبیر کردن لە عەقلێ جا چ لە شیعردابێت یان لە هونەری شێوەکاریدا. هەمیشە وەك پێشبینیکردن دەردەکەوێت واتە پێشبینی هاتنی کەسێك یان دنیایەکی تردەکات کە وەك واقیع نیە و پەیوەندیەکانی لە سەر بنەمایەکی عەقڵێن نەك وەزیفی و دنیای و بەرژەوەندی. ئەم ناواقیعی بوونەی ئەم کارە خۆی دەلالەتە بۆ ئەوەی کە بورهان سابیر هێشتا ئەو کەسەی لەواقیعدا نەدۆزیوەتەوە. جاگەر هاتوو ئەو کەسەی لە واقیعدا دۆزیەوە ئەوا ئەو کەسە وەك واقیع دەبێت و نابێتە کارێکی هونەری، بەڵام گەر نەشیدۆزیەوە ئەوا لە ئایندەدا ئەم کەسە لەناو کارێکی هونەریدا دادەبەزێت ئەمەش هەمووی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ئەوەی واقیعیە عەقڵیە و ئەوەی عەقڵیشە واقیعیە. دیارە ئەم بیرە هەر بەتەنها لەلای هیگل نیە بەتەنها بەڵکو ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و هایدگەر و زۆربەی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان پێیان وایە ئەوەی کەلە عەقڵدا هەیە دواجار واقیعی دەبێتەوە. دیارە ئێمە براکان و دۆستەکان و مەعشوق و. ......... تاد ئایدیالی ئەمانە هەمووی لەناو عەقڵی خۆماندا هەن مرۆڤ بەردەوام لەواقیعدا بەشوێن ئەم کەسە هەقیقیانە دادەگەڕێت، بەڵام کاتێك لەواقیعدا نایاندۆزێتەوە ئەوا لە هونەردا ئەم کەسانە دەدۆزێتەوە و واقیعی یان دەکاتەوە. دیارە بورهان سابیر پەیکەر و دەم و چاوی هەیە کە دەرکەوتنی دنیای سایکۆلۆژی ئەون یان کەسێکی واقیعیە و ئەم بەناواقیعی پەیکەرەکەی دروست دەکات، بەڵام ئەم کارە بەهای خۆی هەیە نەك بۆ بورهان سابیر، بەڵکو بۆ هونەری شێوەکاری کوردی، کە چۆن ئایدیالێکی عەقڵی هەیە لێرەدا واقیعی بۆتەوە. ئەمەش قوڵبونەوەی بورهان سابیر لەناو خۆیدا کەتەوا و ڕۆچۆتەوە ناو عەقڵی خۆی و توخمێکی عەقڵی هەیە تەعبیری لێدەکات، کە جیاوازە لە هەموو توخمە واقیعی و

سایکۆلۆژییەکانی تر، بەمەش ئەم کارە هونەریە خۆی جیادەکاتەوە و دەبێتە هەبوو، چونکە بوونی میوانداری کردووە لەناو خۆیدا.

## ١٥- پەیکەری (دۆست) ی بورهان سابیر وەك هەبوو :

ئێمە لەکۆتایی ئەم باسە دا ئەم پەیکەرە ناودەنێین (پەیکەری دۆست)، چونکە هیچ چاوەڕوانکراو نیە کە ئەم پەیکەرە. لەخەیاڵی هونەرمەندان پەیکەری ناحەزێك یان کەسێك بێت کە ڕقمان لێبێت، ، چونکە سروشتی مرۆڤ وەهایە کە دوژمنەکانی دەکوژێت و لەناویاندەبات نەك پەیکەریان بۆ دابتاشێت، بۆیە ئەم کەسە کە ناواقیعیە و دیار نیە ئەوەندە دەزانێت کە دۆستە. جاهەر دۆستك بێت. ئەوەیە کە هونەرمەند خەون بە هاتنی ئەوە وەدەبینێت. هەر بۆیە ناومان ناوە (دۆست) ئەم کارە هونەریەش بەپێ ی ئەم تیۆریەی کە ئێمە بەیانمان کردووە کارێکە کە لە بوونی هونەرمەندەوە هاتۆتەدەر بۆیە ئەم کارە بە بوونی هونەرمەند دەبێتە هەبوو هەبوویەکە کە خۆی جیادەکاتەوە بە تەعبیرکردن لە بوون نەك بە جیاوازی هیولایەکەی، بەڵکو بەجیاوازی چییەتی و بوونەکەی ئەم پەیکەرە لە هیولایەکی جیاواز و وەك کارێکی جیاواز خۆی نیشاندەدات و ئەمەشی بەرئەنجامی کردەی خوڵقانە و جیاوازە لە بەرهەمی کارگەکان، هەروەها دەشچێتە پاڵ بوونەوەرە سروشتیەکان، ، چونکە بە خوڵقان بووە بە هەبوو. ئەم کارەش یەك جار لە دایك دەبێت دواتریش نایەت، بەڵام ئایدیاڵی ئەم کەسە، مەرج نیە هەرلەم کارەدا بەرجەستە بێت بەڵکو هەمان ئایدیاڵ دەچێتە ناو کاریتر و خوڵقانی ترەوە. هەتا ئەم کەسە چۆنایەتی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە، ، چونکە ئەم چۆنایەتیە یان ئەم چۆنایەتیانەی کە سەر بەم بنەمایەن هێشتا هەمووی هەوڵن بۆ لەدایك بوونی ئەو کەسە لەواقیعدا. ئەم بنە ما عەقلّیەی ئەم کارە هونەریە، کە هونەرمەند دۆخ بەخشە و ڕووداوی دەرکەوتنی هەقیقەت ڕوویداوە لەناویدا، ئەم کارە هونەریە دەکاتە هەبوو و بورهان سابیریش دەبێتە هونەرمەند و هونەریش دێتە ئاراوە.

واتە لێرەدا لەم کارەدا، بوون هەیە هونەرمەند هەیە هونەر هەیە کە ئەمەش هەمووی لەکاری هونەریدا خۆیان نیشان دەدەن واتە کارە هونەریەکە دوا قۆناغی ڕووداوەکەیە. لەکۆتایی ئەم باسەدا ئێمە ناڵێین بەتەنها بورهان سابیر هەیە لەکایەکەدا و هەر ئەو شایانی ئەم باسە تیورییە، نەخێر ؟ بەڵکو کۆمەڵێك شێوەکاری دیکەمان هەن، کە جێگەی بایەخ و جێگەی ئەوەن کە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئێمە. لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن لە سەرکارە هونەریەکانیان و ئەو لایەنە شاراوانەی کارەکانیان بەدیار بخەن و لەپێناوی خزمەتکردن بەم هونەرە و بەرز ڕاگرتنی کۆمەڵە

هەولێك كە بەڕاستی خزمەت دەكەن، بەڵام بۆ ئێمە ئەم كارە هونەریەی بورهان سابیر (پەیكەری دۆست) جێگەی تێڕامان و ووردبوونەوەبوو. واتە ئیلهام بەخشی ئەم باسەبوو ئەم كارە هونەریە بوو نەك بورهان سابیر بەخۆی ئەوەشی بورهان سابیر ڕادەگرێت و مانای دەداتێ ئەم كارە هونەریە لە بنەرەتا، كەئەویش دەرخستنی بوونە لە خۆیدا نەك بورهان سابیر بەخۆی بێت یان جیاوازی هیولایەكەی بێت.

## سەرچاوەو پەراوێزەكان

*– ئێوارەی ٢٠٠٩/٢/١٠ لەگەلەری ڕۆژ لە شاری هەولێر پێشانگایەكی هونەرمەند(نامیق علی قادر)بوو كە ئیشی لە سەر ئاسن كردبوو. بەڕاستی توانیبووی كە ئاسن نەرم بكات و بیخاتە ژێر دەستی هونەرەوە، بۆیە ئەم كارە هونەریانەی هونەرمەند كاك نامیق جێگەی تێڕامان و بیركردنەوەو لێكۆڵینەوەی تایبەتن، كە هیوادارم بتوانم لە ئایندەدا ئەم كارە پیرۆزە بەرمن بكەوێت ئەوەی جێگە باسە لەو ڕۆژەدا من و مامۆستا (د. مولود ئیبراهیم) و (بورهان سابیر)

کەوتینە ناو گفتوگۆ وە لەناو ئەو پێشانگا گەورەدا و لە ڕۆژێکی خۆڵ باراندا هونەری شێوەکاریمان بەشێوەی گشتی تاوتوێ دەکرد کە هەریەك لە بەرێزان کاك نامیق و مامۆستا مەولودو و کاك بورهان زۆر بیر کردنەوەی وردیان دەربڕی لەسەر هونەر و منیان خستە ناو دۆخێکی وەهاوە کە هونەر بووە کێشەیەك و بابەتێکی وەها کە ڕۆژێك لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەم هەر لەگەلەری رۆژ پەیکەری (دۆست) م بەر چاو کەوت و زۆر منی ڕاگرت بۆیە ئەم باسە قەرزاری بیرکردنەوە وردەکانی مامۆستایان (د.مولود ئیبراهیم) و (بورهان سابیر) و( نامیق علی قادر)ە. من زۆر سوپاسیان دەکەم.

١_مارتن هایدغر، أصل العمل الفنی، ت: د. أبو العید دودو، الطبعة الآولی، ألمانیا صحیفة ١٥٠

٢_ئەریستۆ، مێتا فیزیك، و: د. محمد کمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلیمانی، ساڵی ٢٠٠٥، لاپەرە ١٠٩

٣_جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٥لاپەرە ٣٤

٤_مارتن هایدغر أصل العمل الفنی، ص ١٥١

٥_هـ، س، پ، ل ١٤٧

٦_هـ، س، پ، ل ١٤٥

٧_ئەرستۆ، مێتا فیزیك، و: د. محمد کمال، ل ٢٤٨

٨_ هـ، س، پ، ل ١١٧

٩_هـ، س، پ، ل ١٣٠

١٠_مارتن هایدغر أصل العمل الفنی، ص ٦٤

١١_هـ، س، پ، ل ٦٥

١٢_هـ، س، پ، ل ٦٦

١٣_هـ، س، پ، ل ٦٤

١٤_هـ، س، پ، ل ٦٧

١٥_هـ، س، پ، ل ٦٧

١٦_هـ، س، پ، ل ١٥٦

١٧_هـ، س، پ، ل ١٥٧

١٨_هونەرمەند ( قەرەنی جەمیل ) لە گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٤٣) ی ساڵی ٢٠٩ لە (سووکەلەنگەر) دا بابەتێکی نووسیوە بەناوی (مۆتیف و شیعر) زۆر ورد باسی هونەری شێوەکاری دەکات و دەڵێت کە ئیتر نابێت هونەرمەند مۆتیڤەکانی خۆی بکاتە قوربانی شیعرێك یان ڕۆمانێك، بەڵکو دەبێت تەعبیر لە خۆی بکات نەك ئەویتر.

١٩_هەر لەڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٠ کاتێك من پرسیاری ماددەی ئەو پەیکەرەم کرد لە هونەرمەند بورهان سابیر. ئەو باسی ئەوەی کرد کە زیاتر لە (٢٥) ساڵە خەریکە هەتا توانیویەتی ئەو هیولایە بدۆزێتەوە ئەمەشم پاڵپشت بەو قسەیەی خۆی نووسیوە.

# هزر

# فەلسەفەی ئاکار و تێگەیشتن لە نەریت

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ دووبارە داڕشتنەوە و ڕۆنانەوەی هەردوو چەمکی ئاکار و نەریت، چونکە چونکە ئەم دوو چەمکە لەسەر ئاستی چەمکەوە بۆ سەر ئاستی وشە دابەزیون. ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن، ئەوەش ئاشکرایە چەمك کاتێك دەکرێتە وشە کە بیرکردنەوەکەی لێ داببڕێت و وەك فۆڕمێکی بەتاڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەڕاستیدا ئەم باسە گەڕانەوە و گەڕانە بە شوێن ئەو بیرکردنەوە بزربووەی پشت ئەو وشانە و دووبارە گەڕانەوەیان بۆ سەر ئاستی چەمك. دواتر لە میانەی تێگەیشتن لەم چەمکانە هەوڵمانداوە بەشێك لە کلتوری بیرکردنەوەی مرۆڤی

کورد دەربخەین، لەگەڵ خوێندنەوەی مێژووی گەلەکەمان. ئەگەرچی ئەمە زۆر کورت و کەمە و حەقی خۆیمان پێنەداوە، بەڵام بونیادی ئەو کارەمان بۆ کاری گەورەتر و تێرتر دامەزراندووە.

تەواوی ئەم باسەشمان لەبەر ڕۆشنایی بیر و ڕاکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی (کانت)دا ڕاڤە کردووە، چونکە چونکە بەڕاستی کانت بۆ تێگەیشتن لە چەمك و بەهای ئاکار کۆمەکی گەورەمان دەکات، ئەمەش بەو درەبڕینە هەمەکیەی کانت ئێمە دەکەوینە ژێر ڕۆشنایی بیروڕاکانی کە دەتوانین وەك بەرچاو ڕوونی و پێش داوەریەك، جەوهەری چەمکەکانی لێوە هەڵێنجین بۆ بەدیارخستنی گەلێك لایەنی شاراوە و نادیاری مێژووی گەلەکەمان لەم باسەدا عەینی بکەینەوە.

## ١- سوسەکردن بۆ بنەما یەکەمینەکانی ئاکار

بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاکار بەگشتی ئێمە ناتوانین لەو بابەتانە جیای بکەینەوە کە ڕاستەوخۆ بەبابەتە عەقڵیەکانەوە پەیوەستن، ، چونکە لێکۆڵینەوە خۆی لە خۆیدا کردەی بیرکردنەوەیە. بیرکردنەوەش دەرکەوتە و نمایشی عەقڵە لە خۆی و لەو بابەتانەی ئاڕاستەی دەکرێت. ئاڕاستەکردنی بابەت بەرەو عەقڵ زۆر جیاوازە لە ئاڕاستەکردنی عەقڵ بۆ بابەتێك. لە ئاڕاستەکردنی بابەتێك بۆ عەقڵ، عەقڵ لانی کەم پێشینەی نییە و لە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو بابەتە دوورە، هەربۆیە ناچارە بگەڕێتەوە ناوخۆی و بەبێ پشت بەستن بەیادەوەری بکەوێتە هەلکۆڵین سەربارەت بەو بابەتە، بەڵام ئەگەر سەرەتا عەقڵ ویستی خۆی ئاڕاستەی بابەتێك بکات ئەوە لێرەدا مرۆڤ دێتە ناو هاوکێشەکەوە و بابەتەکە جەوهەری خۆی نادات بەدەستەوە ئەوەی لەو بابەتە پێمان دەبڕێت هەر ئەو بەشەیە کە لە جیهانی هەستیدا هەیەتی. جا لێکۆڵینەوەی ئێمە لە ئاکار زیاتر مەبەستمانە تووشی سەرسوڕمانێك ببین کە یەکەمجارە دەکەوینە ناو ئەم پانتاییەوە، بۆیە پشت بەو یادەوەریانە نابەستین دەربارەی ئەم بابەتەی هەمانە، تەنیا لەو یادا نەبێت کە ڕایەك یان بۆچونێك بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی بابەتەکە وەربگرین. لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵینەوە لە ئاکار بەجۆرێك یادکردنەوەی کانتی فەیلەسووفیشە، یاد کردنەوەیەك بە مانای تووشهاتنی ئەو فەیلەسووفە، ، چونکە بەڕاستی کە باسی ئاکار دەکەین و دەمانەوێت بە ڕێگای ئەو باسەدا بڕۆین ئەوە ئێمە لەو ڕێیەدا تووشی ئەو فەیلەسووفە دەبین. بە کۆمەکی خۆی هاوکاریمان دەکات، چونکە چونکە لە پێش ئێمەوە لەم ڕێگەیەوە ڕۆیشتووە و لەم دەشتە پان و بەرینەدا باریکە ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە. ئیمانوێل کانت لەسەرتای دامەزراندنی فەلسەفەی ئاکاردا سەرەتا دێت جیاکاریەك دەکات بۆ ئەوەی بەڕاستی خەیاڵی خۆی ئاسودە بکات و تەنیا

لەسەر ئاكار بوەستێت."هەموو زانینێکی عەقڵی، یان ماددیە یان ئایدیاڵیە و بە ئایدیای عەقڵ و بیرکردنەوە بە گشتی خۆی سەرقاڵ دەکات بەبێ ئەوەی بابەتەکان بەش بەش بکات. بە فەلسەفەی ئایدیاڵی دەوترێت لۆژیك، بەڵام فەلسەفەی ماددی کە خۆی بەکەرەستەی دیاریکراوەوە خەریك دەکات، بۆ دوو بەش جیادەبێتەوە ئەوانیش یاسای فیزیك و یاسای ئازادین. یەکەمین زانستی فیزیك و دووەمین تیۆری ئاکارە"[1]

کانت لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی خۆی هەموو فەلسەفە بەگستی دەخاتە نێو تێڕامانەوە و فەلسەفەی ئاکار وەك بەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە جیادەکاتەوە، کانت مەعریفەی عەقڵی جیادەکاتەوە. یەکەمیان ماددیە، واتە عەقڵ دەکەوێتە نێو تێڕامان لە شتێك کە بابەتە و وەك هەبوویەك لە جیهانی هەستیدا هەیە، ئەم بەشەیان ناودەنێت فەلسەفەی ماددی. واتە فەلسەفەیەکە لە مادده دەکۆڵێتەوە، بەڵام نەك وەك زانستی سەردەم و تەکنەلۆژیا، بەڵکو فەلسەفەیەکە کە بە شوێن بنەما یەکەمینەکان و جەوهەرەکاندا وێڵە. واتە فەلسەفەی ماددی فەلسەفەیەکە کە لە خودی میتافیزیك جیا ناکرێتەوە، ، چونکە میتافیزیك لە جەوهەردا ئەوە نییە کە ئێمە بە یەك ڕستە بڵێین (ئەودیوی سروشت) و تەواو، نەخێر! ڕاستی ئەوەی ئەم ڕستەیە بەرهەم دەهێنێت و بەردەوام وەك وەڵامێکی پێش وەختە پرسیار کوژمان دەکات، بۆ ئەوەیە کە خۆی لەو نەزانینە بدزێتەوە کە بەرامبەر بە میتافیزیك هەیەتی. میتافیزیك کە تەواوی فەلسەفە لەخۆدەگرێت و لەهەموو چەمکێکی فەلسەفە جیانابێتەوە وەك (حەقیقەت، لۆگۆس، فەلسەفە، . ... )، چونکە سروشتی فەلسەفە وەهایە کە هەمووی پێکەوە وابەستەن و بەبێ تێگەیشتن لەم چەمکانە ناتوانین لە فەلسەفە تێبگەین. واتە ئێمە کاتێك لە میتافیزیك تێنەگەیشتین ناتوانین لە فەلسەفە و لە لۆگۆس و. ... تاد تێ بگەین. ڕێگەیەکیش نییە کە لێوەی دەست پێبکەین و بڵێین دەبێت سەرەتا لێرەوە بڕۆین، ، چونکە فەلسەفە ڕێگەی نییە بۆ تێگەیشتن هەتا ئێمە دەلیل بدۆزینەوە و نیشانمان بدەن، بەڵکو ئێمە دەکەوینە ناویەوە و هەمووشی پێکەوە سەر دەردەهێنن و پێکەوەش بزردەبن. ئەو هەوڵانەش لەناو ڕۆشنبیری دوای ڕاپەڕین بۆ سادە و ئاسانکردنی فەلسەفە هەیە ئەوەیە ئەو بەرێزانە ناتوانن بگەنە فەلسەفە و پەلەشیانە بۆ ئەوێ و دێن فەلسەفە دەهێننە لای خۆیان. واتە لەجیاتی ئەوەی خۆیان لەگەڵ فەلسەفەدا یەکانگیر بکەنەوە، دێن فەلسەفە لەگەڵ ئەو تەنکە بیرکردنەوەیەی خۆیاندا تەبا دەکەنەوە.

جا بەڕاستی بۆ تێگەیشتن لە میتافیزیك ئێمە دەبێت ئەوە بڵێین کە بریتیە لە (بوونی هەبوو — وجود الموجود)، ئەم ڕستەیە دەبێت سەرەتا بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن بەرهەمی هێنا بێت، کە ئەویش ئەوەیە لەناو ماددەدا ئێمە جەوهەر بدۆزینەوە کە هەم پنتی خولقانی یەکەمی ئەو ماددەیەیە، هەم ڕێگەی تێگەیشتنە لەو ماددەیە. واتە فەلسەفەی ماددی خۆی لە خۆیدا میتافیزیکە. دواتر کانت فەلسەفەی تیۆری جیادەکاتەوە و ناوی دەنێت (لۆژیك — المنطق)، ، چونکە بۆ لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی ئاکار ناکرێت ئێمە بەتەنیا لۆژیك بگرین و بەس، ، چونکە هیچ بەشێکی ئەزموونی ژیانی واقیعی تێدا نیە و ئاکاریش خۆی لە خۆید ئەزموون و ژیانی واقیعییە. واتە لێکۆڵینەوە لە ئاکار لێکۆڵینەوەیە لە ماددە و کەرەستەیەکی دیاریکراو کە هەیە، بەڵام هەرچی لۆژیکە تیۆریەکی ڕووتە و دەکرێت ئاکار پابەندی بێت وەك پێش داوەریەك، بەڵام ئاکار لە جیهانی هەستیدا ڕوویداوە و چاوی لە بنەماکەیەتی کە ئایا لێی ڕازیە یان نا. دواتر کانت فەلسەفەی ماددی بۆ دوو بەش جیا دەکاتەوە، ئەوانیش فیزیك (سروشت ) و ئاکارن.

وابەسەتەکردنی فیزیك و ئاکار پێکەوە و ڕیزبەنکردنیان لەژێر ناوی فەلسەفەی ماددی، بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە چ ئاکار و چ فیزیك هەردووکیان بەشێکی عەقڵی تێدایە لەگەڵ بەشێکی واقیعی. واتە فیزیك جەوهەرێکی عەقڵی هەیە کە خوڵقاندوویەتی و وەك تیۆرێك سروشت ئەو بنەمایە تەواو دەکات و خۆی بەروە کامڵ بوون دەبات. ئاکاریش بەپێی تیۆریکەی عەقڵی مرۆیی خۆی دەهاوێتە ناو جیهانی هەستیەوە و خۆی بنیاد دەنێت. جا لێکۆڵینەوە لەم فەلسەفەیە ئێمە دەباتە بەردەم دوو جۆر لە میتافیزیك (( بەم چەشنە بیرۆکەی دوو جۆر میتافیزیك لە ئارادایە، یەکەمیان میتافیزیکای سروشت و دووەمیان میتافیزیکای ئاکارن، فیزیك دوو بابەتە ئەزموونی و عەقڵی، ئاکاریش بەهەمان شێوە))٢

واتە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاکار و دامەزراندنی بنەمای باسەکەمان ئێمە دوو لایەنی گرنگی ئاکارمان لەبەردەمە، لایەنێکیان ئەوەی کە ئەزموونیە و ڕۆژانە ئێمە هەڵسوکەوت دەکەین، لایەنی دووەمی عەقڵیە و ئایا ئەم هەڵسوکەوتانە لە چ بنەمایەك کەوتونەتەوە. ئەوەی لایەنی دووەم کە عەقڵیە و تیۆرییەکە کە بنەماکانی شاراوەن، هەمیشە وەك جەوهەر و بنەما مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لێکۆڵینەوە تێورییە ڕاستی لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفەییە و لە فەلسەفە جیا ناکرێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە بەشی ئەزموونی و ئەوەی کە لەجیهانی هەستدا هەیە و دابڕانی لە ئەم بنەمایە، یان لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیولۆژیە یان سایکۆلۆژیە، ، چونکە ئەوکاتە دەبێت ئەو

هەڵسوکەوتە هەڵبسەنگێنین بەپێی دەورووبەر و کولتوور و ئەو واقیعەی تێیدا ئەنجام دراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە هەمان هەڵسوکەوت هاوتەریب بەو تیۆریە عەقڵییە لێکۆڵینەوەیەکە کە دەمنباتە بەردەم میتافیزیکای ئەو ئاکارە و بەرەو فەلسەفەیەکی پاك و ڕەسەن دەڕۆین بۆ سەر ئاکار و بنەماکانی. بۆ لێکۆڵینەوەش لە ئاکار دەبێت هەر سەرەتا لایەنە ماددی و دەرکەوتووەکەی وەلا بنێین بەلای تیۆری و بنەماکانیدا ڕوو وەرگێڕین. پێویستە لایەنی ئەزموونی لە ئاکار جیا بکرێتەوە تا بزانرێت کە مەعریفەی بێگەرد لەهەردوو بارەکەدا چۆنە و لە کام سەرچاوەوە خۆی دەهێنێت٣.
بەم پرسیارە ئێمە ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە ئاکار و بنەماکانی خۆش دەکەین. فڕێدانی ئەم بنەمایە و دەستگرتن تەنیا بە لایەنی ئەزموونیەوە ئێمە لە فەلسەفە دوور دەخاتەوە و بەرەو زانستەکانی تر دەڕۆین، دوورکەوتنەوە لە فەلسەفەش ڕاستی دوورکەوتنەوەیە لە میتافیزیك و دوورکەوتنەویە لە بوونی هەبوو. هەربۆیە کانت دواتر تەواو خۆی یەکلا دەکاتەوە و دەڵێت:
((ئایا باشتر نییە کە فەلسەفەیەکی ئاکاتر گەڵاڵە بکرێت و لە هەموو لایەنێکی ئەزموونی واقیعی پاك بکرێتەوە و بژاربکرێت))٤ لێرەدا ئێمە نامانەوێت کە لە بەهای زانستەکانی تر کەم بکەینەوە، نەخێر! بەڵام هاوڕا لەگەڵ (کانت) دا جیاکردنەوەیەك هەیە کە ئەویش ئەوەیە زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، بەشی ئەزموونی ئەو کارە وەردەگرن، بەڵام هەرچی فەلسەفەیە قوڵترە و لایەنی تیۆری و عەقڵ وەردەگرێت. دەروونناسی دێتەوە ناو مرۆڤ بەڵام بەپێی واقیع ئەو یادەوەریە دەخوێنێتەوە و هەڵاوگێڕی دەکات. هەربۆیە بەبێ بوونی میتافیزیکای ئاکار هیچ مومکین نییە، لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی دەربارەی ئاکار بنیاد بنێین، (( دەبێت میتافیزیکای ئاکار جەوهەرەکەی ویستی عەقڵ بێت نەك کردار و حەزەکانی مرۆڤ کە بەگشتی لە سایکۆلۆژیاوە دەکەونەوە بکات بە کەرەستەی لێکۆڵینەوە))٥ واتە لێرەدا کانت ئەوەش جیا دەکاتەوە کە هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ ئاکار نییە و دەبێت بنەما و سەرچاوەی ئەو کردارە دیاری بکەن، ئینجا بەرەو ئاکار بڕۆین. ئێستا با پرسیار بکەین ئاکار چییە ؟ ئایا ئەوەی کردارێك دەکات بە ئاکار چییە ؟ بە چی کردارێك ئاکارە و بەچی ئاکار نییە ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە بەدرێژایی ئەم باسە خۆی هەڵدەگرێت و هەمیشە ئەم باسە ئاڕاستە دەکات بۆ گەیشتن بە وێستگەکانی خۆی.
دیارە ئێمە لەسەرەتادا کردارمان بۆ دوو بەش جیاکردەوە، ئەوانیش لایەنی هەستی و لایەنی عەقڵین. واتە تیۆر و کردار، کردارەکە ئەوەیە کە ئیتر دەردەکەوێت و وەك هەڵوێست، یان کردارێك خۆی نمایش دەکات، تیۆرەکە ئەوەیە کە وەك بنەما و ئەندازەگیری کردارەکە ئاڕاستە

دەکات، واتە لێرەدا شتێك هەیە چنگمان دەکەوێت ئەویش ئەمەیە هەموو کردارێك بنەمایەکی هەیە وەك ئەو گوتەیەی هێراکلیتس کە دەڵێت ((هیچ شتێك لە نەبووە و نایەتە بوون)) واتە کە نییە ناتوانێت نە خۆی نە شتێکی تر بهێنێ، لێرەدا کردارەکانی مرۆڤ بەبێ بنەما و هەر لە خۆوە نین، سەرەتا بیرکردنەوەیەك، پێشینەیەك، تیۆریەك هەیە، ئەوجا ئەو کردارە لەدایك دەبێت. بۆ تێگەیشتن لە ئاکار ئەوە دەبێت بنەمایەکی عەقڵی ڕووت هەبێت هەتا ئاکار بێتە ئاراوە، یان ئاکار هەبێت. وابەستەکردنی ئاکار بە خودی عەقڵەوە، لە تیگەیشتن لە عەقڵەوە هاتووە، ، چونکە عەقڵ خۆی لە خۆیدا تیۆریەکی ڕووت و ئەندازەگیری هەمەکییە، کە بەگشتی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات و بەرەو کامڵ بوونی دەبات، لێرەدا ئاکاریش وەك دەرکەوتە و عەینی بوونەوەی ئەم تیۆرە لە واقیعدا بە دەربڕینی ئەم بنەمایە کە نە لاساییکردنەوەیە نە چاولێکردنە، خۆی دەکاتە ئاکار و وەك ئاکارێکی عەقڵی خۆ بەسەر کردارەکانی دیکەدا دەسەپێنێ.

((تەنیا لەو بیرۆکەیە دەزانێت کە عەقڵ وەك بنەما و ئەندازەگیرەیەك پێش ئاکار دەکەوێت کە بە چەمك و بۆچوونی ویستی ئازادەوە بەستراوەتەوە، لاساییکردنەوە بە هیچ جۆرێك ئاکار نییە))٦ واتە ئێمە سەرەتا بەرچاو ڕوونیەك هەیە کە دەبێت جێگیری بکەین، ئەویش ئەوەی ئاکار بنەماکەی عەقڵە. واتە عەقڵ لە عەینی بونەوەی خۆیدا لەناو ئاکاردا، ئاکارێك دێتە ئاراوە کە بنەمایەکی عەقڵی و میتافیزیکی هەیە. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کاتێك ناوی ئاکار دەبەین ، ئەوا ڕاستی ناوی عەقڵمان هێناوە و دەشمانەوێ ئەم دەرچەیە پتر والا بکەین کە تەواو بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر لوژیك بەوەی تیۆریە و دانابەزێتە سەر واقیع، بۆیە مرۆڤ لێی بێتاقەتە و بەرەو پیری ناچێت، ئەوە ئاکار و فەلسەفەی ئاکار تەواو بە ژیانی ڕوژانەمانەوە بەستراوەتەوە، ، چونکە بەشێکی ئەزموونی و واقیعیە. جا بەڕاستی زۆر گرنگە ئەگەر مرۆڤ ڕۆژێك بڕیارێك بدات لەناو خۆیدا کە تەواو سەرنج بداتە خۆی و بەردەوام وەك چاودێرێك بەسەر خۆیەوە ئەو پرسیارە بکات: ئایا ئەو کردارەی من کردم لەسەر چ بنەمایەك بوو، بۆ دەستخستنی سود و قازانج بوو؟ یان بۆ خۆدەرخستن بوو ؟ یان بۆچی؟ سەرنجدان لەو بنەمایە سەرەتایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە میتافیزیکای ئاکار کە ئەم باسە ئەم ئومێدەی وەك خەونێك لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە پێ بە پێ لەگەڵیدا دەڕۆین بۆ تێڕامان لە فەلسەفەی ئاکار.

## ٢- بەدەنگەوە چوونی عەقڵ وەك بنەمای یەکەمی ئاکار

ئێمە لە سەرتادا بنەمای یەکەمی عەقڵمان بۆ خودی عەقڵ گەڕاندەوە کە عەقڵ وەك ئەندازەگیریەك دەبێتە ڕێنمایی ئاکار و ئاکار وەك کردارێك دەخاتەوە، لێرەدا ئێمە لەناو مرۆڤدا کار دەکەین و دەمانەوێت بچینە ناو تەواوی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، کاتێك مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم واقیعێکی وەها کە دەبێت بڕیار بدات. واتە لە کاتی ئەوەی کە مرۆڤ ناچارە خۆی لەسەر واقیعێك و بابەتێك یەکلا بکاتەوە، دەکەوێتە بەردەم دوو هێزی جیاوازەوە. هێزی یەکەمیان عەقڵە و ناوەکییە، هێزی دووەمان کۆمەڵگەیە و دەرەکییە. ئەوەی هێزی یەکەمە لەناو مرۆڤەکەدا دەست بە دەرکەوتن دەکات و وەك ڕۆشناییەك و بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن زانیاری تەواوی جەوهەری ئەو واقیعی دەداتە مرۆڤەکە دەربارەی خۆی و ئەو بابەتەش، واتە لێرەدا عەقڵ ئەندازەگیری ئەو واقیعە ڕوون دەکاتەوە، کۆمەڵگەش وەك هێزێکی ئاڕاستەکەر لەناو مرۆڤەکەدا سود و قازانج و ئامانجی دەوروبەری ئەو واقیعیە بۆ مرۆڤەکە ڕۆشن دەکاتەوە.

لێرەدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو لایەنگیریەوە، واتە دەبێت یەکیان قبوڵ بکات و یەکیان وەلا بنێت، لە قەبوڵکردن و بەدەمەوەچونی عەقڵدا مرۆڤەکە بەتەنیا ئەوەی لا مەبەستە کە عەقڵ لە خۆی ڕازی بکات. بەم بەدەنگەوە چونەوەش ئاکار دێتە ئاراوە، بەڵام بەدەنگەوەچوون بۆ هێزی دووەم ئەوە دوورکەوتنەوەیە لە عەقڵ و ئاکار نایەتە ئاراوە. واتە لەنێوان عەقڵ و واقیعدا مرۆڤ هەیە و لەنێوان مرۆڤ و عەقڵ و واقیعدا لایەنگیری و بەدەنگەوەچوون هەیە. *کانت* ئەم لایەنگیری و بەدەنگەوەچوونە بە (*ویستی چاکە*) ناو دەبات و بە پنتی سەرەکی ئاکاری دەزانێت، واتە *کانت* ئەم بەدەنگەوە چوون و هەڵبژاردنی عەقڵە بە جەوهەری هەموو کارێك دادەنێت هەتا ئەو بارەی دەڵێت:

((تێگەیشتن، زیرەکی، حوکمدان و بەهرەکانی تری عەقڵ و گیان و ئازایەتی و بڕیاردان و سوربون لەسەر ئاواتەکان وەك سیفەتەکانی مرۆڤ، ئەمانە هەموویان بەبێ هیچ ئەگەرێك چاك و باشن، بەڵام دەشکرێ ببنە مایەی زیان و بەدکاری ئەگەر ئەو مەبەستەی ئەم بەهرانە دەخاتەوە ویستی چاکە نەبێت))٧ واتە ئەگەر هاتوو هەموو ئەو شتانەی کە لە دێر زەمانەوە هەموو خەڵك بە مایەی خۆشی و بەچاکی دەزانن، ڕوون ببنەوە لەوەی خۆیان نەدەنە دەستە عەقڵ، ئەوە مرۆڤ بەرەو زیان و بەدکاری و لووت بەرزی دەبەن و لە بەختەوەری ڕاستەقینەوە دووری دەخەنەوە، واتە دەبێت هەموو خواست و ئاوات و بەهرەو ئارەزووەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەموو کردارەکانی خۆیان بدەنە دەست عەقڵ و ئەوە هەڵبژێرن کە عەقڵ داوای دەکات. واتە لە سەرەتادا پێش

ڕوودانی هەرکارێك مرۆڤ دەبێت ویستی وەها بێت کە ئەو کارەی دەیکات لەگەڵ عەقڵدا یەکانگیر بێتەوە. ئیتر لەگەڵ ئەم بنەمایەدا کارەکە ڕەسەنی و مانای خۆی دەپارێزێت. خۆ ئەگەر هاتوو کارەکە نەتوانرا بەهۆی واقیعێکی نالەبارە ئەنجام بدرێت، یان نەبوونی زەمینەیەك بۆ دەرکەوتنی ئاکار، ئەوە ئەم ئاکارە لەناو مرۆڤ دا هەروەك گەوهەرێك دەدرەوشێتەوە و مانای خۆی لەدەست نادات٨((ویستی چاکە بەوە چاکەیە کە بەدی دەهێنێت و بەوەش نییە کە بگات بە ئامانجێکی دیاریکراو و بەسود، بەڵکو بەهۆی بەدەمەوە چوونەوە چاکە واتە لە خۆیدا چاکە و بەبێ ئەوەی بە شتی دیکە بەراورد بکرێت))٩ لە ڕاستیدا ئاکار بەوەی کە خۆی لەگەڵ خودی عەقڵدا تەبا دەکاتەوە، ئەرکەکەی دەگۆڕێت و لەمە دوور دەکەوێتەوە مەبەستێکی هەبێت. واتە ئاکار کاتێك لەدایك دەبێت بۆ ئەوە نییە کە ئەو مرۆڤە کاتێك ئەو ئاکارەی لێ ڕوودەدات، ئەو مەبەستی بەوە هەبێت کە لەناو کۆمەڵگەدا دەربکەوێت، یان بیەوێت ئامانجێکی پێش وەختەی خۆی بهێنێتە دی، بەڵکو ئەو مرۆڤە ئەو کارە دەکات، چونکە لەخۆیدا چاکە و چاوەڕێی هیچ سود و قازانجێك ناکات، بگرە چاوەڕێی ئەنجامەکەشی ناکات، کە ئایا ئەو کارەی لەسەر خراپ دەکەوێتەوە یان نا، ، چونکە مادەم ئەم کارە بەپێی هێزی عەقڵ ڕوویداوە و ڕوودەدات، ئەوە مرۆڤەکە بەدەەنگیەوە دەچێت و سەیری ئامانج و ئەنەجامەکەی ناکات، چونکە بەڕاستی بەختەوەری ڕاستەقینە لەوێدایە کە مرۆڤ کارێك بکات کە لەخودی خۆیەوە بکەوێتەوە و وەك ئەرکێکی سەرشان ئەنجامی بدات. ئەرك بەمانای ئەوە نا کە دوایی بەرانبەر بە خەڵك و بە یاسای وڵات بەرپرسیار دەبێت، نەخێر! بەڵکە ئەرکێکە کە بەختەوەری ئەو کەسە بەو کارەوە بەستراوەتەوە، واتە کەسەکە لەجەوهەردا بۆ خۆی ئەم کارە ئەنجام دەدات ئەگەرچی دوایی بە خێری من یان کۆمەڵگەش بکەوێتەوە، واتە خۆبەخۆ و لەناو خۆیدا ئەم کارە ئەنجام دەدات. لێرەوەیە کە بەهای ئەم کارە لەناو خۆیایەتی و هیچ هێزێك دەرەکی ناتوانێت بەهای کەم یان زیاد بکات. (( بەم بارە وا دەردەکەوێت کە ویستی چاکە مەرجی هاتنەدی بەختەوەرییەکە کە شایستەی مرۆڤە))١٠ وەدەستهاتنی بەختەوەری لە ئاکاردا ڕاستی کردنەکەیەتی، نەك لە ئەنجامەکەی، واتە ئاکار بەوەی کە لەناو مرۆڤدا دەردەکەوێت، بەختەوەری کە دەردەکەوێت. واتە بەختەوریەکە لە دەرکەوتنەکەدایە، نەك لەو سود و قازانجەی کە بەدەستی دەهێنێ یان لەو سەرکەوتنەی کە فەراهەمی دەکات. لە ڕاستیدا ویستی چاکە دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە مرۆڤ بەپێی ئایدیاڵی چاکە بجوڵێتەوە چاکە وەك ئاکار بکەوێتەوە، واتە ئەگەر مەرجی ئاکار

بەختەوەری بێت، ئەوە ناکرێت بەختەوەری چاکە نەبێت. واتە چاکە لەخۆیدا بەختەوەریە. ئەوەیە کە عەقڵی مرۆڤ داوای دەکات و پەسەندی دەکات. *کانت* بەویست گوزارشتی لێدەکات، چونکەزۆرجار مرۆڤ دەیەوێت یا مرۆڤ بەدەنگەوە چونی دەبێت بۆ عەقڵ، بەڵام ئەم ویستنە نابێتە کردار. واتە ئاکار مەرج نییە کردار بێت بەڵکو ویستن و هەڵبژاردنەکەیە. ئیتر کارەکەش ڕوو نەدات ئەوە ئەو ویست و کردارە ئاکارە، کەواتە ئاکار دوو قۆناغی هەیە، قۆناغی ناو مرۆڤ کە لەناو مرۆڤ دا ڕوو دەدات و وەك خۆزگە و ئارەزوو دەردەکەوێت. هەر ئەم بنەما و تیۆرەشە وا لە *کانت* دەکات بیکاتە بنەمای یەکەمین ئاکار، کە دەکرێت هەموو ئەم شتانەی باشن و چاکن بەڵام لە حاڵێکدا کە خۆیان بێ بەری دەکەن لەوەی عەقڵی نەبن، دەبنە مایەی خراپە و زیان. ئەگەر چی لە واقیع و لە ڕووکاری دەرەوەیاندا وادەربکەوێ کە باشیشن، ، چونکە باشی و چاکی ئاکار لە چۆنایەتییەکەی دا نییە، لە جەوهەر و بنەمایەکەیەتی. لێرەدا واباشە کە ویستی چاکە کەمێك ڕۆشنتر بکەینەوە، ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە مرۆڤ کاتێك دەکەوێتە بەردەم ئەوەی بڕیارێك بدات ئەوە دوو هێز دەوری دەدەن ئەوانیش عەقڵ و کۆمەڵگەیە. کاتێك عەقڵ وەك پاڵەپەستۆیەکی ناوەکی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کاتێك ئەم مرۆڤە قبوڵی ئەم پاڵە پەستۆیەی کرد ئەوە ویستی چاکە لەو بڕیارەدا هەیە، بەڵام بە هاتنی ئەم عەقڵە بە ویست و ئیرادەی مرۆڤ نییە، بەڵکوعەقڵ خۆی سەروەری خۆیەتی لەوەی چ کاتێك و لە چ شوێنێك و چۆن و چەندە دێت. مرۆڤەکە کاتێك کە سەیری خۆی دەکاتەوە خۆشی بەرانبەر بەخۆی دەکەوێتە ناو سەرسوڕمانەوە، چونکە ئەو کارە یەکەمین جارە کە دەردەکەوێت و پێشتر نەبووە.

واتە ویست لێرەدا تەنها قبوڵکردن و هەڵبژاردنی عەقڵەکەیە نەك ئیرادەکە، یان ویستەکە ئاکارەکەی خوڵقاندبێت، نەخێر! مرۆڤ ناتوانێت هەرکاتێك ویستی ئاکار بنوێنێت، بەڵکو خۆی وەك دەروازەیەك ڕێگەی دابەزینی عەقڵە بۆ ناو واقیع، بەڵام لەوێدا مرۆڤ خاوەن ویست و ئیرادەیە، کە ئایا کام هێز قبوڵی دەکات. ئایا هێزی عەقڵ یان هێزی کۆمەڵگە قبوڵی دەکات. لەم خاڵەدا مرۆڤ ویست و ئیرادەی هەیە، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە کاتێك مرۆڤ دەگاتە ئەوەی بەختەوەری ئاکار بدۆزێتەوە، ئەوە ئیتر ئیرادەی جار لە دوای جار بەهێز دەبێت بۆ ئەوەی ئاکاریانە هەڵسوکەوت بکات، تا دەگاتە پلەیەك کە ویست و عەقڵ لەناوی دا دەبنە یەك و ئەو نێوانە نامێنێت، کە مرۆڤەکە تووشی وەستان و دوودڵی دەکات. لێرەدا هەر مرۆڤە، کە بەڕاستی

دەگاتە بەختەوەری و خۆش دەژیت، ، چونکە دڵی خۆی لە خۆی ڕازی دەکات نەك دڵی کۆمەڵگە و ئەوی دیکە.

## ٣- کەرەستەی ئاکار

لەبەرئەنجامی باسی پێشوومان ئەوەمان بەرچاو خست کە جەوهەری ئاکار خودی عەقڵ خۆیەتی کە مرۆڤ دەیەوێت ویستی خۆی بخاتە ژێر ویستی عەقڵەوە. لێرەدا کە ئاکار ڕوودەدات ئەوە تیۆرەیی عەقڵ دەست بەدەرکەوتن دەکات. لێرەدا ئاکار خۆی لەخۆیدا کردەنی کردنی عەقڵە لە ژیانی ئەزموونی ڕۆژانەدا. واتە ئاکار بە خودی عەقڵ خۆی یەکسان دەبێت، چونکە چونکە زۆرجار ئاکار وەك کردار دەرناکەوێت، یان ئاکار خۆی جەوهەرەکەی ڕایدەگرێت، واتە ئاکاریەتی کار، بنەما و جەوهەرە نەك چۆنایەتیەکەی کە دەردەکەوێت. گرنگی و بەهای ئاکاریش وەك پێشتر گوتمان جەوهەرەکەیەتی (عەقڵ)، نەك دەرکەوتەکەی، ، چونکە ئاکار لە جەوهەردا خۆ نمایشکردنی عەقڵە و ئاکاریش بە عەقڵی بێگەرد دەبێتە ئاکار. جا ڕاستی ئەم ئاکارە لەگەڵ خودی عەقڵدا یەکسان دەبێتەوە. مادەم ئاکار خۆی تێوریەکی هەمەکیە و وەك کاتیگۆرییەکی ئەبستراکت هەیە، ئەوە بۆ دەرکەوتن پێویستی بەکەرەستەی تایبەت هەیە، جا کەرەستەی ئاکاریش دابەش دەبێت. بەشێکی پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونەوە هەیە وەك هەڵسوکەوتکردن و گوتە.

واتە لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤ گوتەکانی لەگەڵ کردارەکان دەبنە هەڵوێست. بۆ گوتەکان کە دەبنە بار بەسەر مرۆڤەوە، ئەم گوتانە کاتێك دەبنە ئاکار کە وەك یاسایەکی هەمەکی خۆیان بەیان دەکەن و توانای بەشەکی بوونەوەیان لە زەمینەی جیاوازدا هەیە و خۆشیان بەپێی یاسایەکی هەمەکی دێنە ئاراوە. هەرچی کرداریشە وەك ئاکار دەردەکەون، ، چونکە بە کارەکی کردنی خودی تیۆرەی عەقڵە لەو واقیعدا، ئەم دوو کەرەستەیە یەکیان زمانی قسەکردنە ئەوی دیشیان کردارەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە، کە جەستەی بایەلۆژی مرۆڤ دەینوێنێ. بەشێکی دیکەی ئاکار بە ناوەوەی مرۆڤ پەیوەستە کە وەك کردار یان زمانی ڕۆژانە دەرناکەوێت، بەڵکو زۆر جار حاڵەتی ناوەوەی مرۆڤە کە هیچ کەرەستەی نییە بۆ دەرکەوتن، بەڵکو هەر بە تیۆری دەمێنێتەوە و وەك بڵێسەیەك لەناو مرۆڤدا گەشە دەکات و مرۆڤەکە دەکەوێتە ناو ژیانێکی ناوەکی و عەقڵیەوە و وێنای ژیانێکی بەهەشتیانە دەکات و بەختەوەریەکی ڕاستەقینە لەناوەوەی ئەو مرۆڤەدا دەردەکەوێت و ئومێد جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ناو مرۆڤەکان. ئەمەش هەمووی وەك

ئەندازەگیریەك دەردەکەوێت و مرۆڤ ئاڕاستە دەکات، مادەم ئێمە باسی ئاکار دەکەین ئەوە هەردەبێت بەو ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کردارەکانی و گوتەکانی مرۆڤەوە ببەسترێتەوە.، چونکە هەروەك لە سەرەتادا *کانت* واتەنی ئاکار بەشێکە لە فەلسەفەی ماددی، بەڵام بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونی هەردەبێت بڕۆینە لای بەشی تیۆری و عەقلْ لەم کارەدا، ، چونکە جەوهەر و بنەماکەی هەر خودی عەقلْ خۆیەتی و میتافیزیکانە دەتوانین لە چیەتی ئاکار تێبگەین، ئەمەش بۆ دوو حاڵەتی جیاواز بەکار دەبرێت. یەکەمیان هەستکردنە بەو یاسا ناوەکیەی لە ناو مرۆڤدا هەیەو بەدەنگەوە چونیەتی.دووەم گەڕان بە شوێن ئەو یاسا هەمەکیەتییەدا، لەو کردار و گوتانەی ڕۆژانە ڕووبەڕومان دەبنەوە و دەورەمان دەدەن. بەم کارەش بەرچاو ڕوونی مسۆگەر دەکەین کە هیچ نەبێت بەرەو هەڵخەڵەتاندن و فریو نەڕۆین. بە چۆنایەتییەکی ڕازاوە و جەوهەرێکی بۆشەوە، لەبەرانبە ئەمەدا دۆزینەوەی ئەم جەوهەرانەی کە هێشتا چۆنایەتییان نیە، یان بێ چۆنایەتی خۆیان دەردەخەن و ئێمە ناتوانین دەرکیان پێ بکەین.

## ٤- چۆنایەتی ئاکار

باسکردنی چۆنایەتی ئاکار گەورەترین غەدرێکە کە لە بابەتەکە دەکرێت، ، چونکە ئێمە ناتوانین چۆنایەتی ئاکار دیاری بکەین و بڵێین دەبێت ئاکار لەو چۆنایەتیەدا بەرجەستە بێت، چونکە چونکە بەڕاستی ئاکار بەوەدا تیۆرەیە و پاڵپشتە بە عەقلْ، ناتوانی بەهیچ شێوەیەك وێنای بکەین و بڵێین ئەم چۆنایەتیە دەردەکەوێت، بەڵام دەتوانین دەرك بەبنەما یەکەمەکانی وەك تیۆرە بکەین و وەك فەلسەفەی ئاکار بیخەینەڕوو، بەڵام هەرچی چۆنایەتیە ئەوە هەتا ئاکار دەرنەکەوێت نازانین چۆنە و دوای دەرکەوتن ئێمە دەزانین کە چۆنە، بەڵام دەرکەوتنی ئاکار وەك گوتمان پێویستی بە کەرەستە و چۆنایەتییە. واتە لەگەڵ دەرکەوتنی، ئاکار چۆنایەتییەك وەردەگرێت و دێتە ناو جیهانی هەستیەوە، زیاتریش ئەم چۆنایەتییە لەناو ژیانی ئەزموونییدا دەردەکەوێت ئەویش یان لەگوتەدا یان لە کرداردا. چۆنایەتیەك دەبەخشێ بەو گوتەیە و ڕیزبەندی دەکات، یان بەو کردارە کە چۆن بێت. گرنگی چۆنایەتی لەم باسەدا ئەوەیە کە چۆنایەتی ئەو بەشە دیارەی ئاکارە کە دەبێت بابەت و کۆمەڵگە دەیبینێ و ڕووبەڕوی دەبێتەوە. جا ئەم چۆنایەتیە لە سەرەتادا بنەما و جەوهەرێکی هەیە، بنەمایەکە دەرناکەوێت وەك تیۆرەی ئاکار و چۆنایەتییەکە دەردەکەوێت و خۆی بەیان دەکات و دەکەوێتە بەدەم کۆمەڵگە و نەریتی کۆمەڵگەوە. دیارە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاکار کە بمانەوێت لەم چۆنایەتییە دەست پێ بکەین، ئەوە

هەردەبێت بەشوێن تیۆرەی ئەم چۆنایەتییەدا بڕۆین و هەر ئەمەمان لا مەبەست بێت. لێرەدا دوو شت هەیە لەیەکتر جیا دەبنەوە ئەوانیش فەیلەسوف و کۆمەڵگەیە.

* **کۆمەڵگە:** کە ئەم چۆنایەتییەی دەکەوێتە بەردەم ئەگەر زانی لە شێوەیەکدا دەردەکەوێت کە جێگەی فەزڵ و دەستخۆشیە، ئەوە کۆمەڵگە دێت ئەم چۆنایەتییە وەردەگرێت و دواتر دەیداتەوە تاکەکانی. تاکەکانی ناو کۆمەڵگەش هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەم چۆنایەتیە دەدەن، بەم هەوڵی دووبارەکردنەوەیەش ئەم ئاکارە لە ئاکارێتی خۆی دەکەوێت و بەبێ ڕۆح دەمێنێتەوە و دەبێتە نەریت و گشتی دەبێتەوە. بەمەش کۆمەڵگەیەك بەرهەمدێت کە بنەکەی بۆشە و هەمووی لەسەر بنەمای چۆنایەتی و وێنە دادەمەزرێت. کێشەی کۆمەڵگە ئەوەیە ئیتر دەبێت هەر لەو چۆنایەتییەدا مرۆڤ کردارەکان ئەنجام بدات، ئەگەرنا دەرچوون لەو چۆنایەتییە دەرچوونە لە عەقڵی کۆمەڵگە و تاوانە، هەروەك ئەوەی لە ئەوروپادا هەیە، کە پیاو نابێت پیاو ماچ بکات، چونکە ئەم ماچکردنە چۆنایەتی دوو پیاوی هۆمۆسێکسوالین و بەو دووبارەکردنەوەیەی ئەم چۆنایەتییە ئەوە کەسەکان دەبنە هۆمۆسێکسوال. لە گشتی کردنەوەی ئەم چۆنایەتییە کۆمەڵگە فیلێك هەیە ئەنجامی دەدات ئەویش ئەوەیە کە ناهێڵێت دوو برادەری یەکتر کە زۆر خۆشەویستی یەکترن و هۆگرن بە مانای هاوڕێیەتی، یەکتر لە باوەش بکەن و دڵیان بۆ یەکتر والا بکەن، واتە کۆمەڵگەی ئەوروپا لە ڕێگەی ئەم گشتاندنەوە سنور بۆ مرۆڤ دادەنێت و قاڵبەندی دەکات. ئەمە وەك نموونەیەك بۆ لایەنی نێگەتیڤی ئەم بیرە، وەك نموونەیەکی پۆزەتیڤیش کاتێك وازانروە کە پارەدان بە هەژاران چۆنایەتییەکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوپەڕی چاکە و پیاوەتیە، ئیدی بەگشتیبوونەوەی ئەم چۆنایەتییە سواڵکەر (دەرۆزەکە) فیلێك هەیە ئەنجامی دەدات. ئەویش ئەوەیە کەسەکان تووشی بارێکی شەرم دەکات، هەتا پارەیان لێ بستێنێ، یان کەسی پارەدەر ئەم چۆنایەتییە دەبات و ناوبانگی خۆی پێگەورە دەکات.کۆمەڵگەش چاکە سنوربەند دەکات و ناهێڵێت مرۆڤ ئازاد بێت لەوەی چۆن چاکە ئەنجام بدات، بەڵام بۆ کەسی دووەم کە:

* **فەیلەسووفە** : لە ڕاستید فەیلەسووف بە چۆنایەتی و کەرەستە هەڵناخەڵەتێ و بەردەوام لەناو ئەو چۆنایەتییە بە شوێن بنەما و پنتی یەکەمی ئەو کارەدا دەگەڕێت و پرسیار لە چیەتیی ئەو کارە دەکات. هەروەها فەیلەسووف هەرگیز چۆنایەتی پەلکێشی ناکات و نایوەستێنێ.

((لە هەموو ئەوەش گرنگتر ئەوەیە فەیلەسووف بە هیوای گەیشتن بەدڵنیاییەوە کە بێجگە لە بنەما و جەوهەر هیچی دیکە نییە))١١ واتە فەیلەسووف لە چۆنایەتییەکان ڕوو وەردەگێڕێت و

شوێن تیۆرەکان دەکەوێت تا لەڕێگای ئەو بنەمایەوە بەرچاو ڕوونی بۆخۆیی و بۆ بەرانبەرەکەی فەراهەم بکات. لێرەدا فەیلەسووف هەمیشە وەك دانا دەردەکەوێت و شتەکان هەست پێدەکات و دەناسێتەوە، ، چونکە ئەو بە ڕۆشناییەك شتەکات دەخوێنێتەوە کە جێگەی گومان و دوو دڵی نین. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە فەیلەسووف هەوڵی دۆزینەوەی هەمەکیەتی ئەو کارە دەدات. واتە ئاکارەکە دەبێت هەمەکی بێت هەتا توانای عەینی بوونەوەی خۆی لەدەست نەدات، ، چونکە ئەگەر هاتوو ئاکار بەیاسای هەمەکی نەکەوتەوە، ئەوە ئەو ئاکارە ڕەسەن نییە و تێکەڵە بە حەز و ئارەزوو و هەوەس. بۆیە ڕاستی فەیلەسووف لە پێناوی دۆزینەوەی بنەما یەکەمینەکان بڕاری دەکات. ((بەڵام عەقڵ ناچارم دەکات، کە ئەم یاسایە بەرز ڕابگرم ئەوەی دەبێت فەیلەسوف لێی بکۆڵێتەوە))١٢ فەیلەسووف لە بەرانبەر ئاکاردا هەمیشە میتافیزیکانە لە پێناوی دۆزینەوەی یاسایەکی هەمەکیدا دەڕوانێتە ئاکار و بەشە تیۆری و عەقڵیەکەی لەبەر چاو دەگرێت، ، چونکە فەیلەسووف خۆی بە شتە سنوردار و بەش بەشەکانەوە سەرقاڵ ناکات، بەڵکوهەمیشە لەگەڵ شتە بێ پایان و هەمەکییەکان مامەڵە دەکات، بۆ دۆزینەوەی خودی عەقڵ و ناسینەوەی ئاکار. دواتریش نەچونە ژێر لاساییکردنەوە و چاولێکدرنی ئەو چۆنایەتییە کە کۆمەڵگە وەك پرۆسەیەك ئەنجامی دەدات، بەڵام فەیلەسووف نەك هەر تەسلیمی نابێت بەڵکو تەواو هەڵاوگێڕی دەکات هەتا بنەماکەی بزانێت. واتە فەیلەسووف ئاکارەکەی لە پێناوی خۆیدا دەوێت، بەڵام کۆمەڵگە چۆنایەتییەکەی دەوێت لە پێناوی ئەوەی تاکەکان گێژبکات و وایان لێ بکات لەبەر یەکتر و لەبەر ناوبانگی خۆیان ئەو کارە بکەن، ، چونکە ئەو چۆنایەتییە پێشتر جێگەی چەپڵە بووە، بەمەش فەیلەسووف و کۆمەڵگە هەمیشە دەکەونە بەرانبەر یەك کە زۆجار کۆمەڵگە لەسەر ئەم کارە ترسناکە فەیلەسووف تیرۆر کردووە.

## ٥- دەرکەوتنی ئاکار

هەر بەوەدا ئاکار تەعبیر لە عەقڵ دەکات و لە دوو شێوازی جیاوازدا دەکەوێ، ئەوە ئێمە دەبێت لەسەرەتادا ئەو دوو شێوازەی لەیەکتر جیا بکەینەوە. لەڕاستیدا ئاکار کاتێك دەردەکەوێت ئەوە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردەم کۆمەڵێك ئاکاری دیکەو ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، جا ئاکار بۆ دەرکەوتن هەروەك توخمێکی عەقڵی پێویستی بە کەرەستە و چۆنایەتی هەیە، ، چونکە خۆی لە بنەڕتدا سەربەعەقڵە و توخمێکی پەتییە و بۆ عەینی بوونەوەی پێویستی بە جەستەیەك هەیە

هەتا دەرکەوێت. لە ساتی دەکەوتنیشدا دوو باری جیاوازی هەیە ئەوانیش باری فیزیکی و باری ناوەکی، هەرچی باری فیزیکیە ئەویش دوو بارە:

## (٥-١) ئاکاری کارەکی

لێرەدا ئاکار تەواو بە ژیانی مرۆڤەوە بەندە و مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا دەینوێنێت. هەروەك ناردنی پزیشك لەلایەن سەلاحەددینەوە بۆ سەرکردەی کریستیانە خاچپەرستەکان، یان کە هێرش دەکاتە سەر گوندێك ژنێك لەو گوندەدا لەکاتی منداڵبووندایە، کاتێك پیرەژنێك دەچێتە لای سەلاحەددین و داوای لێدەکات و سەلاحەددینیش ئەو هێرشە ڕادەگرێت. لە ڕاستیدا ئەم کارەی سەلاحەددین کارێکە تەواو ئاکاریە و بەپێی بنەمای عەقڵ ڕوویداوە. ئەگەر ئێمە بۆنموونە بگەڕێین لە مێژووی خۆماندا وەك گەلی کورد زۆر نموونەمان بەرچاودەکەوێت، کە بەپێی ئەم بنەمایە لەناو سەرکردە و سیاسییەکانی کورددا ڕوویانداوە و ئاکار ئامادەیی تێیاندا هەبووە. لە سێدارەدانی قازی و خۆبەخشین بەوەی کە قازی محەمەد کردی، یەکێکە لەو ڕووداوە ئاکاریانەی کە بەداخەوە هیچ شتێکی کەمتر نییە لە مردنەکەی فەیلەسوفی یۆنانی سوکرات، بەڵام ئێمە وەك کورد تا ئێستا لێکۆڵەری وامان نەبووە کە مێژوو نەگێڕێتەوە، بەڵکو بنەماکانی ئەو ڕووداوە مێژووییانە ڕاڤە بکات. قوربانیدانی قازی محەمەد بە جەستەی خۆی لە پێناوی ڕۆحی نەتەوەدا، یەکێکە لەو کردە ئاکاریانەی کە *کانتی* فەیلەسووف وەك تیۆرە باسی لێوە دەکات واتە *قازی محەمەد* بە کردەنی کردنی ئەو تیۆرەی *(کانت)*ە لەخۆیدا، کە دەبێت ئەم ڕووداوە زۆر وورد لێی بڕوانین، بەڵام بۆ مەلا *مستەفا بارزانی* ئاکار لەوێدا کە خۆی تەسلیم نەکات. واتە خۆتەسلیم نەکردنی بارزانی بە سەربازانی ئێران ئاکارە و خۆتەسلیم کردنی *قازی محەمەد*یش بە ئێران ئاکارە. واتە ئەگەر هاتوو جێگەیان گۆڕابا ئەوە هیچیان ئاکارییانە نەدەجوڵانەوە، *قازی محەمەد* ڕووحی نەتەوەیەك ڕزگاری دەکات بە مردنی خۆی، *مەلا مستەفا*ش بە خۆتەسلیم نەکردنی ئەو ڕۆحە هەڵدەگرێت و ئاگری شۆڕشێکی دی پێ خۆشدەکات، جێگەی خۆیەتی ئێمە لێرەدا بۆ ئاکاری کارەکی کەمێك درێژی بکەینەوە و کۆمەڵێك نموونەی زیندووی ناو گەلەکەمان وەربگرین، چونکە چونکە ئاکاری کارەکی تەواو بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە بەندە، بۆ زیاتر واڵابوون و ڕاڤەکردنی تیۆرەکە.

## شێخ مەحمودی نەمر وەك بەرجەستەکەری ئاکاری کارەکی

لێرەدا یەکێك لەو نامانەی شێخ بەدیاردەخەین کە ئاڕاستەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ی کردو و لە گۆڤاری (بازیك نیکتین)١٣ کە بە فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٥٠ دا بڵاوکراوەتەوە. دیارە ئەم نامەیە ئەگەرچی بۆخۆی زمانە، بەڵام ئەم نامەیە تەواو بە ئاکار و کرداری شێخەوە بەندە لە بەرانبەر گەلان و جیهانی دنیادا، واتە کرداری شێخ بووە بەرانبەر بە جیهان، کە چۆن شێخ بەم بنەما ئاکارییە ئەو کردارەی لە بەرانبەر (کۆمەڵەی نەتەوەکان) دا نواندووە. دیارە ئێمە ناتوانین هەموو نامەکە بنووسینەوە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا شی بکەینەوە، بەڵام بەتەنیا یەك پارچەی لێ وەردەگرین و هەوڵ دەدەین لە ژێر ڕوانینی (*کانت*) دا ڕامانی بۆ بکەین، کە چۆن شێخ لە ئاڕاستەی نامەکەدا دەگەڕێتەوە ناوخۆی و قسەی دڵی خۆی بەڕووی جیهاندا دەدرکێنێ. شێخ لەم هەڵوێستەیدا ئاگای لەوە نییە کە ئایا ئەم هەڵوێستەی بەدڵی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، یان نا ! واتە ئەوەی شێخ پەیڕەوی دەکات ئەوەیە کە دڵی دەیەوێت، نەك ئەوەی کە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) دەیەوێت، شێخ لە بەشێکی نامەکەیدا دەڵێت: (( *ئێمە داوای ئەوە ناکەین حاکم و زاڵمی هیچ میللەتێك بین، یان چاومان لە خاك و وولاتی هیچ گەلێك بێت، بەڵام ڕازیش نابین کەس حوکممان بەسەردا بکات و فەرمانمان بەسەردا ڕابوێرێ. ئێمە تەنیا حوکم و سەرۆکایەتی و فەرمانداری خۆمان ئەوێ*))١٤ دیارە شێخ لێرە لەبەردەم هەموو جیهان رادەوستێ و تەعبیر لە یاسایەکی هەمەکی دەکات دەربارەی خۆی و گەلەکەی،واتە شێخ کاتێك دێت دەڵێت(عەقڵ)ی خۆی ڕازی دەکات لە خۆی و گوزارشت لەو شتە دەکات کەدڵی پێ ئارام دەبێتەوە،ئەوە لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە گوتاریکی نەتەوایەتی و بە کۆمەڵ دەکات،واتە کاتێك شێخ دڵی خۆی رازی دەکات، ئەوە دڵی میللەتیش لە خۆی رازی دەکات، واتە تەعبیر لەشتێکی هەمەکی دەکات کە بەسەر هەریەك لەتاکەکانی گەلدا دەچەسپێت و خەمی هەموو گەلی کوردە نەك بۆ ئەوەکاتە،بەڵکو بۆ تەواوی ژیانی بە درێژایی مانی لەسەر زەویدا، واتە شێخ بەم دەربرینە لەشتە هەمەکییەکانی ڕوحی نەتەوە،گەورە دەبێت و وەکو مەلیك دەردەکەوێت،نەك بە هەڵبژاردن و دەزگای راگەیاندن خۆی گەورەبکات، ، چونکە گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە کە عەقڵ گەواهی بۆ دەدات، نەك خەڵك، ئەم هەڵوێستە کە خۆی لەویاسا هەمەکییەدا دەبینێتەوە کە دەڵێت(نە کۆیلەتی کەس قبوولْ دەکەم بۆ خۆم و نە دەشبمە کۆیلەی کەس)ئەم یاسایە هەمەکییە بەوە دەبێت،بەیاسایەکی عەقڵی ناوەکی ڕووت کە توانای عەینی بوو نەوەی هەیە، لە هەموو بارە بەشەکی و واقیعە جیا جیاکاندا.ئەگەر تەمەشای تەواوی شۆڕشی کورد بکەین لەپێش شێخ و

دوای شێخ،هەمووی بۆئەوە بووە نە زوڵم بکەین بەسەر کەسدا و نە کەسیش ببێتە زاڵم بەسەرماندا، واتە دنیا با لێمان گەڕێت ئازادانە لەناو ماڵی خۆماندا خۆمان حاکمی خۆمان بین. ئەوەی ئەم هەڵوێستە بە شێخ دەردەبڕێت ڕاستی ئەوە نییە شێخ لە کتێبێکدا یان لە فەلسەفەیەکدا وەریگرتبێت و لێرەدا داینابێت، نەخێر ! ئەوەی لە پشت ئەو ڕستەیەوە هەیە ئەو خەمە قوڵ و چونە ناوەکیەی شێخە، بەناو عەقڵی خۆیدا، لەوێدا دەیدۆزیتەوە کە دڵی خۆی و میللەتەکەی چی دەوێت.لەم نامەیەدا شێخ سازش لەسەر ئەوە ناکات کە پارە، یان سامان یان شتێکی دنیایی دەستەبەر کەن بۆ خۆی و گەلەکەی، بەڵکو ئەو داوای ئەوە دەکات خۆی حاکمی خۆی بێت، ئیدی گرنگ نییە پاشا بێت یان گەدا. ئەم هەڵوێستەشی لە کاردانەوەی ئەوە دایە کە گەلانی ئەوسا بە گومانەوە سەیری خەباتی چەکداری شێخیان کردووە. شێخیش بەم هەڵوێستە قسەی دڵی خۆیانی بۆ ئاشکرا دەکات و دڵی میللەتەکەشی بەیانی دەکات. ئەم هەڵوێستە ئاکاریانەی شێخ لە ئاکاری کارەکی خۆی دەنوێنێت و لەگەڵ ئەو تیۆرەی *(کانت)* دا تێك دێتەوە، کە ئێمە چۆن عەقڵ دەربڕین بۆئەوەی ئەم دەربڕینە وەك یاسایەکی هەمەکی دەرکەوێت، دیارە ئەم داوایە لە هیچ سەردەم و شوێنێکدا کۆن نابێت، چونکە شتێکی عەقڵیە و سروشتی عەقڵیش وەهایە کە ڕابردوو و ئایندەی نییە و نابێتە مێژوو، ئەگەر چی بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوەندەی هەوڵی بەمێژوو کردنی شێخ دەدرێت ئەوەندە هەوڵە لە ئارادا نییە کە یاسا هەمەکییەکانی ناو گوتە و کارەکانی شێخ بدۆزرێتەوە بۆ لەدایکبوونی تیۆرەیی ئاکار و فەلسەفەیەکی ئاکار، کە کوردانە لەناو کایەی ئاکاری کارەکی و گوتەیدا دەربڕابێت.

## ئاکاری گوتەیی

گوتە وەك کردەیەك لە ژیانی ڕۆژانەماندا باجێکی گەورەی لەسەرە و ڕاستەوخۆ دەربڕی ناوەوەی مرۆڤە. جا گوتە هەیە بە پێی ویستی چاکە نایەتە گۆ و پێش کردن کەسەکە، سەیری دەرووبەر و واقیع دەکات کە ئایا ئەو گوتەیە بە زیانی تەواو دەبێت، یان بە سود و قازانج؟ ئەم جۆرە لە گوتە نائاکارییە و دەچێتە ژێر قاڵبی ماستاو چییەتی و دوو ڕووییەوە، بەڵام گوتەیەك کە خۆی لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ دەکاتەوە و مرۆڤەکە ناترسێ لەوەی کە ئایا ئەو گوتەیە چەند لەسەری دەکەوێت، یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەم گوتەیە لەگەڵ عەقڵدا تەبا بێتەوە نەك لەگەڵ واقیعدا، گوتەی نائاکاری واقیع لە خۆی ڕازی دەکات. گوتەی ئاکاری عەقڵ لەخۆی رازی دەکات جا ئەم گوتەیە وەڵام دانەوە بێت بۆ کەسی بەرانبەر یان بریتی بێت لە ئامۆژگاری و وتاردان و

ڕێنمایی کردنی خەڵکی بۆ ئەوەی خۆیان نەدۆڕێنن و خۆیان بەدەستی بێگانەوە نەدەن و هەوڵ بدەن کە ئەوەی دەیکەن ئاکارییانە بێت نەك واقیعیانە.بۆ ئەو گوتەیەی گوتەیەی وەڵامدانەوەیە ئێمە نموونەیەکی زیندومان لەبەردەم دایە ئەویش لە سێدارەدانی گەورە هزرڤانی کورد ( *ناسری سوبحانی* )، کە بەڕاستی ئەگەر رۆژێك ڕێبازێك یان قوتابخانەیەکی هزری بۆ لێکۆڵینەوە لە لاهوت و خواناسی و ئایین دابمەزرێت، ئەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوە ورد و فەلسەفییەکانی ( *ناسری سوبحانی* ) ئەوا ناتەواو دەبێت و هەمیشە قاچێکی شەل دەبێت.دیارە مامۆستا ناسر گرنگی ئەو بۆ ئێمە لەوە دا نییە کە مەلا بووە، نەخێر! بەڵکو بیرکردنەوە و عەقڵی ئەو بۆ ئێمە گرنگە، ، چونکە بە ڕاستی هاوکارە بۆ ئەوەی ئێمە وەك خۆی لە خوا و لە گیان و لە گەردوون تێبگەین. وتارەکانی *ناسری سوبحانی* کۆمەڵە گوتەیەکەن کە تەواو ئاکارین و تیۆرە ئایینێکی عەقڵی ڕووت بەرهەم دەهێنێت، هەتا دواتر ژیانی خۆیشی لەسەر دانا. ئەم تێورە عەقڵیە ئاینیە کاتێك ناسری سبحانی دەسەڵاتی ئێرانی ئەوسا لەگەڵ سەڵاحەددین بەهائەددین دەستگیری دەکات هەردووکیان بانگ دەکەن بە گوتەیەك وەڵامی کاربەدەستانی دەداتەوە کە تەواو واقیعیە و بەپێی بەرژەوەندی و سود و قازانج وەڵام دەداتەوە کە دەڵێت (من گەنجەکانی ئێوە فێری ڕەوشت و ئەخڵاق دەکەم)، ئەم گوتەیە گوتەیەکی بەرژەوەندی گەرایە و بەپێی ئەو واقیعە مامەڵە دەکات و لە ترسی مردن خۆی قوتار دەکات، بەڵام گوتەکانی ناسری سبحانی تەواو لەگەڵ عەقڵی خۆیدا یەکانگیر دەکەوێتەوە و دەترسێ خوا ڕازی نەکات، بۆیە مردن قبوڵ دەکات نەك ژیانی سەرشۆڕی. ئەوەی ناسر وەڵامی دەداتەوە ئەوەیە کە حەقیقەت دەربخات و ئەویشی سەڵاحەددین بەهائەددین دەیلێ ئەوەیە خۆی ڕزگار بکات. لێرەوە گوتەی سەڵاحەددین نا ئاکارییە و ناسریش ئاکاریانە وەڵام دەداتەوە. ئەم ڕووداوەش هەروەك ڕووداوی لە سێدارەدانی *قازی محەمەد* خاوەنی ڕاز و نهێنی خۆیەتی و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و پەردە لەسەر لادان هەیە، بۆ لە دایکبونی تیۆریەکی ئاکاری بێگەرد. بۆ گوتەی ڕێنماییەکە خۆی لە شێوازی ئامۆژگاریدا دەردەخات، ئێمە هەر شێخ مەحمودی نەمر وەردەگرین، ، چونکە بەڕاستی شێخ مەحمود تا ئێستا بە مێژوو کراوە، نەك بە ئاکار بکرێت و بنەمای شیعر و ئاکارەکانی کەشف بکرێت، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ لێی بەهرەمەند بێت، نەك ساڵ و خەباتی دەرخ بکات و هیچ لە بنەماکانی نەزانێت.

## شیعرەکانی شێخ مەحمود وەك ئاکاری گوتەیی

شیعرەکانی شێخ مەحمود ئەگەرچی زۆر نین بەڵام بۆ ئەم باسەی ئێمە سەنگ و بەهایان هەیە، ، چونکە بەڕاستی کۆمەڵێك شیعری هەن کە تەواو یاسایەمی هەمەکی دەردەبڕن و مرۆڤ دەتوانێت ئەم یاسا هەمەکییانە بباتە ناو زۆر بواری تر و زەمینەی تری پێ بخوێنێتەوە.

**چی بەسەر هات تاقی کیسرا هەیبەتی سوڵتان ڕەشاد**

**حوکمی هاڕونە ڕەشید و تەخت و بەختی کەیقوباد**

**چەند هەزار ئینسانی ناسك جوملە بونە خاك وخۆڵ**

**کوڕەی ئەرزە سەراسەر پڕ لە ئێسقانی عیباد**

**نەسرەت و ماڵی جیهانیش بێ بەقایە ئەی ڕەفیق**

**عاقیبەت دنیا نەمانە قەت نەکەی فیتنە و فەساد**

**فرسەتە عومری عەزیزیت بێ سەعی زایع مەکە**

**تەرکی ئەربابی سەفا کە و ڕێی فەلاکەت مەگرە یاد ١٥**

ئەم شیعرە خۆی وەك ئاکاری گوتەیی خۆی لە زاری شێخەوە دەردەخات، وشەی (بێ سەعی ) لەو لاشەوە (فتنە و فەساد) جێگەی تێڕامانن، کە ئەم دوو وشەیە یان ناوەڕۆکی ئەم شیعرە ناکرێت لەو خوێندن و زانیاریە ئایینیەوە هاتبێ کە شێخ تێیدا گوزەراوە، ئەوەندەی ئەم شیعرەی بەهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی وردە و عومر لای شێخ فرسەتێکە و بە مرۆڤ دراوە، هەتا ئەوەی وەك چاکە و ویستی چاکە تێیدایە، بیکاتە کردار و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەم چاکەیە ئەنجام بدات و ئەم فرسەتە لە کیس خۆی نەدات، کە دنیا رۆژێك بۆ مرۆڤ نەمێنێت و کاتەکەی تەواو بێت و فیتنە و فەسادیشی کردبێت، ئەوە ئیتر بەدبەختە، خۆی نەیتوانی ئەم ئاکارە هەمەکییەکانی ناوخۆی دەرەکی بکاتەوە و وەك مرۆڤێکی بەختەوەر ژیان بکات. لە ڕاستیدا *کانت* بەختەوەری بەویستی چاك بەستەوە و چەندەی مرۆڤ بەرەو ئەم بنەما ئاکاریە بڕوات ئەوە بەرەو بەختەوەریەك دەڕوات کە هەر شایانی مرۆڤە. شێخ لێرەدا هەمان بنەما بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت ئەوەی شوێن سەفا و کەیفێکی دنیایی و ئارەزوو پەرستانە کەوت و لە ژیانێکی بێ فیتنە و فەساد دوور کەوتەوە و سەعی کرد بەوەی کە تەمەنی خۆی خستە خزمەتی چاکەوە، ئەوە بەڕاستی لە ماڵوێرانی و فەلاکەت و سەرگەردانی دوور دەکەوێتەوە. ئەم بنەما هەمەکییە کە ئەوەی ئارەزوو پەرست بێت، ئەوە تووشی سەرەڕۆیی و فەلاکەت دەبێت. یەکێکە لەو یاسا هەمەکییە ئاکاریانە کە لەویستی چاکەوە دەکەوێتەوە، ئەم شیعرەش ئەگەرچی لە

دەرەوەڕا زۆر سادە خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام بەڕاستی گەوهەرێك لەناوەوەی دایە و بەردەوام دەدرەوشێتەوە، بەزەمەن و شوێنێكی دیاریكراوەوە نەبەستراوەتەوە، ئەم شیعرە وەك یاسایەكی ئاكاری بەدەوام مرۆڤ دەتوانێت لە بچوكترین هەڵوێستی ژیانی خۆیدا لێی بەردەوام بێت، بەوەی كە ئایا لەم كردەیەمدا یان لەم گوتەیەمدا كامیان هەڵبژێرم، شتێك كە تەعبیرە لە ئارەزوو و هەوا یان شتێك كە تەعبیرە لە چاكە و لە سەعیدایە بۆ مرۆڤ.. ئەرێ ئەم كەسە بەڕاستی تووشی بەختەوەری دێت، ، چونكە ناچێتە سەر ڕێگەی فەلاكەت و ڕیایی و سەرگەردانی، هەربۆیە مێژوو نووسانی ئەدەبی كوردی وەك عەلائەددین سەجادی و مارف خەزنەدار و. ..تاد كە دێنە سەرباسی ڕێزبەند كردن و گەڵاڵەكردنی شاعیران و شیعری كوردی ناتوانن شێخ نەخەنە ئەو لیستەوە، ، چونكە ئەو گەوهەرەی لەو شیعرانە دەدرەوشێنەوە، بەڕاستی مرۆڤ ناتوانێت چاوی خۆی لێیان دابخات و پشت گوێیان بخات. واتە بە تەعبیركردن لە یاسا هەمەكییەكانی ئاكار، ئەم شیعرە وەك بەهای شیعریش خۆی نمایش دەكات و زۆر شیعریانەتر لە شیعری گەلێك شاعیری دیكە كە خۆی بە شتە واقیعی و هەستیەكانەوە خەریك كردووە.

یەكێكی دیكە لەو بارانەی دەركەوتنی ئاكار ئەوەیە كە دەرناكەوێت و هەر لەناو مرۆڤدا وەك زیندەخەو دەمێنێتەوە. ئێمە زۆرجار لەناو خەیاڵی خۆمان دەكەوینە ناو حیكایەتێكەوە و لەو حیكایەتەدا ئاكاریان دەجوڵێینەوە، واتە ڕوودانی ئەم حیكایەتە بەدەستی خۆمان نییە و ئێمە خۆمان دەكەوینە ناویەوە، لێرەدا ئەوەی ئەو حیكایەتە ئاڕاستە دەكات خودی عەقڵ خۆیەتی و هەڵسوكەوتەكانی ئێمە بەپێی ئەو حیكایەتە ڕوودەدەن كە خودی عەقڵ بۆمان دیاریدەكات. لەڕاستیدا ئەم جۆرە لە دەركەوتنی ئاكار زیاتر وەك هێمایەك دەردەكەێت، واتە ڕووادانی ئەم حیكایەتە لە ناو خەیاڵاتدا ڕەمزیە و دەكرێ ئەم حیكایەتە ڕێنوێنی و بەرچاوڕوونی بێت بۆ حیكایەتێكی حەقیقی ناو ژیانی ڕۆژانەمان. جا جار هەیە كەسەكە ئەم حیكایەتە كە ڕوودەدات لەناویدا دەركی دەكاتەوە یان دەینووسێت. جاریش هەیە هەروا لەناوخۆیدا دەمێنێتەوە و بزردەبێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەی كاتێك ئێمە لەم ڕووداوە ڕەمزیەدا دەكەوینە بەردەم ئەوەی كە كارێك بكەین، ئایا ئەم كارە بەپێی عەقڵ ئەنجامی دەدەین یان نا، بەپێی بەرژەوەندی و واقیعی ئەم حیكایەتە؟ لەم ڕووداوەوە ئێمە دەتوانین زانیاریمان لەسەر خۆمان چنگ بكەوێت و خۆمان بناسین، كە ئایا ئێمە چین و لەچی شوێنێكداین؟ ئەم ئاكارە ناوەكیەش نیشانەیەكە بۆ ئەوەی ئێمە باشتر لە تیۆرەی ئاكار تێبگەین، چونكە چونكە بەڕاستی تێگەیشتن لە تیۆری ئاكار

پێویستی بەوە هەیە مرۆڤ ئەو حاڵەتانەی ناوخۆی بزانێت و تەواو ئاگاداری ڕەوشی ناوەوەی خۆی بێت. ئەوەی لێرەدا ئەم ڕەوشە دەنووسێتەوە دوو جۆرن.یەکەمیان ئەو حیکایەتە کە ڕوودەدات، ئەوە وەك خۆی دەینووسێتنەوە، وەك شانۆنامەی ئۆدیب پاشای سۆفۆکلیس، کە بەڕاستی شانۆنامەیەکە جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوەیە، چونکە ئەو هێزەی ئاڕاستەی ئۆدیب کە باوکی خۆی بکوژێت و دایکی خۆی مارە بکات و چاوی خۆی کوێر بکات، خودی چارەنووسە و چارەنووسیش لەگەڵ ئاکاردا تەبایە، چونکە چارەنووس بەپێی عەقڵ شتەکان بەڕێوە دەبات، نەك واقیع و بەرژەوەندی. دەستەی دووەمیان ئەوەیە کە حیکایەتەکە نانووسێتەوە، بەڵکو بنەماکانی ئەم حیکایەتە ڕاڤە دەکات هەروەك نووسینە فەلسەفیەکانی *کانت*، *کانت* کاتێك باسی حیکایەتی پیاوێکی درۆزن یان بارزرگان دەکات، بۆ ئەوە نییە کە ئەو حیکایەتە بگێڕێتەوە بەڵکو بنەماکانی ئەو حیکایەتە کەشف دەکات لە پێناو گەیشتن بە یاسایەکی هەمەکی سەراپاگیر.

## ٦- نەریت وەك گشتی بوونەوەی ئاکار

هەموو نەریتێك کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەکاندا هەن و بونەتە کولتوور و خەڵکی بێ ئەوی تێی بگات و لێی ڕابمێنن. سەرەتا ناکرێ هەرلەخۆوە و لە هیچەوە هاتبن، بەڵکو بنەماو ساتی لە دایکبوونی خۆیان هەیە، واتە یەکەمجار لەسەر دەستی یەکێك ئەم نەریتە هاتۆتە ئاراوە، ڕووداوێك بووە و دواتر ئەم ڕووداوە گشتیبۆتەوە. جا ئێمە چۆن ئەمە ساغ بکەینەوە کە ئەم نەریتە وا ئەمڕۆ خەڵك پەیڕەوی دەکەن بە نەزانی و بە ئاگایی بنەمایەکی ئاکاری هەیە؟ واتە چۆن ئەوە بسەلمێنین کە نەریت سەرەتا لە ئاکارەوە لە دایك بووە؟ ئەوەی نەریتێك دەکاتە نەریت چیە و ئاکار بەچی دەبێت بە نەریت؟ لە ڕاستیدا ناکرێت هیچ شتێك لە نەبوونەوە بێتە بوون. هەر شتێك کە مرۆڤ دەیبینێ و دەبێتە دیاردە، ئەوە بنەماو جەوهەرێکی هەیە. بۆ نەریت پێش هەموو شتێك کۆمەڵگە لەبەرئەوەی پەیوەندیەکانی ڕاستەوخۆ و دیارە، ئەوە هەمیشە ئەو شتانە دەکات بە نەریت کە باشن و نابنە مایەی پرسیار و گومان. واتە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك ئاکارمان هەیە کە بەخواستی عەقڵ ڕوودەدەن، بەڵام ئەو ئاکارانە دەبنە نەریت کە لە واقیعدا باشەیان لێ دەکەوێتەوە، ، چونکە ئاکار هەیە کە بۆ خودی کەسەکە وا دیارە زیان و سەرگەردانییە، بەڵام بۆ عەقڵ و ڕازیکردنی دڵی مرۆڤ تەواوەو باشە. هەروەك لە سێدارەدانی *قازی محەمەد* یا ڕازی بوونی *شێخ*

مەحمود بەوەی نەفی بکەن بۆ دوورە وولاتی و کەساسی و تەنیایی. ئەم ئاکارانە کۆمەڵگە ناوێرێت بیکاتە نەریت، ، چونکە زۆر قورسە و کۆمەڵگەش ترسنۆکە، چونکە چونکە کۆمەڵگە بەپێی بەرژەوەندی واقیع شتەکان بەڕێوەدەبات، نەك بە پێی بەرژەوەندی عەقڵ. لێرەدایە کە فەیلەسووف و کۆمەڵگە هەمیشە تووشی کێشە دەبن.ئەم بە نەریتکردنی ئاکارەش کە هەر باشەی لێوە دیارە، وەك ئەوەی کابرایەك دێت ئاکاری ئەوە دەنوێنێت کە یارمەتی هەژار بدات، ئیتر کاتێك ئەم یارمەتیدانە کەسی کارا بەو مەبەستە نەیکردووە کە دوایی کۆمەڵگە ستایشی بکات یان ڕێزی بۆ دابنێت، بەڵکو لەخۆیدا و بەویستی چاکە ئەم کارەی ئەنجام داوە، بەڵام کە دەردەکەوێت و لەم چۆنایەتیەدا کە یارمەتی هەژارە و لەو کەرەستەیەشدا کە بەخشینی ماڵ و سامانە ئەوەی کۆمەڵگە لەم کارەدا دەرکی پێدەکات چۆنایەتییەکەیە و کەرەستەکەیە، جەوهەرەکە دیارنییە و ئەوە هەر لەخودی کارەکەدا شاردراوەتەوە کە هەر ئەم ویستی چاکەیەشە قیمەت و بەها دەداتە ئەو کارە و دەیکاتە ئاکار. کۆمەڵگە (دیارە کۆمەڵگە لێرەدا ئەو عەقڵە کۆمەڵایەتیەیە کە لەناو تاکەکاندا گشتی بۆتەوە.کە ناتوانین بڵێین ئەو کەسە بەتەنیا هەڵگری ئەو عەقڵە کۆمەڵایەتیەیە و ناشتوانین بڵێین ئەوەیە.واتە لەیەك کاتدا کەسەکەیە و ئەویش نییە! کەسەکەیە کاتێك دێت و دەبێتە جێبەجێکەری ئەم عەقڵە کۆمەڵایەتییە.ئەویش نییە، چونکە چونکە بەنەمانی ئەو کەسە ئەم عەقڵە هەردەمێنێ، واتە ئەم عەقڵە گشتی بۆتەوە و لە یەك کاتدا بزرە و لەهەمان کاتیشدا دیارە) جا کۆمەڵگە دەزانێت ئەو چۆنایەتییە مایەی دەستخۆشی ئەوەیە کە یەکێك ئەنجامی بدات، ئیتر دێت ئەم کارە دووبارەدەکاتەوە، لەم دووبارەکردنەوەیەشدا چۆنایەتی و وکەرەستەکە دەگوێزرێتەوە و جەوهەرەکەی ئاوارە دەبێت و ئەم ئاکارە دەبێتە نەریت. ئیتر خەڵك ئەم کارە بەبێ جەوهەر و بنەما ئەنجام دەدەن، بەڵکو تەنها فۆرم و چۆنایەتییە، ئەویش بۆ دەستەبەرکردنی ئەو قیمەتە کۆمەڵایەتییەی ئەم نەریتە لە کۆمەڵگە هەیەتی، بەنەریتکردنی ئاکارە لەکۆمەڵگەی کوردیدا. زۆربەی جار لە ئاییندا رودەدات، کە لێرەدا واباشە کەمێك هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

هەر خواپەرستییەك، یان کارێکی ئاینی کە هەیە، لە راستیدا لە جەوهەرو بنەما و ئەساسێکەوە هاتووە و ئەو جەوهەر و بنەمایە وای کردووە کە ئەو کارە چۆتایەتییەك و کەرەستەیەکی هەبێت بۆئەوەی دەربکەوێت. یەکێك لەو خواپەرستیانەش نوێژ و ڕۆژ و حەج و. .......تاد.

هەموو ئەمانە خاوەن جەوهەر و بنەمایەکن، ئەوجا خاوەن چۆنایەتی و کەرەستەن، کۆمەڵگە ڕاستی ئەوەی دەیکاتە نەریت و سرووت و تەقسی ئاییبنی هەمووی دوورکەوتنەوەیە لە جەوهەر و بنەماکە و بە تەنیا چۆنایەتیەکان بونەتە خواپەرستی، واتە هەتا یەکێك لێرەوە نەچێتە مەککەی موکەڕەمە ئەوە حەجی نەکردووە.کێشە نییە کە ئایا ئەم چۆنایەتییە جەوهەری هەیە یان نا، کۆمەڵگە بەتەنیا کارێکی بە فۆڕم و چۆنایەتیەکە هەیە، یان یەکێك ئەو کۆمەڵە جوڵانەیە نەکات کە نوێژی پێدەناسرێتەوە، ئەوە لە عەقڵی کۆمەڵگەدا نوێژی نەکردووە، بەڵام لە عەقڵی ئیلاهی خوادا کێشەکە بەم جۆرە نییە، بەڵکو لای خودا بنەما و جەوهەر ئەوەیە کە کەسەکە جەوهەرەکە درك پێبکات و بەم جەوهەر و بنەمایەوە ئەم چۆنایەتییە بنوێنێ. ئەوجا ئەو کارە ئاکارێکی خوایی و ئیلاهی دەکەوێتەوە، یان کەسەکە جەوهەرەکەی درك کرد، بەڵام نەیتوانی چۆنایەتی پێ ببەخشێ، ئەوە لای خودا ئەم کارە ئەنجاك دراوە. بنەما و ڕاستی ئەوەیە کە کەسەکە جەوهەرەکە بزانێت و بدۆزێتەوە. هەر بەم کەشف و درککردنە ئەو کەسە کارەکەی کردووە با فیزیکیانەش دەرنەکەوێت، بەڵکو هەر بەوەندە مرۆڤ لەناوەوەی خۆیدا ئەم ویستی چاکەیەی لەم کردارەدا دۆزیەوە، ئەوە ئەو کارە بە کردار دەزانرێت. خۆ ئەگەر هاتوو کەسەکە هات چۆنایەتیەکەی کرد و لەو کەرەستەشدا چۆنایەتییەکەی دەوێت و پێویستی پێیەتی، بەڵام جەوهەرەکەی نەبوو کە ویستی چاکەیە. ئەوە ئەو کارە ئەنجام نەدراوە بەڵکو نەریتێکە بەردەوام بەبێ ئاگایی دووبارە دەبێتەوە.واتە کۆمەڵگە وەك کۆگایەك چۆنایەتییەکان خەزن دەکات و دەیداتە تاکەکانی و ئەو چۆنایەتییانەش تایبەت دەکاتە بە کارەکانەوە ئیتر بەپێی ئەو چۆنایەتییە مامەڵە لەگەڵ ئەو کارە دەکات و قبوڵ ناکات ئەو کارە با ڕاست و دروستیش بێت لە چۆنایەتییەکی دیکەدا بەرجەستە بێت. هەموو ئەو شتانەش بە کۆمەڵگەدا دەبنە وێنە و شتەکان لەسەر بنەمای چۆنایەتی فۆڕم دەکەونە ناو پەیوەندیەوە. ئەمەشە وایکردووە کە ئێمە ئاینێکمان هەیە کە هەمووی نەریت و سرووت و یادەوەریە و لە ڕوح دوورە و لەوەی کە ئاکارێکی ئیلاهی ببێتە ئایین، کۆمەڵێك موسڵمانمان هەیە کە تەنیا بە نەریت و بە دووبارەکردنەوەی چۆنایەتییە ئایینیەکان موسڵمانن و لە ئاکاری ئیلاهی و ڕۆح دوورن. هاوڕێیەتی و هاوسەرگیری و باوکایەتی و مامۆستا و قوتابی و. ..تادیەك دنیا لە ناو و ئەرکمان هەیە کە بەتەنیا بە فۆڕم و بە چۆنایەتی ئەو شتانە خۆیان دەکەن بەو شتەی پەیڕەوی دەکەن. ئەگەرنا هەمووی لە جەوهەر و بنەماوە دورن، ئەمەش لەوێدا ترسناکە کە ئەم شتانە دەبنە نەریت، ، چونکە نەریت لە تێگەیشتن و کەشفکردن و

بیرکردنەوەوە دووره، کەسانێك دروست دەبن کە هەمیشە ئامێر و ئامرازی جێبەجێکەری هەموو نەریتێکن کە کۆمەڵگە و جیهان بڵاوی دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی بیر لە جەوهەری ئەم چۆنایەتی و ئەم فۆڕمە بکەنەوە.

## ٧- ئاکار وەك عەینی بوونەوەی نەریت

لە پێشدا باسی ئاکارمان کرد کاتێك گشتی دەبێتەوە.بەو مانایەی کە کۆمەڵگا سەیری چاکە و ئەنجامەکانی دەکات و دەزانێت ئەنجامێکی بە سود و بە کەڵکی هەیە. دێت بەتەنیا چۆنایەتی ئەم کارە وەردەگرێت و لاسایی دەکاتەوە بەمەبەستی ئەوەی بگاتە ئەو سود و قازانجە. لێرەدا ئیتر شتێك نیە ناوی ئاکار بێت و ئەوەی هەیە نەریتە. نەریتیش کەسەکە نازانێت بۆ خودا دەپەرستێت یان نازانێ بۆ چاکە یان خراپە ئەنجام دەدات،  یان نازانێت بۆ وادەکات و بۆ وا ناکات. لێرەدا ئێمە لەبەردەم کۆمەڵگەیەکداین کە مرۆڤەکانی لەسەر بنەمای چۆنایەتی شتەکان دەکەونە ناو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕەوە. ئەوەیش لێرەدا بزرە ئەوەیە کە جەوهەر و حەقیقەتی شتەکانە.بەڵام کەسانێك بە ئاسانی ڕازینین هەروا بەبێ پرسیارکردن و بیرکردنەوە شتەکان بەسەریاندا تێپەڕبێت.ئەوە کاتێك ئەم نەریتە لە کۆمەڵگە وەردەگرن جاریێ پێش ئەوەی ئەم نەریتە پەیڕەو بکەن و لاسایی بکەنەوە، بیرکردنەوە لەوەی ئەم نەریتە لە کوێوە هاتووە و پرسیار لە چیەتی ئەم نەریتە دەکەن. بە پرسیارکردن لە چیەتی نەریتەکە کەسەکە لەبەردەم بابەتێکی ئامادەدا دەوەستێت. واتە شتێك هەیە ئەویش نەریتێکە لە دایك بووە و هاتۆتە ئاراوە.هەر لێرەشدا *کانت* فەلسەفەی ئاکاری لە پاڵ فەلسەفەی مادديدا ڕیزبەند دەکات، ، چونکە لێکۆڵینەوە لە ئاکار ئەوەیە کە ئەو ئاکارە هەیە، جا لە حاڵەتی ئاکاریدا یان لە حاڵەتی نەریتدا، بەڵام فەلسەفەی ئاکار لەبەردەم ئەم ئاکارەدا میتافیزیکای ئاکار ئاشکرا دەکات و دەریدەهێنێت، ئەویش بۆ ئەوەی بنەماو جەوهەرەکەی بزانێت. لێرەدا فەلسەفە لە لاسایی کردنەوە دوور دەکەوێتەوە،  جارێکی دیکە ئەو ئاکارە یان ئەو نەریتە دەباتەوە حاڵەتی پێش لە دایکبوون و چییەتی ئەو کارە دەزانێت بەمەش مێژوو لە فەلسەفە جیا دەبێتەوە، ، چونکە مێژوو چۆنایەتی و کەرەستەکان دەگوێزێتەوە، بەڵام فەلسەفە چیەتی شتەکان واڵا دەکات. ئەم کارەی ئەو کەسە ئەنجامی دەدات بەوەی کە نەریت دەخاتە ژێرگومان و پرسیارەوە و جارێکی دیکە خۆی دەخاتە حاڵەتی ئەو کەسەی یەکەمین جار ئەو ئاکارەی لێ ڕوودواە. لێرەدا کەسەکە خاڵقیەتی کارەکە وەردەگرێت و دەزانێت چی دەکات. ئەم ڕێگەیە کە نەریت گشتیە و ئەو کەسە عەینی دەکاتەوە بەوەی پرسیار

ئاراستەی ئەم کارە دەکات. لێرەوە کەسەکە بەرەو ئاکاریەتی ئەم کارە دەڕوات و کاری ئەو جیاوازە لە کاری خەڵکی دیکە. بۆ نموونە: موسڵمان هەموویان نوێژ دەکەن، ئەم نوێژە بۆ کۆمەڵگە بوّتە نەریت و خەڵك لاسایی دەکەنەوە، بۆ کەسێك وا کە ڕازی نییە بەوەی کۆمەڵێك جوڵەی لەش و کۆمەڵێگ ئایەتی قورئان بخوێنێ ئیتر ئەمە نوێژە، ئەم کەسە سەرەتا ئەم کارە وەك نەریت وەردەگرێت، چونکە چونکە ئەوە ڕوونە کە ئێمە سەرەتا شتەکان لە کۆمەڵگە وەردەگرین. دواتر دەبێت خۆمان یەك بە یەکی ئەو شتانەی لە کۆمەڵگە وەرمانگرتوون هەمویان کەشف بکەین و بزانین چین، ئەم پرۆسەیەی گومانە هەمان ئەو پرۆسەیەی *دیکارت* بوو کە ئەنجامی دا و گوتی دەبێت ڕۆژێك بێت هەموو ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەوە وەرمانگرتوون فرێیاندەینە دەرەوەی خۆمان و سەرلەنوێ لەناو عەقڵی خۆماندا ئەو شتانە کەشف بکەین و بیاندۆزینەوە. جا ئەو کەسە دێت بە شوێن جەوهەر و چیەتی ئەو نوێژەدا دەڕوات و کاتێك کە جەوهەرەکەی دەدۆزێتەوە ئیتر یان ئەوەات ئەم جەوهەرە لە هەمان چۆنایەتی و کەرەستەدا ئەنجام دەدات یان چۆنایەتی و کەرەستەکەش دەگۆڕێ.

واتە دەکرێت هەر بەدۆزینەوەی جەوهەری ئەم کارە کەسەکە لە چۆنایەتیەکی دیکەدا ئەنجامی بدات، کە لەو جوڵە دیاریکراوانەدا جیاواز بێت کە نوێژی پێ کۆنکریت کراوە، هەروەها کەرەستەکەشی جیاواز بێت و ئەو ئایەتانە نەخوێنێت و کۆمەڵێك قسەی دڵی خۆی بکات، وەلێ ئەم بەشی دووەمەیان بەلای کۆمەڵگەوە زۆر قورسە و کۆمەڵگە ڕەتی دەکاتەوە، چونکە چونکە وەك گوتمان کۆمەڵگە بەتەنیا چۆنایەتی لا گرنگە، واتە ئێمە ئەگەر هات و بیروڕامان دەرخست کە پیاوێکی باش و پاکین، مادام وا نیشانی دەرەوە دەدەین، ئەوە کۆمەڵگە پەسەندی دەکات و با کاری چاکە و باشیش ئەنجام نەدەین. جا نوێژی ئەم کەسە لە نوێژی کۆمەڵگە جیاوازە، کۆمەڵگە بەبێ ئاگایی ئەنجامی دەدات و مەبەستی هەیە بەو کارە کە سود و بەرژەوەندی پێ بگات، وەك ئەوەی خەڵك ڕێزی لێ بگرن، یان نەوەك پێیان نەنگی بێت یان بۆ ئەوەی خودا ڕزقی بداتێ، بەڵام نوێژی دووەم ئەگەرچی چۆنایەتیشی جیاواز بێت، کەسەکە ئاگادارە و دەزانێت چی دەکات. پاشان مەبەستی نییە بەڵکو کارەکە لە خۆیەوە بۆ خۆی دەڕوات و ویستی کەسەکە وەهایە کە چاکەیەك ئەنجام بدات. هەروەها بە شوێن ئەنجامی ئەو کارەشدا ناڕوات تا بزانێ چی لێ فەراهەم دێت. لێرەدا دەکرێت بڵێین زۆرجار نەریت وەك بابەتێکی دیار و ئامادە دەکرێت بێتە ڕێگە و دەروازەیەك کە ئێمە لێوەی دەست پێ بکەین و بەرەو چیەتی ئەو کارە بڕۆین.بەمەش ئێمە ئەو

نەریتە گشتیە عەینی دەکەینەوە بە پاڵپشت بەو گەڕان و گومان و بیرکردنەوەیە کە لە پێشی ئەو کارەوە ئەنجام دەدرێت، بەمەش ئاکار جارێکی دیکە دێتە ئاراوە. جا یان بە هەمان چۆنایەتی جاران بەڵام پڕ لە بنەما و ڕوحی ئەو کارە، یان ئەوەتا لە چۆنایەتیەکی جیاوازدا کە زۆرجار نامۆیە بۆ کۆمەڵگە و تووشی ڕەتکردنەوە دێت، بەڵام ئاکار قیمەتەکەی لەوەدا نییە کە کۆمەڵگە نرخی بۆ دادەنێت یان پەسەندی دەکات، بەڵکو ئاکار بەوەی پاڵپشتە بەویستی چاکە و خودی عەقڵ کە سەرتاپا بریتیە لە باشترین ئەگەر بۆ باشترین ژیان، بەهاکەی لەناوخۆی دایەو بەوە گەورە و ئاکارە کە عەقڵ پەسەندی دەکات و نرخی بۆ دادەنێت. هەروەها کۆمەڵگا دەتوانیت تووشی کێشەی بکات یان بە کوێرەملی ڕەفزی بکات، بەڵام ناتوانێت مانای لێ بسێنێتەوە و مایەپوچی بکات، ، چونکە عەقڵ هەرخۆی سەرەتای شتەکانە و هەرخۆشی کۆتایی شتەکانە، واتە عەقڵ دواجار و دوایەمین ئەگەری مرۆڤە کە دەبێت مرۆڤ بە ناچاریش لە پێناوی دۆزینەوەی حەقیقەت و ناسینەوەی شتە ساختە و بێ بەهاکاندا هانای بۆ بەرێت.

## ٨- چۆنایەتی وەك جەوهەری نەریت

لە ڕاستیدا کۆمەڵگە کۆمەڵێك چۆنایەتییە کە ڕێککەووتون لەگەڵ یەکتر و لەسەر بنەما و سود و بەرژەوەندی کەوتونەتە ناو هارمۆنیەتەوە، هەر چۆناتییەکیش ناسنامە و شوناسی چییەتییەکە، واتەبۆ ئەوەی چییەتییەکەئەم ناسنامەیە وەربگرێت،دەبێت ئەم چۆنایەتییەئەزبەر بکەیت و ڕێوشوێنی ئەو چۆنایەتییە بزانیت،ئەم گشتی بونەوە و تەعمیم کردنی چۆنایەتییەش نەریت دەهێنێتە ئاراوە واتە نەریت بنەمای نییە، بەڵکو تەنها فۆرمو و چۆنایەتی هەیە. واتە ئەو کارە کە کەسەکە ئەنجامی دەدات بەڕێگەی نەریت، هیچ هۆشیاری نیە بۆ خۆیوو ئەوکارە کە ئەنجامی دەدات، هەربۆیە ئەوکارە بنەمای نییە بەتەنها چۆنایەتییەکی ڕووتە، ئەمڕۆ سەیردەکەیت ئیش و کارەکان مەبستی ڕاستە قینەی خۆیان ناپێکن بەتایبەتی ئاین، ئەمڕۆ زۆرینەی خەڵك خەریکی ئاین و خواپەرستین، بەڵام وەکو نەریتێك نەك وەکو ئاکار. هەر بۆیە زۆر کەم کاری چاکە بەدی دەکرێت هەموو تاعەتەکان بریتین لە چۆنایەتی نەك ویستی چاکە و بنەمایەکی ئاکاری پتەو. چۆنایەتییش لەناو گۆمەڵگەدا جۆری زۆرە.چۆنایەتی کارەکی هەیە و چۆنایەتیی گوتەیی هەیە، هەرچی چۆنایەتی کارەکییە کۆمەڵگە دایناوە کە مرۆڤ چۆن لە بازار و دیوەخان و ماڵ هەڵسوکەوت بکات....تاد..چۆنایەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەفەرمانگەیکدا جیاوازە لە چۆنایەتی هەڵسوکەتی هەمان مرۆڤ لە شوێنێکی گشتیدا،هەروەها چۆنایەتی گوتەیی هەیە ئەویش ئەو

چۆنایەتییە گونجاو و خوازراوەیە کە کۆمەڵگە دایناوە بۆ ئەو قسانەی مرۆڤ لەبەردەم باوک یان مەلا یان، مامۆستا سەرۆك حزب دەیکات..تاد.هەموو ئەو چۆنایەتیانەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگە مرۆڤ کۆت و سنور بەند بکات، کە رازی دڵی خۆی نەدرکێنێ ئەو چۆنایەتییە بپاێزێت،نەك ئەوە بپارێزێت کە وەك بنەما بۆ ئاکار لەناو مرۆڤدا هەیە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە مرۆڤ زۆر بەم چۆنایەتیانە کارەکانی خۆی مەیسەر دەکات.واتە وەك بەرژەوەندی بەکاری دەهێنێ، چونکە چونکە ئێمە لەسەرەتاوە باسمان کرد کە نەریت هەروا بەسادەیی نایەت و ناروات، بەڵکو نەریت خۆی خودی تێگەیشتنە لەبیرکردنەوەی گشتی هەر کۆمەڵگەیەك. واتە کاتێ کە ئاکارێك دەکرێتە نەریت.ئەوە ئەو هێزەی ئەو نەریتە بڵاودەکاتەوە زۆر وردو زیرەکە.لە خوێندنەوەی دەوروبەر و هەموو ئەو تێگەیشتنانەی دەورەی نەریتیان داوە، چونکە چونکە ئەگەر بزانێت ئەو ئاکارە مایەی سوودو بەرژەوەنی نییە.ئەو ئامادە نیە گشتی بکاتەوە بیکاتە نەریت، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لە نەریت تێگەیشتنە لەفێلەکانی کۆمەڵگە کە بەرانبەر بەتاکەکان دەیکات. واتە هەموو چۆنایەتییەکی خوازراو جێگای دەست خۆشین، لەلایەن گۆمەڵگەوە، چونکە چونکە کۆمەڵگە شتێك ناکاتە نەریت کە دوایی کێشەی بۆ دروست بکات. بۆیە کۆمەڵگەکان لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەی خۆیاندا هیچ کێشەیان نییەو هەموو شتێك زۆر بە ئاسایی بەڕێوە دەڕوات، بەڵام کاتێك ئەم فێلانە ئاشکرا دەبن، ئیتر دەبێ بە پێی ئاکار و عەقڵ ڕووبەڕووی کۆمەڵگە ببێتەوە و پرسیاری چییەتی شتەکانی لێبکەیت. ئەو کات ئەو مرۆڤەی ئەم پرسیارە ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەکات، مرۆڤێکە جێگای مەترسییە، چونکە چونکە دەستکاری چۆنایەتییەکان دەکات و دەیان پشکنێت. لە ڕاستی دا گرژیی نێوان ئاکار و نەریت ئەوەیە ئاکار بەهای چۆنایەتییەکان دەپشکێنێت و لەو سیحرەی کە کردوویانە خاڵییان دەکاتەوە، بۆیە کۆمەڵگە ڕازی نییە کارێك ئەنجام بدرێت با بە ویستی چاکە و بنەمای عەقڵیش بێت، ئەگەر هاتوو لەو چۆنایەتییەدا نەبوو کە کۆمەڵگە دیاری کردووە، ئەوە لەو بارەدا تووشی ڕەفز و پێکدادان و ڕەتکردنەوە دێت، کە دەڵێن کۆمەڵگە بریتیە لە کۆمەڵێك چۆنایەتی بەیەکداچوو، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم ڕایە وەك بنەمایەك دادەمەزرێنین، کە ئەوەی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات عەقڵێکی فۆڕم خواز و هەستەکییە.لە ڕاستیدا کۆمەڵگەکان بەتەنیا لەگەڵ فۆرم و ئەو بەشەی شتەکاندا مامەڵە دەکەن کە دیار و بەرچاون. کۆمەڵگە نەك تاقەتی پشکنینی جەوهەری نییە، بەڵکو ناشیەوێت جەوهەرەکان بزانێت و بناسێت، چونکە چونکە یەکەم شتێك کە ڕووبەڕووی لێك هەڵوەشان و داڕووخان دێت خودی کۆمەڵگەکە

خۆیەتی، هەر چۆنایەتیەك ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەدا هەبێت مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بە جۆرێك کە جەوهەرەکی بزرە و دیارنییە و ئەم چۆنایەتییە بەتەنیا نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە ئایدۆلۆژیا و بنەمای زۆر کار و بیرکردنەوەی کەسانی دیکە، کە تەواو ڕەگی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە داکوتاوە. هەربۆیە دەست بردن بۆ چۆنایەتیەکان و شکاندنیان زۆر ئەستەمە، نەك بۆ کۆمەڵگە تەنانەت بۆ کەسەکە خۆشی لەناوخۆیدا ئەو ئازایەتیە شك نابات دەست بۆ ئەو چۆنایەتیە ببات و بیخاتە ژێر گومان و پرسیار و تێگەیشتنەوە. بەمەبەستی دەرهێنانی چیەتی ئەو چۆنایەتیە، ئەمڕۆ تەنانەت پرسیارکردن لەسەر خودا بۆ ناو مرۆڤ خۆشی هێندە قورسە کە مرۆڤەکە ناوێرێت پرسیارەکە ئاڕاستەی چییەتی خودا بکات. هەرخۆی بە تەنیاش ئەم کارەی پێ گران و ئاڵۆزە. لە کاتێکدا بەبێ دەستکاری کردن و گومان خستنەسەر ئەو چۆنایەتیانەی ئێمە لەکۆمەڵگەوە وەریان دەگرین و دەورەیان داوین. زۆر ئەستەمە بەرەو حەقیقەتی شتەکان بڕۆین و چیەتی شتەکان بدۆزینەوە، چونکە چونکە بە دۆزینەوەی جەوهەری شتەکان ئێمە لە نەریت و لە نەریتپارێزی دوور دەکەوینەوە و بەرەو کردەی ئاکاری ڕەسەن هەنگاو دەنێین، ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی مەعریفی ڕووتە و لە هەڵچوون و ناکردن و تێنەگەیشتنەوە بە دەرە. بەم ڕێگەیە سادە و هێمنانە ئێمە چانسی نزیك بوونەوە لە جەوهەر و چیەتی شتەکان مسۆگەر دەکەین و لەو شەڕە سەختەی چۆنایەتیەکان ئەنجامی دەدەن بەرامبەر بە کەسە هەڵچووەکان ڕزگارمان دەبێت و چۆنایەتیەکان بێ بەرگری کردن لە خۆیان دەپوکێنەوە و ڕێگەمان بۆ خۆش دەکەن بۆ گەیشتن بە چیەتی و جەوهەر و بنەما یەکەمینەکان.

## ٩- تیۆرەی ئاکار وەك ئەڵتەرناتیڤی ژیان لە واقیعدا

لە ڕاستیدا هێزی ئاکار هەر لەوەدا نییە کە عەینی دەبێتەوە و وەك کردارێکی ناوازە و ڕەسەن لە دایك دەبێت، بەڵکو لەو بەشە شاراوەیەی دایە کە هەمیشە وەك تیۆرە دەمێنێتەوە و ئەگەری ئەوەی هەیە ئەم تیۆرەیە جارێکی دیکە لە زەمینەیەکی تر و لە کات و شوێنێکی تردا عەینی بێتەوە. ئەم تیۆرەیەش ڕاستی هێزی ڕاگرتنی ئاکارە کە ئەمیش خودی عەقڵ خۆیەتی و هەمیشە وەك ئەگەرێك و وەك شیانێك خۆی دەهێڵێتەوە، ئەم شیانە ناوەکی و عەقڵییە ڕۆشنایی فەیلەسووفە بۆ تێگەیشتن لە واقیع لەلایەك، هەروەها خستنەڕووی جۆرێکی ترە لە ژیان و سیستەم. ئەوەی *سوکرات* لە کۆمارەکەیدا بەیانی دەکات، ڕاستی تیۆرەی جۆرێکی دیکە لە حکومەت و لە سیستەمی حوکمڕانی و ژیانە لە واقیعدا، کە داڕێژەرانی ئەم حکومەتە ئایدیاڵی و

تیۆرەیە پشت ئەستور و دەرکەوتەی خودی عەقڵی مرۆڤە، کە دەتوانێت بەردەوام ئەگەری تر و شیانی دیکە بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیان و گوزەران لە واقیعد بدۆزێتەوە. ڕاستە ئەم خستنەڕووەی *سوکرات* تا ئێستا تیۆرەیە و نەهاتۆتە ناو واقیعەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیتر ئەم بیرکردنەوە تیۆرەیە و بێ مانایە و لە خەیاڵبازی و خەیاڵپڵاوی نزیکمان دەکاتەوە، نەخێر! ئەگەر ئێمە قوڵتر لە کێشەکە بڕوانین ئەوکاتە دەچینەوە بۆسەر ئەو پرسیارەی ئایا ئەوەی دەرکەوتی بەم حکومەتە ئایدیاڵییە کردووە، بەتەنیا خەیاڵە یان عەقڵ؟بێگومان ئەوە عەقڵ و بیرکردنەوەی *سوکراتە* کە پێشبینی حکومەتێك دەکات کە لەواقیعی ئەوکاتی یۆنان ناچێت. لەم تەرحکردنی حکومەتەدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە، ڕێکخستنێکی عەقڵییە و شتەکان لەسەر ئەم بنەمایە دابەش دەکات کە بەدەر لە سود و بەرژەوەندی و قازانجی خۆپەرستانە دامەرزاوە. لێرەدا کاتێك ئەم تەرحەی *سوکرات* لەگەڵ حکومەتەکانی ئەوکاتەی یۆناندا بەراورد دەکەینەوە وەك (دیموکراسی و ئۆلیگارشی و. ....تاد) بۆ دوو باری جیاواز خۆی دەردەکات، یەکەمیان ئەو واقیعانە لێك هەڵدەوەشێنێتەوە کە لە مەیدانەکەدا هەن و دەستکاری چۆنایەتیەکەیان دەکات، دووەمین بار کە زۆر مەترسیدار و حەرامە دەربارەی کۆمەڵگە ئەوەیە کە ئەم تیۆرە ئاکاریە هەمیشە وەك بەدیل و ئەلتەرناتیڤ خۆی نمایش دەکات، چونکە چونکە هێشتا نەهاتۆتە ناو واقیعەوە. بەڕاستی ئاکاریش وەك گوتمان هێزی ژیانی لەوەدایە کە لەگەڵ عەقڵدا دەکەوێتە ناو هەماهەنگی و هاوسەنگیەوە. ئەم عەینی بوونەوەی ئاکار ئەگەر لەواقیعدا بێت، ئەوە لە بەرانبەر نەریتدا وەك کارێکی ڕەسەن دەردەکەوێت، خۆ ئەگەر ئەم عەینی بوونەوەیە لە تیۆرە و فەلسەفەدا بێت ئەوە هەمیشە وەك ئەلتەرناتیڤ لە بەرانبەر واقیعە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس لە ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە بەرانبەر کۆمەڵگە و نەریت و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیدا بکەین، ئایا ڕۆشنبیر بۆ ڕەخنەگرتن لەواقیع یان تەرحکردنی واقیعێکی تر چی بکات؟ ئایا دروستە واقیعێکی دیکە و چۆنایەتیەکی دیکە بهێنێ وەك ئەلتەرناتیڤی ئەو واقیعە قوتی بکاتەوە؟ ئایا کاتێك بمانەوێك شتەکان جارێکی دیکە ڕێکبخرێنەوە لەسەر چ بنەمایەك ئەمە ئەنجام بدەین؟ ئایا سەیری درەوەی خۆمان بکەین یان بۆ ئاکار بگەڕێینەوە؟ *ریمۆن ئارۆنی* فەرەنسی لە باسی ڕۆڵی ڕۆشنبیردا دەڵێت ((ئارەزووی ڕۆشنبیر بەردەوام ئەوەیە کە واقیع لەگەڵ ئایدیاڵە تیۆریەکانی هەڵسەنگێنێ، نەك لەگەڵ تێکڕای واقیعەکانی دیکە و لە ڕێگەیەوە حوکم لەسەر وولات و دام و دەزگاکانی بدات))١٦ ئەوەی *ڕیمۆن*

*ئارۆن* لێرەدا ڕوونی دەکاتەوە ئەوەیە، کە ئێمە تیۆرەیەکی عەقڵی ڕووتمان هەیە کە سەرچاوە و جەوهەری هەموو واقیع و نەریتە جیاجیاکانە، جا ئایا ئەوە باشترە ئێمە دەرکەوتەکانی عەقڵ وەربگرین کە لەشوێن و کاتی جیاجیا دا بۆ وەزیفەی جیاواز و تایبەت دەرکەوتوون، یان بەرەو پیری خودی عەقڵ بچین. *ریمۆن* دەیەوێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئێمە لە بەرەوچوونمان بۆ دەرکەوتەکان ڕووبەڕوی چۆنایەتی دەبینەوە. ئێمە بەگۆڕینی چۆنایەتیەکان ناتوانین سیستم و بنەمای شتەکان بگۆڕین، هەربۆیە ناچارین بەرەو ڕووی ئایدیاڵە تیۆریەکان بڕۆین، کە ئەویش لەناو عەقڵدایە.

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەڕووی ئەوە بۆتەوە کە بەردەوام واقیعێکی تری بۆ دەهێنن و لەدەرەوی خۆیدا بەسەری دەسەپێنن، ئەم کارەش بەشی هەرەزۆری ڕۆشنبیران ئەنجامی دەدەن. بەهێزبوونی ئەم ڕەوتە گەورەیە کە هەم ڕۆشنبیران و هەم حکومەت و سیاسیەکان تیایدا کۆك و بەشدارن، لە ڕیکەوتن لەسەر هێنانی واقیع و چۆنایەتی دیکە نەك هەر بۆ سیستەمی حکومەت و دەوڵەتداری، بۆ ناو ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان هەمووی بۆ یەك خاڵ دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە، ئێمە ناتوانین بیربکەینەوە. ونبونی بیرکردنەوەیە کە ناتوانین ڕووبەڕووی ئایدیاڵە تیۆریەکان ببینەوە، هەتا بتوانین کوردانە سیستم و دەوڵەتداری دابڕێژین. هەربۆیە ناچارین پەلاماری چۆنایەتی تر و واقیعی دیکە بدەین.ئەمڕۆ نەك هەر سیاسیەکانی ئێمە هەژارن لە تەرحکردنی جۆرێکی دیکە لە سیستەم بەڵکو ڕۆشنبیرانیش زۆر لەوان هەژارترن لە بیرکردنەوە بۆ لە دایکبوونی ئەلتەرناتیڤی ئەم واقیعە بێ بنەمایەی هاتۆتە ئاراوە. ئەوەشی ڕۆشنبیران سەرگەرمی ئەوەن قسە و باسی لێ دەکەن. ئەوەیە کە بەردەوام واقیعێك لە زەینیاندا هەیە و ئەم واقیعە بۆ تیۆرە و ئایدیاڵ بۆ چارەسەری گرفت و ئالۆزیەکان بەکاردەهێنن، هەربۆیە بەم کارەیان نە چارەسەر دێتە ئاراوە نە دەشتوانن بیربکەنەوە. ئێستا با بگەڕێینەوە و بزانین ئاکار چۆن وەك ئەلتەرناتیڤ و شیانێك لەبەرانبەر نەریت و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، ئەو هێزە چیە ئاکار لە بەرانبەر نەریتدا بەهێز ڕاگیر دەکات و نەریت ناتوانێت لەناوی بات.

## ١٠- هەمەکییەتی ئاکار و گشتیەتی نەریت

( هەموو کاتیك بە پێی ئەو ڕێ و شوێنە کردار بکە، کە لە هەمان کاتدا بکرێت وەك یاسایەکی هەمەکی و سەراپاگیر دەرکەوێت. ئەمە ئەو مەرجە تاقانەیەیە کە ناهێڵێ ویست لەگەڵ خۆیدا

ناکۆك بێت)١٧. ئێمە لەسەرتادا باسی ویستی چاکەمان کرد، دواتر ئەم ویستەمان ڕاستەوخۆ بەخودی عەقڵەوە بەستەوە.بەستنەوەی عەقڵ بە خودی ئاکارەوە کەمێك غەریب و تاڕاددەیەکیش وەك ئەفسانە دەردەکەوێت، بەڵام خۆ ئەگەر هاتوو قوڵتر بڕۆینە ناوخودی ئاکار ئەوە زۆر بەئاسانی ئەوە دەدۆزینەوە، کە ئایا حیکمەتی مانەوەی ئاکار لە چیدایە؟ ئاکار بەچی وەك یاسایەکی هەمەکی دەمێنێتەوەو بە کات و زەمەنێکی تایبەتەوە وابەستە نابێت؟ ئەوەی *کانت* دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە ئێمە چۆن بتوانین بگەڕێینەوە ناو عەقڵ و لەوێوە ئاکار وەك دەرکەوتەیەکی عەقڵ بدۆزینەوە. واتە ئێمە هەمیشە شتێکی شاراوە و دەرنەکەوتوو لە ئاکارەکانماندا هەیە، چۆن ئێمە چۆنایەتی سیحرمان لێ نەکات و ئەو شاراوەیە جارێکی تر بدۆزینەوە، *کانت* کاتێك دەڵێت بە شێوازێك ڕەفتار بکە کە ئەو کارە ببێت بە یاسایەکی هەمەکی لێرەدا ئالۆزیەك هەیە دەبێ زۆر وریای بین، ئەویش جیاکردنەوەی هەمەکی و گشتیە. هەمەکیەت بەوە لە گشتی جیا دەبێتەوە کە پارچە پارچە نابێت و لە کۆبونەوەی کۆمەڵێك بەشیش پێك نایەت، هەروەها بوونی بە بوونی بەشەکانەوە وابەستە نییە، بەڵکو بۆ خۆی بەناوخۆیدا هەیە. هەرچی گشتیە لە پارچە پارچە پێکدێت و لە کۆبونەوەی کۆمەڵێك پارچە پێکدێت، هەروەها ئەگەر هاتوو پارچەکان نەمان ئەوە ئەو گشتیەش نامێنێت، بەڵام هەمەکیەت خۆی توانای درەوشانەوە و دەکەوتنە، لە پاڵ هەمەکیەت دا بەشەکی هەیە، بەڵام لە پاڵ گشتیدا بەش نیە و کە وەك پارچەیەك لەو گشتەدا بوونی هەیە. واتە گشتی شتێك نیە بە تەنیا و ڕەها بێت، بەڵکو کۆمەڵێك شتە پێکەوە کۆبونەتەوە، بەڵام هەمەکیەت شتێکە هەرخۆیەتی و بەتەنیا و ڕەهایە، کاتێکیش دەردەکەوێت هەرخۆی دەنوێنێتەوە و بەردەوام لە هەر خۆیەتیدایە. واتە خۆنوێنە، بەڵام گشتی بەردەوام لە ئەو نوێنیدایە و ئەو نوێنە، چونکە چونکە بە کۆبونەوەی ئەوەکان دروستبووە.

با نموونەیەك وەربگرین بۆ زیاتر واڵابوونی هزرەکە، نموونەی یەکەم بۆ هەمەکییەت: (خودا) وەك چەمکێك و وەك بوونێك هەیە، بەڵام نەوك لەواقیعدا، بەڵکو لە میتافیزیکای واقیعدا هەیە و نایەتە ناو زەمەنەوە و ڕابردوو و ئایندەی نییە. (خودا) بوونێکی هەمەکیە، چونکە چونکە بە کۆبونەوەی کۆمەڵێك بوونی دیکە دروست نەبووە، پاشان (خودا) توانای دەرکەوتنی هەیە وەك ڕۆشناییەك لە زەمینە و کاتی جیاوازدا، بەڵام ئەوەی دەینوێنیت هەرخۆیەتی و هیچی دیکە نییە، خودا ئەگەر هاتوو لەناو بەشەکییەکدا عەینی نەبووەوە و دەرنەکەوت مانای ئەوە نییە کە نییە بەڵکو هەیە و

بوونی وابەستەی بە بوونی خۆیەوە و بەرەهایی دەژیت. لەپاڵ ئەمەدا (عەقڵ، خودا، سروشت، . ...تاد) ئەمانە هەموویان هەمەکییەتن و توانای دەرکەوتنیان لە واقیعی جیاجیا دا هەیە، بەڵام هەر بەخۆیان دەنوێننەوە. جیاوازی ئاینەکان جیاوازی کات و شوێن و زەمەنی جیایە، ئەگەرنا هەموویان هەر تەجەللی بوونی خودان لە زەمیندا، ئەمە وەك بەرچاوڕوونیەك بۆ هەمەکیەت.

نموونەی دووەم کە تایبەتە بە گشتی : جەستەی مرۆڤ بە تەنیا وەربگرین، ئەم جەستەیە بە کۆبونەوەی دەست و قاچ و. ..تاد دروستبووە، دەتوانرێت ئەم جەستەیە پارچە پارچە بکرێت و لەیەکتری دابڕێت. ئەگەر هاتوو لێك هەلوەشایەوە ئەوە جەستەکە نامێنێ و لە کۆمەڵێك بەشی جیاواز پێکدێت توانای کشان و گواستنەوەی هەیە، بەڵام ناتوانێت وەك خۆی دەرکەوێت، لەهەر بارێکدا بە جۆرێك دەردەکەوێت وخۆی دەنوێنێ.جەستە لەپاڵ ئاگردا ئەویش گەرمی وەردەگرێت و گەرم دادێت، لە پاڵ ساردیدا بەهەمان شێوە، دەتوانرێت ڕەنگ بکرێت و. ..تاد.ئێستا بابچینە سەر ئەوەی چۆن ئەم شەرحە بە ئاکار و بە نەریتەوە دەبەستینەوە.چۆن ئاکار لەگەڵ هەمەکییەتدا یەکانگیر دەبێت و چۆن نەریت تەعبیر لە گشتیەتی دەکات؟ئاکار بەوە دەبێت بە یاسایەکی هەمەکی و سەرتاپاگیر کە تەواو تەعبیر لە عەقڵ بکات و لە فۆرم و ویستی چاکەدا خۆی دەربخات. واتە هیچ سود و بەرژەوەندیەك وەك پێشنە دانەنێت بۆ ئەو کارەی دەیکات، کە کەسەکە هەست بکات ئەگەر هاتوو ئەم کارە ئەنجام نەدا، ئەوە بەرانبەر بە عەقڵ و ویژدانی خۆی بەرپرسیارە بۆ ئەوەش ئەنجامی نادات کە سود و قازاجی پیێ ببڕێت، نەخێر! ئاکار لە خۆیدا بۆخۆیەتی و بەتەنیا تەعبیر لە خۆی دەکات و خۆ نوێنە، بە هیچ ئەوی ترێك و هیچ شتێکی دەرەوەی خۆیدا وابەستەنییە، هەروەها بەم بێ نیازی و مەبەستی لەگەڵ ئەو یاکانگیریەی کە دەیکات لەگەڵ خودی عەقڵدا. پاشان خۆ دانەدەست عەقڵ و ویستی چاکە، چونکە چونکە عەقڵ ناکرێت ویستی وەها بێت کە خراپە بخاتەوە، یان وێرانی و سەگەردانی بەدوای خۆیدا بهێنێ. ئەوەی لە عەقڵ دەکەوێتەوە باشترین وچاکترین شیانە بۆ ژیان بە ڕۆحی مرۆڤ. ئاکار لێرەدا کە هاوئاهەنگە لەگەڵ عەقڵ و بێ نیازە لە خۆی وەك هەمەکییەت دەردەکەوێت و دەبێتە یاسایەکی هەمەکی نەك یاسایەکی گشتی. بەوەدا نابێتە یاسایەکی گشتی، ، چونکە چۆنایەتی نییە لە بنەڕەتدا هەتا کۆمەڵگە چاوی لیێ بکات و بیکاتە نەریت، چونکە چونکە پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە کە ئاکار ئەو بەشە تیۆری و دەرنەکەوتوویی ناو گوتەکانمانە، کە هەم خالقی ئەو هەبووەیە و هەم ئەویش ژیان و زیندوویەتی پیێ دەبەخشێت. ئاکار بۆ ئەوە لە دایك نابێت کە

ببێتە قانونێکی گشتی و کۆمەڵگە بیکاتە نەریت، چونکە چونکە وەك گوتمان ئەوەی لە پاش ئاکار بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە نەریت ئەو سود و قازانج و ئەنجامەیە کە لە ئاکار دەکەوێتەوە. ئێمە ئەوەمان ڕوونکردەوە کە ئاکار تەمای بە هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی نییە، هەتا نیازی وا بێت کە بە جۆرێك دەرکەوێت تا ببێتە قانونێکی گشتی، ئەوە لاسایی دەکرێتەوە و دەبێتە نەریت، نەریتیش هەمیە خۆی نییە بەڵکو بۆ مەبەست و مەرامێکی تایبەت گشتی دەبێتەوە. پاشان بۆ زەمەنێك و کاتێکی دیاریکراو دەیخوات و ڕەواجی هەیە، چونکە چونکە لەگەڵ عەقڵدا هەماهەنگ نییە، بەڵکو لەگەڵ واقیعدا هەماهەنگە.بە پێی حیسابات و بەرژەوەندی واقیع نەریت خۆی قایم دەکات، بۆیە بەردەوام نەریت لەگەڵ هەر واقیعێکدا لە گۆڕاندایە و ئەویش خۆی دەگۆڕێت و خۆی دەگونجێنێت تا بتوانێت خۆی بپارێزێت و خۆی گشتی بکاتەوە، بەڵام ئاکار، چونکە تیۆریە و هەمەکییە، ئەوە توانای دەرکەوتنی لەناو مرۆڤێکدا هەیە کە بەڕاستی بە ئیرادە و ئازایە، چونکە چونکە مرۆڤی ترسنۆك ناتوانێت دڵی خۆی ڕازی بکات، بەڵکو واقیع لە خۆی ڕازی دەکات، هەر ئەم بنەما پتەوەیە وا دەکات خۆ بەختکردنی *قازی محەمەد* کەس نەتوانێت بەکارێکی ناڕەوای بزانێت و بڵێت *قازی محەمەد* هەڵە بوو، مەگەر کەسانێك خۆیان واقیع پەرست و بەرژەوەندی پەرست بن.

## ١١- بەرژەوەندی گشتی و ئاکار

ئایا پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پابەندبوون بەو بەرژەوەندیانەوە ئاکارە؟ ئایا ئاکار لە مایەی سود و قازانجی گشتیە؟ لە ڕاستیدا بۆ گەڕان بە شوێن ئەو وەڵامانەدا دەبێت سەرەتا بنەماو شوێنی لەدایکبوونی بەرژەوەندی گشتی دیاری بکەین، ئەوجا ئەوە ساغ بکەینەوە کە ئایا پەیوەندی لە نێوان ئاکار و بەرژەوەندی گشتیدا هەیە؟ بۆ بەرژەوەندی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو یاسایانەیە کە کۆمەڵێك لە سود و قازانجەکەیدا بەشدارن، وەك یاسا بەگشتی و یاساکانی هاتوچۆ و هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بە کۆمەڵەوە پەیوەندیدارن. واتە لە ئەنجامی کۆبونەوەی کۆمەڵێك خەڵك بەرژەوەندی گشتی دێتە ئاراوە، بە نەمانی ئەو کۆمەڵە ئەو بەرژەوەندی و یاسایەش بەرەوە نەمان دەڕوات. واتە ئەگەر هات و شار کەسی تێدا نەما و یەك مرۆڤ بە تەنیا مایەوە ئیتر پەیڕەو کردنی یاساکانی هاتوچۆ بۆ ئەم تاقە کەسە نەك هەر ئەرك و پێویست نییە بەڵکو هەر ماناشی نییە، واتە بەرژەوەندی گشتی مانا و بەهای لە دەستی ئەو گشتەدایە و بەنەمانی ئەو

گشتە مانای نامێنێ. ئەمە لەلایەك و لە لایەكی ترەوە پەیڕەوكردنی بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵێك ئاڵۆزی هەیە و سەبارەت بەو خەڵكەی لەگەڵ یەكتر كۆبونەتەوە و نایهێڵێت. ئەو تاكانەشی پەیڕەوی ئەم سیستەمە دەكەن هەمیشە پەیڕەوكردنی ئەو سیستەمە وەك ئەرك لە لایان دەكەوێتەوە، كە تاك ناچارە پەیڕەوی بكات، یان بەهۆی لاسایی كردنەوە وە ئەنجام دەدرێت و ئەم یاسایانە دەبنە نەریت و كۆمەڵگە لەسەری دەڕوات. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە وەك ناچارییەك، بەهۆی نەمانی ئەو چاوەی كە پاسەوانی یاساكان و بەرژەوەندی گشتی دەكات ڕووبەڕووی یاساكان دەبنەوە، ئەم مرۆڤە دەكەوێتە ژێر حاڵەتی سەرپێچی كردن، لە رۆژئاواشدا هەر لە منالّیەوە وەك نەریتێك شتەكان ئەزبەر دەكەن و پەیڕەوی لێ دەكەن. واتە لێرەدا شتێك هەیە كە ئەویش بوونی هۆشمەندیە، لێرەوە ئێمە دەكەوینە ناو ڕووبەڕووكردنەوەی ئاكار و بەرژەوەندی گشتی. بەرژەوەندی گشتی واقیعێك و پێویستیەك دەهێنێتە ئاراوە، هەربۆیە بەرژەوەندی گشتی ئاكار نییە، چونكە ئاكار سەروكاری لەگەڵ عەقڵدا هەیە بەڵام بەرژەوەندی گشتی بە واقیعەوە پابەندە، ئاكار وەك ئایدیاڵ بەبێ بوونی واقیع و بەبێ بوونی كارایی دەركەوتن، بەها و مانای خۆی لەدەست نادات بەڵام بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ نەمانی واقیعەكە ئەویش مانا و بەهای خۆی لەدەست دەدات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە كە ئاكار بەخێری بەرژەوەندی گشتی نەكەوێتەوە، ، چونكە ئاكار كاتێك ڕوودەدات ئەوە ئەو ڕووداوە لەبەرئەوی عەقڵییە هەمیشە چاكە لەگەڵ خۆی دەهێنێ بەڵام ئەم چاكەیە زۆرجار بە خراپە دەزانرێت و مرۆڤ وادەزانێت كە ڕووبەڕووی خراپە بۆتەوە، ئاكار بەوەی ڕوویداوە بەپێی بنەماكانی عەقڵ بەرێوە دەڕوات بەڵام جێبەجێكردنی یاسا و بەرژەوەندیە گشتیەكان ڕووداو نین، واتە ڕووداوێك نین كاتێك مرۆڤ پەیڕەویان بكات هەست بكات شتێكی كردووە، كاتێك دەبێتە ڕووداو كە بەبێ بوونی چاوی پاسەوانی مرۆڤ ئەو بەرژەوەندیە گشتیە بپارێزێت، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە كە ئەم نەریت و بەرژەوەندیە گشتیە عەینی دەبێتەوە و كەسەكە وەك هۆشمەندێك هۆش پەیدا دەكات و پەیڕەوی ئەو كارە دەكات. لێرەدا كەسەكە بۆخۆی دەكاتە ئەو چاودێرە ناوەكییەی ناوخۆی ئەو كاری پێدەكات، بەڵام لە هەمان كاریشدا ئەم كارە بەخێری كۆمەڵگە دەكەوێتەوە. ئەمەش دەبێتە ڕووداو و وەك ڕووداو ئەم كارە دەردەكەوێت و دەبێت ئاكار، بەڵام بەدەر لەم حاڵەتە ناوەكیە و بە دابڕان لەم سانسۆرە

ناوەکیە ئەم کارە هەمیشە، یان وەك نەریتێك ئەنجام دەدرێت یان لە ناچاری و وەك ئەرکێك دێتە کردن. بەمەش هۆش لەو کارە غایب دەبێت و کارەکە لە ڕووداویەتی خۆی دەکەوێت و دەبێتە کارێکی نائاکاری، با پەیڕەوکردنیشی بێت لە یاسا، یان پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بێت، چونکە چونکە کەسەکە خۆی ئەو کارەی نەکردووە بەڵام کۆمەڵگە یان ئەو چاوە پاسەوانە پێی کردووە کە وەك سانسۆر بەسەر یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگەدا هەیە. بەمەش بەهای ئەم کارە بەهایەکی بۆشە و ناکرێت وەك ئاکار ڕیزبەندی بکەین حەقی پێ بدەین. لە ڕاستیدا زۆربەی کات بەرژەوندی گشتی کارێکی نائاکاریە و کارێکی ناو واقیعیە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە دەبێت دەست لە پەیڕەوکردن بەردەین، نەخێر!، چونکە وەك گوتمان بەو پەیڕەوکردنە لە ئالۆزیەکان و قەرەباڵغی ناو کۆمەڵگە ڕزگارمان دەبێت، بەڵام لێرەدا و لەم باسەدا دەبێت حەقیقەت نەشارینەوە و بنەمای بەرژەوەندی گشتی دەربخەین، ، چونکە ئێمە لەناو باسێکی تیۆریداین نەك واقیع و دارشتنی یاسا بۆ ڕێکخستنی واقیع.

## ١٢- ڕەوتەکانی نەریت

بەودا نەریت بنەمای نییە و بە پرۆسەیەکی مەعریفی و هۆشەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بایی ئەوەندەی تێدا نییە کە مرۆڤ خەونی لەسەر بینا بکات، ، چونکە نەریتپارێزان کۆمەڵێك خەڵکی بەرژەوەندپەرست و قازانج ویستن، کە لە پێناوی ئەو دەستکەوتە ماددی و مەعنەویانەدا ئەو نەریتە دەپارێزن و دەستی پێوەدەگرن کە لەکۆمەڵگەدا بەدوای خۆیدا دەیهێنێت. بۆیە ڕەوتەکانی نەریت هەمیشە بەرەو سود و بەرژەوەندی و قازانجە و هەمیشە دژی ئاکارێکە کە بەڕاستی لە دایك دەبێت، ، چونکە لەدایك بوونی هەر ئاکارێك بۆ نەریت مەترسیە، هەرئەمەشە وایکردووە ئەمڕۆ کەسانی حەقویست و کەسانی دڵسۆز و بەوەفا هەمیشە لە دەرەوەی شتەکانن، چونکە چونکە بەڕاستی ئەوەی ئەمڕۆ هەیە وەك سیاسەت و ئاین وحکومەت هەموی وەك نەریتێك ماوە لە پێناوی ئەو سود و بەرژەوەندیانەی کە هەن. هەربۆیە ئەگەر هات و ئاکارێك لەدایکبوو کە مەبەستی گەیشتنە بە حەقیقەت و خزمەتکردنی ڕاستەقینە بەخەڵك ئەوە نەك هەر لە گۆڕەپانەکەدا نامۆیە

بەڵكو گەورەترین مەترسیشە بۆ ئەو نەریت و نەریتپارێزانە، بۆیە ڕاستی نەریت بەتەنیا نییە، بەڵكو بۆ پارێزگاریكردن لە خۆی و دەم و چاو و پاسەوان و بەرگریكاری هەیە، هەمووشی ئەو بەرژەوەندیە كەسییەیە كە لەگەڵ نەریتەكەدا وێك هاتۆتەوە، ئەوەندە هەیە ئەوەی نەریت بۆی دەڕوات و شتەكان ئاڕاستە دەكات كۆبونەوەی كۆمەڵە بەرژەوەندیەكی تاكە كەسیە كە بەناوی پاراستنی نەریتەوە هەیە و ژێرەوانكیٚ بەرژەوەندیە تایبەتیەكانی خۆیان دەپارێزن.

## ١٣- ڕەوتەكانی ئاكار

لەبەر ئەوەی ئاكار لەخۆیەوە بۆ خۆی دەڕوات و بیٚ نیازە لەو كارەی دەیكات. ئەوە بەهای خۆی لەناو خۆیدایەتی، نەك لەو مەبەست و ئاكارەی دوای ڕووداوەكە دەردەكەوێت، ئەمە ئەو كارە وەك ڕووداوێكی تازە دەردەكەوێت و هەمیشە دەكەوێتە دەرەوەی پێشبینی كردنی مرۆڤەوە. ئەم ڕەوتەی ئاكار دەیگرێتە بەر ئەوەیە كە لەخۆیەوە بۆخۆی دەڕوات، ، چونكە ئەوەی ئەو دەینوێنێت جگە لە عەقڵ و ویستی چاكە هیچی دیكە نییە و هەمیشە لەكارەكەی خۆی بیٚ مەبەستە هەربۆیە هەمیشە ئاكار وەك بنەما و وەك سەرەتای شۆڕش دەردەكەوێت، چونكە چونكە ناكرێت كارێك بكرێتە بنەماو جەوهەر كە ماددیگەرایە و ئامانجێكی واقیعی گچكەی هەیە. هەمیشە ئەو بیروباوەڕانە وەك پێش و بنەما دەردەكەون و توانی ئەوەیان هەیە كە جەماوەر لە خۆیان كۆبكەنەوە، كەزیاتر عەقڵێن و بیٚ مەبەست و بیٚ نیازن لە خۆیان، هەربۆیە زۆرجار ئاكار گشتی دەبێتەوە و دەبێتە نەریت. لەپاڵ ئەمەشدا هەمیشە نەریت لە بەرانبەر ئاكاردا لاوازە و تووشی ماكەچ بوون دێت، چونكە چونكە ئاكار بنەما و جەوهەری هەیە و لەسەر ماكێك وەستاوە كە ئەویش عەقڵە، كاتێك دەردەكەوێت نەریت ناتوانێت نكوڵی لیٚ بكات یان نای بكات، بەڵكو ناچارە بۆ ئەو ئاكارە مل كەچ بكات. زۆرن ئەو نموونانەی لە مێژووی گەلی كورددا لەحزەی ئاكارین و چۆكی بە دوژمنەكانی داداوە. دیداری نێوان *مەلا مستەفا و سەددام حسێن* یەكێكە لەو دیدارانەی كە بەڕاستی جێگەی ئەوەیە لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییەدا بخوێنرێتەوە، ئەوەی *سەددام حسێن* پشتی پیٚ قایم دەكات و قسەی لێوە دەكات ئەو وێنە ساختەیەیە كە نیشانی *مەلا مستەفای* دەدات، كە دار و دەستەكەی لەبەرژەوەندی خۆیان ئەو وێنەیەی سەددامیان پاراستووە، بەڵام كاتێك *مەلا مستەفا*

دەکەوێتە قسەکردن لەگەڵ *سەددام حسێندا*، چونکە *مەلا مستەفا* پشت قایمە بەو حاڵەتە ناوەکییەی خۆی کە ئەویش تەعبیرکردنە لە دڵی خۆی. لێرەدا سەددام وەك سەرکردە نابینێت بەڵکو وەك یەکەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکات و سەددام تووشی ترس و سەرسوڕمان دەبێت، ، چونکە مەلا مستەفا وەك یەکەمین جار و وەك ئێستای سەددام مامەڵە دەکات. نەك وەك ڕابردوو و ئەو وێنە ساختەیەی کە بۆیان دروستکردووە، لە ڕاستیدا بەم ڕووداوە سەددام بچوك دەبێتەوە و مەلا مستەفا گەورە دەبێت.

بۆیە ناتوانێت دوایی ئەوە نەڵێت کە مەلا مستەفا کاتێك سەیری ناوچاوی سەددام دەکات و چاوی نەتروکاندووە. ئەوەی مەلا مستەفای گەورە کردبوو ئەم ئاکار و ئەخلاقە ناوەکییەی خۆی بوو، بۆیە کاتێك ڕووبەڕووی هەرکەسێك دەبووەوە ئەگەر دۆست بوایە ئەوە نەرم و لێبوردەبوو ئەگەر دوژمنیش بوایە توند و حەق پەرست بوو، ئەم ئاکارە کاتێك دەرکەوتی کردووەی لە لای *قازی محەمەد* و *شێخ مەحمود* و *مەلا مستەفا*دا، هەوێنی شۆڕش و ڕازی مانەوەی کوردانیشە وەك نەتەوە. ئەوەی کە ناهێڵێ کورد ببێتە شتێك ئەم ئاکارەیە و ئەوەیشی دەیپارێزێت هەر ئەم ئاکارەیە. لەوێدا کە ئەم ئاکارە ناهێڵێت کورد ببێتە شتێك ئەوەیە کاتێ کورد دەکەوێتە مامەڵە لەگەڵ زلهێزەکانی دنیادا. سەرەتا پەیوەندیەکە ئاساییە، بەڵام کاتێك کورد هەست بکات کە لەسەر حیساب و شەڕەف و کەرامەتی خۆی دەیکەنە دەوڵەت، یان پارە و سەروەت و سامانی دەدەنێ ئەوە ئەم ئاکارە ناوەکییە حزور پەیدا دەکات و کورد تووشی بێ تاقەتی دەکات و لەگەڵ ئەو هێزەدا دەکشێتەوە و دەچێتەوە دۆخی جارانی خۆی. نموونەشمان لە مێژوودا زۆرە، وەك شەڕکردن و دۆستایەتی کردنی *شێخ مەحمود و ئینگلیز*، شەڕو دۆستایەتی حکومەتی ئەو کاتی عیراق و مەلا مستەفا. ئەو ئاکارەش ڕاز و نهێنی مانەوەی کوردە، کە ئەم ئاکارەش لەبەرئەوەی عەقڵییە و هێشتا دەرنەکەوتووە، ئیتر کورد وەك گەلێك هەمیشە خەونێکی دواخراوە، کە لەو زەمینەدا خۆی ئاشکرا دەکات و دەردەکەوێت کە وەك خۆی قبوڵ دەکرێت، ئەوەش ئەم ئاکارە دەستەڵاتدار و بڕیار بەدەستە.واتە لێکۆڵینەوە لە ئاکار یەکەمین خاڵ و یەکەمین وێستگەیە کە ئێمە دەستی بدەینێ بۆ ناسینی کورد و داڕشتنی تیۆریەکی پوخت بۆ خوێندنەوەی کورد وەك نەتەوە و دەسگیر بوونی ئەو پرسیارانە کە تا ئێستا بێ وەڵام ماونەتەوە.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

[1] ١– أمانويل كانت، تأسيس ميتافيزيقا الأخلاق، ترجمة د.عبدالغفار مكاوي، طبعة الأولى، كولونيا، المانيا، ٢٠٠٢، ص١٩.

٢– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٣

٣– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٤

٤– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

٧– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

٨– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

٩– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

١٠– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

١١– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

١٢– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

١٣–شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم ١م.ر.هاوار، لەندەن، لاپەڕە ٧٦١.

١٤– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦٤.

١٥– عومەر مەعروف بەرزنجی، نووربەخشی، شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ساڵی ٢٠٠٦، لاپەڕە ٣٩.

١٦–ڕۆشنبرکێیە؟ چارەنووسی چیە، کۆمەڵە وتار، و:سۆران عەلی پور، چاپی یەکەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٧، لاپەڕە٢١.

١٧– أمانويل كانت، تأسيس ميتافيزيقا الأخلاق، ص١٣٠.

## ڕۆشنبیریی دوای ڕا پەڕین وەك بکوژی (من)
## "خوێندنەوەیەکی دیکارتیانە"

هەوڵەکانی خۆمان چڕ دەکەینەوە لەسەر رۆشنبیری کوردی و بەتایبەت لەسەر رۆشنبیریی دوای راپەڕین.، چونکە رۆشنبیریی دوای راپەڕین ئەو قۆناغەی رۆشنبیری کوردیمانە، کە لەپێشمانەوە هاتووە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر لەپێش ئێمەوە وەستاوە و تا رادەیەکیش شکڵی خۆی گرتووە. گرنگی ئەم باسە بۆ ئێمە ئەوەیە، لەرێگەی خوێندنەوەی ئەم قۆناغە ناچارین بەشێکی بیرکردنەوەی ناو خۆشمان بخەینە ژێر پرسیارەوە، کە بریتییە لە تێگەیشتن لە هەستەکانمان و ئەو بیرکردنەوانەی دەرکەوتی دنیای سایکۆلۆژی ئێمەن. ئەم رەوتە رۆشنبیریەش بەگوزارشتکردن لەم دنیایەی ئێمە توانی کوردسانی بێتەوە، کە سایکۆلۆژیای گشتی کوردی خستە باری دەرکەوتنەوە، کە ئێمەش وەك تاك بەشێکین لەو گشتە. ئەم باسە لەبنەڕەتا نەشەڕکردنە لەگەڵ ئەم رەوتە و نەدڵداری کردنە لەگەڵیدا.چونکە رۆیشتن بەم دوو ئاراستەیەدا، هەڵەیەك هەیە تووشی دەبین ئەویش ئەوەیە، ناتوانین بەگشتی لەبنەما فکرییەکانی ئەم رۆشنبیریەتە تێ بگەین.هەر بۆیە ئەوەندەی هەوڵی خوێندنەوە و رامانە بەمەبەستی تێگەیشتن لەخۆمان و لەو قۆناغەی رۆشنبیریمان.ئەوەندە هەوڵی شەڕکردن و دڵداری کردن نییە.ئەوەندەش وەعی کردنەوەی رۆشنبیری دوای راپەڕینە بەهەنگاوەکانی خۆی کە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی خۆی بانگەشەی بۆ دەکات.دیارە لێرەدا ئێمە وەك سەرەتا تیۆرێکمان داڕشتووە پاڵپشت بەبیرکردنەوەی فەیلەسووفی فەڕەنسی ڕینێ دیکارت دواتر هاتووین لەسەر بنەمای ئەم تیۆرەیە دوو جەمسەر و دوو رۆشنبیری گەورەی ئەم قۆناغەمان خوێندۆتەوە، ئەوانیش کاك بەختیار عەلی و کاك فاروق رەفیقە، کە بۆ هەر یەکەیان وتارێکمان وەرگرتووە، کە جیاوازن لەوتار و نووسینەکانی تریان. بەوەی لەسەر چەمکەکان وەستاون و خۆبەخۆ و بەتەنیا. دوور لەئەوانیتر بیریان کردۆتەوە.بەهیوای ئەوەی بتوانین وەك خۆیان تێیان بگەین بەدوور لەهەر وێناکردن و خەیاڵکردنێك.

## ١/ داماڵینی هەستەکان وەك پرۆسەی تێگەیشتن لە ئەویتر:

"هەستەكان ناكرێت جێگای متمانە و باوەڕبن، چونكە چونكە هەڵخەڵەتێنەرن هەموو ئەوانەی تاوەكو ئێستا وا وەرمگرتوون گوایە راستن لەلای خۆمەوە دیكیۆمێنتم كردوون لەهەستەكانەوە دەستم كەوتوون. یا لەڕێگای ئەوانەوە بووە، بەڵام من بۆم دەركەوتووە لە هەندێك كاتدا هەستەكان خەڵەتێنەرن و فریوودەرن و وا باشترە هەرگیز بڕوا بەو شتە نەكەین كە دەمانخەڵەتێنێت ئەگەر بۆ جارێكیش بێت"[١].

ئەم بیركردنەوەیەی دیكارت كۆمەكمان دەكات بۆ تێگەیشتن لە هەستەكانمان. لێرەدا هەستەكان هەیە كە لەنێوان (جەستە و سایكۆلۆژیا) كورت دێتەوە. جا جەستە بۆ خۆی خودان كۆمەڵێك هەستی جیاوازە وەك (سەیركردن و بۆنكردن و. .. هتد).سایكۆلۆژیاش خاوەنی هەستی جیاوازە وەك (خەیاڵكردن و بەخەیاڵدا هاتن) هەموو ئەم هەستانە كەوا دیكارت بەشێوەیەكی گشتی باسی لێوەكردن یەك هێڵی گشتی هەیە كۆیان دەكاتەوە ئەویش ئەوەیە ئەم هەستانە بەبێ ئەویترێك توانای دەركەوتنیان نییە.چاو پێویستی بەڕووناكی و تەنێك هەیە هەتا ببینێت. تام پێویستی بەتەنە خۆراكییەكان هەیە هەتا خۆی دەردات. خەیاڵ پێویستی بەتەنێك هەیە هەتا خەیاڵی پێ بكات. یان ماددەیەك جا ئەو ماددیە واقیعی بێت وەك (بەرد) یان ناواقیعی بێت وەك ئایدۆلۆژیا، ئایۆدلۆژیا بیركردنەوەیەكی تەواو بووە، ماددەیەكی وەستاوە كە لە ئەویترەوە دەگاتە ئێمە.زۆرجار ئەم ئایدۆلۆژیایە مرۆڤ وەریدەگرێت و دواتر دەیداتەوە دەرەوەی خۆی و ئامادەش نییە گفتوگۆ و سازشی لەسەر بكات و بیخاتە ناو تاقیكردنەوە و بیركردنەوەوە.ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە مرۆڤ لەتەمەنی منداڵی هەتا تەمەنێك كە هەرزەكارییە، بەردەوام پڕ دەكرێت بە (ئەویتر – كۆمەڵگا)[٢]. ئەویتر ئەم مرۆڤە لەمرۆڤێكی خەزنە بەتاڵەوە، دەكاتە مرۆڤێكی خەزنە پڕ بەجۆری ژیان و ئایدۆلۆژیاكانی خۆی. لێرەشدا مرۆڤ ناچارە ئەویتر بار بكات لەخۆی، چونكە چونكە هێشتا (من – عەقڵ)ی خۆی كە سادە و پەتی و ئەبستراكتە abstract دەرنەكەوتووە.زەمەنێكی دەوێت هەتا جەستە و سایكۆلۆژیا كامڵ دەبن و بەكاری ئەوە دێن (من – عەقڵ) بەكاریان بەرێت و وەك ڕێڕەوێك خۆی لەڕێگەیانەوە بخاتە ناو واقیعەوە. جالە پرۆسەی گەشەكردنی جەستەو سایكۆلۆژیادا مرۆڤ پڕ دەبێت، بەبیركردنەوە و جۆری ژیان و كلتووی كۆمەڵگاكەی كەوەك هێزێكی ئاراستەكەر لەناو مرۆڤدا دانیشتووە.

هەتا ئەویش بیگوازێـەوە و دەستاو دەست بكات. بەمە كلتوور بەبێ نووسین و سەرباز و پۆلیس خۆی دەپارێزێت، بەڵام كێشەی كلتوور یان ئایدۆلۆژیا ئەوەیە كۆكراوەی ژیانی ئەوانیترە، كە

کاملّ بووه و لەگەشەکردن وەستاوە و بۆتە مادده و وەك وێنەیەك هەمیشە خۆی بار دەکات لەخەزنەی ئەوانەی تازە دێنە ناو کۆمەڵگاوە.هەموو ئەم پرۆسەی گواستنەوەیەش بۆ ناو مرۆڤ بەرێگای هەستەکانەوە دەبێت.، چونکە هەستەکان خۆیان شتێك وەردەگرن کە توانای کشان و درێژبوونەوەی هەبێت.ئەم دوو خاسیەتەش خەسڵەتی ماددەن، مادده بەمانا فروانەکەی واتە واقیعی و ناواقیعی. هەر بیرکردنەوەیەك کە لەدایك دەبێت دەبێتە ماددەیەك و شکلّ دەگرێت. ئەم فۆرم گرتنە دەبێتە وێنە و لەکەرەستەیەکدا دەردەکەوێت، ئیتر هەستەکان دەتوانن ئەم وێنە و کەرەستەیە بگوازنەوە بۆ مرۆڤ.جەستە خاسیەتەکانی کەرەستەکە پیّ دەزانیّ و دەیگوازێتەوە بۆ مرۆڤ وەك رەنگ و زبری و سافی و. ..هتد، سایکۆلۆژیاش لەرێگەی خەیاڵەوە وێنەکە (چۆنایەتیەکە)ی، وێنە دەگرێت و دەیباتە ناو (خەزنە — ژاکرە)ی مرۆڤەوە و وەك یادەوەری عەمباری دەکات.کردەی ناسینەوە لێرەدا روودەدات، چونکە مرۆڤ بەم خەزنکردنە شتەکان دەناسێتەوە و بەسەریان دەکاتەوە.

کاتێك ئێمە لەگەلّ سروشت مامەڵەدەکەین، دیارە سروشت بۆ خۆی خاوەنی جەوهەر و دەستپێکێکە، بەلاّم لەفۆرمدا جیاجیا و رەنگاو رەنگە. کاتێك ئێمە بەجەستە و سایکۆلۆژیا مامەڵە لەگەلّ سروشت دەکەین، ئەوا دەکەوینە رابردووی سروشتەوە.، چونکە جەستە خاسیەتەکانی سروشتمان دەداتیّ و خەیاڵیش وێنەکانی سروشت. ئەمەش بەپرۆسەی گواستنەوە ئەنجام دەردێت.واتە هەمووومان بیّ جیاوازی و لەیەك کاتدا دەتوانین ئەو کارە بکەین، بەلاّم جەوهەر خۆی جیا دەکاتەوە لەمادده و ناگوازرێتەوە و توانای بیرکردنەوە جەوهەر بەدیار دەخات. جەوهەر مادده نییە بەلاّم لەماددەدا خۆی نمایندە دەکات. جا ئایا ئێمە دەتوانین لەماددەکەدا جەوهەرەکە بدۆزینەوە و بلّێین لەم بەشەیاندا هەیە؟ بێگومان نەخێر!.چونکە بۆ درککردنی جەوهەر دەبێت ئێمە لەناو (من — عەقلّ)[٣]دا واتە بکەوینە حاڵەتی خالقییەتەوە.واتە بکەوینە ئەو حاڵەتەوە کەبەناو کەرەستە و وێنەی شتەکان برۆین و تێشیان پەرێنین و لەناو خۆماندا مامەڵە لەگەلّ جەوهەرەکە بکەین و لێی ڕابمێنین.بەم کەوتنە ناو ئەم حاڵەتەوە دەتوانین جەوهەر کەشف بکەین و بزانین بۆچی دار دارە و بەردینە، یان بۆچی چۆنایەتی دار جیاوازە لەچۆنایەتی بەرد.

بەم پێزانینە دەکەوینە ناو دووبارە خولّقاندنەوەی ئەو شتە بەلاّم لەناو خۆماندا. ئەم حاڵەتە لەرێگەی هەستەکانەوە نییە و بەرێگەی گواستنەوەش نییە، بەڵکو خودی درککردنە و ئەمەش لەناو (من — عەقلّ)ی خۆماندا هەستی پێدەکەین و ناتوانین بەلاسایکردنەوە ئەم جەوهەرە بزانین

که چییە؟هاوڕا لەگەڵ دیکارتدا دەبێت هەستەکان بخەینە ژێر گومانەوە لەبەر ئەوەی شتێکی یەقین و جێگیرمان ناداتێ. هەروا نەهێڵین شتەکان بێ پرسیارکردن و گومانکردن بەسەرماندا تێپەڕن و گوزەر بکەن.چونکە هەموو ئەو بیرو رایانەی کە لە هەستەکانەوە بۆمان دێن، چونکە ئایدۆلۆژیان و نابنە مەعریفە، بەڵکو وەك زانیارییەکی دەست بەسەر داگیراو دەستاو دەست دەکەن.جادامالینی هەستەکان لەناو خۆماندا مانای فرێدانی هەستەکان و رەفزکردنەوەی شتەکان و ئەویتر نییە.بەڵکو خودی تێگەیشتنە، بەلام لەپرۆسەی دامالینی هەستەکاندا ئەویتر دەکەوێتە خەتەری دامالینەوە، چونکە (ئەویتر – کۆمەڵگە) هەمیشە هێزە بەلام هێزێکی ماددی رووتە. واتە کۆمەڵگا شتەکانی براندۆتەوە. مرۆڤ بۆی نییە دەست لەم رێکەوتنە بدات کە کۆمەڵگا کردوییەتی لەسەر شتەکان. جەوهەری ئەم رێکەوتنەش لای کۆمەڵگا ئەوەیە دەست بەسەر مرۆڤەکاندا بگرێت و ئاگاداری هەموو کار و بیرکردنەوەکانی بێت و بەئاسانی ئاراستەیان بکات.ئەمەش ئاسان کردووە بەوەی بەلاسایکردنەوە هەموو کەسێ بتوانێت ئەنجامی بدات، بەلام بیرکردنەوە لەدەستی کۆمەڵگادا نییە و پرۆسەیەکی گرانە و قوربانیشی دەوێت.

بیرکردنەوە هەمیشە شتێکە دەبێت بەلام لاسایکردنەوە شتێکە هەیە. واتە کۆمەڵگا رێوڕەسمی داناوە مرۆڤ چۆن ژن بهێنێ و کێ بهێنێ و چی بکات و چۆن کەسێك بێت. ئەمە تەواو گشتێنراوە بەسەر خەیاڵ و خەزنەی مرۆڤەکاندا و وەك دەنگێك کۆمەڵگا لەناو مرۆڤدا. مرۆڤ ئاراستە دەکات و ئامۆژگارییەکانی خۆی بەمرۆڤ دەڵێت.جا لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەم گشتاندنە بەناو دیندا براوە و زیاتر کراوەتە ئایدۆلۆژیایەکی دینی و قوڵتر پێی خۆی داکوتاوە.بەم رێگایە شتێك هەیە ناوی رۆحی گشتی و عەقلی کۆمەڵگایە. بەمە مرۆڤەکان هەمووی لەیەك دەچن و هەموو یەك حیکایەت ئەزموون دەکەن و شتێك نییە ناوی (من) بێت. ئەوەی هەیە (ئەویترە). واتە تۆ منی و منیش تۆم. منێکی ساف و بێگەرد لەئارادا نییە و کەس نییە حیکایەتێکی تایبەت بەخۆی هەبێت. لەڕاستیدا پرۆسەی دامالینی هەستەکان لای دیکارت هاوتەریب بەبیرکردنەوەی ئێمە، ئەوەیە لەئەویتر تێبگات، چونکە چونکە بەبێ تێگەیشتن لەئەویتر هەمیشە (من) بزر دەکەین و دەکەوینە ناو فێڵ و گەمەکانی ئەویترەوە.لەگەڵ نەبوونی (من) کۆمەڵگا دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ و گرنگ نییە من دەمرم یان هەم.، چونکە من بمرم وەك ئەوە وایە نەمردبم، لەبەرئەوەی تۆ منیت، ئیتر تۆ ئەبیت بەمن و ئەوکارەش دەکەیت کەمن کردوومە بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا پەکی بکەوێت. خۆ تۆش بمریت وەك ئەوە وایە نەمردبیت، چونکە من تۆم و دەبم بەتۆ، هەر ئەم

حاڵەتەش بوو وای لەدیکارت کرد کە ئەو بڕیارە بدات. ((ئەگەر بمانەوێت زانستەکان لەسەر بنەمای پتەو دابمەزرێنین ئەوە بۆ جارێکیش بێت لەژیانماندا، دەبێت هەموو بۆچوونە کۆنەکانمان مشت و ماڵ بکەین: ماوەیەکە بۆم دەرکەوتووە کە منداڵ بووم، کۆمەڵێك بۆچوونی هەڵەم پێداروە و پێم وابووە راستن. دواتر بۆ دەرکەوت ئێمە هەر شتێك لەسەر ئەو جۆرە پرەنسیپانە دابڕێژین، نابێت زۆر جێگای باوەڕ بن. بۆیە بڕیارمدا گەر بمەوێت بنەمای پتەو بۆ زانستەکان دابڕێژم و جێگیر و سەپاو بێت دەبێت ئەگەر بۆجارێکیش بێت لەژیانی خۆمدا، خۆم لەهەموو ئەو راو بۆچوونانە دەرباز بکەم کە پێشتر بڕوام پێیان هەبووە و سەر لەنوێ بەپێی پرەنسیپی تازە دەست بەشتەکان بکەمەوە))[٤]

لەڕاستییدا کۆنی بۆچوونەکان لەو یادا نییە کە ئەوانە رابردوون بەنیسبەت کۆمەڵگاوە، بەڵکو هەموو ئەو بۆچوون و رایانەشن کە ئێستا دەگوزەرێن و وەك واقیع لەبەردەمماندا هەن.، چونکە کێشەکە لەو یادایە ئایا ئەم بۆچوونە لەڕێگەی هەستەکانەوە هاتووە یان نا.بەڵکو گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەڕێگەی هەستەکانەوە حوکم نەدات و زانین بینا نەکات، بەڵکو لەڕێگەی منی خۆیەوە لەناو خۆیدا بۆ جەوهەری شتەکان بگەڕێت. گەر ئەوهابوو ئەوا ئەم دررککردنە ناوەکییە زۆر بەهێزترە لەو ڕایانەی لەدەرەوە هێرشی بۆ دەبەن.بگرە هەر ناتوانن بیجوڵێنن و هەرەسی پێبهێنن، ئەگەر ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی عەقڵیش بوو، ئەوا ئەم مرۆڤە وەك یەکەمین سات و یەکەمین جار مامەڵەی لەگەڵ دەکات و گەر کەشفی کرد ئەوا پەسەندی دەکات.ئەمەش بەڕێگای پرسیار و گومان و تێگەیشتن ئەنجام دەدەرێت، بەڵام گەر ئێمە لەدەرەوەی خۆمان شتەکانمان وەرگرت ئەوا هەمیشە ئەگەری لەناوچوون و هەڵخلیسکانی هەیە، چونکە چونکە هی خۆمان نییە و لەئەویترەوە پێمان گەیشتووە.بۆیە راستی ئەم پرۆسەی داماڵینە، پرۆسەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیە. بەڕەفزکردن و ناکردن و ناتوانین ئەویتر لەناوخۆماندا دەربکەین و نەیهێڵین. داماڵینی هەستەکانیش لای دیکارت هەمووی داماڵینی ئەویترە لەخۆی هەتا (من)ی خۆی بدۆزێتەوە. بیرکردنەوەش لەجەستە و سایکۆلۆژیاش بۆ ئەوەیە، ئەوانە رایەڵی پەیوەندی مرۆڤن بەئەویترەوە هەتا بتوانین رێگاکان و فێڵەکانی ئەویتر بزانین کە چۆن دێن و ئێمە داگیردەکەن و دەمانکەن بەخۆیان و لە (من)ی خۆمان دوورمان دەخەنەوە هەتا ئەو نوێن بین و خۆنوێن نەبین.

## ٢/ هەڵخلسیکانی ئەویتر لەڕووتەختی خەزنەدا:

"تێڕامانی دوێنێ پڕ لە گومانی کردم، بەشێوەیەك ناتوانم لەنێو خۆمدا بیانسڕمەوە و ڕێگایەکیش نادۆزمەوە بۆ چارەسەرکردنیان وەکو ئەوەی لەناکاو کەوتبێتمە ناو ئاوێکی زۆر قوڵ، بۆیە زۆر حەپەسام و نەمتوانی نەلەسەر ئاوەکە و نەلەبنی ئاوەکەدا خۆم بگرمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو وزەی خۆم خەرج دەکەم تاوەکو بەم ڕێگایەی دوێنێدا بڕۆم و لەهەموو شتێك دوو ربکەومەوە کەمترین گومانی لەسەر بێت، وەکو ئەوەی لەسەر یەقین بم لەوەی کە بەتەواوی دروست نییە. بەو ڕێگایەدا دەڕۆم تاوەکو دەگەمە شتێکی جێگیر، ئەگەر ئەوەشم دەسگیر نەکرد، بەتەواوی لەوە تێدەگەم و دەزانم لەجیهاندا شتێکی جێگیر بوونی نییە"[٥] دیکارت لێرەدا، لەم پرۆسەی داماڵینی هەستەکان و وردبوونەوە لەئەویتر، کەتەواو پرۆسەیەکە بیرکردنەوە تێیدا بەشدارە و بەکۆمەکی (من – عەقڵ)ی خۆی تەواو تیشك دەخاتە سەر هەموو ئەو شتانەی جێگەی گومانن.لێرەدا دیکارت حاڵەتی (عەدەم)ی خۆی بەیان دەکات بەوەی کەوا نەلەبنی ئاوەکە دایە و نەلەسەر ئاوەکەیە. واتە جارێ هیچ شتێ روون و ئاشکرا نییە و (من) هێشتا وەك تراویلکە وایە و جارێ نازانرێ ئەو حاڵەتە غەمگین و بێزار کەرە چییە؟ کەوا مرۆڤ هیچ ئینتیمای بۆخۆی و ئەویتر نامێنێت. بۆیە دیکارت لێرەدا تووشی حاڵەتێکی سەرسوڕهێنەر دێت، کە لەنێوان من و ئەویتردا گیر دەخوات.گەر دەچێت بۆ منی خۆی ئەوا ئەویتر و کەسایەتی خۆی لەدەست دەدات.گەر دەشڕوات بەرەو پیری ئەویتر، ئەوا (من)ی خۆی فەرامۆش دەکات و هەمیشە لەناو گومان و دڵەڕاوکێدا دەبێت و هەمیشە لەحاڵەتی بارگۆڕیندایە و شتێکی یەقین نییە لێوەی دەست پێبکات.چونکە ئەویتر جێگەی یەقین نییە و ناهێڵێیت مرۆڤ بۆخۆی بژیت، چونکە چونکە هەمیشە خۆی نییە و ئەویترە، ئیتر هەست بەدووبارە بوونەوەی شتەکان دەکات و هەمیشە هەست دەکات شتێك هەیە نەیکردووە. ناشتوانێت ئەو دەنگە فەرامۆش بکات کەوا بەشتەکان رازی نییە. مرۆڤ لێرەدا بەرەو حاڵەتی عەدەم دەڕوات هەروەك دیکارت بەئاوەکە گوزارشتی لێدەکات.بەڵام دیکارت تەواو یەقینی هەیە ئەوەی ئەو گومانەی دروستکردووە شتێکە و ممکن نییە هیچ نەبێت. هەر بۆیە بڕیار دەدا کەبەرەو پیری بڕوات و بزانێت چییە؟ بەمەش مەعریفەیەك چنگ دەکەوێت ئەویش ئەوەیە کەوا هیچ شتێکی جێگیر بوونی نییە.ئەگەرچی ئەم بێ یەقینییە خۆی یەقینە، واتە یەقینێك هەیە کەهیچ یەقینێك نییە، واتە گەر لەم بیرکردنەوەیەش ووردبینەوە بنەمایەك دەدۆزینەوە.خۆئەگەر هەشبوو ئەوا ئیتر لەگەڵ شتە نەمر و جێگیرەکان مامەڵە دەکەین و هەمیشە لەناو میتافۆڕ و دەرکەوتە جیاوازەکاندا بەشوێن جەوهەرەکاندا دەگەڕێین.حاڵەتی عەدەم

جیاوازەی لە (ناکردن) ئەگەرچی لەفۆڕمدا لەیەك دەچن بەڵام عەدەم تێگەیشتنی تەواوە لە ئەویتر و لەهەموو ئەوشتانەی کەرۆژانە هاتوونەتە ناومان و بوونەتە یادەوەری لەلامان.بەم تێگەیشتنە ئەویتر تووشی شڵەژان و هەڵوەرین و هەڵخلیسکان دێت.

چونکە هەموو ئەو بیروبۆچوونانە لەکۆمەڵگاوە وەرمانگرتووە و ئێمە هیچ مەعریفەیەکمان نییە لەسەری و هەمیشە لەڕووبەڕووبوونەوەی مردندان، چونکە جەوهەر نین. یان وێنەن یان کەرەستەی بەوێنەکراون.بۆیە دەبێت ناکردن و عەدەم لەیەکتر جیاواز بکەینەوە ناکردن نای ئەویترە لەناو خۆمان و ئێمە لەبەر ئەویتر ئەوکارە دەکەین یان نایکەین.بەڵام لەعەدەمدا خۆمانین و بیرکردنەوە حزووری هەیە، بەڵام لەناکردندا هەڵەشەیی و توڕەیی لەگۆڕێدان.مەرجی دەرکەوتنی (من) لەڕاستیدا عەدەمە، عەدەم حاڵەتێکی ئاسان و سادە نییە ڕاستە حاڵەتە، بەڵام پاڵپشتە بەو تێڕامان و بیرکردنەوەیەی مرۆڤ سەرەتا دەیکات لەخۆی و لەبەرامبەری.ئەم پرۆسەی بیرکردنەوەیەیە لەحاڵەتی عەدەمدا ئامانجی خۆی دەپێکێت.جا عەدەم لەسەر دوو ئاستی جیاواز ڕەنگدانەوەی دەبێت ئەوانیش واقیع و یادەوەرین.

## (٢-١) کاڵبوونەوەی واقیع:

دیارە واقیع دەرکەوتەی بیرکردنەوەی مرۆڤە، واتە کۆمەڵگای کوردی دەرکەوتەی بیرکردنەوەی کوردە. خانووەکان یاساکان شەقامەکان و جۆر و شێوازی خواردن و هەموو ئەم شتانە هەمووی پێشینەی خۆیان هەیە و سەر بەجۆرێك لەبیرکردنەوە و جۆرێك لەتەبیعەتی جیاوازن. مرۆڤ لەبەردەم واقیعدا لەبەردەم ئێستادا نییە، لەڕاستیدا لەبەردەم پاشماوەی بیرکردنەوەیەکدایە، لەحاڵەتی عەدەمدا مرۆڤ واقیعی لا کاڵدەبێتەوە و ئینتیمای بۆ نامێنێت.خانوو و شەقام و ماڵ و پارە هیچ بەهایەکی نامێنی، چونکە چونکە دەزانێ مرۆڤ بەبێ ئەو شتانەش دەتوانێت هەبێت. واتە بوونی مرۆڤ لەسەر واقیع ناوەستێ و دانامەزرێت، بەڵکو لەسەر (من — عەقڵ)ی خۆی دادەمەزرێت. واتە واقیع ناتوانێت بمانکان بەشاعیر و فەیلەسوف و دانا، بەڵکو ئەوە خۆمانین دواجار تێدەگەین عەقڵ سەرچاوەی شتەکان و هەر لەناو عەقڵدا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ببێت. بۆیە لەئاستی یەکەمی عەدەمدا واقیع سفر دەبێـەوە لای مرۆڤ و ئەمەش بەمانای بێ مانایی و فڕێدانی واقیع نییە، بەڵکو مرۆڤ تێدەگات واقیع بەبێ عەقڵ واقیع نیە و وەهمە.چونکە حیکایەتی ئەوانیترە لەبەردەم ئێمەدا، ئیتر مرۆڤ چەندە واقیعی بێت ئەوەندەش خۆی نییە و

سێبەرە، چونکە چونکە واقیع لەگۆڕاندایە و هەمیشە لەسەر یەك بنەما و پشت خۆی دانامەزرێنێت بەمەش مرۆڤ نابێت بەشوێن خاڵی جێگیر و بنەمادا بڕوات، بەڵکو دەبێت لەگەڵ واقیع بڕوات.هەتا ون نەبێت و کەسایەتی بۆ خۆی دروست بکات.، چونکە لەواقیعدا کەسایەتی کەوێنەی مرۆڤە لەکۆمەڵگادا و وەك ماددەیەك حازرە و مانای خۆی هەیە، بەڵام ئەم وێنەیە جەوهەری مرۆڤ نییە بەڵکو وێناکردنی واقیعە بۆ ئێممە.مرۆڤ کە ئەمە دەزانێت ئیتر واقیع ناتوانێت بیگۆڕێت و کاری تێبکات. کارەساتی گەورە ئەوەیە خەڵکانێك دێن و دیانەوێت واقیع بگۆڕن بەڵام خاڵی لەعەقڵ هەر بۆیە پاش ماوەیەك واقیعەکە ئەو دەگۆڕێت و ئاراستەی دەکات.بۆشایی گەورەی ناو ڕۆشنبیریی کوردیش راستی غیابی عەقڵە و هەمیشە لەیەك بازنەدا خۆی دووبارە دەکاتەوە.

## (٢-٢) هەڵخلیسکانی یادەوەری لەخەزنەدا:

"بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە ئەو تێبینیانە بخەمەڕوو، بەڵکو دەبێت لەنێو یادەوەری خۆمدا جێگیریان بکەم، چونکە چونکەراو بۆچوونە کۆن و باوەکان ماوە ماوە دێنەوە لام. دوای ئەو ماوە زۆرەی لەنێومدا جێگیر بوو، زەینم خەریك دەکات و بەزۆری خۆی بەسەر بیروباوەڕەکانم دەسەپێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا من ڕێزی دەگرم و بڕوای پێدەکەم، مادام وادەبینم کەواقیعە. واتا لەهەندێك لایەنەوە وەکو ئەوەی روونم کردەوە جێگای گومانە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئیحتیمالییە بەشێوەیەك بڕواکردن پێیان راستترە لەرەتکردنەوەیان. بۆیە من پیاوێکی دانام ئەگەر هەڵوێستێکی پێچەوانە بگرمە بەر و خۆم بەدرۆ بخەمەوە و بۆماویەك گریمانی ئەوە بکەم هەموو بۆچوونەکانم پوچ و خەیاڵین تاوەکو کاتی ئەوەم بۆ دەرەخسێت بۆچوونە تازە و کۆنەکانم بپێوم. بەو جۆرە هیچ رایەك بەرەو لایەك یا لایەکی تر ناچێت، هەروەها هیچ داب و نەریتێکی هەڵە کۆنترۆڵی بڕیارەکانی من ناکات و لەڕێگای راستیان لابدات کە دەتوانێت بەرەو مەعریفەی راستەقینەم ببات کە من دڵنیام لەوەی هیچ مەترسییەك لەسەر گرتنەبەری ئەو ڕێگایەدا نییە و هەڵە نییە، من هەرچەندە زێدەڕۆیی لە وریایی خۆم بکەم، چونکە چونکە داوای من ئێستا کار نییە، بەڵکو تێڕامان و مەعریفەیە" [٦] ئاستی دووەمی حاڵەتی عەدەم لەسەر یادەوەرییە و خەزنە، کە وەك کۆگایە بۆ هەڵگرتنی یادەوەری و رووتەختی ئەم وێران بوونەیە، ئێمە دەزانین یادەوەری بەتەنها ژیانی منداڵی و حیکایەتەکان نییە، بەڵکو بیروڕا و هەموو ئەو بۆچوونانەش کەئێمە وەرمانگرتووە لەئەویترەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا خۆشمان واتە کەسایەتی ئێمەش کە هەتا

ئەو كاتە بەكۆدی ئەویتر رێكمان خستبوو. ئەم بەشەی خۆشمان كە خۆمان نییە و منێكە لەناو خۆیدا ئەویترە و بەناوی منی منەوە ئاراستەمان دەكات. هەموو ئەوانە دەكەونە ناو حاڵەتی تێگەیشتن و عەدەمەوە واتە لەحاڵەتی عەدەمدا مرۆڤ لەناو خۆیدا بەرگری لەخۆی ناكات، بەڵكو دەست لەخۆی بەردەدات و دەیخاتە ناو ئەو ئاگرەوە هەتا بزانێت كە ئایا ئەوەی تا ئێستا هەبووە خۆیەتی یان ئەویترە.ئیتر لەم ئاراستەدا یادەوەریش هەمووی هەڵدەوەرێت و بەم تێگەیشتنەی مرۆڤ یادەوەری كەوەك سێبەر وایە لەبەر رۆشنایی عەقڵدا نامێنێت و دەڕەوێتەوە. دیكارت ئەم یادەوەریانە دەكاتە سێ بەشی جیاواز "ماناكانی ئێمە دابەش دەبنە سەر سێ جۆر: هەندێك لەو مانایانە لەگەڵ مندا هەیە و هەندێكی تریشیان نامۆن و لەدەرەوە وەرمگرتوون، جۆری سێیەمیشیان من بۆ خۆم دروستیان دەكەم"(٧)

لێرەدا دیكارت حاڵەتی عەدەم رۆشن دەكاتەوە ئەوەش هەموو یادەوەریە كە لەم بارەدا هەڵدەوەرێت، لێرەدا دیكارت لەوە دەپرسێت ئەوەی بەجێگیری دەمێنێتەوە چییە؟ ئایا شتێك هەیە لەپاڵ ئەم وێران و رووخانەدا بمێنێتەوە، مادام هەستەكان بۆخۆیان بەسەر دەچن و دەگۆڕێن. وەك پیربوون و لاوازبوون واتە ماددەن لەخۆیاندا و هەر شتە مادديیەكانیش دەزانن. ئەوانەشی بەم رایەلانەدا دەڕۆن جێگەی هەڵوەرین و رووخانن ئەوەشی دیكات ئەنجامی دەدات هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی (من) هەر بۆیە دواتر دەڵێت: "سەركەوتنێكی گەورەیە گەر بتوانین تەنیا یەك شتی جێگیر بدۆزینەوە:باشە ئەرخەمیدس جگە لەدۆزینەوەی تەنیا یەك شتی جێگیر كە نەجولێت، هیچ شتێكی تری گەرەك بوو تاوەكو گۆی زەوی لەشوێنێكەوە بگوازێـەوە بۆ شوێنێكی تر؟منیش هەروام.مافی خۆمە دڵم بەوە خۆش بێت ئەگەر بەخت یاوەرم بێت و شتێكی جێگیر بدۆزمەوە گومانی تێدا نەبێت"(٨)

ئەم هیوایەی دیكارت جێگەی دڵخۆشی ئێمەیە، چونكە چونكە ئەوەمان لا زیندوو دەكاتەوە كەواشتێك هەیە كە ئێمە لەسەری بوەستین وەلێ ئەگەرچی رۆشنبیری دوای راپەڕین هەوڵەكانی شاردننەوە و لێدانە لەو خاڵە جەوهەرییە. ئەم باسەش خۆی كەشفكردنی ئەو دەنگانەیە كە جەوهەر و بنەماكان دەشارننەوە و بەوەهم و خەیاڵی دەزانن.ئەم كارەشیان بۆ خۆی ترسی ئەوەیە نەوەیەكی تر بێت و ئەمان تێپەڕێنێت. بەمەش مەبەستی نارۆشنبیری رۆشنبیری دوای راپەڕین بەدیار دەكەوێت، كەوا لەبەر ئەوەی جەستەی خۆی درێژبكاتەوە دێت رۆحێك پەردە پۆش دەكات و لەپێناوی ژیانی خۆیدا رۆحێك دەكوژێت.دواتر ئێمە زۆر وردتر ئەم هەوڵە پایە ماڵ

دەکەین و نهێنی ئاشکرا دەکەین.دواتر دیکارت لەکۆتایی ئەم پرۆسە گەورەی خۆیدا بەشوێن (من)دا دەگەڕێت و رستەکەی خۆی دەڵێت (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم) واتە مەرجی هەبوونی من لای دیکارت بیرکردنەوەیە. واتە بەبیرکردنەوە مرۆڤ منێك دەدۆزێتەوە لەخۆیدا کە ئەویتر نییە. "کاتێك لەهەستەکان داماڵراین بەڕوونی و ئاشکرایی دەزانین ئێمە شتێکین بیر دەکەینەوە"[٩]

## ٣- دەرکەوتنی من:

"ئێستا دوای ئەوەی زەینمان لەهەستەکان ئازاد کرد، ئاسانە رووە و مەسەلە عەقڵانییەکان ئاراستەی بکەین"[١٠] جیاوازی دیکارت لەگەڵ ئەوانیتردا ئەوەیە، دیکارت هزری خۆی وابەستە ناکات بەیادەوەری خۆییەوە بەوەی دوای ئەوەی هەڵوەری شوێنی بکەوێت و لەدووی بگریت، چونکە ئەوە باش دەزانێت ئەوەی شایەنی هەڵوەرینە دیارە حەقیقی نییە و هەمیشە یەقین و پنتێك هەیە سێبەرەکان دادەپۆشێت بۆیە دوای دەرکەوتنی رۆشنایی (من — عەقڵ) دیکارت تەواو هۆش و بیری دەخاتە سەر ڕووناکییەکە و روو وەردەگێڕێت لەواقیع یادەوەری.ئیتر هەر شتێك بێتە ناو مرۆڤەوە دەبێت بەم رۆشناییە بیخاتە ژێر تاقیکردنەوە و ئەوەی لەژێر ئەم رۆشناییەدا دەمێنێتەوە و جێگیر دەبێت، ئەوە راستی خودی مەعریفەیە کە مرۆڤ چنگی دەکەوێت و لەڕێگەیەوە وەعی دەبێت بەرامبەر بەخۆیی و دەووروبەری. دواتر (من) کە پێشتر باسمان کرد لەحاڵەتی بوون بەهێزی خۆیدا بوو، ئەوا لێرەدا دەکەوێتە ناو حاڵەتی بوون بەکردە و کرانەوە و دەرکەوتن، بەڵام لێرەدا دەبێت هەڵوەستیەك بکەین ئەویش ئەوەیە ئەم منە کەمنی منە. کاتێك دەست بەدەرکەوتن دەکات سەرەتا بەناو سایکۆلۆژیادا دەڕوات و دەچێتە ناو خەزنەوە جێگەی یادەوەری دەگرێتەوە.چونکە یادەوەری پاشەکشەی کردووە لەحاڵەتی عەدەمدا بەهاتنی من بۆ ناو خەزنە یادەوەری دێتەوە بەڵام ئەمجارە عەقڵ ریزبەندی دەکات و تێکیان دەشکێنیٚ و دووبارە دایاندەڕێژێتەوە.بەڵام نەك وەك کۆمەڵگا یان وەك خۆیان بەڵکو وەك ئەوەی عەقڵ داوای دەکات.

ئیتر مرۆڤ وەعی دەبێت بەرامبەر بەخۆی و بەڕابردوو و ئێستای خۆی. ئەم مرۆڤە بەوەدا رووی خۆی وەرگێڕا بەلای عەقڵدا و چووە ئەودیوو یادەوەرییەوە. ئەم مرۆڤە دورتر دەڕوات لەکۆمەڵگا و هەمیشە رۆشناییەکی هەیە کە شتەکانی پیٚ پێوانە دەکات و دەناسیٚ و هەر شتێکیش ئەم رۆشناییە قبوڵی نەکات ئەوا بەناکاملی دەزانێت و راو و بۆچوونێکی سەر پێیانەیە و پاڵپشت نییە بەبیرکردنەوەیەکی رەسەن و قولٚ، کەلەناو خودی عەقلٚ خۆیدا هەڵقولاو بێت.لەدوای رۆشتنی

عەقڵ بەناو سایکۆلۆژیادا مرۆڤەکە سەرەتا لەناو خۆیدا بیر دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بیەوێت ئەم بیرکردنەوەیە فیزیکیەن دەرببڕێت، واتە بیخاتە واقیعەوە ئەوا عەقڵ لەسایکۆلۆژیاوە دادەبەزێتە سەر جەستە.

لێرەدا جەستە و سایکۆلۆژیا دەردەکەون کەوا چەند بەکەڵکن بۆ مرۆڤ لەپرۆسەی دنیا بوونەوەی عەقڵدا.بەڵام ئەم ماهییەتە لەو یادا دەردەکەوێت کە خۆیان دەخەنە ژێر خزمەتی خودی عەقڵەوە. بەمە عەقڵ لەتوخمێکی خوایی و ئاسمانییەوە دەبێتە توخمێکیزەمینی و مرۆیی.لەڕاستیدا فەلسەفەی دیکارت گەورەترین کۆمەکێکە کە رۆشنبیریمان پێویستی پێیەتی.، چونکە (من)ی دیکارت خودی عەقڵ خۆیەتی و ئەوەیە بیردەکاتەوە و دەخوازێ و تێدەگات.رەتکردنەوەی (من) رەتکردنەوەی عەقڵە، بەم رەتکردنەوەیە دەکەوینە بەردەم ناکردن و ئیتر پنت و بنەمایەك نامێنێ خۆمانی لەسەر بینا بکەین.تەواوی فەلسەفەی دیکارت گەڕانە بەشوێن مندا و نەك هەر ئەمە بەڵکو دۆزینەوەی منەکانیشە لەدەرەوەی عەقڵ خۆی. بەرگری دیکارت لەمن بەرگریکردنە لەعەقڵ، دواتریش فەلسەفەکەی لەسەر ئەم تێزە بینا دەکات. گرنگی دیکارت لەم باسەدا ئەوەیە خۆشمان بکەوینەوە ناو حاڵەتی گومان و عەدەمەوە و نەوەی پێش خۆمان بخەینە ژێر پرسیارەوە و بەتاڵ بینەوە لەئەوان لەپێناوی دەرکەوتنی منی خۆماندا. ئاسۆیەکی دیکە بدۆزینەوە بەسەر دیدی رۆشنبیریماندا و بزانین جیاوازی من لەگەڵ ئەودا ئەوەیە من خۆمم و تۆ نیم.نەك من تۆ نیم بۆیە خۆمم. ئەمە ئەو تێزەیە دەبێت ئێمە بەڵگەی بۆ بهێنینەوە، نەبوونی فەلسەفە لەناو کورددا شاردنەوە و حاشاکردنە لە (من — عەقڵ) وەك لێرەدا دەمانەوێت ئەو کارەکتەرانە بەدیار بخەین، کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. بەوەی دەیانەوێت بەناوی رۆشنبیریی و بیرکردنەوە وە منی خۆمان ون بکەین و ئەوان دابەزێنین لەناو خۆماندا و بوونی ئەوان وەك هیزێك لەناو جەستەماندا ئاراستەمان بکەین.هەر بۆیە دیکارت داوەتی ئەم گفتوگۆیە دەکەین و وەك شاهیدێك و بەرگری کەرێکیش، تێزەکەی خۆمانی پێدەوڵەمەند دەکەین.بابڕۆینەوە سەر باسەکە، مرۆڤ کە هەستی بەم منەی خۆی کرد و تەواو لای رۆشن بوویەوە، کە شتێك هەیە ناوی منە. ئیتر مرۆڤ بەشوێن عەینی بوونەوەی ئەم منەدا دەگەرێت و هەمیشە ئەو زەمینانە تاقیدەکاتەوە کەوا من تیایدا دەردەکەوێت، چونکە چونکە کاری مرۆڤ هیچ نییە جگە لەعەینی کردنەوەی عەقڵ لەزەمیندا. مرۆڤ بەبێ ئەم کارە تووشی بێ هودەیی و سەرگەردانی دێت بەڵام بەم کارە بناغەی بەهەشت دادەمەزرێت لەسەر زەوی.، چونکە واقیعی بوونەوەی عەقڵ، رێکخستنەوەی دنیایە وەك

خۆی.دابەشکردنی داشەکانی جیهانە بەو پێیەی عەقڵ دەیخوازێت لەغیابی واقیعی عەقڵیدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو کردەی داهێنان و نووسین و هونەر بەگشتی.چونکە داهێنان لەجەوهەری خۆیدا هێنانی عەقڵە بۆ ناو واقیع بەم هاتنی عەقڵە بۆ ناو دنیا داهێنان روودەدات و عەقڵ زەمینی دەبێتەوە.لەیەکترچوونی ئێمە لەژیان و گوزەران و بیرکردنەوەدا ئەوەیە عەقڵ غیابی هەیە لەناوماندا، بۆیە هەمیشە خۆنوێن نین و ئەو نوێنین. من ئەو کاتە هەم کەدەزانی و تۆش ئەو کاتە هەیت کە من پێدەزانم ئەم بنەما ترسناکەیە وایکردووە، خوێنەر قیمەتی نووسەر دیاریدەکات و بڕوانامە قیمەتی مامۆستا و کورسی و قیمەتی گەورەیی مرۆڤ دیاریدەکات. لەکاتێکدا ئەوەی ئەمانە رادەگرێ و مانایان دەداتێ خودی عەقڵ خۆیەتی. لەناو رۆشنبیریی دوای راپەڕیندا نووسین هەلی ژیانی نییە بەبێ خوێنەر، چونکە رۆشنبیریی ئێمە بەمیزاجی خوێنەر دەنووسێت و بیر دەکاتەوە خوێنەر ئەمڕۆ حەزی لەحیکات و رۆمانە، ئیتر نووسەری ئێمە دەست دەداتە رۆمان نووسین. ئەمڕۆ غیابی عەقڵ هەیە و ئەم باسەش هەوڵە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە و نوخبەکانی ئەم رۆشنبیریەتە بانگهێشتی ئەم گفتوگۆیە دەکەین بەم تیۆرییەی پێشتر خستمانەڕوو. دیارە یاسای گفتوگۆش وەهایە، ئەوەی یەکەمین جار بانگ دەکات دەبێت تێگەیشتنی خۆی بەیان بکات ئەوجا بەم تێگەیشتنە لەئەوانیتر بڕوانێت و رەخنەیان ئاراستە بکات.بەهیوای ئەوەی بتوانین بەرچاو روونی خۆمان بپارێزین و نەکەوینە ناو قسەکردنەوە، چونکە چونکە قسەکردن بنەمای تیۆری نییە و شتێك نییە ئاراستەی دیارییبکات، بەڵام ئێمە هێزی ئاراستەکردنەکەشمان بەیانکردووە بەوەی ئەم باسە لەدەستی تیۆرییەکەدا بێت نەك خۆمان. هەتا نەکەوینە ناو شەڕە قسەوە کە ئەمڕۆ رۆژنامەکان پێوەی سەرقاڵن و پێمان وابێت بەستوونێك کۆڵەکەی بیرکردنەوەی بەرامبەرەکەمان شکاند بێت.ئەم کارە نەك هەر بێ تواناییە بەڵکو نەزانیشە و وەك ئەوە وایە بەردێك بگرینە بەرامبەرمان و بەبێ چاوەڕێکردن ڕابکەین.

## ٣- بەئێستاکردنی واقیع لای بەختیار عەلی بەخەیاڵی گەیشتن بەعەقڵ:

وتاری (یادەوەری و زەمەن – شا رێگاکانی گەڕانەوەی رابردوو بۆ ئێستا) وتارێکە لەناو رۆشنبیری کوریدا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە بەجۆرێك یەکەمین جارە لەناو رەوتی رۆشنبیریماندا دەست بدرێت لەبابەتی رابردوو یادەوەری بەجۆرێك کە چۆن دێن و منی ئێمە داگیر

دەکەن و دەمانکەن بەخۆیان. بۆیە ئەم وتارە بایەخی خۆی هەیە و دەبێت بۆئێمەی خوێنەر زۆر بەووردی لەم وتارە رابمێنین و پرسیاری ئاراستە بکەین.

دڵخۆشی ئەم وتارە لەویادایە کە مژدەی رۆشنبیرێکی نوێمان دەداتێ، کەنەك هەر قوتاربووە لەفێڵەکانی رابردوو بەڵکو خاوەنی دنیابینی و روئاییی خۆیەتی و رێنومایشمان دەکات بۆ گەیشتن بەشێوایزێکی دیکەی ژیان کە پاڵپشتە بەخودی عەقڵ و وادەکات ئێمە لەئێستادا بژین و ئەوە ئێمەین ئێستا بنیات دەنێین جارێکی دیکە "رۆشنبیری نەریت پارێز کاتێك ئێستا تۆمار دەکات بەشداری ناکات لەخولڤاندنیا بەڵکو بەشداریدەکات لەهەڵگرتنیا"[11] ئەم مژدانە جێگەی ئەوەن مرۆڤ هیوای هەبێت کەوا رۆشنبیری کوردی بەرەو عەقڵانیبوون دەڕوات، بەڵام لەکۆی ئەم وتارەدا ئێمە کە دەبینین جارێکی دیکە رابردوو دێت و داماندەپۆشێت و ناهێڵێت هەناسە بدەین. جا بۆ خوێندنەوەی ئەم وتارە هەوڵ دەدەین بیکەینە چەند بەشێك بەمەبەستی دەرخستنی بنەما فکرییەکانی ئەم وتارە و دواتر نیشاندانی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی لەگەڵ کاك بەختیاردا دەڕۆین تا بزانین بەڕاست ئێمە عەقڵ دەبینین یان ئاماژەکانی هەست پێدەکەین بۆ لە دایك بوونی بیرکردنەوەی رەسەن لەناو رۆشنبیریماندا.

## ناکردنی رابردوو:

"رۆشنبیرانی هەنووکە ئەو عەقڵە ئازادانەن کە هیچماڵێکیان لەڕابردوودا قبوڵ نییە و هیچ زەمەنێکی پیرۆزیان لا نییە"[12] لەڕاستیدا تەواوی بنەمای ئەم وتارە لەسەر ناکردنی رابردوو بنیاتنراوە بەجۆرێك کە هیچ شوێنێکی نییە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ رابردوودا و قبوڵی نییە رابردوو بانگێشت بکات و لەسەرە خوانی تێگەیشتن مامەڵەی لەگەڵ بکات. لەڕاستیدا جیاوازی دیکارت لەگەڵ بەختیاردا ئەوەیە دیکارت گومان دەخاتە سەر رابردووی خۆی و دواتریش گومان دەخاتە سەر هەستەکانی و یادەوەری خۆی، دواتر بەم گومانکردنە ناوەستێ و بەڵکو رووی خۆی وەردەگێڕێت بەرەو ئەو شتەی وایکردووە ئەو گومانەی دروستکردووە و بەشوێن ئەو خاڵە بنەڕەتییەدا دەگەڕێت.بەڵام بەختیار دێت ئەو شتە کە عەقڵە و منی مرۆڤ ناوی دەنێت (ئێستا) و ئیتر وازی لێدەهێنێت و لەگەڵ رابردوودا شەڕەکەی خۆی دەست پێدەکاتەوە، بەڵام دیکارت سەرەتا شەڕ ناکات و دواتریش عەقڵ حزور پەیدا دەکات لەناو دیکارتدا و تووشی حاڵەتی عەدەم دێت.ئیتر شوێن یادەوەری ناکەوێت چۆن دەڕوات و دێت، بەڵکو شوێن خودی عەقڵ

دەکەوێت.لەدوای ئەم حاڵەتەشەوە لەناو عەقڵدا مامەڵە لەگەڵ یادەوەری و واقیعدا دەکات، هەتا نەکەوێتە ناو شەڕکردنەوە.عەقڵیش لای دیکارت و هاوڕا بەئێمەش لەڕاستیدا هێزی تێگەیشتن و بڕیاردانە نەك هێزی ناکردن و نەفیکردن، هەروەك کاك بەختیار تەواو شەڕی خۆی ئاشکرا دەکات لەگەڵ یادەوەریدا و دەڵێت: "لەبنەڕەتدا عەقڵ هێزی نەرێکردنە لەمرۆڤدا"[١٣] ئەم رستەیە ئەوەمان لا ساغ دوکاتەوە کەوا ئەم وتارە بۆخۆی هەر لەیەکەم سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی واتە پێش ئەوەی کاك بەختیار بینووسێت سەرەتا کۆمەڵێك رۆشنبیری حازر کردووە لەزەینی خۆیدا کە بەرۆشنبیرانی نەرێپارێز ناویان دەبات، دواتر لەڕێگەی ناکردن لەیادەوەری و رابردووەوە دەیەوێت، رۆشنبیری پێش راپەڕین و نەوەی پێش خۆی نابکات. ئینجا هاتووە ئەم شەڕە ناوەکییەی خۆی دەرکێکردۆتەوە و لەم وەتارە دادەیخاتە بەردەم ئێمە و بەوتارێکی عەقڵی ناوزەد دەکات و پێی وایە خۆی و برادەرانی رەهەند کەرۆشنبیرانی هەنووکەن ئەوە هەڵگری جەوهەری رۆشنبیرین و لەناو عەقڵدا مامەڵە لەگەڵ شتەکان دەکەن. لەڕاستیدا یەکسانکردنی عەقڵ بەهێزی نەرێ کردن، بۆخۆی شاهیدە لەسەر ئەوەی کە بەختیار لەناو سایکۆلۆژیای خۆیدا مامەڵە لەگەڵ یادەوەری خۆی دەکات. بۆیە شەڕی لەگەڵ دەکات و نایدەکات، تیۆرییەکەی ئێمە وەك بەرئەنجامێك بۆ خۆی ئەوەیە عەقڵ نەرێناکات بێ تێگەیشتن بەڵکو لەجێگەی (نا) (عەدەم) هەیە. لەڕاستیدا عەدەم حاڵەتی بەهیچ بوونەوەی یادەوەرییە لەمرۆڤدا، واتە یادەوەری بەوەی مرۆڤ تێدەگات خۆی نییە و ئەویترە، بەم زانینە کە عەقڵ کۆمەك دەکات یادەوەری بۆخۆی تووشی بێمانایی دێت. نەك ئێمە نایبکەین و وابزانین بەم ناکردنە عەقڵ لەناوماندا دەست بەدەرکەوتن دەکات.عەدەم مەرجی هاتنی عەقڵە نەك ناکردن، ناکردن حاڵەتێکی سایکۆلۆژی مرۆڤە کە ئەویتر توڕەیدەکات و ئەم نایدەکات، بەڵام ئەم ناکردنە بەس نییە بۆ ئەوەی لەدەسەڵاتی ئەویتر رزگارمان بێت و بکەینەوە دەست خۆمان، گەر وابێت ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانین نابکەین و ببینە خۆمان.ناکردن حاڵەتێکی رەسەن نییە و نامانباتە بەردەم عەقڵ ئەوەی وادەکات تێگەیشتنە.دیکارت لەدوای حاڵەتی عەدەم بەشوێن منی خۆیدا وێڵ دەبێت و دواتریش فەلسەفەی دیکارت فەلسەفەی دەرکەوتنی منی خۆیەتی، بەڵام ئەم وتارەی کاك بەختیار نووسینەوەی شەڕی ناو سایکۆلۆژیای خۆیەتی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ و رۆشنبیرانی پێش خۆی. کارەساتە وابزانین بەنەرێکردن ئێمە هەین، هەر بۆیە لەتەواوی بیرکردنەوەی بەختیاردا هەمیشە شەرێك هەیە، ئەویترێك هەیە پێش ئەوەی بنووسێت.جا یان خۆشەویستی لەگەڵ دەکات

یان شەڕ، چونکە چونکە بەرهەدوو بارەکەدا هەڵەیەك هەیە روودەدات.کاك بەختیار بەوەندەش ناوەستێت دێت لەسەر بنەمای ئەم حاڵەتەی خۆی، شتەکان گشتی دەکاتەوە و تەعمیمی دەکات بەسەر هەمووماندا و دەڵێت:(عەقڵ هێزی نەرێکردنە) ئەم رستەیە غەدرێکی گەورە لەعەقڵ دەکات بەوەی ئێمە کەی نامان کرد ئەوا عاقڵانە جوڵاوینەتەوە.لێرەدا گرنگی فەلسەفەی دیکارت بەدیاردەکەوێت و ناچارمان دەکان بچینە سەر تیۆرییەکەی خۆمان و لەوێدا بیر لەم رستەیە بکەینەوە تابزانین چ گوناهێك کراوە بەناوی عەقڵەوە.

## بەواقیکردنی ئێستا:

لەڕاستیدا لەتەواوی بنەمای ئەم وتارەدا کاك بەختیار لەبەر ئەوە نای رابردوو دەکات هەتا ئێمە لەئێستادا بژین. لەئێستادا ژیانیش لای بەختیار راستی خودی دابەزینی عەقڵە بۆ سەر دنیا. ئیتر مرۆڤ بەوە دەبێتە کائینێکی عەقڵی و عاقڵانە شتەکان بەڕێوە دەبات. "لەئێستادا ژیان ئەوەیە لەدروستکردنیدا بەژدار بێت"[١٤] لێرەدا لای بەختیار مرۆڤ نابێت رازی بێت بەو چۆنایەتییەی کە هەیە بەڵکو مرۆڤ دەبێت خۆی ئێستا دروست بکات، چونکە بەوە عەقڵی دەبێتەوە"ئێستا تەنها بەوە ئێستایە کەمافی راڤەکردنی جیهانی هەیە"[١٥] دواتر دورتر دەڕوات و دەڵێت:

"ئێستا ستراکتۆری خۆی لەو هێزەوە وەردەگرێت کە لەڕێگای دیدێکی دی بۆ سەیرکردنی جیهان دروست دەبێت"[١٦] گەر خوێنەر بڕوانێتە ئەم وتارە دەیان رستە و دەستەواژە دەدۆزێتەوە کە (ئێستا) خودی عەقڵە لەسەر زەمین، بەڵام ئێمە دەبێت بزانین ئەو ئێستایەی کە بەختیار بانگەشەی بۆ دەکات و ئێمە رەوانەی ئەویٚ دەکات ئایا بەڕاست خودی عەقڵە یان نا؟ ئایا چەمکی هەنووکە و ئێستا خۆ رزگاکردنی مرۆڤە لەڕابردوو؟ ئایا هەنووکە ژیان مانای ئەوەیە ئێمە عەقڵییەن دەژین؟بالێرەدا کەمێك وردتر بڕۆین و بزانین ئێستا چییە لەجەوهەردا لای بەختیار عەلی.هەر بەو تێزەی خۆمان کە باسمان کرد بابزانین ئێستا واقیعە یان عەقڵە؟ ئەگەر عەقڵ بوو ئەوا جێی خۆیەتی بڵێین کە رۆشنبیری کوردی پێی ناوەتە ناو عەقڵەوە و عەقڵ داوەتی بیرکردنەوە و ژیانمان دەکات. خۆ ئەگەر واقیع بوو لەجەوهەردا. ئیتر نابێت چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین کە ئێمە رێنموویی دەکات بۆ منی خۆمان، بەڵکو ئێمە حازر دەکات بۆ ئەوەی دواتر ئێمەش ببینە رابردوو و ببینە شەبەح و شارێکی مردوو.چونکە ئێمە خاوەنی (من)ی خۆمان بین ئەوا ئەوەی دەبێتە رابردوو لەئێمەدا ئەویترە، هەستەکان و یادەوەرییەکانن. منی خۆمان (عەقڵ) قابیلی بەڕابردووبوونی نییە، عەقڵ بۆیە عەقڵە، چونکە نابێتە رابردوو بەسەر ناچێت.بەڵام واقیع

هەر ئەوەندە زیندووە هەتا واقیعێکی تر نەهاتووە، بەهاتنی هەر واقیعێکی تر ئەو دەبێتە رابردوو و بەسەر دەچێت کاك بەختیار لەباسی رۆشنبیری داهێنە دەڵێت:

"داهێنەر بەگەرمی دەست لەشتە خوڵقاوەکان دەدات"[١٧]

دەستەواژەی (شتەخوڵقاوەکان) جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە داهێنەر بەوە داهێنەر و خۆ نوێنە کەوا کردەی خوڵقان ئەنجام دەدات.کردەی خوڵقاندنیش لەجەوهەردا هێنانی عەقڵە بۆ ناو واقیع، واتە بەواقیعکردنەوەی عەقڵ جا لەهەر کەرەستەیەکدا بێت (زمان – دەنگ – رەنگ. .. هتد) داهێنان روودەدات.جا کە مرۆڤ دەستی برد بۆ شتە خوڵقاوەکان ئەوا بەچی داهێنەرە؟ لێرەدا هەر دەستبردنێك بۆ شتە خوڵقاوەکان دەستبردنە بۆ پاشماوەی بیرکردنەوەیەك، دەستبردنە بۆ چۆنایەتیەك نەك دەستبردە بۆ چییەتی شتێك.لەدەستبردن بۆ چییەتی شتەکاندا داهێنان روودەدات و داهێنەر دێتە ئاراوە.نەك لەدەستبردن بۆ شتە خوڵقاوەکاندا، هەمیشە دەستمان بەر چۆنایەتی ئەو شتە دەکەوێت.دواتر لەباسی رۆشنبیری نەریتپارێزدا دەڵێت:

"ئەوان بەساردی دەست دەبەن بۆ شتەکان"[١٨]

جیاوازی بەساردی و بەگەرمی چییە لەمامەڵەکردن لەگەڵ چۆنایەتی شتەکاندا لەڕاستیدا هیچ جیاوازی نییە، بەڵام لەڕوخساردا جیاوازییەك هەیە ئەویش ئەوەیە، ئەوەی بەساردی دەست دەبات بۆ شتەکان ئەوا وەك خۆی وەریدەگرێت و وەك خۆشی دەیداتەوە، بەڵام ئەوەی بەگەرمی دەست دەبات بۆ شتەکان لای کاك بەختیار کە بەداهێنەر ناوی دەبات، ئەوا ئەمان نەوەك خۆی وەیدەگرن و نەوەك خۆشی دەیدەنەوە.بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کاتێك من دەست دەبەم بۆ شتێکی خوڵقاو ئەوا دەستم بردووە بۆ پاشماوەی بیرکردنەوەیەك نەك چییەتی ئەو شتە. ئەوەی لێرەدا روودەدات راستی کردەی دروستکردنە نەك داهێنان، دروستکردن کۆلاجکردنی چۆنایەتییەکانە لەفۆڕمێکدا، بەڵام خوڵقاندن و داهێنان دابەزینی عەقڵە بۆ ناو کەرەستیەکی خام (هیولا) نەك چۆنایەتییەکان، لێرەدا دەردەکەوێت کە چۆن داهێنەر لای کاك بەختیار هەر نەریتپارێزە، بەڵام گەمەی زمانی بەختیار لەو بارەدایە کە هەمیشە کۆمەڵێك میتافۆڕ دەهێنێ بۆ بزربوونی بیرەکانی خۆی.دواتر دێت و دژی خۆی دەوەستێتەوە و دەڵێت: "لێرەدا لەنێوان دوو جەمسەردایین جەمسەرێك پاراستنی ئێستایە کە دەبێتە رابردوو، ئەوی دیکەیان پاراستنی رابردووە لەئێستادا"[١٩] ئەوانەی کە ئێستا دەپارێزن کەدوایی دەبێـە رابردوو مەبەستی کاك بەختیار رۆشنبیرانی داهێنەرە، کەدواتر لەپەراوێزی ژمارە (١)دا مەبەستی خۆی روونەدەکاتەوە

باتەواو لەم رستەیە ووردبینەوە لەپێناو ناسینەوەی چەمکی ئێستا، کە ئایا واقیعە یان عەقڵە؟ کاك بەختیار دەڵێت رۆشنبیری داهێنەر ئێستا دەپارێزێت کەدەبێتە رابردوو. واتە ئێستا کە هەیە رۆشنبیری داهێنەر بەرگری لێدەکات بەڵام دواتر هەر دەبێتە رابردوو، لێرەدا گومانی خۆمان دەخەینەکار.ئایا ئێستا ئەگەر دواتر بووە رابردوو واقیع نییە؟گەر عەقڵە بەچی عەقڵە و گەر واقیعە بەچی واقیعە؟ئێمە پێشتر باسی گومانی دیکارتمان کرد، کە گومانی کرد لەجەستە و سایکۆلۆژیای دواتر گومانی خستە سەر یادەوەری و واقیع، چونکە چونکە جێگیرنەبوون و هەر ساتە و رەنگ و شێوازێکن و لەناودەچن و دەپوکێنەوەو شی دەبنەوە.بۆیە دیکارت دەگەڕا بەشوێن خاڵێکی جێگیردا کە نەبێتە رابردوو و لەناو نەچێت و جێگەی گومان نەبێت، ئەویش لەناو (عەقڵ — من)دا دۆزییەوە.باشە گەر ئێستا کە کاك بەختیار هاواری لێدەکات و رابردووی بۆ دەکوژێت و نای دەکات. دواتر ببێتە رابردوو، باشە حەقی خۆمان نییە بڵێین ئەم ئێستا عەقڵ نییە و واقیعە. جا باشە رۆشنبیرانی پێش راپەڕین پارێزگاریان نەکرد لەواقیعی خۆیان، گەر بەم تێزە بێت ئەوا ئەوانیش داهێنەرن و نەریتپارێز نین. یان هەردوولا داهێنەرن، یان هیچیان داهێنەر نین، چونکە چونکە مانای چی دواتر ئێمەش ببینە رابردوو. ئەم رستەیەی کاك بەختیار بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هێشتا (ئێستا) لای خۆی روون نییە و جار هەیە بەعەقڵی دەزانێ و جاریش هەیە وەك لێرەدا دەبێتە رابردوو. دەبێت چەند سەرگەردانی بێت مرۆڤ بەرگری لەشتێك بکات بەڵام هەر دەشزانێت کە ئەو شتە دەبێتە رابردوو و دەمرێت.بەوە دەسەلمێت کە ئێستا واقیعە و عەقڵ نییە، چونکە چونکە ئەوەتا دەبێتە رابردوو و بەسەردەچێت. ئەوەی گرنگە لای مرۆڤ ئەوەیە کە بەرگری لەعەقڵ بکات، چونکە چونکە عەقڵ نابێتە رابردوو بەسەر ناچێت. ئەوەی پارێزگاری لەفەلسەفە دەکات و زیندوویی راگرتووە عەقڵە، عەقڵە ناهێڵێ فەلسەفە بێتە رابردوو و مێژوو. غیابی عەقڵیشە ئەم وتارەی کاك بەختیار دەکاتە قۆناغێکی بەسەرچوو لەبیرکردنەوەی رۆشنبیریمان. هیگل کاتێك وتی فەلسەفە مێژوو نییە، چونکە چونکە دەیزانی عەقڵ لەهەر کوێ بێت مێژوو بۆی نییە بچێتە ئەوێ.، چونکە عەقڵ ماددە نییە، بەڵام واقیع ماددەیە و دەکشێ و درێژ دەبێتەوە و لەناو دەچێت.جا کە ئێستا ببێتە رابردوو ئیتر چۆن ئەوە دیدێکی تازەیە بۆ راڤەکردنی دنیا و بەچی جۆرێکی ترە لەژیان و بەچی ژیانێکی داهێنەرانە و عەقڵیە.لێرەدا ناکۆکییەکانی ئەم وتارە بەدیار دەکەوێت و تێدەگەین کاك بەختیار زۆر گەورەترکراوە لەفۆڕمی

راستەقینەی و خۆی و پێویستە ببرێتەوە ناو فۆڕمە راستەقینەکەی خۆی.کە هێشتا سەردەمی هاتنی عەقڵ و بیرکردنەوەی رەسەن ماوە رۆشنبیریی کوردی بیگاتێ.

بەم کارە بەرچاو روونی مسۆگەر دەکەین بۆ خۆمان و رازی نابین بەوەندەی کراوە و هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی زیاتر بڕۆین. دواتر کاك بەختیار بەردەوامە لەناکۆکییەکانی خۆی و دەڵێت: "لای رۆشنبیری هەنووکەش یادەوەری شەقامی هاتنەوەی رابردوو نییە لەمەرگەوە بۆ ئەمڕۆ بەڵکو شەقامی بانگکردنەوەی رابردووە بەرەو مانایەکی دیکە.... مانایەك کەژیانی ئێمەی لەسەر بەندە"[٢٠] ئەم نووسینەی سەرەوە دواهەمین رستەی ئەم وتارەیە، لێرەدا بەختیار بەم رستەیە خوا حافیزیمان لێدەکات کەدەڵێت رۆشنبیری هەنووکە رابردوو بانگ دەکاتەوە بۆ ئەوەی شتی تر بڵێت. لەڕاستیدا ئەم بیرە هەمان بیری کردەی دروستکردنی هەیە و رۆشنبیری راستەقینەش رابردوو بانگ ناکاتەوە، بەڵکو ئیشی ئەو زۆر گەورەترە و عەقڵ بانگدەکات نەك رابردوو.رۆشنبیری راستەقینە لەڕابردوو تێگەیشتووە و فێڵی لێناکات هەتا بانگی بکاتەوە، ئەو کاری بەسەر رابردوو نییە، لێرەدا جیاوازی بەختیار و دیکارت دەردەکەوێت. بەختیار رابردوو بانگدەکاتەوە بەمەبەستی خۆی و شتی تری لێدروست دەکات، بەڵام هەر لە ژێر ئیحای رابردووەکاندا.دەستبەرنەدانی بەختیار لەڕابردوو ئەوەیە دەستی رانەگەیشتووە بەعەقڵ بەڵام دیکارت، چونکە بەعەقڵ گەیشتووە ئیتر کاری بەسەر رابردووەوە نییە و عەقڵ داوەت دەکات بۆ ناو بیرکردنەوە و کاری خۆی، چونکە دەزانێ بوونی مرۆڤ لەعەقڵدایە و لەو خەیاڵبازییەدا نییە کە رابردوو دروستی دەکات، کاك بەختیاریش بەوە دەچێتە ژێر چەتری رۆشنبیرانی پێش راپەڕین لەو یادا کە ناتوانێت دەست لەڕابردوو بەر بدات و عەقڵ حازر بکات، هەر بەمەندەش ناوەستێ دێت ئەوە دەکاتە گوتار و دەڵێت ئێمە رابردوو تۆمار ناکەین بەڵکو تۆماری دەکەین بۆ مانایەکی تر. ئەمەش لەخۆیدا داڕشتنەوەی (هەبوو — موجود)ە، بەڵام رۆشنبیری راستەقینە هێنانی عەقڵ بۆ ناو دنیا زۆر جیاوازە لەدروستکردنەوەی رابردوو.پیشەسازی خوڵقاندن و داهێنان نییە، بەڵکو کردەی دروستکردنە. ئێمە دەتوانین کارگە دروست بکەین بۆ ئەوەی رۆژانە هەزارەها کورسی بێننە دنیاوە.بەڵام ناتوانین کارگە دروست بکەین بۆ کاری هونەری رەسەن، چونکە هونەر لەخۆیدا کردەی خوڵقانە. لەم رستەیەی کاك بەختیاردا ئەوەش روونە مانای ئەوان بەندە بەم رەوتەوە، بەڵام ئەم رەوتە لێرەدا خراوەتە بەر رەخنە و روانین.برادەرانی رەهەند راستە قۆناغێکی دیکەی رۆشنبیریمانن بەڵام ئەو رۆشنبیرە نین کەعەقڵ داوەتی نووسین و کار و

واقیعمان بکەن.بەڵکو ئەو رۆشنبیرەن کە بەشەڕ دەژین.، چونکە ناتوانن لەئەویتر تێبگەن.هەمیشە خەریکی ناکردنن و نەچوونەتە حاڵەتی عەدەمەوە هەر بۆیە ناتوانن دەستبەرداری دەستکەوتە ماددی و رەمزییەکانی کایەی رۆشنبیریی بن.ئامادەن رۆشنبیریەتیش بکەنە قوربانی دەستکەوتە ماددی و رەمزییەکانی ئەم کایەیە. بۆ ئەمەش زۆر بەئاسانی نموونەمان دەستدەکەوێت لەسەریان.

## تێنەگەیشتن لە عەقڵ:

دیارە کاک بەختیار بانگەشەی گەورە رادەگەیەنێنێت، بۆ ئەوەی ئێمە بەرەە عەقڵ برۆین، هەتا لەئێستادا بژین، بەڵام شتێك هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا ئەوەی ناوی عەقڵی هێنا ئەوا لەعەقڵ گەیشتووە؟ ئایا هەر ناوی عەقڵمان هێنا ئیتر دەبێت واز بهێنین و تەواو؟ یان دەبێت ئەوەش ساغ بکەینەوە ئایا عەقڵ لەخۆیدا چییە؟ ئێمە لەپرسیاری چییەتی عەقڵ و رۆشنکردنەوەیەدا دەردەکەوێت کە ئایا ئێمە لەعەقڵ گەیشتووین یان نا! جا بۆ زانینی مانای عەقڵ لای کاک بەختیار با ئەم وتارە کەشفکەین و بزانین عەقڵ لێرەدا دەبێت بەچی. دیارە سەرەتا کاک بەختیار وەسفی عەقڵ دەکات و بەبنەمای جیاوازی و شتەکانی دەزانێت: "ئەوەی وادەکات من ئازادتر بم لەتۆ، هەستەکانی من جودا بێت لەتۆ جیهانی من لەجیهانی تۆ نەچێت، ساتەکانی داهاتووکان دابڕانبێت لەئێستا خودی عەقڵە"[٢١] لێرەدا عەقڵ بەبنەمای رزگاربوونی ئێمە دەزانێت لەرابردوو، بەڵام بابزانین ئەم عەقڵەی کاک بەختیار لەکوێوە هاتووە. "لێرەوە هەمەڕەنگی جیهان پابەندی توانای عەقڵە لەهەمەڕەنگ بینیندا"[٢٢] یان دەڵێت: "بۆ عەقڵێکی نەگۆڕ جیهانێکی گۆڕاو جگە لەشەمەندەفەرێکی بزۆك زیاتر هیچی تر نییە کە هەموو فارگۆنەکان و رەنگ و شێوەکانی لەیەکدەچن"[٢٣] یان "گۆڕانی گەورە و پیادەبوونی (چۆنایەتی) راستەقینە لەو یەکانگیریە ئیقاعییەوە دروست دەبێت کە هەر یەك لەجوڵەی عەقڵ و جیهان کۆدەکاتەوە"[٢٤] لەم سێ دەستەواژەیەدا (جوڵەی جیهان و عەقڵ) و (عەقڵ هەمەڕەنگ) و (عەقڵی نەگۆڕاو و جیهانی گۆڕاو) دەردەکەوێت کە کاک بەختیار دەیەوێت بڵێت کەوا عەقڵ دەبێت گۆڕاو بێت و هەمەڕەنگ بێت و بەپێی جوڵەی جیهان ئەویش بجوڵێت و گەر واقیعێك هات و گۆڕا دەبێت عەقڵ بەپێی ئەو واقیعە خۆی بگۆڕێت و عەقڵی نەگۆڕ لەفارگۆنە جیاوازەکان تێناگات و گەمژەیە و بەرەو داخرانمان دەبات و ناهێڵێت ئێمە کراوە بین. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە بڵێین کە کاک بەختیار

بەشێوەیەکی گشتی باسی عەقڵ دەکات و دەڵێت عەقڵ گۆڕاوە، بەڵام بابگەڕێینەوە بۆناو بەشی یەکەمی ئەم باسە و لەناو هەموو فەلسەفەدا یەك رستە نادۆزیتەوە لەسەر ئەوەی عەقڵ گۆڕاو بێت، هەمیشە فەلسەفە بەشوێن بنەما یەکەمینەکان و شتە هەمەکی و نەگۆڕەکاندا گەڕاوە و عەقڵیش لەناو تەواوی فەلسەفەدا هەر خۆیەتی و نەگۆڕە ئەوەی بەختیار بەعەقڵی دەزانێت نەك هەر عەقڵ نییە بەڵکو گوناهکردنە بەناوی عەقڵەوە، دیکارت لەبەر ئەوەی عەقڵی قبوڵ بوو، چونکە نەگۆڕ بوو.عەقڵ نابێت بەپێی گۆڕانی جیهان ئەویش بگۆڕێت. دەبێت جیهان خۆی یەکانگیر بکاتەوە لەگەڵ جوڵەی عەقڵ، نەك عەقڵ لەگەڵ جیاوازی رەنگ و جوڵەی شتەکان خۆی بگۆڕێت و هەر ساتە شتێك بێت.لێرەدا دەردەکەوێت کە رۆشنبیرانی ئێمە تێنەگەیشتوون لەعەقڵ و بەناوی عەقڵیشەوە گوتار دەدەن بەگوێی خوێنەردا، بەم تێزەی کاك بەختیار (من) نییە و ئەوەی هەیە ئەویترە: "من ئەفسانەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی بژین کەرەستەیەك و وشەیەکە حەقیقەتی نەبوونی خۆیمان لێ ووندەکات وشەی من جگە لەداپۆشینێك و چەواشەکردنێك، هەڵەسازییەکی ئەنقەست بۆ نەبوونی من زیاتر هیچی تر نییە"[٢٥] ئێستا با ئەوە روون بکەینەوە چۆن عەقڵ یەکە و نەگۆڕە، یەکەمین رستەیەك کە لەفەلسەفەدا هەیە و پارامیندس گوزارشتی لێکردووە ئەوەیە (یەك هەمووە) واتە عەقڵ توانای عەینی بوونەوەی هەیە لەواقیعە جیاجیاکاندا، بەڵام لەگەڵ جیاوازی واقیعەکاندا عەقڵ ناگۆڕێت و شێوازی دەرکەوتنی دەگۆڕێت. وەگەرنا ئەوەی دەینوێنێت هەر خۆیەتی بەتەنها و هیچی دیکە نییە. ئەوەی فەلسەفەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە شێوازی دەرکەوتنیانە وەگەرنا فەلسەفە بەتایبەت فەلسەفەی ئایدیالیزم لەبنەڕەتدا هەریەکە و ئەم عەقڵە هەرجارە و لەفۆڕم و شێوازێکی تایبەتدا دەردەکەوێت، بەڵام هەریەکە و لەهەموویاندا هەر خۆیەتی.

ئەم دووبارەنەبوونەوەی عەقڵ لەفۆڕم و کات و چۆنایەتیدا خۆی نهێنی پارێزگاری کردنی عەقڵە لەخۆی، چونکە چونکە گەر دووبارەبایەوە، ئەوا ئێمە بەلاسایکردنەوە عاقڵ دەبووین بەڵام وانییە.دواتریش عەقڵ کاتێك دەکەوێتە بەردەم جیهان لەگەڵ بنەما یەکەمیینەکان مامەڵە دەکات و جەوهەرەکان دەپشکنێ نەك فۆڕم و میتافۆڕەکان و شێوازەکان و چۆنایەتییەکان.ئەوەشی عەقڵ لەجیهانیدا دەینەخشێنێت راستی هەر خۆیەتی عەقڵ بەوە عەقڵە کە ناگۆڕێ و بەسەر ناچێت و نابێتە رابردوو چۆن ئاینە ئاسمانییەکان لەجەوهەردا دابەزینی خودان بۆ سەر زەوی بەڵام لەزەمەن و شوێن و شێوازی جیاجیادا، بەڵام لەجەوهەردا هەر یەك شتە، ئەوەی کاك

بەختیار بەناوی عەقڵەوە باسی دەکات عەقڵ نییە و ماددەیە.، چونکە مادده گۆڕاوە و هەمیشە دەگۆڕێت و دەبێتە رابردوو بەسەر دەچێت و دەپوکێتەوە بەڵام عەقڵ نایەتە ناو زەمەنەوە، هەتا رابردوو و ئێستا و داهاتوو هەبێت. دەرکەوتنەکانی عەقڵ لەزەمەندا هەن، ئەویش بۆ نمایندەکردنی عەقڵە لەجیهاندا، هەر بۆیە دواتر کاك بەختیار ناتوانێت نەڵێت رۆشنبیری داهێنەر رابردوو بانگ دەکاتەوە.، چونکە عەقڵ لای کاك بەختیار گۆڕاوە و بەسەردەچێت.هەر بەم بنەما ئاڵۆزەشەوە تەواوی وتارەکەی پڕ دەبێت لەئاڵۆزی و ناڕوونی و لێکدژی. ئەم وتارە دواجار بەزیانی رۆشنبیریمان کۆتا دێت.، چونکە پێمان دەڵێت ئێمە خۆمان نەبین.چاوەڕێی جیهان کەین بزانین چۆنە و چیدەڵێت ئێمەش دەبێت وابکەین.چونکە ئەوە کارێکی عاقڵانەیە ئیتر ئەم تێزە شاهیدی ئەوەیە ئێمە مەحکومین بەو ئەویتر و منی من ئەویترە و منی ئەویش منی منە. لێرەدا لەکۆتایی خوێندنەوەی ئەم وتارەی کاك بەختیار ئاشکرا دەبێت کە:(ئێستا) و (هەنووکە) و (عەقڵ) لەدیدی بەختیاردا وەهان و بۆ خۆیان وانین و لەجەوهەری بیرکردنەوەی کاك بەختیاریشدا (واقیعن) و کاك بەختیار بەس ناوی عەقڵی هێناوە وەك خۆی وەرگەرنا لەباسکردندا دەردەکەوێت کە ئەمە عەقڵ نییە و ماددەیە و چۆن ئێمە مەحکوم دەکاتەوە بەڕابردوو بەئەویتر.ئەوەشی کاك بەخیتار دەیکات لەم وتارەدا راستی شەڕکردنە لەگەڵ رابردوو.چونکە تێی ناگات بۆیە شەڕی لەگەڵ دەکات، دواتر دێت وەك جەنگاوەرێکی بەهێزی ئەم قۆناغە ئەوەمان لا وێران دەکات کە شتێك هەبێت ناوی (من) بێت و بەوەهم و ئەفسانەشی دەزانێت.بۆ ئەوەی ئێمەش ئەسیر بکات بەخۆیەوە و داگیرمان بکات و هەمیشە ئەو دووبارە بکەینەوە، ئەم وتارەشی لەجەوهەردا نەك نامانباتەوە ناو دنیایەکی تر و جیهانبینییەکی تازەوە بەڵکو هەروەك خۆی دەڵێت رابردوو لێرەدا کە خۆیەتی دەهێنێـەوە ناو ئێمە و ناهێڵێت خۆنوێن بین و دەیەوێت ئەو نوێن بین.

## ٢- بە(من – عەقڵ) کردنی وشەی (کەس) لای فاروق رەفیق:

وتاری (کەس چییە؟ کەس کێیە؟ تێڕامانێکی فەلسەفی) یەکێکە لەو وتارانەی کە لەرۆشنبیریی دوای راپەڕین و نووسینەکانی کاك فاروقدا سەنگ و قورسایی خۆی هەیە.جیاوازی ئەم وتارەش هەروەك وتارەکەی کاك بەختیار لەویادایە کە هەست بەغیابی عەقڵ دەکات لەناو کایەی رۆشنبیریماندا، بۆیە هەر لەسەرەتای نووسینی ئەم وتارەوە کاك فاروق بەنوسێکی عەقڵی ناوی دەبات و دەڵێت: "ئەوەش بڵێم کە بۆچوونی ئێمە دەربارەی کەس کەمێك تایبەتە و مانای زۆرتر

لەخۆ دەگرێت وەك ئەوەی كە ئەم چەمكە لەمێژووی فەلسەفەدا لە خۆیگرتووە و بۆچوونی ئێمە جودایە لەبۆچوونی هەموو ئەو فەیلەسوفانەی كە ئاماژەیان بۆ دەكەین"[٢٦]

لێرەدا نەك ئەم نووسینە جیادەكاتەوە لەرۆشنبیری كوردی و بەنووسینێكی تەواو فەلسەفی دەزانێت، بەڵكو بەراوردیش دەكات بەهەموو فەلسەفە و لەوانیش بەجیاوازتری دەزانێت. ئیتر ئەم شاهیدانەی خۆی لەسەر خۆی. حەقی ئەوەیە بانگی بكەین و پرسیاری ئاراستە بكەین ئایا راست (كەس) مانای من دەدات یان ئەوەی كاك فاروق دەیداتە ئێمە لەكوێدا فەلسەفەیە؟ئەوەی ئەم وتارە دەباتە ئاستی وتارێكی فەلسەفی چییە و بەچیش وتارێكە دەچێتە ناو رۆژنامەوە؟سەرەتا كاك فاروق دێت وەسفی كەس دەكات و كەس یەكسان دەكات بەعەقڵ و كەسەیە ئەوەیە بیر دەكاتەوە."كەس ئەو بوونەوەرەیە كەبیر دەكاتەوە و دەتوانێت بڵێت من بیردەكەمەوە"[٢٧]

دواتریش دەڵێت: "كەس خاوەنی پەیامی كەنیونەی خۆیەتی و وشە و چەمك و ئیستعارەكان زادەی زمانی خوڵقێنەری كەسن"[٢٨] دواتر دێت كەس لەوشەوە بەرستەیەك دەكاتە چەمكێكی فەلسەفی و دەڵێت: "ئێمە قسە لەسەر فەلسەفە دەكەین و لەچەمكێكی فەلسەفی دەڕوانین"[٢٩]

هەموو ئەم رستانەی سەرەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەشی لەناو ئەم وتارەدا دەیدۆزینەوە شایەدن لەسەر ئەوەی كەوا كاك فاروق دەیەوێ جیا لەنووسینەكانی تری، كە هەمووی پڕن لەشەڕكردن لەگەڵ دەووروبەرەكانیدا. بەمبەستی دیارخستنی خۆی دەیەوێت لەم وتارەدا خۆبەخۆ و بەتەنیا رووبەڕوو بێتەوە لەگەڵ خودی عەقڵ و بیر بكاتەوە و بەم بیركردنەوەیەش خۆی كەوا دەزانێت. ئەم وتارەش دەكاتە وتارێكی فەلسەفی و دەگمەن لەناو رۆشنبیری كوردیدا، ئێمە لێرەدا لەو دیویی ئەم بانگەشانەوە دێین بەشوێن بنەمای فكری ئەم وتارەدا دەڕۆین پاڵپشت بەو تیۆرییەی كەپێشتر دامانڕشتووە لەسەر بنەمای فكری دیكارت هەتا بزانین كەس چییە؟

## (٢ – ١) كەسایەتی و كەس:

كاك فاروق لەم وتارەدا بیركردنەوەكانی خۆی ورد دەكاتەوە لەسەر كەس و دوو كەڵچەر جیا دەكاتەوە، كەڵچەرێكیان "رێگا نادات كەس وەك یەكەیەكی ئیرادەگەر و عەقڵانی و خاوەن دەسەڵات بەسەر پانتایی بوونی خۆیدا گەشە بكات"[٣٠] كەڵچەرێكی دیكە دەهێنێت. "كە لەهەناویدا لەمێژووی دوور و نزیكیدا تۆوی كەس بەدیدەكرێ و كەسی خوڵقاندووە"[٣١] دواتریش دێت ریشەی كەس دەباتەوە سەر جەوهەرەكەی كەلەوشەی " (Personal)ی لاتینی و

ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (Personon)ی یۆنانی کە بەمانای ماسك دێت، ئەو ماسکەی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ دەیپۆشێت، ئەمەش دەلالەتە بۆ ئەو ڕۆڵەی کەکەس لەبووندا دەیبینی"[٣٢]

لەم ڕستانەی سەرەوەدا (کەڵچەر و خولْقاندنی کەس) و (ماسك و کەس) جێگەی پرسیارن لەڕاستیدا دیکارت کاتێك ئەویتری داماڵی لەخۆی و وەك بەشێك لەناوخۆیدا دۆزییەوە کە خۆی نییە، لەویادا بووە کە ئەویتر بەشدار نەبێت لەمانادانانبەمنی مرۆڤ و ئاراستەی بکات.لێرەدا کاك فاروق باسی جۆرێك لەکەڵچەر دەکات کە مەبەستی ئەوروپایە توانای خولْقاندنی کەسی هەیە. بەوە مرۆڤ دووردەکەوێتەوە لەمنی خۆی و دەکەوێتە ژێر باری ئەویترەوە کە کەڵچەرە، ڕاستی کاتێك کۆمەڵگا هات و ڕۆڵی بەخشی بەئێمە. ئیتر ئێمە ناتوانین بڵێین (من)، چونکە ئێمە ئەوەین کە کۆمەڵگا بۆمان دیاریدەکات.ئەو ڕۆڵەی کۆمەڵگا و کەڵچەر دەیداتە ئێمە ناتوانین بڵێین کە ئەمە عەقڵە، چونکە چونکە ئەو ڕۆڵە وەك وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی وەریدەگرین نەك وەك وەزیفەکی عەقڵی ڕووت.کۆمەڵگا بەپێی پێداویستییەکانی خۆی ئێمە دادەتاشێت و وەك کارگەیەکی بەرهەم هێنانی مرۆڤ بەردەوام کارەکان دابەش دەکات بەسەر مرۆڤەکاندا. ئەوەی کۆمەڵگا دەیدات ڕاستی ڕۆڵێکی حازر و تەواوکراوە، ئەو بەپێی بەرژەوەندی خۆی ئێمە ڕێز دەکات، ئیتر ئەوەی لێرەدا غیابە و بەشدار نییە لەو پرۆسەیەدا عەقڵە، چونکە عەقڵ مەرج و ئامانجی خۆی هەیە و زۆر جیاوازە لەمەرج و ئامانجەکانی کۆمەڵگا، کەسایەتی وێنەی ڕاستەقینەی ئێمە نییە. ئەو فۆڕمەی دەبێت دەرکەوێت لەواقیعدا عەقڵ دەبێت دابەزێتە ناوی نەك کۆمەڵگا عەقڵ خۆی فۆرم و وێنەی ئێمە دیاریدەکات کەچۆن دەرکەوین و ئەو چۆنایەتییە قۆناغی دەرکەوتنی عەقڵە لەمرۆڤدا.بەڵام کۆمەڵگا هەر لەمنداڵیەوە کەسایەتیمان بۆ حازر دەکات و ئیتر پێویست ناکات بیربکەینەوە، بەڵکو دەبێت خۆمان رابێنین لەسەر ئەو داواکاریەی ئەو وێنە کۆمەڵایەتییە دەیەوێت.ئەوجا دەبینە ئەو کائینەی کۆمەڵگا دەیەوێت، لێرەدا ناکۆکییەکانی ئەم وتارەی کاك فاروق بەدیار دەکەوێت.کەچۆن کەس یەکەم جار خاوەنی منی خۆیەتی و بیردەکاتەوە بەڵام ئەوەتا لەووردەکاری بیرکردنەوەیەدا، ئاگای لەخۆی نامێنێ و دێت، کەڵچەر و کۆمەڵگا دەکاتە خالقی کەس و بەم خالق زانینەی کەلچەر لای کاك فاروق کەس ڕووتدەبێتەوە لەچەمك و دەبێتە کەسایەتی وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە.کەس وشەیەکە و نابێتە چەمك بەزۆر لێکردن، چونکە چونکە چەمك دەبێت بیرکردنەوەیەکی تیۆریی عەقڵی بیخولْقێنێ، نەك خەیاڵکردن و بەخەیاڵدا هاتنێکی سەر پێی و کۆلاجکردنێکی ڕای کۆمەڵە فەیلەسوفێك بەمە ئەم وشەیە کە بەچەمککراوە ناتوانێت خاوەنی

سەنگ و قورسایی خۆی بێت و تەواوی ئەو بیرە وەك ماتە وزەیەك لەخۆیدا هەڵگرێت، بەڵكو وشەیەكە و لەناو تاقیكردنەوە و ئارگۆمێنتا خاڵە لاوازەكانی بەدیار دەكەوێت و توانای گشتاندنی نابێت بەسەر كاتیگۆرە جیاوازەكاندا.

دواتر كاك فاروق دەڵێت: "كەس بیر دەكاتەوە و ئارەزوو دەكات، دەخوازێ و بەخواستی شتەكان خۆی دەهاوێـە ریسكی بوونەوە"[٣٣]

لێرەدا لەناو یەك رستەدا لێك دژییەكانی بەدیاردەكەوێت كەس كاتێك بیركەرەوە بێت دواتر چۆن رازی دەبێت بەخواستی شتەكان بجولێتەوە.لەڕاستیدا جولانەوە بەخواستی شتەكان دەلالەتە لەگۆڕانی عەقلێ دەكات و لێرەدا هەمان بنەما دەدۆزینەوە كە لای كاك بەختیار هەبوو، ئەویش بانگەسەی بۆ گۆڕانی عەقلێ دەكرد. كاك فاروقیش دێت بەهەمان بنەما وتارەكەی خۆی درێژ دەكاتەوە.لێرەدا فاروقێك هەیە لەناو بەختیاردا و بەختیارێك هەیە لەناو فاروقدا قسەدەكات و هەمیشە هێلێكی گشتی هەیە كۆیان دەكاتەوە ئەویش لێدانە لە (من — عەقلێ) و مرۆڤ مەحكوم دەكەن بە ئەویتر و دەبێت لەگەڵ كەلچەر و شتەكان خۆی بگونجێنێت و كەلچەر كەخودی كۆمەڵگایە خالقی ئێمە بێت.جیاوازی كاك فاروق لەگەڵ دیكارتدا ئەوەیە (من — عەقلێ) خالقی كەس بوو، نەك كەلچەرێك هەبێت كەس بخولقێنێ.ئیتر كە كەلچەرێك ئێمە بخولقێنێت چۆن كەس بیردەكاتەوە و خالقە و چۆن رازی دەبێت بەخواستی شتەكان بەڕێوە بچێت.چونكە كەسی بیركەرەوە شتەكان دەخولقێنێت و كەلچەر و شتەكانی زادەی بیركردنەوەی ئەون نەك ئەوان خالق و جولێنەری ئەو بن، كەكەس "تێكستێكە خۆی نووسەری خۆیەتی"[٣٤] گەر وابێت چۆن كەلچەر دەیخولقێنێت و شتەكان مەرجی بۆ دادەنێت ئەگەر كەس كەلچەر بیخولقێنێت، مانای وایە كەس دەبێت سەیری كەلچەر بكات ئەوەش روونە كەلچەر واقیعە جا ئیتر هەر واقیعێك بێت پاشماوەی بیركردنەوەی ئەویترە، ئیتر دەبێت خۆمان دەینە دەست ئەم واقیعە و ئەو بەئارەزووی خۆی رێكمان دەخات. لێرەدا دەردەكەوێت چۆن بەختیار و فاروق تێكەڵ بەیەكتر دەبن و یەك بنەما هەیە زەخیرەی بیركردنەوەی لێوەردەگرن. جیاوازی فاروق لەگەڵ بەختیاردا ئەوەیە كاك بەختیار بەئاشكرا باوەڕی بەرێژەگەرایی هەیە و بەرگری لێدەكات، بەڵام كاك فاروق سەر زارەكی باوەڕی بەرێژەگەرایی نییە و دەڵێت (حەقیقەت)، بەڵام لەژێرەوانێكی ئەم بیرەدا پڕە لەرێژەگەرایی و پەرتی و ناڕوونی. ئەو شەڕەشی ئەم دوو رۆشنبیرە كردیان راستی وەهمی بوو، لەلایەكەوە بێ ئاگا لەناو یەكتردا لەخۆیاندەدا، چونكە ئەوەی فاروق لێی دەدا لەناو بەختیاردا خۆی بوو، بەڵام

کاك بەختیار لەوێنەی فاروقی دەدا، کە ئەویش حەقیقەتی فاروق نەبوو.، چونکە فاروق لەژێرەوەدا هەر بەختیارە، بەڵام بەختیاری چاوبەست کردبوو. بەختیار نەهات ئەم فێڵە پوچەڵ بکاتەوە بەڵکو بەهێزتری کرد ئەوەی لای خوێنەر چەسپاند کە فاروق نوێنەری فەلسەفەی حەقیقەتە.لەکاتێکدا ئەوەتا کاك فاروق نەك هەر لەئەفلاتون تێنەگەیشتووە بەڵکو لەخۆشی تێناگات.دەمێك کەس لای ئەو بیرکەرەوەیە و خالیقە، بەڵام دوایی لەبیری دەچێتەوە دەڵێت کەلچەر هەیە خالقی کەسە و با ئێمەش ئەو کەڵچەرە بهێنین، بەڵام دیکارت هەموو ئەویتری رامالّی و خۆی دایەوە دەستی خۆی نەك کەڵچەر و شتەکان و واقیع.

## (٢ – ٢) کەس و یادەوەری:

لەڕاستیدا باسکردنی عەقڵ و یادەوەری پێکەوە کەمێك ئالۆزە و کێشەی گەورەی لەسەرە، کاك فاروق دوای ئەوەی راکردنێکی خێرا دەکات بەناو کۆمەڵێك فەیلەسوفدا دێت رای جۆن لۆك دەهێنێت و دواتریش دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ لۆك یەکدەگرینەوە جگە لەبەرکاهێنانی ماهییەت"[٣٥] لەڕاستیدا ئەم تێزەی جۆن لۆك کەپێی وایە بوونی مرۆڤ لەناو یادەوەریدایە کە کاك فاروق شەرحی لۆك دەکات و دەڵێت: "کەس ئەو بوونەوەیرە کەیادەوەری ئەو دەبێتە زەمینەیەك بۆ خولّقاندنی کەنیونەی خۆی، کاتێك دەتوانیّ بلّێت من هەم کەبتوانیّ شتەکان ئەزموونەکان ئازارەکانی تراژیدیایەکانی خۆی بێتەوە یاد"[٣٦] ئەم بیرکردنەوە لۆکییە پێشتر لەلایەن فەیلەسوف (گۆتفدید ویّلهلم لایبینز) لەکتێبی "On-human understanding (Acritique of Locke) G.W.Leibniz تەواوی ئەم بیرکردنەوەیە خراوەتە بەر رەخنە و پرسیارکردن، بەڵام ئێمە لێرەدا بەهەمان بیرکردنەوەی دیکارت دێین ئەوە دەخەینە بوارەوە ئایا یادەوەری مرۆڤ جەوهەری مرۆڤە؟ ئایا پێدانان لەسەر یادەوەری بۆ ئەوەی هەبم دروستە؟ ئایا یادەوەری جێگەی یەقین و نەگۆڕە هەتا من شتەکانی خۆمی لەسەر بینا کەم؟ئایا یادەوەری ماددەیە یان عەقڵە؟لێرەدا جێی خۆیەتی تیۆرییەکەی دیکارت بەبیر خۆمان بهێنینەوە بۆ تێگەیشتن و پرسیارکردن لەکاك فاروق. دیکارت شتە ماددیەکانی هەموو خستە ژێر پرسیارەوە لەڕێگەی هەستەکانی خۆەیوە و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ستەکان و شتە ماددیەکان جێگەی ئەوەنین مرۆڤ شتیان لەسەر بینا بکات، چونکە چونکە بەپێی کات و شوێنی جیاواز دەگۆڕێن و پارچە پارچە دەبن.ئیتر ئێمە گەر شتێك بلّێین ئەوە هەتا ئەوکاتە راستە کە ئەو ماددەیە لەوبارەدایە و کە گۆرا ئیتر راکەی ئێمەش سەراوبن دەبێت. هەروەك ئاسن کاتێك لەکورەدا گوتمان

ئاسن شلە بەڵام کە دەرهێنرا دەبێت بڵێین رەقە. یان بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوە دیکارت دوو شتی خستنە ژێر پرسیارەوە، یەك ئەو شتە چییە ناگۆڕێت لەو ئاسنەدا و بۆچی هەستەکان توانای کەشفکردنی ئەو جەوهەرەیان نییە؟ لێرەدا بوو دیکارت دەستیکرد بەداماڵینی هەستەکانی و تەنها بەشوێن خاڵێکی جێگیردا دەگەڕا. هەتا فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بینا بکات، ئێستا بابپرسین یادەوەری ماددەیە یان نا؟ هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ماددە شتێکە کە شێوەگیربووە لەفۆڕم وکەرەستەیەکدا جا ئەم شتە واقیعی بێت وەك (بەرد – ئاسن) یا ناواقیعی بێت وەك (باوەڕ – ئایدۆلۆژیا) لێرەشدا یادەوەری دەچێتە پاڵ.چونکە یادەوەری شتێکە کە کۆتایی هاتووە کەرەستەی هەیە کەزمانە و چۆنایەتیشی هەیە کە جۆری زمانەکە یان وێنەکەیە.جا ئایا یادەوەری کە ماددەیە جێگەی گۆڕان و بزربوون و لەناوچوون و تیاچوون و پارچە پارچەبوون نییە؟ ئایا یادەوەری نەگۆڕە؟بەوە چۆن مرۆڤ لەسەر شتێك بوونی خۆی دامەزرێنێ کە جێگەی داڕووخان و بزربوونە. لێرەدا گومانی زیاتر هەیە دەربارەی ئەو بیرکردنەوەیەی کە پێی وایە من کاتێك هەم کە بتوانم ئەزموونەکانی خۆم بێتەوە یاد. راستی بەبیرکەوتنەوەی رابردوو کێشەکە کۆتایی نایەت، چونکە چونکە من مەحکومم بەشتێکی گۆڕاو و ماددەیەك.جیاوازی عەقڵ لەگەڵ ماددەدا ئەوەیە عەقڵ هەر خۆیەتی و هەمیشە خۆی دەنوێنێتەوە.بەڵام ماددە خۆی نییە و خۆی نانوێنێتەوە، جا من گەر یادەوەری خۆم داڕشتەوە کە ئاشکرایە یادەوەری من هی خۆم نییە بەتەنها بەڵکو هەموو ئەوانیتریشە، واتە رۆحی گشتییە لەمندا.ئیتر من هەر لەسەرەتای لەدایکبوونمەوە پرۆسەیەکی تەواو کراو و مردووم، بەڵام عەقڵ هەمیشە تازەیە، چونکە رابردوو نییە و دووبارە نابێتەوە.من بەبوونی خۆم هەم نەك بەیادەوەری کە ئەویترە لەبنەڕەتدا، منێتی من لەخۆمدا وادەکات من جگە لە خۆم کەسی تر نەبم لێرەدا مرۆڤ دەکەوێتە ژێر داڕشتنی بوونی خۆی لەواقیعدا واتە ئەوەی لەمنەوە دەرکیبێتەوە بۆ ناو واقیع منی خۆمە نەك یادەوەری.

عەقڵ کە هەر خۆیەتی خۆی دەنوێنێ لەکات و شوێنە جیاوازەکاندا جیاوازی ئەم بارەی عەقڵ لەگەڵ یادەوەریدا ئەوەیە عەقڵ بەردەوام لەخۆنوێنیدایە و لەهەر نواندنێکی خۆیدا رووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ جەوهەری شتەکان و حەقیقەت بەدیاردەکەوێت.بەڵام یادەوەری کاتێك خۆی دەنوێنێ هەمیشە وەك بڕیارێکی پێش وەختە سەیری شتەکان دەکات و حەقیقەت بزر دەکات.بۆ نموونە کاتێك مرۆڤێکی کوردی یادەوەری پارێز رووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ عەرەبێکدا، ئەم کوردە نایەت سەیری ئەم عەرەبە بکات کە لەبەردەمیدایە، دێت سەیری ئەوە دەکات ئەم عەرەبە

لەیادەوەری ئەودا چۆنە و چییە؟ لێرەدا کوردەکە کوێر دەبێت بەرامبەر بەو عەرەبە یان ئەوەتا لەناو یادەوەریدا ئەو عەرەبە باشە و ئەمەی بەردەمی خراپە، ئیتر ئەم بەباشە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و کوێر دەبێت و تێدەکەوێت یان بەپێچەوانەوە.

لێرەدا یادەوەری هیچی پێنییە بیخاتە سەر دنیا، بەڵام عەقڵ هەمیشە ڕۆشناییە جیهان و خۆشی ڕۆشندەکاتەوە.ئەوانەشی وادەزانن (عەقڵ) بانگەشکردنە بۆ یەك بنەما و تۆتالیتاریەت لێرەدا دەردەکەوێت.یادەوەری مرۆڤ تووشی کوێربوون دەکات و لەتۆتالیتاریەت نزیکی دەخاتەوە.لێرەدا لێکدژییەکانی کاك فاروق بەدەردەکەوێت لەلایەك دێت ئەفلاتون بارز دەکات و دەڵێت ئەفلاتوون بخوێنینەوە لێرەشدا دێت جۆن لۆك دەهێنێ، کەلەنێوان ئەفلاتوون و جۆن لۆکدا یەك دنیا لێکدژی و پێکداچوون هەیە، کە بەهیچ شێوەیەك یەك ناگرنەوە.ئیتر نازانم چۆن کاك فاروق ئەم دوو فەیلەسووفە یەکدەخات لەگەڵ ئەو هەموو هەڵە فکرییانەی هەیە لەناو ئەم وتارەدا ئەوەندە هەیە لەشوێنێکی ئەم وتارەدا دیکارت دەهێنێ و لەگەڵ ئەو دایە دواتر دێت دەست لەدیکارت بەردەدات و دەچێتە پاڵ جۆن لۆك، کە بنەمای بیرکردنەوەی دیکارت و جۆلۆك زۆر لەیەك جیاواز و هەندێك کاتیش دژ دەوەستنەوە. لەکۆتایی خوێندنەوەی ئەم وتارەی کاك فاروقدا دەردەکەوێت فاروق هەر بەوێنە و لەرووخساری دەرەوەیدا دیارە ناوی (عەقڵ و فەلسەفە و حەقیقەت و. ...هتد). دەهێنێ و بەڵام بەبیرکردنەوە هەر لەگەڵ برادەرەکانی خۆیەتی و هەر رەهەندییە و دەچێتە ژێر قۆناغی ڕۆشنبیری دوای راپەڕین، کەفۆڕمی خۆی وەرگرتووە و لەگەشەکردن وەستاوە و پێویستی بەوە هەیە ئیتر دیکیۆمێنت بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. لەکۆتایی ئەم باسەدا دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیریی دوای راپەڕین راستە لەکایە و ستایلی جیاوازدا کاری کردووە بەڵام هەمیشە لێك چوونێك و خاڵێك هەیە هەموویان کۆدەکاتەوە، کە بەرۆشنبیرانی دوای راپەڕین ناو دەبرێن.ئەمە وەك دابەشکردنێکی مێژوویی و واقیعی، بەڵام وەك بیرکردنەوە ڕۆشنبیرییەکە کە هێشتا لەغیابی عەقڵدا دەژیت و دەستیشی پێڕا ناگات، چونکە مردووە. ئەمەش راستی گرنگە بۆ ئێمە کە دەروازە و چاری دیکەبدۆزینەوە هەتا ئێمەش نەبینە رابردوو خۆمان ئاشکرا بکەین و نەیشارینەوە، چونکە ئەم کارە کارێکی ڕۆشنبیرانەیە. ئەگەرچی زۆر زەحمەتە لەسەر ئاستی کۆمەڵ نەوەیەکی عەقڵی بێت و خاوەنی راگەیاندن و پێگەی خۆی بێت، چونکە چونکە سروشتی کاری عەقڵی وەهایە کە هەمیشە بەتەنیا لەدایك دەبێت و بەتەنیاش بمرێت، بەڵام ئەمە مانای

ئەوە نییە کە ئەم قۆناغە دوا قۆناغی رۆشنبیریمان بێت، خۆ گەر تاکە کەسێکیش بێت ئەوا دەتوانێت قۆناغێکی دیکە بهێنێ لەگەڵ خۆیدا.

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١/ رینێ دیکارت، تێڕامانی میتافیزیکانە لەفەلسەفەی یەکەم، و: رێبین رەسوڵ، دەزگا چاپ و پەخشی رێبین، چاپی یەکەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٤

٢/ چەمکی (ئەویتر) لێرەدا زۆر گشتگیرە و هەموو ئەو هێز و سەرچاوانە دەگرێتەوە کەدەکەونە بەردەم مرۆڤ، واتە تایبەت نییە بەیەك هێز و سەرچاوەوە جار هەیە (باوك) مامۆستا، مەلا، خزم، کۆمەڵگا.... هتد). دەبنە ئەویتر بۆ مرۆڤ، واتە ئەو هێزەیە کە لەدەرەوەی ئێمە دێت و بارمان دەکات بەخۆی و وەك هێزێك دەیەوێت ئاراستەمان بکات.

٣/ (من – عەقڵ) چەمکی (من) لەبیری دیکارتدا خودی عەقڵی خۆیەتی ئەو پێدراوە ئاسمانییەیە لەناو مرۆڤدا کە دەبێت زەمینی ببێتەوە بۆیە چەمکی (من) چەمکێکی سادە و گتشگیر و هەمەکییەکی سەراپاگیرە کەتوانای عەینی بوونەوەی هەیە لەکات و شوێنە جیاوازەکاندا جیاوازی (من – عەقڵ) لەگەڵ عەقڵی پەتیدا ئەوەیە (من – عەقڵ) تایبەتە بەمرۆڤ بۆیە دیکارت بەمن ناوی دەبات بەڵام عەقڵی پەتی هەمەکیەتی عەقڵە لەمرۆڤدا و خالیقی منە.

٤/رنیێ دیکارت، تێڕامانی میتافیزیکانە لەفەلسەفەی یەکەم، لاپەڕە ٣٣.

٥/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٣

٦/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٠

٧/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦٦

٨/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٣

٩/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦١

١٠/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٣

١١/ بەختیار عەلی، یادەروەری و زمەن شارێگاکانی گەڕانەوەی رابردوو بۆ ئێستا، گۆڤاری رەهەند ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٨ نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی لاپەڕە (١٢ – ١٣)

١٢/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٢

١٣/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٣

١٤/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٢

١٥/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٨

١٦/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٨
١٧/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٣
١٨/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٣
١٩/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٢
٢٠/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٢
٢١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٢
٢٢/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٢
٢٣/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٢
٢٤/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٣
٢٥/ بەختیار عەلی، گەڕان بۆماناکانی دیکەی شیعر گۆڤاری رامان، ژمارە ٧١ ساڵی ٢٠٠٢
٢٦/ فاروق رەفیق، غەمە جڤاتیەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رەنج سلێمانی ٢٠٠٦ لاپەڕە ٥٤
٢٧/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٥
٢٨/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٥
٢٩/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٢
٣٠/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٢
٣١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٣
٣٢/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٧
٣٣/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٥
٣٤/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٦
٣٥/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦٠
٣٦/ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨٠